# ئایدۆلۆژیا لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد)

**هاوکار جمیل محمد**[1]

[1] بەشی سیستەمی زانیاری کارگێری، کۆلێجی تەکنیکی شەقلاوە، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: hawkar.mohammed@epu.edu.iq

## پوختە

ئامانجی سەرەکی لەم لێکۆڵینەوەیە، ئاشکرا کردنی لایەنە شاراوەکانی ناو دەقە بە میتۆدی شیکاری ڕەخنەیی، لەکاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بنەماکانی پێشکەشکردنی ئایدۆلۆژیا دیارخەر دەبن، کە هەموویان بەشێک لە ئاماژە زمانیی و نازمانییەکانن کە هەڵگری ئایدۆلۆژیای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی شاراوەیە، ئەم ئاماژانە توانای گۆڕینی مانا و لێکدانەوەکانیان هەیە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، چەمکەکانی ئایدۆلۆژیا و کاریگەرییەکانی بەسەر کۆمەڵگە و سیاسەت و ئاین خراوەتەبەر شرۆڤەکردن و باسکردن، پاشان بوونی ئایدۆلۆژیا لە ڕۆمان و جیاوازی لەگەڵ ڕۆمانی ئایدۆلۆژی ڕوونکراوەتەوە. بەشێکی تری لێکۆڵینەوەکە تەرخانکراوە بۆ لایەنی پراکتیکی و شرۆڤەکردنی ئاماژە زمانییەکان و دەقەکانی ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم، کە هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد)، ڕەفتارەکانی پاڵەوانی ڕۆمانەکە لەسەرەتای ژیانی، کە هەڵگری ئایدۆلۆژیای باوی ناخی کۆمەڵگەکەیەتی تا کۆتایی ڕۆمانەکە.

**وشە کلیلیەکان:** ئایدۆلۆژیا، هزر، ئایدۆلۆژیای ڕۆمان، دەق.

## الملخص

الغرض الأساسي من هذه الدراسة هو الكشف عن الأشياء المخفية في النص عن طريق تحليل أسلوب النقد. أثناء سرد الأحداث، سيكشف هذا التحقيق عن مبادئ تقديم الأيديولوجيا، والتي تحمل كل أو جزء من إشارة اللغوية وغير اللغوي أيديولوجية مباشرة او مخفية بشكل غير مباشر، ويمكن لهذه العلامات أن تغير المعنى والتفسيرات.

هذا التحقيق لهُ مفاهيم أيديولوجية وآثاره على المجتمع والسياسة والدين. تَم تحليلها ومناقشتها. وبعد ذلكَ تَم شرح وجود الأيديولوجيا في الروايات والاختلافات مع الأيديولوجية الرواية. جزءِ آخر من الدراسة مُخصصة لممارسة وتحليل إشارات اللغات ونصوص رواية عمي جمشيد خان التي تاخذهُ رِياحَ دائماً معها ، وسلوكيات بَطل الرواية وَفي بداية حياتهِ التي تَحمِل الأيديولوجية مفعولة الداخلية لمعظم مُجتمعه حتى نهاية الرواية.

**الكلمة المفتاحية:** إيديولوجيا، فكر، الايديولوجية الرواية، نص

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٤/١٩ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٦/٧ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | hawkar.mohammed@epu.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ م.ی. هاوکار جمیل محمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

The main purpose of this study is to reveal the hidden aspects in the text through the method of critical analysis. This study will reveal the principles of presenting ideology while narrating the events, which will fully or partially involve the linguistic and non-linguistic signs, direct and indirect hidden ideology, and how these signs can change meanings and interpretations.

In this study, the concepts of ideology and their impacts on society, politics and religion are discussed. Afterwards, the presence of ideology in novels and the difference of ideological novels will be explained. Another part of the study is dedicated to practical aspects and analyzing the linguistic signs and texts of the novel "My uncle Jamshid Khan who always flew away in the wind)"; shedding light on the behavior of the protagonist of the novel from his early life while having a common ideology of his society until the end of the novel.

**Key words:** ideology, thought, ideological novel, text

## پێشەکی:

ئەم ڕۆمانە: دەقێکی ئەدەبییە. باس لە پیاوێکدەکات کە ڕۆژگاری پڕ نەهامەتیی بەسەرداهاتوون و بۆتە خاوەن جەستەیەکی لاواز، هەمیشە (با) لەگەڵ خۆی دەیبردە شار و وڵاتان، لەگەڵ هەر فڕینێکدا ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوەکانی گۆڕانکاریان بەسەر دادێت. دواجار لە وڵاتی غەریبیدا دەگیرسێتەوە و ئۆقرە دەگرێت.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئایدۆلۆژیا بەشێکە لە واقیعی کۆمەڵگە، هەموومان لە ژیانی ئاسایی خۆمان بەریەکەوتنمان لەگەڵی هەیە، هۆکاری دووەم دەگەڕێتەوە بۆ خودی ڕۆمانەکە، کە پرسی ئایدۆلۆژیا زۆر بە زەقی بەرچاو دەکەوێت لەهەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان و پرسەکانی ناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە.

سنوری توێژینەوەکە: لەبارەی ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم، کە هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد)؛ باسی کۆتایی ساڵانی هەفتاکان دەکات تاکو دوای ئازادکردنی عێراق ساڵی ٢٠٠٣.

بابەتی توێژیەوەکە: باس لە ئایدۆلۆژیای پاڵەوان و خەڵک و سیستەمی سیاسیی وڵات دەکات، بەپێی ئەو ماوە زەمەنییەی کە ڕووداوی زۆر بەسەر میللەتدا هاتوون، هەموو ئەو ڕەهەندە ئایدۆلۆژیایانەی پەیڕەوکراون هیچ خزمەتیان بە کورد نەگەیاندووە، بگرە بۆتە مایەی گۆڕینی ژیان و گوزەرانی خەڵک بەرەو ناخۆشتر.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لەسەر میتۆدی وەسفی شیکاریی، توێژینەوەکە ئەنجامدراوە، وەسفی ئایدۆلۆژیا لە ڕۆماندا دەکات و دەقەکانی شیکار دەکات.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ئایدۆلۆژیا لەم ڕۆمانەدا وەک ڕەهەندەکانی(سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئایینی) دەکات، هەروەها ڕۆماننووس چۆن ئایدۆلۆژیای مەزراندووە بۆ نوسینەوەی ڕۆمانەکەی.

## پلانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم دابەشکراوەتە سەر(چوار)تەوەر، تەوەری یەکەم: چەمک و زاراوەی ئایدۆلۆژیا، تەوەری دووەم: ئایدۆلۆژیا لە ڕۆماندا، تەوەری سێیەم: ڕۆمانی ئایدۆلۆژی، تەوەری چوارەم: ئایدۆلۆژیای دەق. بەشی دووەم پراکتیکییە و کۆکراوەتەوە بۆ سەر (دوو)تەوەر کە ڕەنگدانەوەی بەشی یەکەمە تیۆریەکەیە تەوەری یەکەم: ئایدۆلۆژیای کارەکتەرەکان، تەوەری دووەم: ئایدۆلۆژیای دەق، هەموو ئەو بابەتانەی لە بەشی یەکەم باسکراون؛ لە بەشی دووەمدا بە پراکتیک ڕوونکراوەتەوە، لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکە بە خاڵ خراوەتە ڕوو

## بەشی یەکەم:

### تەوەری یەکەم: چەمک و زاراوەی ئایدۆلۆژیا:

ئایدۆلۆژیا کۆمەڵێک بیرو بڕوایە، کە کاریگەری هەیە لەسەر تێڕوانین بۆ جیهان. بۆ ڕاڤەکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان هەوڵدەدات، لە واقیعدا ئەو بیروباوەڕ و ئایدیایانە هەستپێکراون لە ژیانی ڕۆژانە، ئەگەر لە ڕاستییشدا هەڵەیشبن ئەوا بە ڕاستیی دەزانرێت، چونکە باوەڕپێکراوە لەلایەن ئەوانەی باوەڕیان پێهێناوە. ئامرازی هۆشیاریی گەلان کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ئایدۆلۆژیا و جۆری بیکردنەوەی کۆمەڵگەکان. هۆشیاری و بە ئاگایی کۆمەڵگە شێوە و جۆری ڕووبەڕووبوونەوەکان دەگۆڕن، شۆڕشەکانیان لەم پێناوەدا شێوەی جیاواز وەردەگرن.

ئایدۆلۆژیا لە ڕووی زمانییەوە: بریتییە لە زانستی بیرەکان(هزرەکان)، کۆمەڵێک قەتیسیانکردووە، هەموو کۆمەڵەکان ئایدۆلۆژین، لەم ڕوانگەیەوە گوزارشت لە بۆچوونی جەمسەرەکانیان دەکەن، «ئایدۆلۆژیا زانستی هزرەکانە، یان زانستی بارە هەستییەکانە» «نادية: ٢٠٠٦: ١٩»، ئایدۆلۆژیا بە پێی زۆرێك لە فەرهەنگی میللەتان، بریتییە لە هزری تاک و کۆمەڵ لە سەردەمە جیاوازەکاندا. ئایدۆلۆژیا بۆ زۆر ئاراستە بەکاردێت، وەک: ئایدۆلۆژی کراوە، ئایدۆلۆژی داخراو، ئایدۆلۆژی سەرمایەداری، ئایدۆلۆژی بەکاربەر.

«ئایدۆلۆژیا سیستەمێکی هزرییە، یان پێکهاتووە لە کۆمەڵێک هزر، کە کۆمەڵێک خەڵک بەکاری دەهێنن، لەم ڕوانگەیەوە سەیری جیهان و ڕاڤەی دەرهاویشتەکانی دەکەن، بەم هزرە وێنەی شێوازی بەرەنگاربوونەوەی ژیان دەکێشن» «عنكوش: ٢٠١٦: ٦»، ئایدۆلۆژیا ئەنجامی بیرکردنەوە و وێناکردنی تێگەیشتنی خەڵکە، لە نێوانیاندا مامەڵەی ماددی، ئەمەش زمانی ژیانی واقعییە و مرۆڤ بەرهەم هێنەریەتی، وێنەی سیمای داهاتووەکان و خەڵکی یەکهەڵوێست کۆدەکاتەوە بۆ وەرگرتنی مافی چینێک، دواتر ئیشکردن بۆ دابینکردنی مافە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئەوەی دووچاری شکان نەبنەوە بە ئاسانی.

ئایدۆلۆژیا بەڕای لینین «کۆمەڵێک شێوە زانیاری و گریمانەیە، کە چینێکی دیاریکراو بەرهەمی دەهێنێ بۆ گوزارشت کردن لە بەرژەوەندیەکانی، ئەوانیش دووجۆرن: ئایدیای بۆرژوازی، کە ئایدۆلۆژیایەکی نازانستییە، ئایدۆلۆژیای پرۆلیتاری کە ئایدۆلۆژیایەکی زانستییە» «السديس: ١٤٢٠: ٥»، لینین پێی وایە ئەو ئایدۆلۆژیایانەی بۆرژوا بەرهەمی دێنن نازانستییە، ئەوەی پرۆلیتاریا زانستی و دروستەکەیە، چونکە بۆرژوازەکان ئایدۆلۆژیاکانیان تەنیا بۆ خزمەتی چینێکی بەرژەوەندیخوازی دیاریکراوە، بەڵام هی پرۆلیتارەکان خزمەت بە تەواوی کۆمەڵگە دەکا.

(دورکهایم) پێی وایە ئایدۆلۆژیا ناسنامەی کۆمەڵێک دەپارێزێت، ململانێی بەرژەوەندی هزری و کۆمەڵایەتی و چینایەتییە، هەر بۆیە ئایدۆلۆژیا وێناکردنی چینێکە، یان کۆمەڵێکە کە ماوەیەکی زەمەنی کۆمەڵگە دەبەستێتەوە بە هزرەکانیان و دەڵێت: «ئایدۆلۆژیا شیکردنەوەو گفتوگۆی سەرهزرەکانە، تەنیا لەسەر کاروباری واقیعی جێبەجێنابێت... پێشکەوتنی بەکارهێنانی وشەی ئایدۆلۆژیا لەسەر تێگەیشتنەکانی (مارکس) کورتکراوەتەوە لەسەر ڕەهەندی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی» «السديس: ١٩٩٨: ٣»، دورکهایم پێی وایە ئایدۆلۆژیا لە واقیعدا ناگونجێ و ڕەخنەش لە مارکس دەگرێ، کە ئایدۆلۆژیای بەستۆتەوە بە ڕەهەندی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی.

ئەوەی زۆرترین قسەی لەسەر ئایدۆلۆژیا کردبێ، (کارل مارکس)ە، پێی وایە زانیارییە و ڕێککاری کۆمەڵگەیە و سیستەمەکانی ژیانی کۆمەڵگە ڕێکدەخات، پێی وایە زانستی سرووشتی ورد و پەسەند، دەرفەت ناداتە هیچ شتێک کاری لێبکات، وەک شێواندنی بە ئایدۆلۆژیا، چونکە خودی زانست ناوەڕۆکەکەی زانستە، ناکرێت ببەسترێتەوە بە ژینگەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و شارستانییەت، ئایدۆلۆژیا بە زانستی رووت نابەسترێتەوە و «هەر فەلسەفەیەک، یان ئایدۆلۆژیایەک، یان تەوژمێکی هزری، ئەگەر لە رەگی شارستانییەتیی خۆی بیگوازیتەوە بۆ شارستانییەتێکی جوداتر، ئەمە وا دەکات گۆڕانکاریی لە تەوژمی هزری و شارستانییەتە نوێیەکە دروستببێت» «الحمد: ١٩٩٢: ١٣»، هەر میللەتێک بەرنامە و هزر و سیستەمەکانی ژیانیان بە گوێرەی پێویست و گونجانی کۆمەڵگەکانیان بەکاردێنن، ئەوەی بۆیان گونجاوە ئەوە دەخەنە بەرنامەی کار، بۆ چاکترکردنی دۆخی ناتەندروستیی کۆمەڵگە، (مارکس) پێی وایە ئایدۆلۆژیا وەهمییە، لەبەر ئەوەی بۆ پێشاندانی پێشکەوتنی ڕاستەقینە پشت نابەستێت بە مێژوو ، هەر بۆیە روو دەکاتە هەڵگری بیری بەرهەڵستکارەکان و دەڵێت: «ئەندێشە ڕاڤە دەکەن بە خۆشویستنی زاڵبوون و لاسایی پەروەردەیەک دەکەنەوەکە ماوەکەی بەسەرچووە ئێوە مێژووی ڕاستەقینە ڕەتدەکەنەوە، گوێچکەکانتان پڕ دەکەن لە ئەندێشە و بەرهەڵستی ڕاستەقینە دەکەن، ئەو هزرەتان ئایدۆلۆژی نا زانستییە» «السعید: ٢٠١٣: ١٤٠».

(جۆرج لۆکاچ) لە کتێبی ململانێی چینەکان دژی بۆرژوازیەت نووسینەکانی نووسیووە، کە چینی دەستڕۆیشتوو پێی وایە ئەمە چەوسانەوەییە لە نێو کۆمەڵگەدا «پرۆسەی پسپۆڕانەی کار، هەر چەشنە رووخسارێکی بۆرژوازی دەسڕێتەوە، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی ئەم پرۆسەیە ناتوانین نیازی بۆرژوازی بسڕینەوە، لانیکەم لە رووی مەعریفیەوە بەرانبەر بەگەشەی پسپۆڕی ڕاستیەکان تێکدەشکێنێ» «لۆکاچ: ج: ٢٠٠٧: ٢٦١»، بە پێی ئەم بۆچوونەبێت بۆرژوازیەت حەز بە پەیدابوونی پسپۆڕی و دەستی کارو بازرگانی و کاسبی لە چینی خوارەوە ناکات، پێی وایە هەموو دەسەڵاتێک دەبێت بە دەستی چینی دەسەڵاتی سەرمایەدار و ئابووریەوە بێت، پیاوانی زانست و کاریش لە چینی خۆیان بن، ئەم ڕایەش دژایەتیی چینەکان دەخاتە بەر باس، (پول ریکۆر) دژایەتیی (مارکسی)دەکرد لەو ئایدۆلۆژیایەی مارکس پێی وابوو نازانستییە، (پول ریکۆر) بە زانستی داناوە و دەڵێت: «پەیوەندیی لە نێوان زانست و ئایدۆلۆژیا دا هەیە، هیچ دژایەتییەک نییە لە نێوانی زانست و ئایدۆلۆژیا، ئابووری کاریگەریی لە سەر بیرکردنەوەو بونیاتی چینی سەرەوە هەیە، بوونی تاکی واقیعی و بوونی هێزی مرۆیی، کاریگەری دروستتدەکەن» «ریکۆر: ٢٠٠٢: ١٢»، ئەمەش ڕێک دژی (مارکس) و جۆرج (لۆکاچە)، کە دەڵێن تاک لە چینی خوارەوە کاریگەر نییە بەسەر کۆمەڵگەوە.

هەر بیرمەندێک بە جۆرێک لێکدانەوەی بۆ ئایدۆلۆژیا و بیرەکانی کردووە، بە شێوەی جیاواز سەیری ئایدۆلۆژیایان کردووە:

«هێگڵ و ڕۆمانسییەکان: ئایدۆلۆژیا لە مێژووەوە سەرچاوەی گرتووە، پلانێکی بە ئاگایە بە شێوەی خۆی، قوتابییەکانیان داگیرکردنیان ڕەتدەکردەوە».«العروي: ٢٠١٢: ٣٤».

مارکس: ئایدۆلۆژیا بەرهەمی کۆمەڵگەیە، ڕێکخەرێکی هزرییە. بیرمەند بە (٣) جۆر وێنای ئایدۆلۆژیای کردووە:

پێی وایە «ئایدۆلۆژیا وێناکردنی ئایینی و فەلسەفیی و یاساییە لەناو کۆمەڵگەدا.

ئایدۆلۆژیا بیری ئەو چینە دەستڕۆیشتوانەیە، کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان یەکانگیرە.

ئایدۆلۆژیا لەگەڵ واقیعدا وەکو یەکنین، لەبەر ئەوەی واقیعی کۆمەڵگە و زانست بزردەکەن» «السمالوطي: ٢٠١٤: ٣٠».

دورکهایم : ئایدۆلۆژیا لە واقیع جێبەجێناکرێت، گفتوگۆی هزرەکانە. « ئایدۆلۆژیا تەنیا شیکردنەوەی بیرەکانە ناکرێت بیخەیتە سەر واقیع» ( السدیس: ١٩٩٨: ي)

لینین: «ئایدۆلۆژیای پرۆلیتاری ئایدۆلۆژیای زانستییە، بەڵام ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی نازانستیە» «السدیس: ١٩٩٨: ن»، کە (جۆرج لۆکاتچ) یش هەمان بیرکردنەوەی هەیە، ئایدۆلۆژیا بە بەئاگایی چین دادەنێت، ئەم چینەیش کاریگەری لەسەر ئابووریی دەبێت.

(کارل مانهایم) هەر خۆی باوەڕی بەوە نەبوو، کە ئایدۆلۆژییەکان لە پراکتیزەکردندا هەمان شتی پێشبینیکراوبن، ناکرێت بۆ سەردەمی جیاو میللەتی جیا هەمان کەرەستە کۆمەڵگەی جیاوازی بۆ بەکار بهێنن، چونکە «ئایدۆلۆژیا کۆمەڵێک فیکرن لەسەر بارودۆخ درووستبوون، بە هیچ شێوەیەک سەرکەوتن ناهێنێ لە واقیعدا بۆگەیشت بە کرۆکی یان هەموو ئامانجەکان» «مانهایم: ١٩٨٠: ٢٤٩»، هەر بۆیە پێی وایە

هەر ڕەفتارێک مەحکوم کرابێ بە ئایدۆلۆژیا شکست دەهێنێ بۆ گەیشتن بە تەواوی داخوازیەکانی.

ئەوەی پێویستە لە کۆی هەموو ئەو تەوژمە بیرکردنەوانەی کە بیرمەندان باسیانکرد؛ دەگەینە پێناسەیەک و ڕایەکی گشتگیر ئەویش: لە هەموو سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا، جۆرێک لە ڕێکخەری بیری پەیدابوون گوزارشت لەسەردەمی خۆیان دەکەن، ڕێبازو دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی لەسەر بونیادنراوە، هەندێکیان ماوەی مێژوویی زۆری خایاندووە هەندێک ماوەی کەم. ئایدۆلۆژیا بۆ کۆمەڵگە مایەی سەر ئێشە و ماڵوێرانییە باجیدەوێت و کۆمەڵگەیەکی پڕ ئاڵۆزی ململانێ دروستدەکات.

## بەشی یەکەم:

### تەوەری دووەم: ئایدۆلۆژیا لە ڕۆماندا:

مرۆڤ کاریگەریی ژینگەی دەرەکی لەسەرە، لەبەر ئەوەی لە ناو کۆمەڵگە دەژیێت، ئەو ئەدەبەی کە بەرهەمی دەهێنێت، کەرستەی کۆمەڵگەکەن، لەبەر ئەوەی«ڕۆمان قاپێکە هزرەکانی تێدەکرێت و حەز و هەستەکانی مرۆڤ و ململانێ لەگەڵ واقیع و دەوروبەری باس دەکات» «جلالية: ٢٠١٢: ٢١» لە ڕۆماندا کۆمەڵێک لە کێشەکانی کۆمەڵگە و ئاین و سیاسەت و بیرەکان...، کە ڕۆڵیان هەیە لە ژیانی خەڵکیدا و گرنگن، ڕۆمان دێت دەیخاتە ناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی.

ئەگەر لە ڕۆماندا جەدەلییەتی زۆر و زاڵنەبوو بەسەر واقیع، کێشەی زۆر لە ناو کۆمەڵگەدا وایکرد ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی بخزێنێتە ناو ئەو کێشمەکێشمە، لە ململانێی هزری و ئایدۆلۆژی، کە جاران هەموو کێشەکان و ململانێیەکان لە پێناو دەق دەنووسران، بەڵام لە سەردەمی سەدەی بیست و تا بە ئێستاش دەگات، دەقەکان لە پێناو ئایدۆلۆژیا دەنووسرێن. سەرەڕای هەبوونی هونەری لە نووسیندا، بە شێوەیەکی ڕێژەیی بە بەراورد بە ئایدۆلۆژیا کەمتر دەردەکەوێ، لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە ڕۆماننووس لەم جۆرە ڕۆمانەدا ئایدۆلۆژیا بخاتە خزمەتی دەق.

لە سەردەمێک ئایدۆلۆژیا بە چڕی هەوڵی چەسپاندی خۆیدەدا، وەک شەپۆلێک لە زۆر کۆمەڵگەدا خزایە ناو کایەکانی ژیانیان، بێگومان هەوڵی زۆر درا لە ڕێگەی ئەدەب بە کۆمەڵگە بناسێنرێت، لەو سۆنگەیەوە کە ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئاین و کلتور و زمانحاڵی کۆمەڵگەیە، ئەمەش چاکترین دەرفەتە بۆ ناساندنی هەر ئایدۆلۆژیایەک بە تایبەتی ئایدۆلۆژیای سیاسیی بۆ مەبەستی هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگە، ئەو هێرشەی ئایدۆلۆژیا دەیکات بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی تر پێشانبدات، ناکرێت بە هەمان شێوازی پێشوو، یان ئەوەی لە واقیعدا هەیە مامەڵە بکرێت، هەمیشە نەخێرێک دەگەینێتە گوێی تاکەکان، کە ژیان جۆرێکیترە، «بەهایەکی تایبەت بۆ ڕۆمان ئەوەیە کە لەسەر مرۆڤ بنووسرێ، لەسەر چۆنییەتی ناسینی دەوروبەر و خودی خۆی و خۆشویستن و ئاڵۆزی» «لحمیدانی: ١٩٩٠: ٤٢»، لێرەدا ئایدۆلۆژیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شاراوە دەبێت، بەڵام کاتێک شیکردنەوە بۆ دەقەکان دەکرێت دیارخەردەبێ، کاتێکیش بە ئایدۆلۆژیای دیاریکراو ڕۆمانەکە دەستپێبکات، ئەوا ڕۆمان دەخرێتە خزمەت ئایدۆلۆژیا، کاتێک ئەدەب بە گشتیی و ڕۆمان بە تایبەتی خزمەتی مرۆڤایەتیی نەکات، ئەوا ڕۆمان ڕەسەنایەتیی و چوارچێوە گشتیەکەی لە دەستدەدات کە داهێنان و هونەریە، ڕۆماننووس پێویستە جوانی دەق و ماناکانی بە ئەنجام بگەیێ.

بێلایەنیی نووسەری ڕۆمان لە پێشکەشکردنی کۆمەڵێک ئایدۆلۆژی و دەرخستنیان بە شێوەیەکی یەکسان، بێ ئەوەی هیچیان زاڵتربێ لەسەر ئەوەی دیکە، بۆ هەر ئایدۆلۆژیایەک لاوازی و بە هێزی پیشانبدرێت، لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا خوێنەر دەتوانێت دەستنیشانی ئایدۆلۆژیا براوەکە بکات« ئەو هەڵوێستە بابەتییە نوێیە بۆ ڕۆماننووس، کە دەرفەت دەداتە کارەکتەراکان گوزارشت لە بۆچوونەکانیان بکەن» «لحمیدانی: ١٩٩٠: ٤١»، ڕۆماننووس لەسەر زمانی کارەکتەرەکان ڕووداوەکان بەرەو ئاڵۆزی دەبات، هەر ئەوانیشن دەبنە چەقی ململانێکان لەگەڵ ئایدۆلۆژیای پێچەوانەیی، لەبەر ئەوەی «ڕۆمان بریتییە لە کۆمەڵێک ئایدۆلۆژی بەرهەڵستکاری لەگەڵ یەکتر، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بە ئایدۆلۆژیای نووسەر، یان بە ئایدۆلۆژیای ڕاستەوخۆی نووسەر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت» «بوالسیلو: ٢٠١٤: ٩٠»، ڕۆماننووس هەموو ئایدۆلۆژیاکان پیشاندەدات، بۆ ئەوەی قسەیەکی پێچەوانەیی بکات.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ڕۆمان بارگاویکراوە بە ئایدۆلۆژیای جیاواز، چونکە «هەموو کەسایەتییەک و هەموو دەستەیەک لە ڕۆماندا هەڵگری دەنگی تایبەت و زمانی تایبەت و لایەنگیری ئایدۆلۆژیای تایبەتە»«تقار: ٢٠١٨: ١٣»، ڕۆماننووس لەم بارەدا دەبێ ئاڵۆزی دروستبکات، لەو ململانێیەی کە کارەکتەر و دەستە و تاقمەکان بەرپایانکردووە، ڕۆماننووس بەگشتی ئەنجامی ململانێیەکان لێکدەداتەوە، ئەگەر بێتو ئەو لێکدانەوە لەسەر ئاستی شرۆڤەکردنی ڕەفتارەکانی تاکە کارەکتەرێک بێت، یان تاقمێک بێت، ئەوا هەڵوێستی ڕۆماننووس ئاشکرا دەبێت، هەر کاتێکیش هەڵوێستی ڕۆماننووس ئاشکرا بوو، ئەوا ڕاستەوخۆ ئایدۆلۆژیا دیارخەردەبێ، بە ئاسانی و بێ ماندوبوون خوێنەری دەقەکانی ڕۆمان دەگەنە ئایدۆلۆژیای نووسەر، بەمەش دەگوترێ ئایدۆلۆژیای ڕۆمان نەک ڕۆمانی ئایدۆلۆژی.

## بەشی یەکەم:

## تەوەری سێیەم: ڕۆمانی ئایدۆلۆژی

لەم جۆرە ڕۆمانەدا ڕۆماننووس لە گۆشەی بیرکردنەوەی خۆی دەڕوانێتە جیهانی دەوروبەر، هەموو ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە دەخاتە خزمەت ئەو ئایدۆلۆژیایەی، کە پێی وایە کێشەکان لێرەوە دەستپێدەکەن و گەشەدەکەن.

ئایدۆلۆژیای ئاین و سیاسەت، بەشێکن لەو باوەڕانەی، کە دەبێت دەستی پێوە بگیرێ و جیهانی تاک و گشتی پێوە دەپێورێ. لێرەدا ئەم ئایدۆلۆژیا لەم جۆرە ڕۆمانانەدا بەندە بە باسکردنی ئایدۆلۆژیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی ئایدۆلۆژیدا، سیاسەت پێشکەشدەکات و لە ڕوانگەی بۆچوونی تایبەتی خۆیدا دەڕوانێتە سیستەمی وڵات و حزب و ڕێکخراو دا، ئەو بابەت و تەوەرانەی باسیدەکات خزمەت بە سیاسەت دەکەن. ڕۆمانی سیاسیی (politicalnovel) «بابەتی سیاسیی و دۆخی سیاسیی لە خۆدەگرێت، بە شێوەیەکی ئاشکرا یان ئاماژەیی، مەرج نییە ڕۆمانی سیاسیی پەیوەستبێت بە حزبی سیاسیی، بەڵام خاوەن ئایدۆلۆژیایە» «وادي: ٢٠٠٢: ٢». ڕۆماننووس لەم جۆرە ڕۆمانەدا دەبێت لەوە تێبگات کە بەرهەمەکەی ئەدەبییە، ئەگەر بابەتی سیاسیی پێشکەشبکات خوێنەر هەڵوێستی دەبێت، دەکرێت لەم جۆرەیان بە شێوەیەکی هونەری باش تێڕوانینی سیاسیی خۆی پێشکەشبکات، لەگەڵ کۆمەڵگە و چینی خوێنەر باوەڕپێکەربن.

ئایدۆلۆژیا لەم ڕۆمانانەدا زیاتر گوزارشت لە ویست و حەز دەکات، نەک لە واقیع، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک هەن بەرهەڵستیی بۆچوونەکانی دەکەن لەگەڵی نین «ئەدەبێک گوزارشت لە بیرەکان بکات ئەوا بەرهەمی ئایدۆلۆژیایە، بەڵام ئەدەبێک کار بۆ ڕێکخستن و مەزراندنی ئایدۆلۆژیا بکات و بەشێوەیەکی جیاواز پێشکەشبکات ئەوە ئایدۆلۆژیایە وەک مەزراندن» «بلحسن: ١٩٨٥: ١٦٧».

ڕۆمانی ئایدۆلۆژی قۆناغی مێژوویی وەردەگرێت و باس لە چینێکی دەسەڵاتدار دەکات، کە بیرکردنەوەکانیان بۆتە هۆی ئەوەی وڵات بەڕێوەببەن و دەستیان بەسەر دەوڵەت داگرتووە دەگەڕێتەوە بۆ ئایدۆلۆژیا، کە هۆکاری سەرکەوتن و بیرکردنەوەکانە. ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتدار نموونەیە بۆ سەرکەوتن.

جیاوازی لە نێوانی ڕۆمانی ئایدۆلۆژی و ئایدۆلۆژیا لە ناو ڕۆماندا:

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی ئایدۆلۆژییدا دونیابینیی بەرتەسکە، کەچی لە ئایدۆلۆژیای ڕۆماندا دونیابینیی گشتگیرە، ناپەرژێتەسەر شرۆڤەی ڕووداوی کەسایەتییەکان و ڕەفتاریان، «ناکرێت ئایدۆلۆژیای ڕۆماننووس لەگەڵ ئایدۆلۆژیای گشتیی تێکەڵ بکرێت، ناکرێت ئایدۆلۆژی ڕۆماننووس لەگەڵ ئایدۆلۆژیای دەق هاوشان بکرێت، چونکە ئایدۆلۆژی دەق بریتیی نییە لە ئایدۆلۆژی ڕۆماننووس» «جابر: ٢٠١٧: ٧٦٣».

ڕۆمانی ئایدۆلۆژی بەستراوەتەوە بە ململانێی کاراکتەرەکان، ڕۆماننووس قسە لەسەر ڕەفتار و گوفتاریان دەکات، چونکە «هەموو کاراکتەرێک لە ڕۆمان، زمانی تایبەتیی خۆی هەیە، کە گوزارشت لە ئایدۆلۆژیای تایبەتیی خۆیدەکات» «لحمیدانی: ١٩٩٠: ٣٣»، بەڵام ئایدۆلۆژیای ڕۆمان گوزارشت لە وێنای نووسەر دەکات لە ململانێ کردنی کاراکتەرەکان، لە «کاتێکدا ململانێی نێوان ئایدۆلۆژیاکان لە ناو ڕۆمان تەواو

دەبێ، ئەوا جیهانی ئایدۆلۆژیای ڕۆماننووس بەدەردەکەوێ» «بوالسیلو: ٢٠١٤: ٩٠»، دوای ململانێیەکان، ڕۆماننووس بە نهێنی لە نێو ئایدۆلۆژیاکان دەجولێت، ڕۆماننووس لەبارەی دروستکردنی ململانێوە لە ڕۆماندا، مەبەستی جێگیرکردنی فەلسەفەیەکی نوێتری هزری نییە، یان دۆخی ئایدۆلۆژی تازە دروستبکات، بەڵکو لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی خەڵکەکە باس لە گۆڕانکارییە سیاسییەکان دەکات.

ڕۆمانی ئایدۆلۆژی پێکهاتەی شارستانی و ئەدەبیی و هونەری لە تاک وەردەگرێ، هەر بۆیە کەسایەتییەکان ڕۆڵی گەورە دەگێڕن، ئەگەر ئایدۆلۆژیای ڕۆمانی «پێکهاتە و ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگە وەربگرێ، ئەوا ناڕاستەوخۆ ئایدۆلۆژیای کۆمەڵی وەرگرتووە...کۆمەڵ ڕۆڵی گەورە دەگێڕێ لە کرداری داهێنانی هونەری» «جابر: ٢٠١٧: ٧٦٥»، لێرەدا ڕۆماننووس گۆشە نیگای پیشاندانی ژیانی کۆمەڵگە، بە خێرو شەڕیەوە، بە خۆشەویستی و ڕقلێبوونەوەوە، پیشاندانی ماوەی مێژوویی ژیانی کۆمەڵگەیە.

## بەشی یەکەم:

## تەوەری چوارەم: ئایدۆلۆژیای دەق:

کاتێک نووسین هەوڵدەدات ئیش و کارەکانی ئەنجام بپێکێت، یەکسەر نیشانە دەخاتە سەر ڕەخنەی دەق، هەوڵدەدات دەستنیشانی هزر بکات لە دەقدا، لە جولەی مێژوو یان ئاشکراکردنی ئایدۆلۆژیا لە دەقدا، بەم ئاشکراکردنە ماناکانی دەق شیدەکاتەوە، کاریگەریی دەق لەسەر خوێنەر و بە پێچەوانەشەوە یاریەکە لە نێوان هەردوکیان، کە ڕۆڵی ئاوێنە دەگێڕی بە زەحمەت ئەم کاریگەریە دەدۆزیەوە، کە کامەیان کاریگەری لەوەی تر کردووە، بۆیە هەردووکیان ڕەنگدانەوەی یەکترن.

(میخایل باختین) پێی وایە هەموو دەقێک، ئایدۆلۆژیایەک بووەتە هۆی دروستبوونی« وشە لە ڕۆماندا هەڵگری ئایدۆلۆژیایە هەرچەندە بێ تاوانیشبێ» «باختین: ١٩٨٨: ٣٣»، ئەم نووسەرە پێی وایە دەقەکانی ڕۆمان هەڵگری جۆرێک لە ئایدۆلۆژیان «ئایدۆلۆژیا مادەیەکە دەق بونیاد دەنێت، بەردی بناغەی بونیادی دەقە» «لحمیدانی : ١٩٩٠: ٢٣»، دەق بەر لەوەی دروستبێت، ئایدۆلۆژیایەک ئامادەیی هەبووە لە داڕشتنی، ئەمە ڕوانینی کۆمۆنیستەکانە، ئەگەر ڕۆماننووس لە باسکردنی ئایدۆلۆژیاکاندا لە ناو دەقدا بە گۆشە نیگای گشتگیر بێلایەنی ڕۆماننووس دیاردەخات، بۆیە ئەرکی ڕۆماننووس لە ڕیزکردنی وشە جیاوازە لە ڕیزکردنی وشە و پیشاندانی هزرێک لە هەر توخمێکی تر، چونکە «وشە لە ڕۆماندا جیاوازە لە وشە لە شیعر، لە ڕۆماندا هەڵگری ئایدۆلۆژیای خۆیەتی، ئەگەر هاتوو بێ لایەنی سەلمێنرابێ» «باختین: ١٩٨٨: ٣٣».

ناکرێت دەق ڕۆمان خاڵیبێ لە ئایدۆلۆژیا، بەڵام ئایدۆلۆژیای بێ لایەنگیری ئاشکرا، پێویستە دووپاتبکرێتەوە، هەر بۆیە (لینین) ڕەخنە لە دەقەکانی (تۆلستۆی)ی دەگرێت و پێی دەڵێت: «دەقەکانت لە لایەک هەڵقوڵاوی بیری بۆرژوازیە و لە لایەکی دیکە هەڵقوڵاوی بیری پرۆلیتاریە، هەردوکیشیان لە دەقەکاندا هەبوون، بەڵام هەڵوێستی نووسەر، نە لایەنگیری پرۆلیتاری بوو نە لایەنگیری بۆرژوازی بوو، بەڵکو نووسەری گوندیی بوو» (لحمیدانی: ١٩٩٠: ٢٦»، زۆر جار وا لێکدەدرێتەوە دەنگی نووسەر لە دەقەکانی ڕۆماندا بە ئاشکرا دەبیسترێ، بەڵام نووسەر زۆر جار نمایشی ئایدۆلۆژیاکاندەکات و بەریان دەداتە گیانی یەکتر، تەنیا دەیەوێ شتێکی شاراوە ئاشکرا بکات، کە پێچەوانەی هەموو بۆچوونەکان بێت.

وەک باسمان کرد ئایدۆلۆژیا دەقەکان دەتەنێت لە ڕۆماندا، بە تایبەتی لە سەردەمی دوای جەنگی دووەمی جیهانییدا، حمید ئەلحمیدانی دەڵێت: «ئایدۆلۆژیا زاڵە بەسەر دەق، بەو مانایەی پێکهاتەی یەکەمە، لەبەر ئەوەی دەق ڕۆمانی دروستنابێت، مەگەر ئەم پێکهاتەیەی تێدا نەبێت» «لحمیدانی: ١٩٩٠: ٢٦»، لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ڕوانینی ئەدیبان و نووسەران، جیاوازە لەگەڵ کۆمۆنیستەکان، کە ئەوان زیاتر ئایدۆلۆژیا دەخەنە خزمەتی دەق، بەڵام بەگشتی بە پێچەوانە بیر دەکاتە، کە ئەمەش ڕاسترە بۆ بەرهەمی ئەدەبی بەتایبەت ڕۆمان.

خوێنەر لە ڕوانگەی خۆیەوە دەڕوانێتە لێکدانەوەی ئایدۆلۆژیاکان، کە ڕۆماننووس نمایشی کردبوون ڕەتیدەکاتەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیێ خوێنەر ئایدۆلۆژیای ڕۆماننووسی ڕەتکردبێتەوە، بەڵکو ڕۆماننووس ئایدۆلۆژیای شاراوەتری هەیە، جولەیان پێدەکات لە نێو ئەو ئایدۆلۆژیایانەی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کە ڕۆماننووس بە ئاشکرا نمایشی کردبوون لە نێو دەقەکاندا. وەک نمایشکردنی چەمکەکان بۆ نموونە (فیودالیزم)و فیودالیزمی نوێ، کە چینێکی ناو کۆمەڵگەن، شانازی بە پارە و پوول و دەسەڵاتی خۆیاندەکەن، لەسەر سیستەمی دەرەبەگی دەڕۆن، دەرەبەگ «بەو کەسە دەگوترا کە خاوەن سامانێکی گەورە بوو، ژمارەیەکی زۆر خزمەتکاری لەبەر دەستهەبوو، کاریاندەکرد لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی دەرەبەگەکاندا» «تۆفیق: ٢٠١٣: ٢٠١٦».

کۆمەڵگە لە نووسینیشدا وەکو بابەتی سەرەکیی ڕۆماننووس، وەک پێویست مامەڵەی لەگەڵدەکات کاتێکیش کۆمەڵگە ئامادەیی نەبێت، ئەوا نووسین بەرجەستە نییە بۆ کەشی نووسین، لێرەدا نووسین ناتوانێت بەرهەمێکی ناوازەی هەبێت، هەر بۆیە ڕۆماننووس بە ئاگاییەوە دەنووسێت. بۆیە نووسینیش خۆی دەگۆڕێ کاتێک کۆمەڵگەش پەیوەندیەکانی خۆی دەگۆڕێ، ئەگەر وا بکات بۆ ئەوە نانووسێت تا لە ناو بچێت، خوودی «دەق بەشێکە لە واقیع، یان ڕەنگدانەوەی واقیعە و هەندێ لایەنی واقیع دەخاتە سەرکاغەز، هەر چەند ڕەنگدانەوەکە لە ڕەسەنی خۆی نزیکبێتەوە ئەوا بەهاو و کاریگەریی گەورەییەکەی بە دیار دەکەوێ» «وهاب: ٢٠١٧: ١٠٥».

ڕۆماننووس تەنیا واقیع لە نێو دەقەکاندا ناگوازێتەوە، یان پیشەکەی وێنەگرێکی فۆتۆگرافی نییە بۆ گواستنەوەی ڕووداوەکان، بەڵکو هەست و درکپێکردنەکانی جوڵە دەکەن لە ناو دەقەکاندا و «ئەزموونی ژیان کردن بەرهەمەندەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتیی و ئایدۆلۆژیی، کە هەموو ئایدۆلۆژیەکانی ناو کۆمەڵگە و سەردەمەکەی ڕەنگدەداتەوە لە زەینی و ئەوانەشی لەگەڵیشی دەژین» «تقار: ٢٠١٨: ١١»، ڕۆماننووس بەدەر نییە لە گواستنەوەی هەستەکانی بۆ ناو دەق، بۆیە ناکرێت دەقەکانی ڕۆمان خاڵیبن لە بیرکردنەوەکانی کۆمەڵگە و ژینگەی بیرکردنەوەکانی ڕۆماننووس.

لە ناو نووسیندا هەمیشە ئایین و سیاسەت ئامادەیی هەبووە، هەر بەئەوانیش(ئایین و سیاسەت) بۆیەکراوە، سەرەڕای پاراستنی هێڵی جوداکاری خۆی، وەکو ئەدەبی جوانکاریی لەگەڵ سیاسەت و ئایین، هەرچەند توخم و جۆرەکانی بگۆڕێن، بەڵام ناکرێت ژێدەری سەرەکیی خۆی لابدات، کە لەسەری بونیادنراوە پێویستە «ئایدۆلۆژیا پەیامە ڕاستگۆییەکەی بێ کاریگەری لەسەر بوونی دەمارگیریی وەکو هەر پەیوەندییەکی زمانی لەناو دەقدا نوێنەرایەتی ناوەڕۆکەکەی بکات» «خرفي: ٢٠١٣: ١٤٤»، نەک بکەوێتە دوای کاریگەری ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو، پێویستە ڕۆماننووس نوێنەرایەتیی دەقەکانبکات، نەک ئاین و هزر بخاتە مەزادخانەیەک و پروپاگەندەی بۆ بکات، چونکە ڕۆمان بۆ داهێنان دروستبووە، ئەو بەشەی ژیان دابڕێژێتەوە بە پێی پێوەری هونەری داهێنان.

## بەشی دووەم :

### یەکەم : ئایدۆلۆژیای کاراکتەرەکان

ڕۆمان توخمێکی ئەدەبییە، یەکەم کار بیکات وێناکردنی بە ئاگایی کۆمەڵگەیە، ململانێیەکانی ناو ڕۆمان بە شێوازی تایبەتیی، بە ئاگایی کۆمەڵگە دەردەخات و ڕادەی تێگەیشتنی خەڵکەکە و بە ئاگاییان لە ڕۆماندا پیشاندەدات، بەوەی کە ڕۆمان «شوێنی کۆکەرەوەی ئایدۆلۆژیاکانە یان توخمێکی ئایدۆلۆژیای ململانێی چینەکانی کۆمەڵگەیە» «بلحسن: ١٩٨٥: ١٦٩»، خودی مرۆڤ خۆی ڕووداوەکانی بەسەردێت و هەر خۆشی دەبێتە بەرەیەکی جیاواز بەهەڵگری بیرێکی جیاواز بەرپرسە لەسەر دیاریکردنی ناسنامەی خۆی، هەر ئەوەیە وا دەکات ئایدۆلۆژیا گشتگیر و زاڵبێت لە زۆربەی کایەکانی ژیان.

کارەکتەر توخمێکە لەگەڵ کۆمەڵگە و دەوروبەریدا، بەرزونزمی لێرودەدات، بە ڕێژەی خۆی پەستانی کۆمەڵگە کاریتێدەکات، چونکە کۆمەڵگە چەسپیو نییە بەردەوام لە گۆڕانکارییدایە و پێشدەکەوێت و تووشی گرفتدەبێت و مامەڵە لەگەڵ دژەکاندەکات، تاکو دۆخەکە تێپەڕێنێت. بوونی دەنگی جیاواز و ئایدۆلۆژیای جیاواز لە ناو ڕۆماندا، ئەوا ڕۆشنبیری جیاواز ئاڵوگۆڕ دەکرێت لە ناو کۆمەڵگەدا. لە ئەنجامدا بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە پێشدەخات. «ئەگەر بۆچوونی جیاواز هەبوو لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژی لە ناو ڕۆماندا، بۆماندەردەکەوێت ڕۆمان گوزارشت لە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی و کێشەکانی دەکات، ئەم ناوەڕۆکەیەش جوانکاریی هونەریە نەک بۆچوونی ئایدۆلۆژی» «العيد:

١٩٩٩: ١٢٢».

ڕۆماننووس ڕۆڵ بۆ کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان دابەشدەکات، زانیاری لەسەر زاری کارەکتەرێک دەگێڕێتەوە ئەویش (سالاری کوڕی سەرفراز خان)ە، هەندێک جاریش زانیارییەکان ڕادەگرێت و ڕۆماننووس دێت لەسەر زاری کارەکتەرێکیترەوە هەواڵ و ڕووداوەکان بە خوێنەر دەگەیێ، ئەمەش هونەرێکە تاکو هەموو توخم و پێکهاتەکانیتری ناو ڕۆمان بەیەکەوە ببەستێتەوە و بەرەو پێشیان ببات. ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا نەهاتووە دیالۆگی کارەکتەرەکان بوەستێنێ و کێشەی دەرەوەی ڕۆمانەکە باسبکات یان وەسفی شوێنەکە و لایەنی دەروونی و ژیانی ڕابردووی دەرەوەی ڕووداوەکان بکات، کە پەیوەندی نەبێت بە پێشکەشکردنی ئایدۆلۆژیا.

کارەکتەرەکان:

جەمشید خان: دیارنییە کەی هەڵگری بیری کۆمۆنیست بوو، لە تەمەنی (١٦-١٧) ساڵان کوڕێکی خریلانە، کەمێك مەیلی بەلای قەڵەویدابوو، دوای زندانی کردنی لەلایەن بەعسەوە، کێشی بە جۆرێک دابەزی کە هاوشێوەی نەبوو، هۆکاری کۆمۆنیست بوونیشی بۆ ئەوە نەبووە، کە عەودالی یەکسانی کۆمەڵایەتیی یان ئازادیی بێ، بەڵکو حەزیدەکرد بەربەستی بەردەم ئازادی هەڵگیرێ، بۆئەوەی لەگەڵ ئافرەتاندا ڕابوێرێ. ئەو بەر لە گرتنی؛ قوتابی ئامادەیی کشتوکاڵ بوو، زیندان هیچی لە لوتبەرزیی دانەبەزاند بەڵکو خراپتر ببوو، پاڵەوانی سەرەکیی ڕووداوەکانە، بەو مانایەی کە ڕووداوەکان بەسەر ئەوداهاتوون، خودی ڕۆمانەکە بەناوی ئەو کراوە، چەمک و ئایدیاکان زۆربەی خودی خۆی، یان خاوەنییەتی، یان لە ئەنجامی جوڵانەوە بەردەوامەکانییەتی لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا پیشاندەدرێت.

ئایدۆلۆژیا گۆڕاوەکانی پاڵەوانی ڕۆمان، لەگەڵ سەردەم و بارودۆخدا گۆڕانکاریی بەردەوامی هەیە، ئامادەبوونی پاڵەوان و ئەو بەسەرهاتانەی هاتوونەتە سەر ڕێگای، ئەو ئامادەییە نییە خۆی بە ویستی خۆی جوڵە بکات وەک پاڵەوانێک، بەڵکو هەمیشە قەدەر و ڕۆژگار ڕێڕەوی ژیانیان پێگۆڕیووە.

بیروڕاکانی جەمشیدخان:

سەیرکردنی مرۆڤ بۆ خودا وەک مەخلوقێک کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەڕوانێت، لە بڵندیەوە ئادەمیزادان دەبینێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێک مرۆڤ توانیویەتی بفڕێت. سوودی لە یاساکانی داروینەوە وەرگرتووە، کە ئەگەر مانەوە بۆ باشترین و بەهێزترین بێت، ئەوا مرۆڤ بەراورد بەو دڕندە بەهێز و بێڕەحمانەی لەناو سروشتدابوو، گەر باڵی نەبوایە ئەوا هیچ کات باشتر و بەهێزتر نەبووە، تا بەردەوامبێت لە ژیانکردن. بەڵگەی سێهەمی خۆی بوو، کە فڕینەکەی بەڵگەیەکی زیندووە بۆ ئەسڵی باڵداری مرۆڤ، لەگەڵ هەبوونی هەموو ئەو بیرۆکانە نەیتوانی لە تیۆرەکەیدا بچێتەپێش لەبەر نەزانینی (زمانی ئینگلیزی)ەکەی.

تەواوی ژیانی جەمشیدخان، یان ناوەندی ملکەچ بوونە، یان ڕاکشاوە بۆ ناسنامەیەکی نادیار و خەیاڵی، کە لە تەواوی تەمەنی خۆی مەحکومی بیرکردنەوەی کەسانی دەورو بەری خۆی و کۆمەڵگە و دەسەڵاتبووە، هەر یەک بە ئارەزووی خۆی پەتی بەختی درێژ و کورت کردووە، سودی لە تواناکانی وەرگرتووە، ڕەنگە هاوشێوەی نەبووە لە کێشی لەش، بەڵام هەمیشە بایەک هەبووە بڵندی بکات و بیدا بە زەویدا.

(د. تەها وادی) لەبارەی پاڵەوانی ڕووداوی سیاسییەوە دەڵێت: دوو جۆر پاڵەوان بەدیدەکرێت، پاڵەوان و دژە پاڵەوان، «پاڵەوان کەسێکی چاک و پابەندە، دەگەڕێت بە دوای بەها و خۆشەویستی خاوێن. ڕۆڵی سەرەکیی هەیە و پانتاییەکی فراوان داگیر دەکات لە ڕۆمانەکەدا... » «وادي: ٢٠٠٢: ١٨» ڕۆماننووس ڕۆڵ و پانتاییەکی فراوانی داوەتە (جەمشید خان) تاکو جوڵە بکات و لە هەموو جوڵەکانیدا لە ڕووداوە جیاوازەکاندا قسەی جیاوازی هەیە و بیر و باوەڕەکانی ڕادەگەینێت، هەر جارێکیش ڕووداوێکی فڕین و کەوتن بەسەر ژیانی دابێت، بیروڕاکانی گۆڕانکاریی بەسەردادێت.

(جەمشید خان) ڕۆڵی کارەکتەری خێری بینیووە بەو دابەشکردنەی (د.تەها وادی) دەیکات «پاڵەوانی خێر یان ئەرێنییە، کە بەرگریدەکات و تێدەکۆشێ، یان نەرێنییە، ئازار دەکێشێ بێ ڕووبەڕوو بوونەوە» «وادی: ٢٠٠٢: ١٩» ڕۆڵی جەمشیدخان ئەرێنیی بوو بەرگری کرد و تێکۆشا بۆ بەدەست خستنی ئەو بیرۆکانەی کە مێشکی دابوو، کە چەندین جار لێدان و ڕاوەدوونان و خۆشاردنەوەی دیوە هەموو ڕووداوەکانی ئەم

پانتاییە جوگرافیایەی باشوری کوردستان و سنوورەکانی عێراق و ئێرانی بە چاوی خۆی وەک مێژوو تۆمارکردووە و خودی خۆی ڕاستەوخۆ بەشداریکردووە لە شەر و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە دا. لە کۆتایی تەمەنی بێگومان دەکاتە کۆتایی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، کە کۆتا فرینە... ئیدی وەستا لە تێکۆشان و لە هەندەران گیرسایەوە. لە نامەکانی کە بۆ (سالار)ی یاریدەدەری ناردووە حاڵ و گوزەرانی باشە ئێرە وەکو ئەو نەتەوانەی لای ئێوە نییە ڕێز لە مرۆڤ نەگرن، بە نیاز بوو (سالار) بباتە لای خۆی «بلیتێکی سەفەرم بۆ دەکڕێت و دەینێرێت، تا لەو وڵاتە دوور و لەناو ئەو نەتەوانەدا کە ڕێزی لێدەگرن ببم بە میوانی» «عەلی: ٢٠١٨: ١٧٨»

سالار: هەر خۆی گێڕەرەوەیە و هەر خۆشی باسی خۆیدەکا، کە کوڕێکی پانزە ساڵان لەدوای فڕینی یەکەمی جەمشیدخان و دابەزینە سەر زەوی، یاوەری (جەمشیدخان)یکردووە، وەک کارەکتەرێکی یاریدەدەری پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمان دەرکەوتووە و برازایەتی، وەسف و خورەوشتەکانی لە ڕێگەی ئەوەوە دەگاتە خوێنەر. لەناو خزم و کەس و کاریدا بە بێکەڵک لەقەڵەم دەدرا، ماوەی دوو ساڵ لەسەر یەک لە پۆلی یەکی ناوەندی دەرنەدەچووە، تەمەنی گەنجیی لەگەڵ (جەمشید) بەسەر بردووە، تا سیمای پیری لێبەدەردەکەوێ تاکو دواساتی دەستلێکبەردانیشی، بە شێوەیەکی تراژیدی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، حەزی زۆری بۆ ژیان هەبوو... ڕۆماننووس بۆ ئەوەی گەیاندنی ڕووداوەکان و ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوەی جیاواز لە سەردەمی مێژوویی دیاریکراو بگەیێنێتە خوێنەر، دێت ناخی کارەکتەرێک بەتاڵ دەکاتەوە بەرانبەر ژیانکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیی و هونەرێکیشە بۆ ئەوەی تەواوی ڕووداوەکان تەنیا لەسەر پاڵەوانی سەرەکیی نەبێت ئەم کارانە دەکات. ڕۆماننووس دیالۆگێکی توند لە نێوان (سالاو جەمشید خان)مان پیشاندەدات، کە سالار نەخوێندەوارە ناتوانێت بێتە ژووری ڕۆژنامەنووسەکان ڕێگری لێدەکرا لە لایەن (جەمشید خان)ەوە«من بۆ ئەوەی پتر تورەیبکەم گوتم: ئەو کورسیەی کە ئێمە لەسەری دادەنیشین و دارتاشێکی نەخوێندەوار دروستیکردوە، هونەری لە هەموو ئەو ڕۆژنامانە زیاتر تێدایە کە لەسەر کورسییەکە دەیخوێننەوە»» «عەلی: ٢٠١٨: ١٤٥».

ڕۆماننووس کردەوە و نهێنییەکانی بەڕێوەبردنی وڵات و کردەوەی حزبەکان لەسەر زاری (سالار) ئاشکرا دەکات، کە خۆی گەیاندۆتە هەندێک فایلی نهێنی وڵات لای ڕۆژنامەنووسان کۆکرابوویەوە ئەویش دۆسیەکەی بە وردی خوێندەوە دەڵێت: «فایلی دەیان چیرۆکی سەیر و نهێنی و ترسناک کە پێدەچوو ئاشانسەکەی جەمشیدخان ئیشیان لەسەر بکات. چیرۆکی «س. خالید» ناوێک کە حزب ڕایسپاردبوو دەوڵەمەندێک بکوژێت، بێئەوەی بهێڵێت وەک کوشتن دەربکەوێت. چیرۆکی نەرمین خانێک کە لەڕێگەی برایەکی ئەوەوە پارەیەکی زۆر ڕەوانەی بانکێکی بەلجیکا کرابوو. چیرۆکی دوو سیاسیی گەورە کە لەسەردەمی شۆڕشدا کاری سیخوڕییان بۆ بەعسیەکان کردبوو... دۆسیەی ئەو پارانەی کە سەرنوسەری ڕۆژنامەیەکی ئەهلی لە ژێرەوە لە دەزگایەکی نهێنی حیزبی وەردەگرت بۆ ئەوەی هەندێک ناوی دیاریکراو لەکەدار بکات» «عەلی: ٢٠١٨: ١٥٢-١٥٣» ئەمانەی سەرەوە پیشاندانی کردەوەی سیاسیی و حیزبی و ڕۆژنامەوانن کە لەم وڵاتە کاردەکەن و کارناکەن بۆ سەرخستنی ئایدۆلۆژیا لە وڵاتدا، بەڵکو بەرژەوەندیی لەسەرەوەی هەموو هاوکێشەکان و ئایدۆلۆژیاکانە. لە ڕوویەکی ترەوە پاکی (جەمشیدخان) پیشاندەدات کە ناتوانێت لەگەڵ ئەم لاریانە هەڵبکات و بەردەوامبێت لەسەر کارێک، کە بۆگەن کراوە بە بەرژەوەندیی تەسک، هەر بۆیەشە هەمیشە دەستی بۆ هەر کارێک دەبرد بۆ ماوەیەک کورت وازی لێدەهێنا.

سمایل: سمایل ئەدیب خان کوڕی حیسام خانە، باوکی برا گەورەی جەمشیدخانە، کوڕێکی گەنجی پانزە ساڵان برازای جەمشیدخانە، بە کارەکتەرێکی لاوەکی هەژمار دەکرێ، ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، بەڵکو یارمەتی پاڵەوانی ڕووداوەکانی داوە، خۆی و سالار دوو گەنجی بێکەڵکی ناو خێڵەکەیان بوون، باوکی تەکبیری هاوەڵی کردنی جەمشید خانی بۆ دارشتبوو. ئەگەرچی (سمایل) بێکەڵک بوو، بەڵام گۆڕانکاریی لە کارەکتەرەکەی لە ڕووی زانیاری ڕوویدا. (سالار)ی گێڕەرەوە دەڵێت: «سمایل تۆ دەزانیت من و تۆ هاوڕێ بووین؟ ئێستا تۆ بیت بە ڕۆژنامەنوسێکی ناسراو من هیچ نیم... من قەتیش نابم بە هیچ» «عەلی: ٢٠١٨: ١٥١» لێرەدا پێویستە باسی جۆری کارەکتەری ڕووداوەکان بکەین لە گۆڕانکاری د. داود غەتاشە دەڵێت: «کارەکتەری چەسپاو، ڕووداوەکان کاری تێناکەن و توانای گەشەکردنی نییە، بەڵام کارەکتەری پەرەسێن، چەندین هەڵوێست و کاروکردەوەی تازەی لێدیار دەکەوێت و پەرە دەسێنێت» «غطاشة: ٢٠٠٠: ١٢٦» لێرەدا (سمایل) گەشەی کردووە لە خزمەتکاریکردن بۆ یاریدەدەر یان هاوکاریکردنی پاڵەوان، ئەگەر چی ڕووداوەکان لەسەر زمانی (سالار)ەوە

دەگەیشتە خوێنەر، بەڵام هەندێک نهێنی هەبوو وەکو کاری ڕۆژنامەوانی کە (سمایل) زیاتر زانیاری لەلا بوو بە بەراورد لەگەل (سالار)دا، ئەمەش بۆ ئەوەیە جولە بە کارەکتەرەکان بکرێت و هونەری گەشەکردن بداتە کارەکتەرەکان بۆ ئەوەی ڕۆمانێکی چەقبەستوو نەبێت تاکو کۆتایی. دواتر کاری پاڵەوان چی بێت وا پێویست دەکات یاریدەدەرانی نزیکبن لێی.

## بەشی دووەم:

### تەوەری دووەم: ئایدۆلۆژیای دەق

ڕۆمانەکە ناونیشانی (جەمشید خانی مامم، کە هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد)، کتومت بە دروستی پێکاوە، ناونیشان ئاماژەیەکە لە کێشەی هەمیشەی کورد، کە کێشەی هەمیشەییە لە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان، هەر بۆیە زەقکردنەوەی ناونیشان مەبەستدارە لە لای ڕۆماننووس، چونکە «ناونیشان خوێنەر ئاراستەدەکات، بەو مانایەی کە ناونیشان بونیادی دەقە» «خرفی: ٢٠١٣: ١٤٧»، بە ناونیشان کلیلی مەبەستەکانی ڕۆماننووس، دەتوانرێت دەرگەکانی ڕۆمان بکرێتەوە «ناڤونیشان وەکو ئێکەم کلیلا دەستبەکاربوونێ دهێتە هژمارتن» «دەشتی: ٢٠١٠: ٩»، ڕۆماننووس وەکو دەستپێک؛ هات ناوی پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانی لەگەڵ هێزە سەرەکییەکەی کە هەمیشە (با)یە ئاراستەی ڕەوڕەوەی ژیانی دەگۆڕێ بۆ کارێک کە پێشتر خۆی بۆ ئامادە نەکردووە، ئەمە وەک قەدەری میللەتی کورد، کە قەدری لە ناکاوی بێ خۆ ئامادەکردن ڕووبەڕوو دەبێتەوە، جەمشید لە یاداشتەکانی خۆی دەنووسێت «پیاوێک وەک سیلیفۆنێکی شەفاف کە بە جۆرێک ئاوی و ڕوونە شتەکان لەودیوییەوە دیارن... بەڵام پیر،ماندو... بێ یادەوەری و بێ هیچ شتێک، مەخلوقێک مەحکوم بە وەی هەموو جارێک لە سەرەتاوە دروست دەبێتەوە» «علی: ٢٠١٨: ١٣٦»، بێگومان بە لە دەستدانی بەشێک لە دەستکەوتەکانی، یان هەمووی بە ناچاری لە سفرەوە بونیادی ژیان دەنرێتەوە، قەدەری کورد وابووە هەمیشە ماڵی لەسەر پشتی وڵاخ بووە و ماڵ و حاڵی تێکچووە دووبارە و سێبارە هەوڵی بونیادنانەوەی داوە.

لە ڕۆماندا پەیوەندیەکی دوو لایەنە هەیە لە نێوان هونەری نووسین و ئایدۆلۆژیا کردندا، ئەگەر لەیەک ڕوانگەوە تیشک بخرێتە سەر ڕۆمان، ئەوا وشک و کێماسی لەو ڕۆماندا بەرچاو دەکەوێت، ئەو کێماسیەش گرنگیینەدانە بە پیشاندانی ڕاستەوخۆی ئایدۆلۆژیای (سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی...هتد)، ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم، کە هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد)، خۆی لەم بارووددۆخە چەق بەستووە بە دوورگرت، وایکرد تەکنیکی جوانکاریی کەرستەکانی پێشکەشکردنی ئایدۆلۆژیا لەسەر حیسابی سیاسەت پێشکەشکردن نەبێت، واتە نەبێتە ڕۆمانێکی ئایدۆلۆژی، بەڵکو ئایدۆلۆژیا لە نێو دەقەکاندا دەربکەوێ، ئایدۆلۆژیاکان ڕوون نەکاتەوە، چاوێکی لەسەر دادگای ڕەخنگرانە بووە لە ئامرازی هێما دەرخستن و شاراوەدا، کە هەر یەکێک لە هێما و ئاراستەکان تایبەتمەندیان هەیە و بۆ دیاری کردنی ڕەفتاری کارەکتەرەکان لە کاتی بوونی جەنگ یان کێشەی خوێنداری یان دۆخی ئاینی... هەمیشە مرۆڤ بەرانبەر ئەو هێزانە ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کە ڕۆماننووس ئەو هێزەی بە بایەکی بەهێز ناوی بردووە، جەمشیدخان بڵند و نەوی دەکا، ئەم توانایە بە شێوەیەکی ئەدەبیی و هونەری داهێنەرانە بە ئەنجام گەیاند.

ئامانج لە ڕۆمانی جەمشیدخان: نووسین و بانگ ڕاهێشتن نییە بۆ نووسینێکی سیاسیی، بەڵکو دەیەوێت دیدگای سیاسیی زاڵبکات لە گوزارشت کردنیدا، ئەو ڕۆمانە هەڵقوڵاوی ژێدەرێکی ئایدۆلۆژییە، کە بونیادنراوە لە سەر ڕەوشت و دەروونی خەفەکراوی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی، کە پێشهاتی خێرا ڕووددەدات ناهێڵێت ببێتە ڕەفتاری هەمیشەیی تاکەکان و هەمیشە کارەکتەرەکان بە تەوژمێکی بیری نوێ ڕەفتاریاندەگۆڕێت، وەکو گۆڕینی پیشە و ڕەفتاری جەمشیدخان بەگۆڕانی بیرو ئایدۆلۆژیای لە وێستگەکانی ژیانیدا، ڕەخنەگرتن لە کۆتایی پەرەکانی ڕۆمانەکەدا بە لێشاو خۆی نمایشدەکات، تەنانەت قسەکانی کارەکتەرەکانیش وەک پێشووتر نابینرێن، گێڕەرە دەڵێت: «گوتیشم سەردەمێکدێت کە چۆن مرۆڤایەتیی خۆی لە هێزی فیرعەونە کۆنەکان ئازاد کردووە، خۆشی لە هێزی ئەمجۆرە فیرعەونانە دەتەکێنێت و هەمووتان وەک قەساب و مرۆڤکوژ و بێویژدان دەچنە مێژووەوە» «علی: ٢٠١٨: ١٥٧»، ئەمە ڕەخنەیەکی تیژە، هەمیش پەیامێکە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ڕاستەوخۆیان بە بەکارهێنانی هەموو(تان) کە مەبەستی دەسەڵاتدارانی ئێستاییە. (جەمشید) لە چەند شوێنێکەوە بە قەدەر گوزارشتی لە سەربووردەکانی تەمەنی دەکرد، هەر بەناو کۆمۆنیست بوو، ئازادیشی بۆ گەیشتن بە ژنان بوو، بەڵام ئەویش لەدواساتەکانی تەمەنی زمانی ڕەخنە و ئاراستەکانی دەگۆڕێن دەڵێت: «لەهەر جێگایەکی دیکەشدا بکەوتبمایە خوارێ، هەر وەکو یەک بوو، لەم نیشتیمانەدا مرۆڤ لەهەر جێگایەکی ئاسمانەوە بەربێتەوە، هەر دەکەوێتە ناو مولّکی مەسئولێکەوە» «علی: ٢٠١٨: ١٦١»، جەمشید بازنەی ڕەخنەکانی گەورەتردەبێ دەپەڕێتەوە سەر دەستەلات و دەڵێ: «من تا ئەوکاتە ئاسوودەبووم، کە حوکومڕانانی ئێرە منیان نەدەناسی، ئێستا تا پیر دەبم وازم لێناهێنن و دەمخەنە قەفەزەوە و وەک مەیموون یاریم پێدەکەن» «علی: ٢٠١٨: ١٧٣»، دەسەڵاتی سیاسیی (جەمشید خان)یان بە مەیمونە باڵدارەکە دەناسیەوە «ئەندامانی بیرۆی سیاسیی حزبیش ناویان نابوو «مەیموونە بەرزەفڕەکەی نیشتیمان، کە وەک (بەگی هیجری) تەفسیریدەکرد، پەیوەندییەکی مەجازی لەگەڵ گوزارەی «هەڵۆ بەرزە فڕەکەی نیشتیمان» دا هەبووکە لە ساڵانی پێشوودا باو بووە» «علی: ٢٠١٨: ١٦٥»، نووسەر بۆ دەرخستنی چەمکی (نیو فیودالیزم) کە لەسەر هەردووک ئاستی ئابووری و سیاسیی ڕوودەدات، گرووپێک هەن خاوەنی کۆمەڵێک لە جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵات و ئابوورین، وەک پۆست و سەرمایە... جەمشید کە زۆر لەناوبانگی و خودی خۆی ڕازی بوو، کەمتر سەیری خوارەوەی خۆیدەکرد، بەو مەبەستەی، کە پێگەی عەشایری و پارە و پولێکی زۆری بنەماڵەکەی لەبەر دەستبوو، سالار دەڵێت: «ئەو هەمیشە بەهانەیەکی هەبوو لە بڵندان و بە قێزەوە سەیری ئێمەی دەکرد» «علی: ٢٠١٨: ١٢»، سەرەتا نەیدەویست بە ناوە خێڵەکیەکەی بانگی بکەن، حەزی دەکرد بە (هاوڕێ جەمشید) بانگی بکەن، ئەمە ڕوونە کە بە ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی کاریگەر بوو، پاشگری خێڵەکیی ڕەتدەکردەوە، بەڵام دوای فڕینی یەکەم تا کۆتایی فیودالیزم، لە یاداشتەکانی بە ئاشکرا دەبینرا «من جەمشید کوڕی حیسام خان... کە ئەسلم دەچێتەوە سەر میر شاهانی زەند» «علی: ٢٠١٨: ٤٣-٤٤»، ئەگەر چی ئەو ڕووداوانەی بەسەری داهاتن بە ڕێژەیەکی زۆر ئەو لەخۆ ڕازیبوونەی بیربردەوە، چونکە گروپێکی سیاسیی و ئابووریی پەیدابوون، کە کەمینەیەک بوونە خاوەنی زۆر شت و زۆرینەش بوونە خزمەتکار، هەمان شت بەسەر (جەمشید خان)دا هات، بووە بووکەڵەی دەستی بەرپرسان، شەوانە یاریان پێدەکرد و میوان و منداڵانیان پێ دڵخۆش دەکردن، لێرەدا پاڵەوان وەک تەماشاکەر دەڕوانێتە جوڵەکانی کاربەدەستان، ڕۆژگار جەمشید خانی دەسوڕاند نەک ویست و ئارەزووی خۆی.

ڕەخنەکانیش تەنیا دەسەڵاتداران ناگرێتەوە، بەڵکو ئاین و نووسەر و ڕۆژنامەنووسیش دەگرێتەوە، (سالار) دەڵێت: «من جارێک گوتم لای ئێمە کەوچکێک لە نووسەری خراپ تێکەڵ بە کەوچکێک لە سیاسیی خراپ بکە و جوان ڕایانوەشێنە و چەند کەوچکێک لە گیراوەی مەلای خراپیان تێکەڵاو بکە و تۆزێک لەگەڵ ئاودا بیانخەرە سەر ئاگر وبیانکوڵێنە، ئەوە ڕۆژنامەنووسی عەیارە بیستوچواری وڵاتی ئێمەی لێدەردەچێت» «علی: ٢٠١٨: ١٤٥-١٤٦».

کاتێکیش دین وەک عادەتێکی ڕۆژانەی لێبێت و ئایدۆلۆژیاش تەنیا لە نێو کایەی سیاسیی و دەزگاکاندا کاری پێبکرێت، هەمیشە لە کۆمەڵگە کاری پێناکرێت، لە کۆتاییدا فێڵ و درۆ سەردەکەوێت بەسەر ڕاستیی، کاتێک دوو لە سەربازانی فارس بۆ پاسەوانیکردنی جەمشیدخان تەرخانکرابوون تا ئاگایان لێبێت نەفڕێت، دوو کوڕی تەمبەڵ کە ئەگەر لە سوپا نەبن کەس لێیان ناپرسێت «ئەوان بە مامم دەڵێن: لەو ڕۆژانەدا کە ئەو جلی ئیمامەت دەپۆشیت و وەک سێبەری حوسەین یان ئیمام عەسکەری بەسەر سوپادا دەفڕیت، ئەوە گەنجانی مەزهەبدار وەها جۆشدەدات، ئیدی بە عیشقی کەربەلاوە خۆیان بە کێڵگەکانی میندا دەدەن و باکیان بە مردن نامێنێت» «علی: ٢٠١٨: ٥٣»، ئەمە باشترین فێڵ بوو کە دەزگا و سیستەمە سیاسیەکان خەڵک بە کوشت بدەن، هەر ئەو فێڵەش وای لە جەمشیدخانکرد بۆ جارێکی تر ڕابکات وەک هاووڵاتیەک لە دەست کاربەدەست و پەیڕەوانی ئایدۆلۆژی دەربازی ببێت.

ئایدۆلۆژیاش کاتێک دەبێتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دەستکەوتی مادی، لەم بارەشدا داهاتووی کۆمەڵگەش نادیار دەبێت هەمیشە گۆڕانکاریی بەسەر سیستەم و ئایدۆلۆژیاکان دادێت. سەردەمانێک جەمشید خان ئایدۆلۆژیای شیوعیەکانی هەڵگرتبوو، دواتر ئەو تەوژمە بایەی کە لەسەرەوە باسمانکرد، لێی دەدا و دەیکات بە مەلای ئاینی و دواتر بە جاسوس و دواتر بە قاچاخچی... جەنگەکان لەسەردەمی ئەودا گۆڕانکاری بنەڕەتیان بەسەردادێت، هەڵکردنی شەڕی عێراق-ئێران و پاشان ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ی خەڵکی باشووری کوردستان، پاشان

شەڕی قات و قڕی و بێ پارەیی و ڕووتاندنەوەی منداڵی فەقیر، دواتر حەزە خەفەکراوەکانی سەردەمی گەنجیی لە پاڵ ئەرکەکەیدا، ئەمانە هەمووی سەرکەوتنی فێڵە بەسەر ڕاستییدا، کەمجار هەبووە لە وێستگەکانی ژیانی جەمشیدخان ئاڕاستەکان بەڕاستی ڕۆیشتبن، سەرەڕای تەوژمە سیاسییەکە، تەوژمە کۆمەڵایەتیەکەش هەمیشە پەتی بەختی جەمشید دەپچڕێنێت و ناهێڵێت وچان بدات.

نووسەر لە ڕۆمانەکەدا باسی دوو گەنج دەکات، کە لە ترسی سەربازی ڕایانکردبوو، خزمێکیان هەبوو یارمەتی دوو هەڵاتووەکەی دەدا و کاریشی بۆ حکومەت دەکرد، «لە بنکەیەکی دیاریکراودا مانگانە زەخیرەی بۆ دەخستن و ئێمە بەشەو دەچووین دەماندا بە کۆڵماندا و بەرەو حەشارەکان سەرماندەخست» «عەلی: ٢٠١٨: ٦٦»، بێزاری خەڵکی عێراق و کودستانیش لە جەنگە یەک لەدوا یەکەکانی ناوچەکە وای لە خەڵکەکە کردبوو، بیر لە یارمەتیدانی یەکتر بکەنەوە، باکیان بە لە ناوچوونی دەسەڵاتی سیاسیی و سیستەمی حوکمڕانیی نەبێت، ئەوە خەڵکە باجی ئایدۆلۆژیای ئایینی و مەزهەبی و ناسیونالیزمی دەدەن و بە دەیان شار و گوند وێراندەبن.

کاتێکیش ڕۆماننووس خۆی دێت قسە لەسەر کارەکتەرەکان دەکات و نییەت و مەبەستەکانیان شیدەکاتەوە، دەرخەری ئەوەیە ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی ئایدۆلۆژییە، ئەوکاتانەی کە دۆخی ئایدۆلۆژی تازە دروستدەبن لە گۆڕانکارییە سیاسییەکان، کاتێکیش ململانێ تەواوبوو، نووسەر خۆی ئامادەگی دەبێت لە باسکردنی دەروونی کۆمەڵگە، کە هێشتا ئارام نییە، نزیکەی شەش مانگ لە دوورکەوتنەوەی ڕژێم لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان تێپەڕ دەبێ، بەڵام هێشتا خەڵک ترسی هەیە لە هاتنەوەی بەڵایەکی تر بەسەریاندا «جەمشید باوەڕی وەهابوو سەدام حوسەین و سێبەرەکانی، لە جەهەنەمیشەوە بێت دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی تۆڵەمان لێبکەنەوە» «عەلی: ٢٠١٨: ٧١»، قەیرانی فیکریی و تەوژمە چالاکەکانی سیاسییەکان، بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ کۆمەڵگە، نووسەر لە ڕێگای کارەکتەرەکانی قسەدەکات، کە چۆن دەسەڵات ئایدۆلۆژیایەک دروستدەکات بۆ پاساو دروستکردن، گێڕەروەوە باس لە بۆچوونەکانی جەمشید دەکات کە جەمشید وای گوتووە: «جاران تەنیا دیکتاتۆرە گەورەکانی وەک (ستالین و هیتلەر و مۆسۆلینی) دەیانتوانی شتی وابکەن، ئەوانەی سوپا و دەوڵەت و پۆلیسی نهێنیان هەبوو، ئێستا بەسە ماڵپەرێکت هەبێت، بۆ ئەوەی ئەوە بکەیت، خەیاڵ و عەقڵی هەزاران کەس بەو جۆرە بجولێنیت کە دەتەوێت، ئەوکەسانەیان لە لا خۆشەویست بکەیت کە پێت خۆشە، وا بکەیت ڕقیان لەوە بێت کە تۆ مەبەستتە» «علی: ٢٠١٨: ١٥٦».

پیشاندانی خێر و خۆشەویستی لە کارەکتەری جەمشیدخان، کە لە هەموو تەمەنی بیری لێنەکردبوویەوە، ئەوا ئەمڕۆ جەمشید وا بەستەی خوویەکی نوێ بووە، ئەویش دژایەتیکردنی پیاو و حەزکردن بە ژن، نووسەر لەسەر زاری جەمشیدخان دەڵێت: «لە سیانزە ساڵی ڕابردوودا هەموو ژیانی بە هەموو چرکە شاد و ترسناکییەکانەوە لە ناو پیاواندا بردۆتە سەر، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئاراستەیەکی نوێ بدات بە زیندەگی و کاتی خۆی لەبۆ ژنان تەرخانبکات» «عەلی: ٢٠١٨: ٧٢»، جەمشید هەموو وێنەکانی لە ژوورەکەی لێکردەوە، «جگە لە وێنەکانی مارکس و ئەنگلز، کە چیدی بە دیوارەکان نەمابوو» «عەلی: ٢٠١٨: ٧٢)، دەرخستنی ئایدۆلۆژیای جەمشیدخان بە مانەوەی ئایدۆلۆژیای زاڵی کۆمۆنیستەکان بەسەر کۆمەڵگەی کوردی باشوور، لە سەردەمی ڕاپەڕین دەرخەری گۆشەنیگای نووسەرە، لە پیشاندانی فیکرەکان لەسەردەمە جیاوازەکاندا، کە تاکی کوردی هەر بەناو کۆمۆنیست بوون، لە ناوەڕۆکدا هەڵگری بیرکردنەوەیەکیتربوون، چونکە چەمشید چەندینجار بیرکردنەوەکانی خۆی گۆڕیوون، ئەمەش کارێگەریی تەوژمە فیکریەکانە، کە بەردەوام بەریەکەوتنیان هەیە لەگەڵ خوێنەر و گوێگران، کە ختۆکەی تازە و ئاراستەی نوێ بگرنەبەر، هەروەها نووسەر هاتووە نوێنەرایەتیی دەق کردووە، نەهاتووە شرۆڤەی ئایدۆلۆژیایەک بکات، یان ڕوونکردنەوەی زۆر لەسەر ئایین و بیرەباوەڕەکان بدات، خۆی لەبیر بکات کە ئەو داهێنان دەکات، هەر بۆیە گۆڕانکاریە خێراکانی سیاسیی چ لە سەر عێراق و ناوچەکە، چ لەسەر ئاستی کارەکتەرەکان بە چەند دێڕێک، کە زۆرجار ناگاتە پەڕەیەك دەربازدەکات، مەگەر بە ئاماژە بگەڕێتەوە بۆ باسکردنی.

کە باسی شەڕ و کوشتاریشی دەکرد، قوڵ نەدەبوویەوە لە چۆنییەتی ڕوودانەکەی، بەڵکو ئامانجێکی گەورەتری هەبوو پیشانیبدات، ئەویش: «بیرکردنەوە، ئایدیا، بەرژەوندیەکان «ئەو لە ئاسمانەوە چەندین شاری وێرانکراوی ئێرانی بینی، لەسەرەوەڕا دەیان هەزار لاشەی تێکەڵاوی سوپاکان کەوتنە بەردەمی، بە چاوی خۆی ئەو دڕندەیەتییەی بینی کە عێراقییەکان دەیاننواند» «علی: ٢٠١٨: ٤٠»، نووسەر کەمتر خۆی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لە قەرەی ئەو شرۆڤانە دەدا، کە هەموو کەس زانیاری هەبێت لە ڕوودانی، بەڵکو دیوە شاراوەکانی پشت سەرکەوتن و شکستەکانی زیاتر پیشاندەدات، پیشاندانی واقیعی سەردەمە جیاوازەکان ئەرکێکی ترە، پێویستە بیرکردنەوەکانی کۆمەڵگەکە پیشانبدات، جەمشیدخان دەڵێت: «تا مرۆڤەکان بەم چەشنەی ئێستا غەمگینبن، بەردەوام هەوڵدەدەن لە وڵاتی خۆیان ڕابکەن، چونکە ئەوەی ئینسان پێیوایە دەتوانێت لە شوێنێکی تر بەختەوەر بێت، کەریەتییە کە لە باوە ئادەمەوە بۆمان ماوەتەوە» «علی: ٢٠١٨: ١٢٢».

لەبارەی بوونی ئایین لە ناو کۆمەڵگەی کوردییدا، جۆری بیرکردنەی خەڵک و چۆنییەتی سوود وەرگرتن لێی و کاریگەری بیرکردنەوەکان لەسەر ڕەفتارەکانی تاک، کە هەمیشە ئایین شەرێکی سەخت لەگەڵ جۆری بیرکردنەوەکان دەکات: «ئایدۆلۆژیا دەیەوێت زانستەکان بخاتە خزمەتی خۆی، چەند هەنجەتێک لە بەرژەوەندیی خۆی دەدۆزێتەوە و هەندێک ئەنجامی زانستیی بە دیار دیاردەخات وەکو بەڵگە لەسەر دروستی کارەکانی، لێرەدا زانست لای ئەو پاساوێکە بۆ باوەڕەکەی» «باریۆن: ٢٠٠٦: ١٥»، ئەوەی جەمشیدخان دەیکات بۆ دۆزینەوەی بیردۆزێکی نوێیە، لەوەی کە مرۆڤ سەرەتا باڵی هەبووە و لاوازی جەستەشی وەکو پاساوێک دەخاتەڕوو، ڕێک سەلمێنەری ئەوەیە، کە ئایدۆلۆژیاکان پراکتیزەی کاریگەریی خۆیاندەکەن لەسەر زانست، پرسیاری زانستیی دەکەن، دواتر لە سۆنگەی گریمانەی چەق بەستوو گریمانەکانتان پیشاندەدەن.

ڕۆماننووس قسە لەسەر ڕابردوویەکی دوور دەکات، کە سەرچاوە ئایینییەکان قسەیان لەسەر کردووە ئەو دێت گوماندروست دەکات لەسەر ڕووداوەکان یاخود پرسیار دروستدەکات، ئەمەش پیشەی ڕۆماننووسە کە پرسیار و گوماندروست بکات بۆ ئەوەی خوێنەر بەدوای وڵامەکان بگەڕێت «جەمشید ڕای وابوو: ئێمە مەگەر بێدەماغێکی گەورەبین وا بزانین ئادەم لەداری ماریفەتی خواردوە، هەر سەیرکردنێکی ڕوکەشی حاڵی مرۆڤ ئەوە بەیاندەکات کە مرۆڤ هەرگیز دەمی بۆ میوەی ئەو دارە نەبردوە و هەمیشە و هەمیشەش لە تاریکییدا ژیاوە و هەر لە تاریکیدا دەژی» «عەلی: ٢٠١٨: ١٢٣» ڕۆماننووس قسە لەسەر ڕەهەندە ئایینییەکان دەکات و بەشێک لە ڕووداوەکانی تەرخانکردووە بۆ ئەم لایەنە، قسە لەسەر بڕوادارەکان دەکات کە بەبێ بیرکردنەوە ڕاستەوخۆ باوەر بە هەموو ڕووداوە ڕووکەشەکان دەکەن، بۆ نموونە (جەمشید خان) سەردەمانێک پروپاگەندەی لە ناو خەڵک بڵاوکردەوە کە لەکاتی فڕیندا خودای بینیووە، مزگەوتی (دووگومەز)بووە، شوێنی خۆ ناساندنی وەک پیاوێکی وەلی؛ خەڵکیش زوو باوەڕیان پێکرد « جەمشید هەموو هەینییەک، دوای نوێژی جەماعەت دەچووە سەرێ و لە ئاسمانەوە گووتارێکی سەبارەت بە دیدارەکانی لەگەڵ باری تەعالادا دەخوێندەوە، لەوێوە (مەلا قاسم) چ چیرۆکێکی بۆ دانایە ئەوەی دەگێڕایەوە، لە چیرۆکەکانیدا باسی ئەوەی چۆن چووە بۆ مەلەکوت و پلەپلە لەگەڵ فریشتەکاندا» «عەلی: ٢٠١٨: ١٠٣» ئەم پیشاندانەی ڕەهەندی ئایینی (مەلا قاسمی گوڵشێران) و درۆکانی (جەمشید خان) بە ناوی ئایینەوە لایەک لە ئایین لای تاکی کورد پیشاندەدات و ناڕاستی قسەکانی هەندێک بەناو مەلا پیشاندەدات کە بەم شێوەیە بازاڕ بۆ خۆیان گەرمدەکەن، ئەگینا خودی (سمایل و سالار)یش ئەم ڕاستییەیان دەزانی کە ڕاست نییە، بەڵام مەلای مزگەوت بەکاری دەهێنا «مەلا لەوانەبوو کە دەیگووت لەم سەردەمەدا کە کوفر باڵادەستە و لە هەموو جیهاندا حوکم و حاکمیەتی گرتۆتە دەست، هەر هۆیەک ئیمان بەهێزبکات دەبێت بەکاریبهێنین» «عەلی: ٢٠١٨: ١٠٢-١٠٣».

لێرەدا مەلا قاسم بۆ دەستخستنی ڕۆڵ و پێگەی لەناو ناوەندی ئیمانداران هەموو شتێکی بەکار دەهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس بە هەلیدەزانێت چەوت و لارییەکانی دەسەڵاتی کوردیی، کە ناتوانن خزمەتی خەڵک بکەن و کێشەی ژیانیان چارەسەر بکەن و لاوازی و نەخوێندەواری تاکی کورد پیشانبدات کە ساویلکەن و دەکەونە تەڵەی ئایدۆلۆژیاکان «مەلا (بەهەشت)ی وەک شارێک وێنادەکرد کە شەقامەکانی جوانن، کارەبا تێیدا ناکوژێتەوە، ئاو تێیدا نابڕێت، شتەکان تێیدا هەرزانن، لە هەموو سەر سوچێکدا پاقلاوەخانەیەکی خۆڕایی بەردەوام کراوەتەوە، ژنان جل لەبەر ناکەن و بەبێ حەبی مەنعیش بخۆن منداڵیان نابێت و سیاسەتیشی تێدا نییە. واتە شارێک بوو لە هەموو شتێکدا پێچەوانەی شاری ئێمە» « عەلی: ٢٠١٨: ١٠٣».

ڕۆماننووس لە دێری کۆتاییدا فرسەت دێنی ڕەخنە دەگرێت کە بەهەشت پێچەوانەی شارەکەیانە چ لە بیرکردنەوەی خەڵک چ وەکو خزمەتگوزاری. دواتر تیژتر ڕەخنە دەگرێت دەڵێت: «جارێک جەمشید خان لە هەوادا لیستێکی درێژی لە گیرفانی دەرهێنا و گووتی کە باری

تەعالا حەرامیکردوە پیاوان ئەم شتانە بکرن: جلی ژێرەوەی ژنان، حەبی ڕێگرتن لە سکپڕی، کەرستەی ئارایش، کامیرای ڤیدیۆ،.... پچن بۆ لای خەیاتی پیاو، سالۆنی قژبڕین بکەنەوە، خەیار بکرن، یان بەتەنیا سواری تاکسی بن» «عەلی: ٢٠١٨: ١٠٥» لە دەقەکەدا باسی ئەوە دەکات کە ئیمانداران بە توندی پابەند بوون بە ڕێنمایەکانی ئەم موعجیزە خودایە، دواتر وەسفێکی (جەمشید خان) دەکات؛ کە ڕیشێکی بەردابوویەوە بۆ ئەوەی خەڵک باوەڕ بە قسەکانی بکەن «هەمیشە ڕیشە درێژەکەی بە شانە دادەهێنا و جبەیەکی ڕەشی لە خۆیەوە دەپێچا... » «عەلی: ٢٠١٨: ١٠٥».

دەقەکانی ڕۆمانە بە ئاوی سیاسەت نەڕواوە، بەڵام هەڵچوون و گەرماوگەرمی ڕووداوەکان سیاسیین، بۆ دەرخستنی لایەنە سیاسیەکان و ڕەفتاریان، بێگومان لە ناو دەقێکی ئەدەبی و پاشان خەیاڵی و گوزەرکردنی ڕووداوەکان لە وێستگەی سیاسی و پیشاندانی جۆری بیرکردنەوەکان لە زەمەنی دیاریکراودا وەک لۆمەکردنی باروودۆخی سەپێندراو بە دەستی سیاسییەکان، باجدانی میللەت، وەک بروسکە ئاسا ڕەخنە لە دەسەڵاتی سیاسی دەگرێت بابەتی گەرم دەوروژێنێ و دیاردە ناشیرینەکان زەق دەکاتەوە و تێبینی خۆی هەڵدەڕێژێ«جەمشید خان، گوتی: هەموو سیاسییەکان وەک سەگ و مەیمون سەیریان کردووە، ژن و منداڵەکانیشیان فێرکردووە هەروا تەماشایبکەن... کوڕ و کچی هەموو سیاسییەکان کە سبەینێ شوێنی باوکیان دەگرنەوە و ئەم مەملەکەتەیان بە وەرەسە بۆ دەمێنێتەوە» «عەلی: ٢٠١٨: ١٧٣».

لێرەدا دەبێت جیاوازی بکەین، ڕۆمانی سیاسی مامەڵە لەگەڵ واقیعی سیاسەت دەکات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لەگەڵ ڕۆمانێک خەیاڵ بۆکراوی سیاسی کە کاردەکات بۆ چالاککردنی تەکنیکی نیشانە و هێنانی کارەکتەری ئایینی و کۆمەڵایەتیی بۆ ناو قەیرانی کۆمەڵگە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ قسە لەسەر دۆخەکان بکات.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. نەبوونی ئایدۆلۆژیای ڕوون لە نێو کۆمەڵگەی کوردییدا، یاخود دابەشبوونی بەسەر چەند ئایدۆلۆژیایەکی جیاوازدا، نەبوونی ئارامی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیی هۆکاری نەهامەتییەکانن.

٢. بە گشتیی ڕمانێکی ئەدەبییە، بنەماکان و تایبەتمەندیەکانی لە دەستنەداوە، سەرەڕای هەموو جۆرەکانی ئایدۆلۆژیا لە ناو دەقەکاندا، بەڵام بۆ دەرخستنی بیرکردنەوەکانی تاکەکانی گۆمەڵگەیە لە ڕووی (ئاین و سیاسەت و دەسەڵات) .

٣. دەقەکانی ڕۆمانەکە دەردەخات کە (ئایدۆلۆژیای ڕۆمان) لە دەقەکان زاڵە، ڕۆماننووس ڕەسەنایەتیی ئەدەبی لە دەستنەداوە، تەنیا هاتووە بیکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی و نەتەوەی دەوروبەری دەرخستووە و خاڵە نەرێنییە فیکریەکانی خستۆتەڕوو.

٤. ڕەخنەگرتن لە سیستەمی سیاسیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە عێراق و ئێران و کوردستانیش، هیچیان بەدەرنین لە ئایدۆلۆژیای ڕوون و ئامانجی ڕوون، تەنانەت ئاین وەک پاساو بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانیان بەکارهێناوە.

٥. ڕۆمانووس دەرفەتی تەواوی داوەتە کارەکتەرەکان، بۆ دەرخستنی زانیاریەکان، هەر لەو سەرچاوانە ئایدۆلۆژیا دەگاتە خوێنەر، نەک خودی ڕۆماننووس. ئەم هونەرەش بۆ ئەوەیە دەقەکان لەجیاتی ئایدۆلۆژیا بیرنەکەنەوە، بەڵکو وەکو دەرخستنی ئایدۆلۆژیای پێکهاتەکان خۆیان بنوێنن.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## سەرچاوەکان

### کوردی:

١- علی، بەختیار (٢٠١٨)، جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، چاپی دووەم، سلێمانی.

٢- لۆکاچ، جۆرج (٢٠٠٧)، وشیاری چینایەتی، وەرگێڕ هادی محەمەدی، چاپخانەی بینایی، چاپی یەکەم.

### عەرەبی:

١- باختين، ميخائيل (١٩٨٨) ، الكلمة في الرواية، الترجمة: يوسف حلاق، ط ١، سورية.

٢-بلحسن، عمار(١٩٨٥)، ما قبل الكتابة حول الايديولوجيا/ الادب/ الرواية، فصول النقد الادبي ( الادب و الايديولوجيا)، جزء الثاني، المجلد الخامس، القاهرة، يوريو.

٣- التوسير، لوى (٢٠٠٦)، ماهي الايديولوجية، اعداد و الترجمة( محمد سبيلا و عبدالسلام بنعد العالي، الطبعة الثانية، دار توبتال للنشر، المغرب.

٤- الحمد، تركي (١٩٩٢) ، دراسات ايديولوجية في الحالة العربية، دار الطليعة للطباعة و النشر، طبعة الاولى.

٥-ريكور، بول (٢٠٠٢) ، محاضرات في الايديولوجيا و اليوتوبيا، تحرير و التقديم( جورج هـ.تيلور)، ترجمة فلاح رحيم، دار الكتب الوطنية، طبعة الاولى، ليبيا.

٦-سبيلا، محمد و العالي، عبدالسلام بنعبد (٢٠٠٦) ، الايديولوجيا دفاتر الفلسفية، اعداد و الترجمة(، الطبعة الثانية، دار توبتال للنشر، المغرب.

٧- السديس، عبدالعزيز بن علي (١٩٩٨) ، التحضيز الايديولوجي في الفكر و التحليل الاقتصادي الغربي، جامعة الملك سعود، كلية العلوم الادارية، الرياض، النشر العلمي و المطابع.

٨-العروي، عبدالله (٢٠١٢) ، مفهوم الايديولوجيا، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب، طبعة الثامنة.

٩-عويد، عدنان (٢٠٠٦) ، الايديولوجيا و الوعي المطابق، دار تكوين،ط١، دمشق.

١٠-العيد، يمنى (١٩٩٩)، تقنيات السرد الروائي في الضوء المنهج البنيوي، دار الفارابي، الطبعة الثانية، بيروت.

١١-غطاشة، داود (٢٠٠٠)، قضايا النقد العربي قديمها و حديثها، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان.

١٢- لحميداني، حميد (١٩٩٠) ، النقد الروائي و الايدولوجيا، سوسيولوجيا النص الروائي، المركز الثقافي العربي، طبعة الاولى، الدار البيضاء، بيروت.

١٣- مانهايم، كارل (١٩٨٠) ، الايديولوجيا و اليوتوبيا مقدمة في سوسيولوجيا المعرفة، ترجمة و التقديم الدكتور محمد رجا عبدالرحمن الديرينى، شركة المكتبات الكويتية، الطبعة الاولى.

١٤-ناديه، ميشال (٢٠٠٦)، الايدولوجيا وثائق من اصول الفلسفية، ترجمة امنية رشيد/ سيد البحراوي، دار التنوير، بيروت.

١٥-وادي، طه (٢٠٠٢)، الرواية السياسية، الشركة المصرية العالمية للنشر- لونجمان، مصر.

-گۆڤارە کوردییەکان:

١-تۆفیق، سەروەت (٢٠١٣) ، زاراوە سیاسیەکان، ئایدیا والا گۆڤارێکی فکریە دوو مانگ جارێک دەردەچێت، ژمارە (٣٧)، سلێمانی.

٢-دەشتی، عوسمان (٢٠١٠)، بنەماکانی شیعریەت لە تێکستی (یادگار و هیوا)ی ئیبراهیم ئەحمەد دا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە/١٦.

-گۆڤارە عەرەبییەکان:

١-بوالسليو، نبيل (٢٠١٤)، الايديولوجى في الرواية الجزائرية، الرواية الولي الطاهر يعود الى مقامه الزكي- نموذجا-، مجلة البحوث و

الدراسات الانسانية ، العدد ٠٨/.

٢-جابر، صبيح مزعل (٢٠١٧) ، الدلالات الايديولوجية و السياسية في خطاب الروائي (غائب طمعة فرحان و جهاد مجيد) انموذجا، مجلة كلية التربية، جامعة المستنسرية، العدد السادس.

٣-خرفي، محمد صالح (٢٠١٣) ، الديني و الايديولوجي في الرواية الجزائرية المعاصرة روايات الطاهر و طار انموذجا، مجلة قراءات، جامعة الخزائر، عدد الخامس.

٤-السعيد، عموري (٢٠١٣) ، الايديولوجيا الخطاب/ النص/ نحو المقاربة مفاهمية، جامعة بن الرحمان ميرة بجاية، مجلة الاثر، الجزائر، العدد الخامس عشر/جوان.

٥-فيلالى، صالح (٢٠١١)، المعالجة المنهجية للايديولوجيا من وجهه نظر مؤسسي علم الاجتماع، مجلة جامعة الشارقة للعلوم الانسانية و الاجتماعية المجلد ٨، عدد ٢.

٦-كاظم، حسن محمد (٢٠١٩) ، البعد الايديولوجي في روايتي (ميرمار) و (خمسة اصوات)، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية و الانسانية، جامعة بابل، العدد/٤٣.

٧-وهاب، خالد (٢٠١٧)، واقع النص الروائي الجزائري و سؤال القراءة، مجلة دفاتر مخبر الشعرية الجزائرية، العدد الخامس.

**رسالة اكاديمية العربية:**

١- تقار، فوزية (٢٠١٧- ٢٠١٨)، اليديولوجيا و البنيى الفنية في اعمال»حبيب مونسي»، رسالة دكتوراه، جامعة محمد خضير سبكرة، جزائر.

٢-جلالية، طالبة سعيدة (٢٠١١-٢٠١٢) ، الايديولوجى و الحبالى دراسة تكوينية في روايتي « اليتيم» و «الفريق» لعبدالله العروي، رسالة ماجستير، جامعة العربي بن المهدي ام البواقي.

٣-عنكوش، وسيلة (٢٠١٦) ، البعد الايديولوجي في الرواية فتاوي زمن الموت للابراهيم سعدي، رسالة ماجستير، جامعة البويرة، كلية الاداب و اللغات.

# بکەرنادیار لە زمانی کوردییدا، دروستە و دیاردە (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردییە)

مستەفا ڕەزا مستەفا [1]، ئاریان صدیق عەزیز [2]
[1] بەشی زمانی کوردیی،کۆلێژی پەروەردە و زمان، زانکۆی چەرموو، شاری چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2]بەشی زمانی کوردیی،کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Corresponding author's e-mail: mustafa.mustafa@charmouniversity.org

## پوختە:

لێکۆڵینەوە لە زمانناسیی و بە دیاریکراویی بواری زانستی زمانی کارەکیی و دیالێکتۆلۆژیی، پێویستی بە وردبوونەوە و شارەزایی هەیە لەبوارەکانی تریشدا، وەك فۆنەیتیك و فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس، سێمانتیك و پراگماتیك. ئەگەر بمانەوێت لە زار و شێوەزار و تایبەتمەندییەکانیان بکۆڵینەوە، دەبێت بەوردیی مامەڵە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی زماندا بکرێت، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بۆ دۆزینەوە و خستنەڕووی زانیاریی شێوەزارەکانی کرمانجیی ناوەڕاست، کرمانجیی ژووروو، شێوەزاری هەورامیی، داتاکانی هەرسێ زار و شێوەزارەکان لە لەهەردوو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا و دواتر مۆرفۆسینتاکسدا خراونەتەڕوو، دواتر لە ڕێی شیکردنەوەی نموونەکانەوە خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان ڕونکراونەتەوە و گفتوگۆیان لەسەر کراوە، کە خاڵی هاوبەش و جیاوازیی لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا خراوەتەڕوو.

**کلیلە وشە:** (بکەرنادیار، دیالێکتۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس، مۆرفۆسینتاکس)

## الملخص

البحث في اللسانيات بالتحديد في مجال علم اللغة التطبيقي واللهجات، يحتاج إلى التأمل والخبرة في المجالات الأخرى مثل (علم الصوت وعلم الصرف وعلم النحو والقواعد وعلم الدلالة)، فإذا أردنا أن نبحث في اللغة واللهجات وخصائصهما لابد من معاملة دقيقة مع جميع مكوناتهما، لذا في هذا البحث لاكتشاف وبيان معلومات لهجات كرمانج المتوسط وكرمانج العليا ولهجة الهورامية، تم عرض جميع معلومات اللهجات الثلاثة في كلا المكونين الصرفي والنحوي ومن ثم مورفوسينتاكس، ومن بعد ذلك تم بيان النقاط المشتركة والمختلفة من خلال تحاليل الأمثلة وتم نقاشهما و بينت النقاط المشتركة والمختلفة في مجال صرفي وقواعد لهجات اللغة الكوردية.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٤/٣٠ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٦/١٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | mustafa.mustafa@charmouniversity.org |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢١ د.مستەفا ڕەزا مستەفا ، د.ئاریان صدیق عەزیز،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

Investigation in linguistics particularly applied linguistics and dialectology require consideration and experience in other fields, like phonetics, phonology, morphology, syntax, semantics and pragmatics. If we want to study the dialects, sub dialects and their characteristics, we must deal with the component of language carefully. So, in this paper to find out and illustrate the data of the sub dialects of central Kurmanji, northern Kurmanji, Hawrami Sub dialect, the data of these three dialects, sub dialects in term of morphology and syntax then Morphosyntax component have been demonstrated. Subsequently, thru analyses the examples, the similar and difference points have been represented and discussed which the similar and difference points of morphology, syntax of dialect and sub dialects of Kurdish language illuminated.


## پێشەکی:

### ١/٠ ناونیشانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە ناونیشانی ((بکەرنادیار لە زمانی کوردییدا، دروستە و دیاردە) یە،- کە (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە) ))، دەیەوێت، لە ڕێگەی پیشاندانی دیاردەی نادیاریی و چۆنییەتی دروستکردنی کرداری بکەرنادیار و ڕستەی بکەرنادیارەوە، دوو بابەت گەنگەشە بکات، کە یەکەمیان پەیوەستە بە خستنەڕووی دیاردەکە لە ڕووی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەوە لە زارەکانی (کرمانجیی ناوەڕاست و کرمانجیی ژوورو و هەورامیی)دا، دووەمیشان، کە ئێمە بە ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکەی دەزانین، بریتییە لە دەرخستن و دۆزینەوەی گرنگترین خاڵە لێکچوو و جیاوازەکانی ئەم دیاردەیە لە ئەنجامی پەیرەوکردنی دیاردەکە لە زارەکانی زمانی کوردیدا، کە ئەمە بۆ ئەمڕۆی زمانی کوردی و دەرخستنی پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی نێوان زارەکانی زمانی کوردی، بە ئامانجی لێکنزیککردنەوەی نێوان زارەکانی زمانی کوردی، جێگەی بایەخە و ڕۆڵی دیاری لەم ڕووەوە هەیە.

### ٢/٠ ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە، بگاتە ئەو ڕاستییەی، کە زارەکانی زمانی کوردی، هەرچەندە سەر بە یەک زمانن و بنەمای گشتیی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە بە تایبەت لە ڕووی یاسا مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر زارەیان دەشێت لە ڕەوت و قۆناغی گەشەسەندن و ڕاژەکردنی و بەکارهێنانی لە بوارە جیاوازەکاندا ڕێچکەی خۆی گرتبێتەبەر و دوور و نزیک هەندێک خاڵی جیاواز هەم لە ڕووی مۆرفۆلۆژیی و هەم لە ڕووی سینتاکسیی و پەیرەوکردنی ڕەوتی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی، بنەمای کارکردنی خۆیان هەیە، واتە ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە دەکات، کە لە ئەنجامی پەیرەوکردنی ڕێکارە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکان بۆ خستنەڕووی دیاردەی نادیاریی لە دیالێکتەکانی ژێر ئەم توێژینەوەیەدا، خاڵی جیاواز و خاڵی لێکچوو هەیە، کە ئەمەش تایبەتمەندیی سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژیی هەر زارێکیان (ناسنامەی هەر یەکێکیان) لە ڕەوتی گەشەسەندنی مێژوویدا دەخاتەڕوو، لە کۆتاییدا لەگەڵ دەستنیشانکردنی تایبەتێتیی هەر زارێکیاندا، هەوڵدراوە لە ڕێگەی خستنەڕوو و دۆزینەوەی ڕایەڵە هاوبەشەکانی ئەو سێ زارەوە یەک سەرچاوەیی و پەیوەندیی بەهێزی نێوان زارەکانی زمانی کوردی بخرێتەڕوو.

## ٣/٠ سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە:

سنوری توێژینەوەکە، بریتییە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی نادیاریی و کارکردن لە یەکێک لە دیاردە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکانی زمانی کوردییدا، کە ئەویش دیاردەی نادیارییە، لە دیالێکتەکانی (ک.ن، ک،ژ، هەورامیی)دا.

## ٤/٠ ڕێباز و تیۆریی کارپێکراو لە توێژینەوەکەدا:

توێژینەوەکە، بە ڕێبازی پەسنی شیکاریی – بەراوردکاریی، کاردەکات، دەیەوێت جگە لە خستنەڕووی دیاردەی نادیاریی، تیشکبخاتەسەر گرنگترین خاڵە جیاواز و لێکچووەکانی نێوان ئەم زارانە، لە دروستکردنی کردار و ڕستەی نادیاردا.

تیۆری سودلێوەرگیراو لەم توێژینەوەیەدا، بریتییە لە (ڕێزمانی بەرهەمهێنان)، کە دەیەوێت بە سودوەرگرتن لەم تیۆرییە، یەکێک لە دیاردە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکانی زمانی کوردیی، کە نادیارییە بیخاتەڕوو.

## ٥/٠ بەشەکانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان بە گشتی بۆ پێنج پار، دابەشکراوە، کە لە پاری یەکەمدا هەوڵدراوە بە کورتی دەربارەی دیاردەی نادیاریی قسەبکرێت، هەروەها لە پاری دووەمدا باسی دیاردەی نادیاریی لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا کراوە، هاوکات لە پاری سێیەمدا باسی هەمان دیاردە لە زاری کرمانجیی ژووروودا کراوە، هەروەها پاری چوارەمیش بۆ هەمان دیاردە لە زاری (گۆران – هەورامیی)دا تەرخانکراوە، پاری پێنجەمیش بۆ گرنگترین خاڵە جیاواز و لێکچووەکانی ئەم دیاردەیە لە هەرسێ زارەکەدا تەرخانکراوە.

## ١/١ پاری یەکەم: دیاردەی نادیاریی:

کردار لە زمانی کوردیدا وەک وەچەپێکهاتەیەکی بنەڕەتیی و گرنگی پێکهاتەی ڕستە، دەتوانرێت لە چەندین ڕەهەندی جیاوازەوە قسەی لەبارەوە بکرێت، بۆ نموونە وەک ڕەهەندەکانی: (تاف:أ-ڕابوردوو، ب-ڕانەبوردوو، ڕۆنان:أ-بنەڕەتیی/سادە، ب- ناسادە، لۆژیک: أ-ئەرێ، ب- نەرێ، هێز: أ- تێپەڕ، ب-تێنەپەڕ، ڕێژە: أ- ڕاستیی/دڵنیایی، ب- ناڕاستیی/نادڵنیایی، تەواوێتیی: أ- تەواو، ب- ناتەواو، دیارێتیی: أ- بکەردیار، ب- بکەرنادیار)، هەربۆیە ئێمە لەسەر ئەم بنەمایە و بۆ قسەکردن لەسەر یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی کردار (ڕەهەندی دیارێتیی) قسەدەکەین و دەمانەوێت ئەم دیاردەیە لە سێ زاری سەرەکیی زمانی کوردییدا، هەم لەڕووی مۆرفۆلۆژیی و هەم لەڕووی سینتاکسەوە شرۆڤەبکەین، چونکە وەک ئاشکرایە، ئەم ڕەهەندە (بکەردیاریی و بکەرنادیاریی) لە زمانەکاندا خاڵێکی گرنگ و جێی سەرنجی توێژەران بووە و لەم ڕووەوە توێژەران بەپێی تایبەتمەندیی زمانە جیاوازەکان باسی ئەم بابەتەیان کردووە، واتە « حاڵەتی کارا دیاری و کارا بزری چ لە زوودا و چ ئەمڕۆ بە بابەتێکی گرنگ و بایەخداری گەورە و بەپێزی لێکۆڵینەوەی گەلێک لە زمانناسان دادەنرێت و ڕێزمانناسانی جیا بە جۆری جیاواز لە قەوارە و ناوەڕۆکی ڕێزمانیی حاڵەتی کارا دیاری و کارا بزری گەیشتوون.» (حاجی مارف، ٢٠١٤: ٣٢٣)، چونکە وەک دەزانین زمان یەکێکە لە وەسیلە و هۆکارە گرنگەکانی دەربڕینی بیری مرۆڤەکان و دروستکردنی پەیوەندی – لێکگەیشتن لەنێوان یەکتردا، کە ئەمەش بە دەربڕینی قسەکانیان لە شێوەی زنجیرە دەنگ (ئاخاوتن)دا دەبێت، کە یەکێک لە ڕەهەندەکانی قسەکانیان لە ڕستەکاندا هەم لەڕووی واتایی و هەم لە ڕووی سینتاکسییەوە، یا بەشێوەی (بکەردیار)، یا بەشێوەی (بکەرنادیار) دەبێت، واتە بکەرنادیاریش بەشێکە لە پێڕەوی کردارەکانی زمانی کوردیی، هەر لەم بارەیەوە (مەحوی) دەڵێت: « کردارە بکەرنادیارەکان، لە تەک پێڕەوی کردارە بکەردیارەکاندا، پێڕەوی سەرەکیی (پێڕەوی کردارەکان) پێکدەهێنێت.» (٢٠٢٠: ١٠٥). هەر لەبەر ئەمەشە، کە لەپاڵ گرنگیدان بە پێڕەوی کردارە بکەردیارەکاندا، گرنگیش بە پێڕەوی کردارە بکەرنادیارەکان دەدرێت.

### ١-١/١ نادیاریی، چەمک و پێناسە:

چەمکی نادیاریی، لە زمانەکاندا بەشێوەیەکی گشتیی و لە زمانی کوردییدا بە تایبەتی، کە کەرەستەی توێژینەوەکەمانە، بە دوو خاڵی گرنگەوە بەستراوەتەوە، کە ئەوانیش: أ- لەرووی مۆرفۆلۆژییەوە فۆڕمی کردار، فۆرمێکی نادیاری پێدرابێت و ب- لەرووی سینتاکسییەوە فۆڕمی ڕستە بەشێوەیەکی گشتی فۆڕمێکی نادیاری هەبێت و تیایدا بکەری ڕستەکە بەشێوەیەکی ئاشکراو و ڕوون لە ئاستی ڕووکەشی ڕستەدا دەرنەکەوتبێت، هەربۆیە کاتێک باسی دیاردەی نادیاریی دەکرێت زیاتر ئەو دوو پێواژۆیەی ئاماژەمانپێدا بە بیردا دێت و زیاتر پێواژۆی دووەم، کە نەبوونی بکەرە بە شێوەیەکی ئاشکرا دەرکەوتووترە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەشە، کە ناوی دیاردەکە بە بکەرنادیار ڕۆیشتووە.

هەر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چەمکی (نادیاریی) چەند پێناسە و بۆچوونێک دەخەینەڕوو:

ئەمین: چەمکی بکەرنادیار لە هەموو زمانێکدا هەمان شت دەگەیەنێ مەبەست لێی ئەو ڕستەیەیە کە (بکەر)ەکەی واتا ئەو کەسە یا ئەو شتەی ئیشی فرمانەکە بەجێ دەهێنێ لە سیمادا دەرناکەوێ، لەبەر هەر چ هۆیێک بێ. (٢٠٠٩: ٢٧١).

بەرزنجی: بریتییە لەو کردەیەی، کە تێیدا ناکارایەک بەرزدەکرێتەوە و ڕۆڵی بنەی دەدرێتێ و لەم بەرزبوونەوەیەشدا فۆڕمی کارەکەش دەگۆڕێ. (٢٠٠٨: ٦٠)

حاجی مارف: حاڵەتی سست لە کاتێکدا بەکاردێنرێ، کە کارا لە ئارادا نەبێ. (٢٠١٤: ٣٢١).

مەحوی: لە بکەردیاردا بەجێهێنەری/جێبەجێکەری کاری کردارەکە بە دۆخی ڕێزمانیی بکەریی (بۆر) نیشاندەدرێت (= بکەر)، لە کاتێکدا لە بکەرنادیاردا ئەم جێکەوتەیە (جێکەوتەی بکەر وابەستەی بەبرشتی کردارە) و بە قەوارەی تر پڕدەکرێتەوە. (٢٠٢٠: ١).

خورشید: ئەگەر بکەر لە ڕستەدا دیاربوو، هەنگێ ئەو ڕستە چالاکە. بەرۆڤاژ ژێ ئەگەر بکەر لە ڕستە نادیار بوو، هەنگێ ئەو ڕستە ناچالاکە. (٢٠١٣: ١٥١).

کەواتە پێواژۆ/پرۆسەی نادیاریی بریتییە لە دیاردەیەکی ڕێزمانیی، کە تیایدا هەم لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە دروستەی کردارەکە گۆڕانی بەسەردا دێت و هەم لەڕووی سینتاکسییەوە ئەرک و گۆکردنی کەرەستەکانی (بکەر و بەرکار) دەگۆڕێت و بکەری ڕستەکە بەشێوەیەکی ڕوون دیارنابێت و بەرکار لەڕووی ڕێزمانییەوە شوێنی دەگرێتەوە و کردارەکە وەک کردارێکی تێنەپەڕ مامەڵەدەکات.

### ٢/١ پاری دووهەم: دیاردەی نادیاریی لە کرمانجیی ناوەڕاستدا:

### ١-٢/١ نادیاری لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە:

مەبەستمان لە کردەی نادیاری لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، ئەوەیە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ فۆڕمی کردارە بکەردیارەکە، یاخود لەگەڵ (ناوی کرداریی – چاووگ)دا دەکەین بۆ دروستکردنی کرداری بکەرنادیار(١) ، یان وەک هەندێ سەرچاوەی تر باسی (ڕەگی کردار) لەگەڵ جێبەجێکردنی چەند هەنگاوێکی تر دەکەن بۆ چێکردنی کردارێکی بکەرنادیار(٢) ، هاوکات پێویستە وەک خاڵێکی بنەڕەتیی ئەوەشمان لە یادبێت، کە نادیاریی تەنها لە کرداری تێپەڕەوە دروستدەکرێت نەک کرداری تێنەپەڕ، واتە باسکردن لە بکەردیاری و بکەرنادیاری « بەبێ ڕەچاوکردنی تێپەڕاندن و تێنەپەڕاندن بەڕێوەناچێ. وێڕای ئەوە ڕێژەی کارا بزر هەر لە کرداری تێپەڕەوە پەیدادەبێ و پاشگری (-ر)یش نیشانەی ڕێزمانییەتی.» (حاجی مارف, ٢٠١٤: ٣٢٥)، بەڵام پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، کە مەرج نییە هەموو کردارێکی تێپەڕ بتوانرێت بکرێت بە بکەرنادیار، واتە « گەیشتن بە ڕێگە و دەستوورێکی واکە هەموو جۆرە کارێک یان چاوگێک بێ ناوێزە بکات بە کاری بکەرنادیار کارێکی گران و مەحاڵە» (بەرزنجی,٢٠٠٨: ٩٥)، هەربۆیە سەبارەت بە مۆرفۆلۆژیای بکەرنادیار بەپێی ئەو توێژینەوانەی، کە لەم بارەیەوە کراون، هاوکات لەسەر بنەمای تێبینیی و وردبوونەوەی توێژەرانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دیاردەکە، دەتوانین چەند هەنگاوێک وەک خاڵی بنەڕەتیی و سەرەکیی پەیوەست بە مۆرفۆلۆژیای بکەرنادیارەوە بخەینەڕوو:

یەکەم: ناوی کرداریی (چاووگ)، وەک بنەمای سەرەکیی و هاوبەشی وەرگرتنی کرداری بکەردیار و بکەرنادیار، وەردەگرین و پاشگری /-ن/ی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لەکردارخستن و مۆرفێمی بەندی ڕێزمانیی تایبەت بە تاقی ڕابوردووی کردار: (/-ا، د، ت، وو، ی/)ی لێدەکەینەوە(٣) ، ئەوەی دەمێنێتەوە وەک (بناغە/ڕەگ)ی کردارەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین. واتە « کرمانجیی نێوەڕاست دەمکاتی کارانەزانراو لە چاوگەی کارەوە وەردەگرێ.» (نەبەز,١٩٧٦: ٥٦)، وەک نموونەکانی: (١، ٢، ٣، ٤، ٥)

١- کێڵان – ان > کێڵ

٢- کڕین – ین > کڕ

٣- فرۆشتن – تن > فرۆش

٤- ژماردن – دن > ژمار > ژمێر(٤)

٥- گروون – ن > گروو(٥)

دووەم: زیادکردنی نیشانەی نادیاریی (-ر) بۆ ڕەگی چاووگ. « بەرزنجی, ٢٠٠٨: ٩٥).

سێیەم: دانانی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی تاقی کردار (ڕابوردوو، ڕانەبوردوو)، لەسەر بنەمای تاقی کردارەکە، بۆ ڕابوردوو /-ا/ و بۆ ڕانەبوردوو /-ێ/.

چوارەم: بەپێی کەس و ژمارەی بەرکارەکە (جێگری بکەر)ەکە، ڕاناوێکی لکاوی ئەخرێتەسەر-فرمانەکە وەک تێنەپەڕ خۆی ئەنوێنێ. (ئەمین,٢٠٠٩: ١٧٣).

پێنجەم: ئەسپێکتەکانی تایبەت بە دەمکاتی کردارەوە لە شوێنی خۆیان دادەنرێنەوە. وەک: (دە)ی بەردەوامیی و ئەرێیی کردار، (وە)ی تەواویی، (بوو)ی دوور، /-ب/ی ئیلزامیی...هتد

کەواتە بۆ چێکردنی کردارێکی بکەرنادیار لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە چەند هەنگاوێک دەنرێت و لە ئەنجامدا فۆرمی کردارێکمان دەستدەکەوێت، کە لە فۆڕمی نادیاردایە، وەک نموونەکانی (٦، ٧)، کە یاساکانی (A ، B) لێ هەڵێنجراوە.

٦- فرۆشتن – تن > فرۆشرا، فرۆشراوە، دەفرۆشرا، فرۆشرابوو ..... ڕابوردووی هەواڵی

فرۆشرابا، فرۆشرابێت، بفرۆشرابا، فرۆشرابووبا .... ڕابوردووی دانانیی

٧- فرۆشتن – تن > دەفرۆشرێت ....... ڕانەبوردووی هەواڵی

بفرۆشرێت ........ ڕانەبوردووی دانانیی.

A یاسای کرداری ڕابوردووی بکەرنادیار:

[ ڕەگی ناوی ڕووداو (کردار) + م.نادیاریی+ م.تاف + ج.ل ڕێککەوتن ](٦)

B یاسای کرداری ڕانەبوردووی بکەرنادیار:

[ دە + ڕەگی ناوی ڕووداو (کردار) + م.نادیاریی + م.تاف + ج.ل ڕێککەوتن ]

## ٢-٢/١ نادیاریی لە ڕووی سینتاکسییەوە (گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ نادیار)

نادیاریی لەڕووی سینتاکسییەوە پەیوەستە بە هەڵگرتنی چەند هەنگاوێک لە ئاستی ڕووکەشی ڕستەدا بۆ دروستکردنی ڕستەیەکی بکەرنادیار، واتە ڕستەی بکەرنادیار بەرهەمی ئاستی ڕووکەشی ڕستەیە و لە ئەنجامی جێبەجێکردنی چەند هەنگاوێکی سینتاکسییەوە ڕستەی بکەرنادیار چێدەکرێت، هەرچەندە سەبارەت بە ژێدەری ڕستەی بکەرنادیار بۆچوونی جیاواز هەیە، چونکە هەندێک لە زمانەوانان و توێژەرانی زمانی کوردیی ڕستەی بکەرنادیار بە ڕستەی بکەردیارەوە دەبەستنەوە، بەڵام هەندێکی تریشیان پێیانوایە ڕستەی بکەرنادیار بۆ خۆی بەرهەمی پرۆژەیەکی فەرهەنگییە و لە ڕستەی بکەردیارەوە نەهاتووە، هەر لەم بارەیەوە (ئەمین,٢٠٠٩: ١٧٢-١٧٣) لە باسی (ڕستەی بکەرنادیار)دا، باسی ئەو هەنگاوانە دەکات، کە چۆن ڕستەیەکی بکەردیار دەگۆڕرێت، بە ڕستەیەکی بکەرنادیار، هەروەها (قادر)یش لە

نامەی دکتۆراکەیدا و لەژێر سەرناوی (لاوازکردنی توانای کار)دا ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە ڕستەی بکەردیار دەگۆڕێت بۆ ڕستەی بکەرنادیار و دەڵێت: « لابردنی تەواوکەری دەرەکی کار و پڕکردنەوەی شوێنەکەی بە بەرکار، کە بە گۆڕینی بکەردیار بۆ نادیار ناسراوە.» (٢٠٠٣: ٨٠). پێچەوانەی ئەم بۆچوونانە (مەحوی) پشت بە (چۆمسکی ١٩٦٥) دەڵێت: « بکەردیار و بکەرنادیار لە دوو دروستەی قووڵەوە (ژێرەوە) وەردەگیردرێن. بەم جۆرە، ئەو ڕستانە لەیەکجیادەبنەوە و پەیوەندیی سینتاکسیی لەنێوانیاندا نامێنێت. هەروەها لە درێژەی بەڵگەکانیدا دەنووسێت ((لە گەلێک حاڵەتیشدا ڕستەکانی بکەردیار و بکەرنادیار لە واتایشدا جیاوازن، نەک هەر لە دروستەی قوڵی جیاوازیشەوە بەرهەمدەهێنرێن.)) (٢٠٢٠: ١٢٢).

ئەوەی بۆچوونی ئێمەیە پەیوەست بە چێکردنی ڕستەی بکەرنادیار لە زمانی کوردییدا، ئەوەیە کە ڕستەی بکەرنادیار بەرهەمی ئاستی ڕووکەشی ڕستەیە و لەم جۆرە ڕستانەدا خاڵی گرنگ و بنەڕەتیی نەبوونی ئاشکرای بکەری ڕستەیە لە ڕستەکەدا، یاخود نەبوونی بکەرە لە شوێنی بنەڕەتیی خۆی (بکەر) لە ڕستەدا، ئەمە جگەلەوەی کە ئەو کەرەستەیەی لە دروستەی ئەم جۆرە ڕستانەدا چاڵی بکەر (بکەری ڕێزمانیی – جێگری بکەر) پڕدەکاتەوە لە ڕووی لۆژیکییەوە بەرکاری ڕستەیە، بەڵام لەڕووی ڕێزمانییەوە چاڵی بکەری پڕکردووەتەوە و وەک ڕستەی کردار تێنەپەڕەکان (جێگری بکەر و کردار)ەکە، لە کەس و ژمارەدا ڕێککەوتوون، واتە « کرداری کارا بزر لە گەردان کردنندا وەک کرداری تێنەپەڕی کارادیار جێناوی لکاو وەردەگرێ.» (حاجی مارف،٢٠١٤: ٣٣٤)، هەربۆیە پێمانوایە ڕستەی بکەرنادیار ئەگەر لە ڕستەی بکەردیاریشەوە وەرنەگیرابێت، ئەوا بەرهەمی پرۆژەی فەرهەنگیی نییە، بەڵکو بەرهەمی سینتاکسیی و ئاستی ڕووکەشی ڕستەیە و ئاخێوەر لە سینتاکسدا و بە جێبەجێکردنی چەند هەنگاوێک ئەم جۆرە ڕستانە دروستدەکات، گرنگترین ئەو هەنگاوانەش بریتیین لە:

١- نەبوونی بکەری لۆژیکیی ڕستە، لە ڕستە نادیارەکەدا، یاخود نەبوونی لە شوێنی بنەڕەتیی خۆی (شوێنی سەرەتا – چاڵی بکەر).

٢- پڕکردنەوەی چاڵی بکەر لەلایەن بەرکارێکی لۆژیکییەوە، کە وەک بکەرێکی ڕێزمانیی – جێگری بکەر گۆدەکات و لەگەڵ کرداری ڕستەکەدا لە کەس و ژمارەدا ڕێکدەکەوێت و لەم ڕووەشەوە وەک کردارێکی تێنەپەڕ مامەڵەدەکات.

٣- فۆرمی کردار، وەک لە بابەتی نادیاریی لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە خستمانەڕوو، بەهۆی مۆرفێمی ڕێزمانیی /-ر/ەوە، بە جێبەجێکردنی چەند هەنگاوێک لە ناوی ڕووداوەوە وەردەگیرێت.

٤- بۆ دەربڕینی دەمکاتە جیاوازەکانی کردار لە ڕابوردوودا، چ هەواڵیی بێت یا دانانیی، مۆرفیمەکانی تایبەت بە دەمکات لە شوێنی بنەڕەتیی خۆیان بەکاردەهێنین.

٥- بۆ پیشاندانی لایەنە نادیارەکانی ڕوودانی کردار، لەڕووی (کات، شوێن، چۆنییەتی، ...هتد)، دەتوانرێت هەروەک ڕستە بکەردیارەکان، سوود لە ئاوەڵکردارەکان وەربگیرێت و لە ڕستەی بکەرنادیاریشدا بەکاربهێنرێت.

وەک ڕستەکانی (٨، ٩):

٨- دوێنێ، نامەکە نێرراوە.

٩- سبەی، نامەکە دەنێررێت.

واتە ئێمە پێمانوایە هەروەک چۆن ڕستەی کردار تێنەپەڕ لەڕووی سینتاکسییەوە، پەیوەست نییە بە ڕستەیەکی ترەوە و خۆی دروستەیەکی سەربەخۆی هەیە، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایەش دەتوانین بڵێین ڕستەی بکەرنادیار بۆ خۆی دروستەیەکی سەربەخۆیە و ژێدەرەکەی ڕستەیەکی بکەردیار نییە، بەڵکو ژێدەرەکەی دروستەیەکی سینتاکسیی ئاستی ڕووکەشی ڕستەیە و بەشێوەیەکی گشتی ئاخێوەر لە سینتاکسدا چێیدەکات، لەم ڕووەوە کرداری بکەرنادیار بەرهەمی مۆرفیمی ڕێزمانیی /-ر/ی نادیارییە و ئەم مۆرفیمە کردارەکە لە تێپەڕەوە دەکات بە تێنەپەڕ، هاوکات بە بەراورد بەو ڕستانەی، کە کردارەکەیان (کرداری تێنەپەڕی ڕوودان)ن، کرداری ڕستەی بکەرنادیاریش هەمان مامەڵەدەکات، بۆیە ئەگەر ڕستەیەکی وەک (١٠)، ڕستەیەکی سەربەخۆ بێت و لە ڕستەیەکی ترەوە وەرنەگیرابێت، ئەوا ڕستەی (١١)ش هەمان تایبەتمەندیی هەیە و ڕستەیەکی سەربەخۆیە و لە ڕستەی ترەوە وەرنەگیراوە.

١٠- کەپرەکە رووخا.

کەپرەکە > بکەری ڕێزمانیی و بەرکاری لۆژیکیی.

١١- نامەکە گەیەنرا.

نامەکە > بکەری ڕێزمانیی و بەرکاری لۆژیکیی.

دەکرێت بڵێین جیاوازی بنەڕەتیی ڕستەی (١٠، ١١) لە ژێدەری دروستبوونی ڕستەکاندایە، کردار کە سەری ڕستەیە و ئارگۆمێنت داواکەرە، لە ڕستەی (١٠)دا، لە ئاستی قووڵدایە و پرۆژەیەکی فەرهەنگییە، واتە لە ئاستی قووڵدا چێکراوە، بەڵام ڕستەی (١١)، بەرهەمی ئاستی رووکەشە و ئاخێوەر لە قسەکردن – سینتاکس)دا دروستیکردووە.

## ٣/١ پاری سێیەم: دیاردەی نادیاریی لە زاری کرمانجیی ژووروودا:

یەکێک لەو تایبەتییە ڕێزمانییانەی، کە جێگەی سەرنج و باسی زمانەوان و توێژەرانی زمانی کوردیی بووە، لەنێوان هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکەی زمانی کوردیی (ک.ن، ک.ژ)دا، بریتییە لە دیاردەی نادیاریی لەم دوو زارەدا، هەروەک چۆن هەردوو زارەکە لە دیاریکردنی کاتی (ئێستا و داهاتوو)دا، ڕێچکەی خۆیان هەیە، کە زاری کرمانجیی ناوەڕاست پشت بە ڕێگەی سینتاکسیی لە ڕێگەی ئاوەڵکردارەکانی کاتەوە دەبەستێت، بۆ جیاکردنەوەی (ئێستا و داهاتوو) لەیەکتر، لە بەرامبەریشدا زاری کرمانجی ژووروو ڕێچکەیەکی مۆرفۆلۆژیی دەگرێتەبەر و لە ڕێگەی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی (د، دێ)وە، کاتەکانی (ئێستا و داهاتوو) لەیەکترجیادەکاتەوە، بە هەمان شێوە بۆ بابەتی بکەرنادیارییش ئەم دوو دیالێکتەی زمانی کوردیی شێوازی کارکردنی خۆیان هەیە، ئێمە پێشتر پەیوەست بە بکەرنادیاری کرمانجیی ناوەڕاستەوە ئەوەمان خستەڕوو، کە لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندی ڕێزمانیی /-ر/ی نادیارییەوە، کرداری بکەرنادیار چێدەکەین، کە ئەم ڕێگەیەش، ڕێگەیەکی مۆرفۆلۆژییە، بەڵام لە کرمانجی ژووروودا بە پێچەوانەوە « حاڵەتی کارابزریی کردار بەهۆی کرداری تێنەپەڕی یاریدەدەری (هاتن)ەوە دەردەبڕدرێ، کە هەمیشە دەکەوێتە پێش کردارە سەرەکییە تێپەڕەکەوە.» (حاجی مارف, ٢٠١٤: ٣٤٧)، کە بە پێچەوانەی کرمانجیی ناوەڕاستەوە ئەم ڕێگەیە، ڕێگەیەکی سینتاکسییە. هەر لە بارەی کرداری بکەرنادیارەوە لە کرمانجیی ژووروودا، (ڕەشیدێ کورد)، کە زاراوەی (پیشکێن نەدیدار)ی بۆ بەکارهێناوە دەڵێت: « ئەو کردارانەن، کە بکەرەکانیان نادیارە، وەک هات کرین، هات خستن. کرداری بکەرنادیار بە هاوکاری کرداری (هاتن) سازدەبێت، لەبەر ئەمە بە کرداری (هاتن) دەگوترێ (کرداری بکەرنادیار دروستکەر – نەدیدارکار) » (٢٠٠٨: ٨٣).

## ١-٣/١ نادیاریی لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە:

کاری بکەرنادیار لە زاری کرمانجی ژووروودا بەهۆی گەردانکردنی چاوگی (هاتن)ەوە بۆ دەمەکانی ڕابوردوو و ڕانەبوردوو بەپێی کەس و ژمارەی بەرکار و بەکارهێنانی وەک کارێکی یاریدەدەر لە پێش چاوگی ئەو کارەی دەمانەوێ وەک کارێکی بکەرنادیار دایبڕێژین دروست دەکرێ.» (بەرزنجی,٢٠٠٨: ١٥٩)، واتە لە کرمانجی دا هەموو شێوە دارشتنێکی دەمکاتی نادیار بە یارمەتی کاری (هاتن)ەوە دادەڕێژرێت، لەگەڵ چاوگەی کارەکە، کە بەبێ یارمەتی دەکەوێتە دوای کاری هاتنەوە و نیشانەی دۆخی تیانی ڕەسەنی ێ (-ێ) بە چاوگەکەوە دەلکێت. (کوردۆییف,١٩٨٢: ٢٤٧).

کەواتە ئەگەر لە کرمانجیی ناوەڕاستدا لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە (ڕەگی کردار) و مۆرفێمی نادیاریی /-ر/ بناغەی چێکردنی کاری بکەرنادیار بێت، بۆ هەردوو تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردوو، کە ئەم ڕێگەیەیان ڕێگەیەکی مۆرفۆلۆژییە، ئەوا لە کرمانجیی ژووروودا کرداری یاریدەدەری (هاتن)، بەپێی تافەکانی ڕابوردوو و ڕانەبوردوو بناغەی دروستکردنی کرداری بکەرنادیارە، واتە لەم زارەدا تا ڕادەیەک بۆ هەردوو تافی ڕانەبوردوو و ڕابوردوو، قاڵبێکی ئامادە لە شێوەی هاوکێشەیەکدا بۆ هەردوو تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردوو (ئێستا و داهاتوو)، لەبەردەستدایە و دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، کە لە یاسا/هاوکێشەی (A و B) شێوازبەند کراوە، واتە ئەم ڕێگەیەیان بە پێچەوانەی کرمانجیی ناوەڕاستەوە ڕێگەیەکی

سینتاکسییە، هەر لەمبارەیەوە (حاجی مارف) دەڵێت: « ئەم جۆرە دەربڕینەی کارا بزری لە زماناسیدا بە ڕێگەی ڕستەسازی ناسراوە.» (٢٠١٤: ٣٤٨).

یاسای (A) بۆ کرداری ڕابوردوو:

قەدی کردار (هات) + ج.ل بکەری + ە + ناوی ڕووداو (چاووگ)

یاسای (B) بۆ کرداری ڕانەبوردوو (ئێستا و داهاتوو):

أ- بۆ ئێستا: د + ڕەگی کردار (هێ) + ج.ل.بکەری + ە + ناوی ڕووداو (چاووگ)

ب- بۆ داهاتوو: دێ + ڕەگی کردار (هێ) + ج.ل.بکەری + ە + ناوی ڕووداو (چاووگ)

پ- بۆ ئیلزامیی: (ب + ڕەگی کردار (هێ) + ج.ل.بکەری + ە + ناوی ڕووداو (چاووگ)

## ٢-٣/١ نادیاریی لە ڕووی سینتاکسییەوە (گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ نادیار)

لە ڕووی ڕستەسازییەوە چێکردنی ڕستەیەکی بکەرنادیار پێویستیی بە هەڵگرتنی چەند هەنگاوێک هەیە، واتە ئێمە وەک لە پاری دووەمدا خستمانەڕوو، کە مەرج نییە پشتیوانی ئەو بۆچوونە بکەین، کە پێی وایە ڕستەی بکەرنادیار ژێدەرەکەی ڕستەی بکەردیار بێت و لەوەوە وەرگیرابێت، ئەمە جگەلەوەی، کە مەرجیش نییە هەموو ڕستەیەکی نادیار بتوانرێت بگێڕدرێتەوە بۆ ڕستەیەکی دیار هەروەک لە ڕستەکانی (١٢، ١٣)ی خوارەوەدا، کە واتای ڕستەکە پەیوەندی بە توانینەوە هەیە نەک ئەوەی ژێدەرێکی بکەردیاری هەبێت:

١٢- ئەم کارە بە من ناکرێ.

١٣- ئەستێرە بە ڕۆژ نابینرێ.

هەربۆیە بۆئەوەی لە مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەمان دوورنەکەوینەوە و نەکەوینە ناو ئەو بۆچوونە جیاوازانەوە(٧)، گرنگترین ئەو هەنگاوانەی، کە بۆ دروستکردنی ڕستەیەکی بکەرنادیار لە کرمانجیی ژووروودا پێویستە بگیرێتەبەر لە چەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو:

١- بکەری ڕێزمانیی/بەرکاری لۆژیکیی، لە دۆخی ڕاستەوخۆدا بەکاردەهێنین، واتە ئەگەر بکەر بە جێناوی جودای کەسیی دەربڕابوو، ئەوا دەبێت لە دەستەی (ئەز، توو، ئەو – ئەم ، هوون، ئەو) بێت، یاخود ئەگەر دەستە جێناوی نیشانە، یا ناوی تایبەتیمان بەکارهێنا، ئەوا پێویستە (-م.دۆخی ڕێزمانیی) بێت، وەک نموونەکانی: ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤ی خوارەوە.

٢- بکەر لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ کرداری یاریدەدەری (هاتن) ڕێکدەکەوێت و بە پێی کەس و ژمارەی خۆی جێناوێکی لکاوی بکەری دەبەخشێتە کردارە یاریدەدەرەکە.

٣- کرداری یاریدەدەری (هاتن) بەپێی تاقی ڕابوردوو و ڕانەبوردوو (ئێستا و داهاتوو) گەردانەکرێت، هەروەک چۆن لە باسی ( نادیاری لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە لە کرمانجیی ژووروو)دا خستمانەڕوو.

٤- نیشانەی (ە) دادەنرێت و پاشان کردارە سەرەکییەکە، کە هەڵگری واتای بنەڕەتیی ڕووداوی ڕستەکەیە لە فۆڕمی (ناوی ڕووداو – چاووگ) دا گۆدەکرێت، کە هەندێک جار مۆرفیمی ڕەگەزی تاکی مێ /-ێ)ی پێوە دەلکێت، یاخود جاری وایە ئەم مۆرفیمە گۆناکرێت، هەر لەم بارەیەوە (حاجی مارف) دەڵێت: لە زۆربەی بەشە دیالێکتەکاندا هیچ نیشانەیەکی پێوەنالکێت، بەڵام لە چەند بەشە دیالێکتێکدا نیشانەی دۆخی تیان (ێ)ی پێوە دەلکێ، ئەمە جگەلەوەی کە هەندێجار لە جیاتی (ێ) (ە) بەکاردەهێنرێت (حاجی مارف، ٢٠١٤: ٣٤٨)، وەک:

أ- هاتن گرتن.

ب- هاتن گرتنێ.

پ- هاتن گرتنە.

سەبارەت بە نیشانەی ڤاوڵی کورتی (ە)ی سەر کردارە یاریدەدەرەکە، (گوهەرزی) دەڵێت: « لە کۆتایی کارەوە دروستە بزوێنی (ە) بێت،


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

یاخود نەیات.» (١٩٩٩: ١٤٧).

٥- نیشانە ڕێزمانییەکانی دەمکاتی ڕابوردووی کردار، لەوانە (د) بەردەوامیی، (یە)ی تەواویی، (بوو)ی دوور، لە ڕووکاری هەواڵییدا، یاخود نیشانەکانی کرداری ڕابوردووی دانانی: (با – ڕا.سادە)، (بت – ڕا.تەواو)، (ب..با – ڕا.بەردوام)، (بووبا – ڕا. دوور) بەپێی دەمکاتی کردارەکە بەکاردەهێنرێت.

٦- بۆ دەربڕینی لایەنە نادیارەکانی کاتی کردار لە ڕووی (کات، شوێن، چۆنییەتی، ...هتد) دەتوانرێت ئاوەڵکردارەکانی گۆکەری ئەو لایەنە جیاوازانە بەکاربهێنرێت.

٧- لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا بە یاریدەی هەندێ دەستەواژە یان ئامراز دەکرێ پەنجە بۆ کارا ڕابکێشرێ. ب (بە، وە) دەستێ؛ ب (بە، وە) کۆمەکیا... کەرەستەی ئەم ڕێگە وەسفی ڕستەسازییەن. بە وێنە:

ڤان دارانا گشک ب دەستێ شاگرتا هاتنە چەقاندنێ. (حاجی مارف، ٢٠١٤: ٣٥١).

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم هەنگاوانە بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

یەکەم/ ئەگەر بکەری ڕێزمانیی – جێگری بکەر، جێناوی کەسیی جوودا بوو، دەبێت لە دۆخی ڕاستەوخۆدا بێت:

١٤- ئەز هاتیمە دیتن.

١٥- ئەز دهێمە دیتن.

١٦- ئەز دێ هێمە دیتن.

دووەم/ ئەگەر بکەری ڕێزمانیی (جێگری بکەر) جێناوی نیشانە بوو، ئەوا پێویستە (-م.دۆخ) بێت، وەک:

١٧- ئەڤ کوڕ هاتیە دیتن.

١٨- ئەڤ کوڕ دهێتە دیتن.

١٩- ئەڤ کوڕ دێ هێتە دیتن.

سێیەم/ ئەگەر بکەری ڕێزمانیی – جێگری بکەر، ناو بوو، ئەوا پێویستە ئەو ناوە (-م.دۆخ)ی ڕێزمانیی بێت، وەک:

٢٠- ئەڤین/ئازاد هاتیە دیتن.

٢١- ئەڤین/ئازاد دهێتە دیتن.

٢٢- ئەڤین/ ئازاد دێ هێتە دیتن.

چوارەم/ ئەگەر کردارەکە ئلیزامیی بێت، وەک:

٢٣- ڕەنگە ئەز هاتبمە دیتن.

٢٤- ڕەنگە ئەز بهێمە دیتن.

## ٤/١ پاری چوارهەم: دیاردەی نادیاریی لە زاری هەورامییدا:

١-٤/١ نادیاریی لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە (دروستەی ناوەوەی کرداری بکەرنادیار)

لە هەورامییشدا وەک ناوەڕاست و خواروو، لەڕێی مۆرفێمی سینتاکسییەوە نادیاریی بەرجەستەدەبێت، واتە وەکو کرمانجی ژووروو نییە، کە بۆ نادیاریی قاڵبی ئامادەی هەبێت، مۆرفێمی نادیاریی لەم زارەدا بریتییە لە / ی /، کە دەچێتە سەر ڕەگی کردار، بەم شێوەیە لە تاف و دروستە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت:

٤/١_١_١) ڕابوردوو(٨):

٤/١_١_١_١) ڕابوردووی نزیک: (ڕەگ + م.نادیاریی+ م.تافی ڕابوردوو+ کل)

٢٥_ / نۆیستەی_ نوسین/ نۆیس+ ی+ ا + نی / نۆیسیانی _ نوسرام/ Nṿisyanị

٤/١_١_١_٢) ڕابوردووی بەردەوام (دڵنیایی): (ڕەگ + م.نادیاریی + نیشانەی ڕابوردووی بەردەوام + کل )

٢٦ _ نۆیس + ي + ڕ + نی / نۆیسیڕنی _ دەنوسرام / Nẏisiịnị

٤/١_١_١_٣) ڕابوردووی تەواو (دڵنیایی): (ڕەگ + م.نادیاریی + م. تاقی ڕابوردوو + ناوبەند (ن) + کل)

٢٧_ نۆیس + ي + ا + ن + ا / نۆیسیانا _ نوسراوم / nẏisyana

٤/١_١_١_٤) ڕابوردووی دوور (دڵنیایی): (ڕەگ + م.نادیاریی+ م.تاقی ڕابوردوو + نیشانەی ڕابوردووی دوور + کل)

٢٨_ نۆیس+ ي + ا + بڕ + نی / نۆیسیابڕنی_ نوسرابووم/ Nẏisyabịnị

٤/١_١_١_٥) ڕانەبوردوو: (مۆرفێمی تاقی ڕانەبوردوو + ڕەگ + م. نادیاریی + ە + کل) (٩)

٢٩_ م + نۆیس+ ی + ە + و / Mnẏisyew

## ٢-٤/١ نادیاریی لە ڕووی سینتاکسییەوە (گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ نادیار)

گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ بکەرنادیار لە هەورامیدا، لە ڕووی دروستەوە بە هەمان پرۆسە سینتاکسییەکانی کرمانجی ناوەڕاست دەکرێت، لەگەڵ هەبوونی جیاوازیی بچووک، واتا ئەوەی، کە پێیدەگوترێت بکەر لادەبرێت (بە کەسە لکاوەکانیشیەوە/ڕێکەوتن)، بەرکارەکە دەخرێتە جێکەوتەی بکەر، باری کردارەکەیش لە دیارەوە دەگۆڕدرێت بۆ نادیار، لە مۆرفۆسینتاکسیشدا (ڕستە بە مۆڕفێمی لکاوەوە)، دیسان وەک کرمانجی ناوەڕاست، هەر بە مۆرفۆسینتاکسیی دەمێنێتەوە، لەگەڵ لابردنی کەسی لکاوی بکەر و هێنانەناوەوەی مۆرفێمی نادیاریی، وەک لە خوارەوەدا ڕوندەکرێتەوە:

٤/١_٢_١) ڕابوردوو:

٣٠_ا) (من) نامەکیم نۆیستە. / Namekịm nẏiste (من) نامەکەم نوسی.

٣٠_ب) نامەکێ نۆیسیا. Namekị nẏisya / نامەکە نوسرا.

(مۆرفۆسینتاکس):

٣١_ا) نۆیستاش Nẏistaŝ / نوسیمی

٣١_ ب) نۆیسیانی Nẏisyanị / نوسرام

٤/١_٢_٢) ڕانەبوردوو:

٣٢_ا) (من) نامەکێ منۆیسوو. Mn namekị mnẏisẅ / (من) نامەکە دەنوسم.

٣٢_ ب) نامەکێ منۆیسیۆ Namekị mnẏisyü / نامەکە دەنوسرێت.

مۆرفۆسینتاکس:


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٣٣_ ا) منۆیسۆم Mnẏisüm / دەمنوسێت

٣٣_ ب) منۆیسیەو Mnẏisyew / دەنوسرێم.

## ٥/١ پاری پێنجهەم: خاڵە جیاواز و لێکچووەکانی دیاردەی نادیاری

لەم پارەدا، کە ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکەمانە، هەوڵدەدەین گرنگترین ئەو لایەنە جیاواز و لێکچووانەی، کە لە ئەنجامی خستنەڕووی دیاردەی نادیاریی لە پارەکانی (٢، ٣، ٤)دا، خستمانەڕوو بە شێوەی خاڵ تۆماربکەین، تا بتوانین ئامانج و مەبەستی توێژینەوەکەمان پێشچاوبخەین، لەو ڕێگەیەشەوە بتوانرێت پەیوەندیی و جیاوازییەکانی ئەم دیاردەیە، لەنێوان زارەکانی ژێر ئەم توێژینەوەیەدا پیشانبدرێت.

١-٥/١ گرنگترین خاڵە جیاوازەکان:

١- لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە زاری کرمانجیی ناوەڕاست و هەورامیی پەیڕەویی لە یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی دەکەن بۆ چێکردنی کرداری بکەرنادیار، واتە لەم دوو زارەدا مۆرفێمی بەندی ڕێزمانیی دروستکەریی فۆڕمی کرداریی بکەرنادیارە، کە لە کرمانجیی ناوەڕاستدا مۆرفێمی /-ر/ی نادیاری و لە هەورامییدا مۆرفێمی /-ی/یە، کە ئەمەش پێچەوانەی زاری کرمانجیی ژووروووە، چونکە لەم دیالێکتەدا، ڕێگەیەکی سینتاکسیی بەکاردەهێنرێت بۆ چێکردنی کرداری بکەرنادیار، واتە بە یارمەتی کرداری یاریدەدەری (هاتن) و قاڵبێکی ئامادەکراو کرداری بکەرنادیار دروستدەکرێت.

٢- لە کرمانجیی ناوەڕاست و هەورامییدا، (ناوی ڕووداو/چاووگ) پاش لێکردنەوەی مۆرفێمی /-ن/ی لە کردارخستن و مۆرفێمی تافی ڕێزمانیی کاتی ڕابوردوو، دەبێتە بناغەی دروستکردنی کرداری بکەرنادیار، کە ئەمە لە کرمانجیی ژووروودا بە پێچەوانەوە کردارە سەرەکییەکە لە فۆڕمی ناوی ڕووداودا گۆڕدەکرێت و کرداری یاریدەدەری (هاتن) بە پێی تاف و کەسە جیاوازەکان گەردانەکرێت و دەشکێنرێتەوە.

٣- لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا مۆرفێمی بەندی ڕێزمانیی /-ر/ چێکەری کرداری بکەرنادیارە و تەنها مۆرفێمی تاقانە و چالاکیی ئەم دیاردەیەیە، لە بەرامبەردا لە زاری هەورامییدا مۆرفێمی بەندی ڕێزمانیی /-ی/ دروستکەری کرداری بکەرنادیارە و تەنها مۆرفێمی ئەم بوارەیە لە هەورامییدا، بە پێچەوانەی هەردوو زارەکەوە کە مۆرفێمی ڕێزمانیی ئەو ڕۆڵە دەبینێت، لە کرمانجیی ژووروودا کرداری یاریدەدەری (هاتن) ئەرکی دروستکردنی کرداری بکەرنادیار دەگرێتەئەستۆ.

٤- زاری کرمانجیی ژووروو، جیاواز لە زاری کرمانجیی ناوەڕاست، لەبەرئەوەی زارێکی دۆخدارە، ئەگەر جێگری بکەر لە دەستەی (من – مە)، یاخود (+م.دۆخ) بوو، ئەوا پێویستە بیگۆڕێت بە جێناوێکی سەربەخۆی بەرامبەری لە دەستەی (ئەز – ئەم)، هاوکات ناوەکەش مۆرفێمە دۆخە ڕێزمانییەکانی (ی) بۆ تاکی نێر و (ێ) بۆ تاکی مێ و (ان)ی کۆی لێبکاتەوە.(١٠)

## ٢-٥/١ گرنگترین خاڵە لێکچووەکان:

١- لە ڕووی سینتاکسییەوە زۆربەی هەنگاوەکانی دروستکردنی ڕستەیەکی بکەرنادیار لە هەرسێ زارەکەدا وەک یەکن، لەوانەش:

أ- لە پڕکردنەوەی چاڵی بەرکاری لۆژیکیی بە بکەری ڕێزمانیی/جێگری بکەر، هەرسێ زارەکە هەمان هەنگاودەنێن.

ب- لە هەرسێ زارەکەدا جێگری بکەر لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ کرداری بکەرنادیاردا ڕێکدەکەوێت و جێناوێکی لکاو بە کردارەکە دەبەخشێت.

پ- لە هەرسێ زارەکەدا مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی تایبەت بە دەمکاتی کرداری ڕابوردوو، لە شوێنی خۆیان وەک کرداری بکەردیار لەگەڵ کرداری بکەرنادیاریشدا بەکاردەهێنرێن.

٢- لە هەرسێ زارەکەدا فرێزە ئاوەڵکرداریی و پێشناوییەکان، کە بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە نادیارەکانی کرداری ڕستەن و لە چوارچێوەی فرێزی کرداریدا دێن، وەک ڕستە بکەردیارەکان بەکاردەهێنرێن.

٣- لە هەرسێ زارەکەدا لە چاووگ/کرداری تێپەڕەوە کرداری بکەرنادیار وەردەگیرێت.

٤- بکەری لۆژیکیی ڕستە، لە هەرسێ زارەکەدا، دەتوانرێت لە شوێنی نا بنەڕەتیی خۆی، لە ڕستەی بکەرنادیاردا دەربکەوێت و بێت.

## پەراوێزەکان:

١- هەرچەندە لەم بارەیەوە، لە زمانی کوردییدا دوو بۆچوونی جیاواز هەیە، کە یەکەمیان پێی وایە کرداری بکەرنادیار لە کرداری بکەردیارەوە وەردەگرین و دووەمیشیان پێی وایە کرداری بکەرنادیار بۆ خۆی دروستەیەکی سەربەخۆیە و بکەرنادیاریش وەک بکەردیار دانەیەکی فەرهەنگییە و لە فەرهەنگدایە و لە یەکترەوە وەرناگیرێن، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کاری ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی لایەنە جیاواز و لێکچووەکانی نێوان ئەو سێ زارە سەرەکییەیە، کە خستوومانەتەڕوو، بۆیە بە پێویستی نازانین لەم بارەیەوە بدوێین، خوێنەر بۆ وەرگرتنی زانیاریی دەربارەی ئەو بۆچوونە جیاوازانە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەم سەرچاوانە: ١- (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی:٢٠٠٨)، ٢- (وریا عومەر ئەمین:٢٠٠٩)، ٣- (ئەورەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤)، ٤- (محەمەدی مەحوی ٢٠٠١ و ٢٠٢٠)، ٥- (کاروان عومەر قادر:٢٠٠٨)، ٦- (شیلان عومەر حسەین:٢٠١٢).

٢- فەرەیدون عەبدول بەرزنجی لە (نادیاری)دا بە وردیی باسی (سێ) ڕێگای کردووە، کە بەهۆی جێبەجێکردنی چەند یاسایەکەوە کرداری بکەرنادیار دروستدەکریت، هەروەها ئەو ڕایە جیاوازانەشی خستووەتەڕوو، کە هی نوسەران و توێژەرانی ترن سەبارەت بەم بابەتە لە زمانی کوردیدا دوواون، بۆیە بڕوانە ئەم سەرچاوەیە: (٢٠٠٨: ٩٥ – ١٠٨) و ئەو سەرچاوانەی نووسەر بەکاریهێناون.

٣- هەرچەندە لە ئەنجامی هەڵگرتنی ئەم هەنگاوەشەوە دەستوورێکی گشتیی و ڕێکوپێکی بێ ناوێزەمان دەستناکەوێت، بەڵکو هێشتا کۆمەڵێک نموونەمان دەمێنێتەوە، کە ناچنە ژێر ئەم هەنگاوەوە، بەهۆی هەندێک هۆکاری فۆنۆلۆژییەوە لە نموونەی (گۆڕانی دەنگ و تیاچوونی دەنگ و توانەوەی دەنگ و زیادکردنی دەنگ و ....هتد) بەڵام لەبەرئەوەی کاری توێژینەوەکەی ئێمە ئەم بوارە نییە، بۆیە بە پێویستمان نەزانیوە بە قووڵی بچینە ناو ئەم بابەتەوە، خوێنەر دەتوانێت بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانێتە: ١- (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی:٢٠٠٨) و ٢- (وریا عومەر ئەمین:٢٠٠٩) و ٣- (ئەورەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤) و ٤- (محەمەدی مەحوی:٢٠٢٠).

٤- بە ڕەچاوکردنی گۆڕینی دەنگی [ا بۆ ێ].

٥- تەنها پاشگری /-ن/ی لەکردارخستنی لێدەکەینەوە.

٦- لەگەڵ ڕەچاوکردنی دانانەوەی ئەسپێکتەکانی دەمکاتی کردار و مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی نەرێکردن و ئیلزامیی و ...هتد، هاوکات ڕەچاوکردنی ئەو نموونانەی، کە تەنها پێویستیان بە (قەد) هەیە، یاخود ئەو نموونانەی، کە بەهۆی هەندێ یاسای فۆنۆلۆژییەوە دەنگ دەگۆڕێت، دەتوێتەوە، یا دەنگ زیاد و کەم دەکات و ناچنە ژێر ئەو یاسا گشتییەی (A)یەوە.

٧- خوێنەر دەتوانێت بۆ وەرگرتنی زانیاریی دەربارەی بۆچوونە جیاوازەکان و بەڵگەکانیان بگەڕێتەوە بۆ ئەم سەرچاوانە: أ- (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠٠٨، نادیاری)، ب- (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٩، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی)، پ- (محەمەدی مەحوی: ٢٠٢٠، باری بکەرنادیار).

٨- نمونەکان لە سەر / نۆیستەی _ نوسین/ دەخرێنەڕوو.

٩ - مهاباد کامیل (٢٠١٠: ٨٧) وەهای داناوە، کە مۆرفێمی کات (تاف)ە، بەڵام لە دروستەی یەک کرداردا دوو مۆرفێمی تاف پێکەوە نایەن، لە ئەگەری بەرجەستەبوونی ئەو حاڵەتەیشدا، مۆرفێمی تافی سەرەکیی دەبێتە تاف، ئەوی تریان دەبێتە نیشانەی تاف و ڕوکارە. (بڕوانە: ئاریان سدیق: ٢٠٢٠).

١٠- بۆ دارشتنەوەی ئەم خاڵە سوود لە وانەکانی (زارناسیی: ٢٠١٦: کۆرسی دکتۆرای زمان بەشی زمانی کوردیی زانکۆی سلێمانی) (د.فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) وەرگیراوە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ئەنجام:

١- هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکەی زمانی کوردیی (ک.ن، ک.ژ) لە دروستکردنی کرداری بکەرنادیاردا لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە پەیڕەویی لە دوو یاسای جیاوازدەکەن، کە یەکەمیان پەیڕەویی لە یاسای مۆرفۆلۆژیی و دووەمیان لە یاسای سینتاکسیی دەکات.

٢- زاری کرمانجیی ناوەڕاست و هەورامیی پەیڕەویی لە یەک یاسادەکەن بۆ چێکردنی کرداری بکەرنادیار، کە ڕەگی کردار و مۆرفێمی نادیاریی و مۆرفێمی تاف و کەس مۆرفێمە بنەڕەتییەکانی کرداری بکەرنادیارن لەم دوو زارەدا، لە کاتێکدا ئەمە لە کرمانجیی ژووروودا پێچەوانەیە.

٣- لە ڕووی سینتاکسییەوە بۆ دروستکردنی ڕستەیەکی بکەرنادیار هەرسێ زاری ژێر توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتیی پەیڕەوی لە هەمان هەنگاوەکانی دروستکردنی ڕستەی بکەرنادیار دەکەن.

٤- جیاوازیی سەرەکیی نێوان هەر سێ زاری ژێر توێژینەوەکە لە لایەنی مۆرفۆلۆژییاندایە نەک لایەنی سینتاکسیی.

## سەرچاوەکان:

### ا- کتێب:

١- ئەمین، وریا عومەر: (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس – هەولێر.

٢- بەرزنجی، فەرەیدون عەبدول: (٢٠٠٨)، نادیاری، چاپخانەی ڕۆمان – سلێمانی.

٣- حاجی مارف، ئەورەحمان: (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم وشەسازی –بەشی پێنجەم – کردار، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.

٤- خورشید، غازی عەلی: (٢٠١٣)، ڕێزمانا فەرمی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی.

٥- کوردۆییف، ک.ک.: (١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی بە دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، و:کوردستان موکریانی، چاپخانەی الادیب – بەغدا.

٦- کورد، ڕەشیدێ: (٢٠٠٨)، ڕێزمانا زمانێ کورمانجی، ئیسماعیل تاها شین (ژ ئەلفبیێ لاتینی گوهاستییە عەرەبی)، چاپا ئێکێ، چاپخانا خانی – دهۆک.

٧- گوهەرزی، محەمەد تاهیر: (١٩٩٩)، ڕێزمانا کوردی زارێ کرمانجی، چاپا ئێکێ، چاپخانا خەبات – دهۆک.

٨- مەحویی، محەمەدی: (٢٠٢٠) باری بکەرنادیار، چاپی یەکهەم، چاپخانەی کارۆ – سلێمانی.

٩- نەبەز، جەمال: (١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ – ئەڵمانیا.

### ب- نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە:

١٠- عەزیز، ئاریان سدیق: (٢٠٢٠)، ناوی کرداریی، کرداری شکاوە و کردار ئاڵۆز، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی.

١١_ عەبدوڵا، مهاباد کامیل: (٢٠١٠)، چەند کردەیەکی سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامی دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی.

١٢_ قادر، ئەبوبەکر عومەر: (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی.

# بنەمایی واتای پراگماتیکی لە چێوەی واتای ئینسکلۆپیدیدا

**سۆزان سەعدوڵلا عەبدولغەنی [1]، هەژار حسێن والی [2]**
[1,2] بەشی زمانی کوردی،کۆلێژی پەروەردە و زمان، زانکۆی چەرموو، شاری چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Corresponding author's e-mail: suzan.saadulla@charmouniversity.org

## پوختە

یەکەکانی زمان تەنها دەربڕاوێک نین بۆ دروستکردنی پێکهاتەیەکی گەورەتر لە خۆیان و قاڵبێک بن هەڵگری واتایەکی بەرجەستەی دیاریکراو بن، بەڵکو لە ناواخنیاندا جۆری بیرکردنەوەو هەست و سۆزو ئەزموون و دونیابینی مرۆڤەکان و دابونەریتە کلتوری و کۆمەڵایەتییەکان و ... تاد هەڵگیراون. پەیپێبردن بەم لایەنە جیاوازانەش پێویستی بەوە هەیە، کە لێکدانەوەیەکی جیاواز لە لێکدانەوە چاولێکەرییەکان بۆ واتا بکرێت، بەوەی کە زمان و واتای زمانی ڕەنگدانەوەی توانا درکپێکراوە گشتییەکانی مرۆڤە، نەک تەنها ئەو توانایانەی، کە تایبەتن بە زمان. زانستی زمانی درکپێکردن لە چێوەی سیمانتیکی درکپێکردندا لەم ڕوانگەیەوە لە واتا دەڕوانێت و پێیوایە واتا سروشتێکی ئینسکلۆپیدیایی هەیە، لە نێو ئەو سروشتە ئینسکلۆپیدیایەیشدا هەموو ئەو چەشنانەی واتا، کە لە قوتابخانەکانی پێشتردا جیاکرابوونەوە، بوونیان هەیە. هەر لێرەشەوەیە زانستی زمانی درکپێکردن واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی لە یەکتر جیاناکاتەوە.

**وشە کلیلەکان:** سیمانتیکی درکپێکردن، چەمک، مەودا، واتای پراگماتیکی، واتای سیمانتیکی، واتای ئینسکلۆپیدی.

## الملخص

لا تقتصر عناصر اللغة على الملفوظات المكونة للتراكيب اللغوية الاكبر حجما، ولا على قوالب مجسدة لمعاني محددة وجامدة حصراً، بل إنها تحتوى في احشائها على نوعية التفكير، المشاعر، الاحاسيس، التجارب و الرؤى المختلفة للانسان، وكذلك العادات و التقاليد الاجتماعية...الخ. يحتاج الوصول الى تلك الابعاد المختلفة تبني تفسير مختلف و غير تقليدي للمعنى على ان اللغة و المعنى اللغوي/ الحرفي ليست مرتبطة بالكفاية اللغوية وحدها، فهي غير مستقلة بذاتها، بل إنها تعتبر انعكاس الكفاية الادراكية للإنسان. ينظر علم اللغة الادراكي ضمن اطار علم الدلالة الادراكي الى المعنى من هذا المنظور، إذ إنه يرى ان للمعني طبيعة موسوعية التي تكمن فيها جميع انواع المعنى المصنفة من قبل المدارس الاخرى, ومن هنا يذهب علم اللغة الادراكيي الى عدم التفرقة بين المعنى الدلالي و المعني التداولي /البراكماتيكي. من هذا المنطلق، تحاول هذه الدراسة المعنونة «ارتكازية المعنى التداولي في اطار المعنى الموسوعي» تفسير المعنى التداولى من منظور المعنى الموسوعي في اطار علم اللغة الادراكية.

**الكلمات المفتاحية:** علم الدلالة الادراكي، المفهوم، المدى، المعنى التداولي، المعنى الدلالي، المعنى الموسوعي.

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٦ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٥/١٥ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٦/١٧ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | suzan.saadulla@charmouniversity.org |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ د. سۆزان سەعدوڵلا عەبدولغەنی، م. هەژار حسێن والی،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

Language items are neither limited to those expressions that merely form larger structures than themselves nor merely consist of the forms that imply specific concrete meanings, but they are rather borne with the personal thoughts, feelings, emotions, experiences, visions as well as the social and cultural traditions. To access these various dimensions, it would be necessary to interpret the meanings differently from the traditional interpretations on the basis that the language and word meaning reflect human›s general cognitive capabilities rather than merely those capabilities related to the language itself. Within the Cognitive semantics context, the Cognitive Linguistics deals with the meanings from the perspective that the meanings have encyclopedic nature implying all the meaning types that have been recognized and classified by the previous doctrines. That is why; the Cognitive Linguistics does not admit the distinction between the semantic meaning and pragmatic meaning. From this perspective, this research which is titled ‹Pragmatic Meaning-based within the Encyclopedic Meaning Frame› attempts to analyze the pragmatic meaning from the encyclopedic meaning angle within the context of the Cognitive Linguistics.


**Key words:** Cognitive semantic, Concept, Domain, Pragmatic meaning, Semantic meaning, Encyclopedic meaning.

## پێشەکی:

### ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی (بنەمایی واتای پراگماتیکی لە چێوەی واتای ئینسکلۆپیدیدا)یە، هەوڵێکە بۆ شرۆڤەکردن و باسکردنی واتای پراگماتیکی لە ڕوانگەی سیمانتیکی درکپێکردنەوە. بواری توێژینەوەکەیش بە شێوەیەکی گشتی چوارچێوەی زانستی زمانی درکپێکردن دەگرێتەوە.

### هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:

زانستی زمانی درکپێکردن بەراورد بە قوتابخانەو ڕێبازە زمانەوانییەکانی پێش خۆی، تێڕوانینێکی تەواو جیاواز بۆ پراگماتیک و واتای پراگماتیکی دەخاتەڕوو، کە بەلای ئێمەوە ئەم دیدە نوێیە جێی سەرنج و هەڵوێستەلەسەرکردن بوو. ئەمەیش هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە بوو.

### ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم باسەدا ڕێبازی (شیکاریی درکپێکردنانە) پەیڕەوکراوە.

### کەرەستەو سنووری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی (زاری کوردیی ناوەڕاست - شێوەزاری سلێمانی)دا ئەنجامدراوە، هەربۆیە کەرەستەو نموونەکانی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەران و زمانی نووسینی شێوەزارەکەوە وەرگیراون.

## تەوەرەکانی توێژینەوەکە:

وێژینەوەکە بەسەر دوو تەوەردا دابەشکراوە، تەوەری یەکەم سەرناوی (واتای ئینسکلۆپیدی لە زانستی زمانی درکپێکردندا)ی لێنراوەو تیایدا دیدو تێڕوانینی زانستی زمانی درکپێکردنی بۆ واتا لە میانەی ئەو تایبەتمەندییانەی، کە زانستەکە بە واتای بەخشیوە، دیاریکراوی سروشتی ئینسکلۆپیدیایی واتا، خراوەتەڕوو. تەوەری دووەم، کە بۆ سەرناوی (واتای پراگماتیکی لە بۆتەی واتای ئینسکلۆپیدیدا) تەرخانکراوە، تیایدا لە ڕوانگەی واتای ئینسکلۆپیدییەوە باس لە واتای پراگماتیکی لە چوارچێوەی زانستی زمانی درکپێکردندا کراوە.

## تەوەری یەکەم: واتای ئینسکلۆپیدی لە زانستی زمانی درکپێکردندا

قسەکردن لەسەر واتا بە درێژایی لێکۆڵینەوە زمانییەکان بۆچوونی جیاوازی بە دوای خۆیدا هێناوە. لەلایەکەوە واتا بە کرۆکی لێکۆڵینەوە زمانییەکان دانراوەو وا تەماشای زمان کراوە، کە جگە لە لێکدانەوەو تێگەیشتن لە واتا، هیچ ئەرکێکی دیکەی نییە. لەلایەکی تریشەوە وا بەباش زانراوە، کە واتا بخرێتەوە دەرەوەی چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی زمانەوە، چونکە پێیانوابووە واتا ئەوەندەی پەیوەندیی بە زانستەکانی دیکەوە هەیەو دەچێتە چوارچێوەی بابەتگەلێکی دەرەوەی زمان، ئەوەندە بە زمانەوە وابەستە نییە(١).

زانستی زمانی درکپێکردن جیاواز لە هەموو لقەکانی زانستی زمانی گشتی تێڕوانینی بۆ واتای زمانی تێڕوانینێکی جیاوازەو پێیوایە واتا لە بنەڕەتێکی درکپێکراوو پەیپێبراوی تاکییانەوە ڕێکخراوە. هاوکات باوەڕیوایە واتای زمانی خستنەڕووی دارشتەیەکی چەمکییە، کە پێکهاتەیەکی واتای زمانی و نازمانییەو بەدەستهاتووی ئەزموون و شارەزایی و پەیپێبردنەکانی تاکە لە بەکارهێنانی زمانەوە. واتا لەم قوتابخانەیەدا چەقی لێکدانەوەکان پێکدەهێنێت، چەقێتی واتایش «بۆ ئەو گریمانەیەی قوتابخانەکە دەگەڕێتەوە، کە هەموو دیاردە زمانییەکان پێکەوە چنراون، نەک سەربەخۆو لەیەک جیا بن. سەرەڕای ئەمەش پێکهاتە زمانییەکان لەگەڵ توانا درکپێکراوەکانی دیکەی مرۆڤیشدا پێکەوە پێکهاتەکان دادەڕێژن و بونیاد دەنێن». (غەریب، ٢٠١٦: ٣٢).

واتا لە زانستی زمانی درکپێکردندا چەند تایبەتمەندییەکی بە شێوەیەکی درکپێکردنانە پێبەخشراوە، کە یەکێک لە دیارترینیان، بوونی سروشتێکی ئینسکلۆپیدیایی و ناسەربەخۆییە(٢). زانستی زمانی درکپێکردن تێڕوانینی وشەنامەیی بۆ واتا ڕەتدەکاتەوە، لە بەرانبەردا جەخت لەسەر خستنەڕووی ئینسکلۆپیدییانەی واتای وشەکان دەکاتەوە. ئەم قوتابخانەیە پێیوایە، کە دارشتەی سیمانتیکی سروشتێکی ئینسکلۆپیدی هەیە، بەو مانایەی وشەکان نوێنەرایەتی واتایەک یان چەند واتایەکی دیاریکراو ناکەن، بەڵکو وەک هەڵگری کۆگایەکی گەورەی کۆزانیاریی پەیوەندیدار بە چەمکێکەوە یان مەودا چەمکییەکانەوە ڕۆڵدەگێڕن. لە واتای ئینسکلۆپیدیدا مەودا چەمکییەکان بۆ یەکەکان ڕەخساون، ئاخێوەران لە کاتی ئاخاوتندا تەنها یەک بەش لە چەمکەکە وەک شاوەچە (Prototype)ی چەمکەکە بەکاردەهێنن. تێگەیشتن لە ئاخاوتنی هەموو ئەوانی دیکەیش، بەهۆی شارەزایی و ئەزموونەوەیە دەربارەی تەواوی مەودا چەمکییەکان.

چەمکی وشەکان بەدەستهاتووی ئەزموونە گشتی و خودییەکانی مرۆڤەکانن بەپێی بارودۆخە جیاوازەکان. مەبەست لە ئەزموونی گشتی ئەو ئەزموونانەن، کە تاکەکانی کۆمەڵێک تیایدا هاوبەشن و بەپێی ئەو ڕووداوو بەسەرهاتانەی، کە لەو کۆمەڵگایەدا ڕوویداوە، دروستبوون. هەرچی ئەزموونی خوودییە ئەزموونی تایبەتی کەسێک بەپێی پیشەو پسپۆڕییەکەی و ئەو بەرکەوتنە جیاوازانەی لەگەڵ کەس و ڕووداوو کات و شوێنەکاندا هەیبووە، خوڵقاندوویەتی. ئەم ئەزموونە جیاوازانە وەک کۆزانیاریی پەیوەست بە چەمکی وشەیەکەوە لە فەرهەنگی ئاوەزیدا بەکۆددەکرێن. «لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت، کە کۆزانیاریی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت و مەرج نییە هەموو بەکارهێنەرێکی زمانێکی دیاریکراو چەمکەکانیان، کە بەرهەمهاتووی کۆزانیارییەکانیانە، وەک یەک بن، بەڵکو بەپێی کەسەکان دەگۆڕێت. هەروەها گرنگیدان بە واتایەکی دیاریکراوی چەمکێک و دانانی بە شاوەچەی چەمکەکە دیسان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت». (ابراهیم، ٢٠١٩: ٤٢). ئەمەیش ئەوە دەردەخات، کە زمان ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی جیهانی واقع نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەو ئەزموونانەیە، کە مرۆڤ لەگەڵ واقعدا هەیەتی. با بڕوانینە نموونەکانی (١).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

١) ا- باخێکی گەورەمان کڕی.

ب- کاروان دوو ساڵ لە من گەورەترە.

پ- پیاوی گەورە بە ئاسانی نابینرێت.

ت- خۆ منداڵەکەی جاران نیت، گەورە بوویت!

لە ڕستەی (١-ا)دا /گەورە/ بە واتای (+ قەبارە) بەکارهاتووەو کۆی ڕستەکە ئەو واتایە بەدەستەوەدەدات، کە ئەو باخەی کڕدراوە ڕووبەرێکی فراوانی هەیەو بچووک نییە. لە (١-ب)و (١-پ)دا /گەورە/ واتای (+ تەمەن)و (+ پلەوپۆست و دەسەڵات) دەگەیەنێت. هەرچی نموونەی (١-ت)یشە تیایدا /گەورە/ زیاتر بە واتای سەرزەنشت هاتووەو بە کەسێک وتراوە، کە ڕەفتارێکی نابەجێی کردبێت.

بۆ تێگەیشتن لە واتای لێکسیمی /گەورە/ لە هەریەک لە ڕستەکانی نموونەی (١)دا، پێویستە تەواوی کۆزانیارییە واتاییەکانی وشەکەو ئەو وشانەیشی، کە لە گەڵیدا هاتوون، ئەو کارلێکەشی، کە لە ئەنجامی پێکەوەهاتنیان دروستدەبێت، لە شێوەی ئینسکلۆپیدیایەکدا چالاک بکەین، تا واتای مەبەستدار هەڵبهێنجێنین. ئەمەیش تەنها بە کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدی لە ئاوەزی قسەکەردا جێبەجێدەبێت. هەربۆیە لە سیمانتیکی درکپێکردندا دانانی واتایەکی لەقاڵبدراو بۆ وشەیەک و دیاریکردنی چەپکێک نیشانە بۆی، چەمکێکی هەڵخەڵەتێنەرە.

بیرۆکەی واتای ئینسکلۆپیدی لە سیمانتیکی درکپێکردندا(٣)، بۆ هەریەک لە تیۆرییەکانی (سیمانتیکی چوارچێوەیی Frame Semantics) ی (چارلیس فیلمۆر)و (مەودا Domain)ی (ڕۆناڵد لانگەکەر) دەگەڕێتەوە. سیمانتیکی چوارچێوەیی، کە یەکێکە لە تیۆرەکانی سیمانتیکی درکپێکردن، گەشەپێدراوی تیۆرێکی تری (فیلمۆر) خۆیەتی بەناوی (نیشانە واتاییەکانSemantics Features ). بەم پێیە تیۆری سیمانتیکی چوارچێوەیی لە ئەنجامی ئەو تێبینی و سەرنجانەوە هاتەئاراوە، کە لەسەر تیۆری نیشانە واتاییەکان هەبوو. تیۆری نیشانە واتاییەکان سەرکەوتووبوو لەوەی، کە بتوانێت نیشانەی واتایی بۆ وشەکان دابنێت، بەڵام لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو، کە بتوانێت پەیوەندیی واتایی نێوان نیشانە واتاییەکان دیاری بکات. هەر ئەمەش ڕەخنەو تێبینی (فیلمۆر) بوو لەسەر تیۆرەکەو دواتریش ئەو ڕەخنەو تێبینیانە بوونە هەوێنی لەدایکبوونی تیۆرێکی نوێ بە ناوی سیمانتیکی چوارچێوەیی.

تیۆری سیمانتیکی چوارچێوەیی بریتییە لە دروستەیەکی لکێنراوی لۆژیکییانەی چەمکە پەیوەستدارەکان. ئەم تیۆرە بنەمای تێگەیشتن لە داڕشتەی چەمک دەبەستێتەوە بە تێگەیشتن لە پاشخانی کۆزانیاریی هەر وشەیەک، کە نمایندەی چەمکێکە. لەم ڕووەوە وشەکە چوارچێوەیەک لە کۆزانیاری چالاک دەکات، کە پەیوەستە بەو چەمکە تایبەتەی، کە دەربارەیەتی. «بەمشێوەیە دەکرێت بگوترێت، کە ناتوانین ڕاستەوخۆ لە واتای وشەیەک تێبگەین بەبێ تێگەیشتن لەو چوارچێوە واتاییەی، کە وشەکە ئەندامە تێیدا». (قادر، ٢٠١٧: ٤٤١).

هەرچی تیۆری (مەودا Domain)یە، ئەمیش یەکێکی ترە لە تیۆرەکانی سیمانتیکی درکپێکردن و لەلایەن زانا (ڕۆناڵد لانگەکەر)ەوە لە ڕێزمانی درکپێکردندا خراوەتەڕوو(٤). مەوداکان پاشخانی کۆزانیارییەکانن، یاخود «کۆمەڵێک هەبوو/ بوونی چەمکین، کە دەبنەهۆی پێدانی/ دروستکردنی پلەو ئاستەکان بە بونیادە ڕێکخراوو ئاڵۆزەکان لە یەک مەودای دەربریندا». (غەریب، ٢٠١٦: ٤٨). بۆ نموونە داربڕاوەکانی وەک (لاواز، پەسەند، ناوەند، باش، زۆرباش، نایاب) چەمکە فەرهەنگییەکان لە مەودای (ئاستی دەرچوون و سەرکەوتن لە زانکۆ)دا دیاریدەکەن. بەبێ تێگەیشتن لە پرۆگرامی خوێندن لە زانکۆو ئەو پێوازۆیەی، کە پەیڕەودەکرێت، ناتوانین تێگەیشتنمان بۆ هەریەک لە وشەکانی (لاواز، پەسەند، ناوەند، باش، زۆرباش، نایاب) هەبێت. بە واتایەکی تر دەبێت بەوردی ئاگاداری چۆنیەتی دابەشکردنی نمرەو دەستنیشانکردنی نمرە بین بۆ هەر ئاستێک لە زانکۆ، تا بتوانین بەکارهێنانێکی سەرکەوتووانەمان بۆ هەریەک لەو وشانە هەبێت. (بڕوانە: قادر و شریف، ٢٠٢٠).

«تیۆریی مەوداکان مامەڵە لەگەڵ هەر چەمکێکدا دەکات وەک یەکەیەکی پەیوەندیدار بە مەودا سیمانتیکییەکەیەوە، واتە نرخی سیمانتیکی وشە بە پەیوەند و پەیوەستێتی بە مەوداکانەوە دیاریدەکرێت، هەروەها ناوەڕۆکە چەمکییەکانیش لە سەرچاوەی درکپێکردنەوە دێن». (غەریب، ٢٠١٦: ٤٩). بۆ نموونە چەمکی (ڕەنگ) مەودایەک بۆ هەریەک لە (سپی، سوور، سەوز، زەرد، ڕەش، ... ) پێکدەهێنێت و

پەیوەندیدارە پێیانەوە. لەلایەکی تریشەوە بەهای سیمانتیکیی هەریەک لە (سپی، سوور، سەوز، زەرد، ڕەش، ... ) پەیوەست بە مەودای (ڕەنگ)ەوە دەستنیشاندەکرێت.

تیۆری (سیمانتیکی چوارچێوەیی)و (تیۆری مەوداکان) لە زۆر ڕووەوە لەیەکتردەچن. دەکرێت بگوترێت دیارترین هاوبەشییان لەوەدایە، کە سەرچاوەی بیری ئینسکلۆپیدی بۆ واتای دەربڕاوەکان بۆ ئەم دوو تیۆرە دەگەڕێتەوە. بەو مانایەی هەردوو تیۆرەکە تێڕوانینی وشەنامەیی بۆ واتا ڕەتدەکەنەوە، لە بەرانبەردا جەخت لەسەر خستنەڕووی ئینسکلۆپیدییانەی واتای دەربڕاوەکان دەکەنەوە. تیۆری مەودا وەک تەواوکەری تیۆری (سیمانتیکی چوارچێوەیی)و سەلمێنەری بیری ئینسکلۆپیدی بۆ واتای دەربڕاوەکان دەردەکەوێت.

ڕەخساندنی فراوانترین سنوور بۆ واتای دەربڕاوەکان لە چێوەی واتای ئینسکلۆپیدیدا دەبینرێت، تا ئەو ئاستەی، کە دەشێت تۆ لە ڕوانگەی ڕوانینی خۆتەوە واتایەکی هەمانکاتی (Online meaning) سەرباری واتا ئینسکلۆپیدییە زانراوەکانی ئەو یەکەیە بخەیت، چونکە واتا تاکگەراییانە پەیپێدەبرێت. (بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی واتای هەمانکاتی، بڕوانە: (Geeraerts, and Cuycknes, ٢٠٠٧: ١٥٨). ئەم پەیپێبردنەیش بە بنەمای چەندین لایەنی دیکەی زمانی و نازمانییەوە پەیوەستە. بەمشێوەیە دەتوانرێت بگوترێت، کە واتای ئینسکلۆپیدی ئەو ڕێبازەی لێکۆڵینەوەی واتایە، کە تەواوی واتای هەبوو و واتای پێشبینیکراو لە دەربڕاوێکدا دەگرێتەوە. با لە واتای لێکسیمی /سووک/ لە نموونەکانی (٢)دا بڕوانین.

٢) ا- ئەم جانتایە زۆر سووکە.

ب- لەوە زیاتر خۆت سووک مەکە!

پ- پەرستارەکە دەستی سووک بوو.

ت- باری سەر شانمت سووک کرد.

لێکسیمی /سووک/ لە ڕستەکانی (٢)دا بە سروشتێکی ئینسکلۆپیدییانەوە دەرکەوتووە، وەك ئاماژەدانێك بە تەواوی ئەو ناوەرۆکە واتاییانەی، کە دەیگرێتەخۆ. کاتێك تێگەیشتن هەم لەلای قسەکەرو هەم لەلای گوێگریش پڕاوپڕ دەبێت، ئەگەر هاتوو زانیاری و ئاگاییان سەبارەت بە تەواوی ئەو لایەنانەی دیکە هەبێت، کە لەڕووی چەمکەوە پەیوەندییان بە وشەی /سووک/ەوە هەیە. هەموو ئەم تێگەیشتنە جیاوازانە لە واتاکانی وشەکە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سروشتە ئینسکلۆپیدییەی، کە یەکەکان هەیانە. زیاتر لەمەیش، بەهەندوەرگرتنی ئەو چوارچێوە سیمانتیکییەیش گرنگە، کە بەهۆی واتای ئینسکلۆپیدیی سەرجەم یەکەکان و ئەو واتا تایبەتەی، کە بەهۆی کارلێکی یەکەکانیش پێکەوە دروستدەبێت. هەموو ئەمانەیش ئەو ئەنجامە دێننەئاراوە، کە ناتوانین لە واتای سەربەخۆی وشەکان تێبگەین، جگە لەوەی، کە بیبەستینەوە بەو سیستەمە چەمکییانەوەی، کە یەکەکان خاوەنداری لێدەکەن(کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدی).

سروشتی واتای ئینسکلۆپیدیی یەکەکان بە جۆرێکە، کە مەودایەکی فراوانی گوزارشت بۆ ئاخێوەران دەڕەخسێنێت. کاتێک قسەکەرێک لە هەڵوێستێکی زمانیدا فۆرمێک بۆ گوزارشتکردن لە واتایەک دەدرکێنێت، لە ڕاستیدا تەنها بەشێک لە واتایەکی زۆر کەمی لە چەمک و مەودا فراوانەکەی واتای ئینسکلۆپیدیی ئەو یەکەیە بەکارهێناوە. بەمشێوەیە «وشەکان و واتاکانیان و ئەرکیان لە پێکهاتەی دروستە سینتاکسییەکاندا تەنها نواندنی یەک لایەن یان دوو لایەنی یان چەند لایەنی چەمکە پێشتر ئەزمونکراوەکەی ئاوەزی مرۆڤەکەیە و هەرگیز یەک وشە یان چەند فۆرمێکی یەک وشە ناتوانێت سەرجەمی چەمکەکە بنوێنێت». (قادر، ٢٠١٧: ٤٢٠).

لە ڕاستیدا گرنگی و کرۆکی واتای ئیسکلۆپیدی لە پرۆسەی وەرگێڕاندا زیاتر دەردەکەوێت و جێگای سەرنجە، چونکە زۆرێك لە کێشەکانی وەرگێڕان پەیوەستن بە ڕەچاونەکردنی سروشتی ئینسکلۆپیدیایی واتا لەکاتی وەرگێڕانداو زیاتر گرنگیدان و جەختخستنەسەر واتای وشەنامەیی دوور لەو کارلێکە واتاییە ئینسکلۆپیدییەی»چوارچێوە سیمانتیکییەی»، کە یەکەکان لەکاتی هاتنیان پێکەوە دروستیدەکەن.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## تەوەری دووەم: واتای پراگماتیکی لە بۆتەی واتای ئینسکلۆپیدیدا

لەگەڵ هەبوونی دیدو سەرنجی جیاواز لە بارەی بایەخی واتاوە لە زماندا، بەڵام بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە دیارەی واتاوە، کە لەگەڵ گۆڕانی کایە جیاوازەکانی کۆمەڵدا بەردەوام دەگۆڕێت، کارکردن لە بواری واتادا بە سەخت و ئاڵۆز بینراوە، هەربۆیە لێکۆڵەرانی واتا بەلایەنەوە ئاسان نەبووە بگەن بە پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ واتاو واتای وشەو ڕستە. بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەم سەختی و ئاڵۆزییەو ئاسانکردنی شیکردنەوەی واتا، واتایان بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشکردووە، دیارترین دابەشکردنیشیان دابەشکردنی (واتای سیمانتیکی)و (واتای پراگماتیکی) بووە.

بە گشتی دەکرێت تێڕوانینەکان لە بارەی پراگماتیک و واتای پراگماتیکییەوە پێش قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردن لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕوو. دواتر لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە قسە لەسەر هەریەک لەو خاڵانە دەکەین.

١- لە چێوەی پێکهاتەیەکی سەربەخۆدا، واتە وەک لقێکی سەربەخۆی زمان باس لە پراگماتیک و دیاردە پراگماتیکییەکان کراوە. ئەمەش پەیوەستە بەو تێڕوانینەی، کە قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە پەیوەست بە چەمکی (مۆدیولارێتی)یەوە بۆ زمان و پێکهاتەکانی ناو زمان هەیەتی. بەوەی، کە زمان دابڕاوو سەربەخۆ لە توانا درکپێکراوەکانی تری ئاوەزی مرۆڤ دەبینێت و لەنێو خودی زمانیشدا پێکهاتەکانی (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سیمانتیک، پراگماتیک) لە یەکتری جیادەکاتەوە. لە بارەی (مۆدیولارێتی)یەوە (کریستاڵ) دەڵێت: زاراوەیەکە لە گفتوگۆکردن دەربارەی زمان بەکاردێت، کە لە لایەکەوە مەبەست لێی ئەوەیە مێشک لە مۆدولی جیاواز پێکهاتووە، کە هەریەک لەو مۆدولانە ئەدگاری تایبەت بە خۆیان هەیە، وەک مۆدولی زمان و مۆدولی بینین. لەلایەکی دیکەوە مۆدیولارێتی ئەوە دەگەیەنێت، کە خودی پێڕەوی زمان مۆدولە، بەوەی کە پێکدێت لە ژمارەیەک وەچەمۆدولی جیاواز، کە هەریەکەیان بە ڕێگەیەکی تایبەت کاردەکەن. بڕوانە: (Crystal, ٢٠٠٨: ٣٣٦).

٢- بە سوودوەرگرتن لەو تێڕوانینەی بۆ زمان و پێکهاتەکانی زمان پەیوەست بە چەمکی (مۆدیولارێتی)یەوە هەیەو لە خاڵی یەکەمدا خرایەڕوو، سنوور لە نێوان واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی کێشراوە. لەم ڕووەوە بە چەند خاڵێک جیاوازیی نێوان ئەو دوو چەشنەی واتا خراوەتەڕوو. (بڕوانە: مەحوی، ٢٠٠٨: ٨٠-٨٩)، (فەتاح، ٢٠١١: ١٩٢-١٩٤)، (دزەیی، ٢٠١١: ٣٤-٤٩)). جیاکردنەوەی واتای سیمانتیکی لە واتای پراگماتیکی لەسەر ئەو بنەمایە بووە، کە باوەڕیانوابووە تەنها کۆزانیاریی زمانی پەیوەستە بە زمان و لە سروشتدا جیاوازە لە چەشن و جۆرەکانی دیکەی کۆزانیاری. هەربۆیە دەبینین لە قوتابخانەی ڕێزمانی بەرهەمهینان و گواستنەوەو تیۆرەکانی سیمانتیکی شێوازبەندانە، زۆر بە وردی کۆزانیاریی زمانی لە سەرجەم کۆزانیارییە نازمانییەکان جیاکراوەتەوە. ئەمەش لە بنەڕەتدا بۆ بنەمای چەمکی (مۆدیولارێتی) دەگەڕێتەوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەیش شیکردنەوەی کۆزانیاریی زمانی بە سیمانتیک و شیکردنەوەی کۆزانیاریی نازمانیش بە پراگماتیک سپێردراوە. (بڕوانە: قادر، ٢٠١٧).

٣- واتای پراگماتیکی بەو جۆرە ناسێنراوە، کە لە واتای سیمانتیکییەوە بەپێی دەوروبەری بەکارهێنان و مەبەستی قسەکەر، بەدەستدێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە واتای سیمانتیکی کراوەتە بنەمای دروستبوونی واتای پراگماتیکی. لەم بارەیەوە (فەتاح، ٢٠١١: ١٩٢) دەڵێت: «واتای پراگماتیکی ئەو واتایەیە کە دەوروبەری وتن دیاری دەکات، یان لە ئەنجامی ناسینەوەو دۆزینەوەی بەهای جێناوەکان وشەکانەوە دێت، واتە لە ئەنجامی کارلێکردنی دەوروبەر لەسەر واتای فەرهەنگی وشەکاندا دێت». هەروەها (دزەیی، ٢٠١١: ٤٩) دەڵێت: «واتای پراگماتیکی بریتییە لە واتای سیمانتیکی + دەوروبەر».

پەیوەست بە خاڵی یەکەمەوە زانستی زمانی درکپێکردن پێیوایە زمان دامەزراوەیەکی درکپێکراوی ناسەربەخۆیەو پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە توانا دراکپێکراوە گشتییەکانی مرۆڤەوە هەیەو لەناو خودی زمانیشدا پێکهاتەکان تێکچرژاوو بەناویەکداچوون و سنووری جیاکەرەوە لە نێوانیاندا نییە. ئەم بۆچوونەیش خۆی لە یەکێک لە گریمانە سەرەکییەکانی زانستەکەدا دەبینێتەوە، ئەویش بریتییە لەوەی، کە «زمان تۆڕبەندێکی چەمکییانەیە». (Geeraerts, and Cuycknes, ٢٠٠٧: ٥٠٩). «لە ڕوانگەی ئەم گریمانەیەوە هەر پێکهاتەیەکی زمان لە خۆیدا

وەچە تۆڕبەندێکە لە چێوەی تۆڕبەندی گشتیی زماندا لە ناو چوارچێوەی تۆڕبەندی درکپێکردنی گشتیی ئاوەزی مرۆڤدا». (قادر، ٢٠١٩: ٣٣-٣٤). لێرەشەوەیە، کە «زانستی زمانی درکپێکردن باوەڕیوایە، کە پێکهاتە جیاوازەکانی زمان تەنها بە شێوەیەکی ڕووکەشییانە دەتوانرێت بگوترێت بەشداری یەک/ چەپکێک نیشانەی واتایی ڕیکخراوی سەرەکی دەکەن، کە لە کرۆکدا ئەم بەشدارییەیان یان هەر نییە یان لاوازە». (قادر، ٢٠١٢: ٨٦-٨٧). بەمشێوەیە بەلای ئەم زانستەوە (چەمکی پۆلکردن لە زماندا) چەمکێکی هەڵخەڵەتێنەرە. هەڵخەڵەتێنەری ئەم چەمکەیش بەلای زانستی زمانی درکپێکردنەوە یەکێکە لە بەڵگە کارەکییەکانی ناسەربەخۆیی زمان و ڕەتکردنەوەی (چەمکی مۆدیۆلاریتی) ی ڕێزمانی بەرهەمهینان و گواستنەوە. لە هەمانکاتدا پشتڕاستکردنەوەی یەکیک لە تیۆرە سەرەکییەکانی زانستەکەیە، بەوەی کە زمان دامەزراوەیەکی درکپێکراوی ناسەربەخۆیە.

سەبارەت بە خاڵی دووەم زانستی زمانی درکپێکردن ئەو سنوورکێشان و جیاکارییە لە نێوان واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی ڕەتدەکاتەوەو پێیوایە واتا سروشتێکی ئینسکلۆپیدیایی هەیە، چونکە وشەکان نمایندەی چەمکێک دەکەن، کە بەدەستهاتووی پاشخانێکی کۆزانیاریی هەمەلایەنە(کۆزانیاریی زمانی و کۆزانیاریی نازمانی)، نەک تەنها چەشنێکی کۆزانیاری(کۆزانیاریی زمانی).

جیاکردنەوەی واتای زمانی لە واتای نازمانی لێکدانەوەیەکی تەواوو پراوپڕ نەبوو بۆ واتا، بەڵکو نیوەناچڵ بوو، چەندین گرفت و کەموکوڕی لەخۆگرتبوو. تەواوی ئەو گرفت و کەموکوڕییانەیش، زانستی زمانی درکپێکردن لە چێوەی سیمانتیکی درکپێکردندا چارەسەری بۆ دۆزینەوە، ئەویش بە خستنەڕووی تێڕوانینێکی تەواو جیاواز بۆ زمان و واتای زمانی. زانستی زمانی درکپێکردن پێیوایە واتای زمانی خستنەڕووی دارشتەیەکی چەمکییە، کە پێکهاتەیەکی واتای زمانی و نازمانییەو بەدەستهاتووی ئەزموون و شارەزایی و پەیپێبردنەکانی تاکە لە بەکارهێنانی زمانەوە. (بڕوانە تەوەری یەکەم).

دەربارەی خاڵی سێیەم زانستی زمانی درکپێکردن بۆچوونێکی تەواو جیاوازی هەیەو پێیوایە واتای پراگماتیکی بنەڕەتەو بنەمای دروستبوونی واتای سیمانتیکییە، نەک بە پێچەوانەوە. زانستی زمانی درکپێکردن باوەڕیوایە «کاتێک مرۆڤ شارەزایی لە واتای نازمانی/ پراگماتیکی دەربڕاوێکدا پەیدا دەکات، تەنها ئەوساکە دەتوانێت لە ئاوەزیدا نمایندەیەکی هەڵبگرێت و دابکات، کە ئەویش بۆخۆی دەبێتە (واتای زمانی/ سیمانتیکی) دەربڕاوەکە». (قادر، ٢٠١٧: ٤٣٢). لە زانستی زمانی درکپێکردندا جەختکردنەوەی تەواو لەسەر بەکارهێنانی زمانە، هەرئەمەش یەکێکە لەلایەنە جیاوازەکانی زانستی زمانی درکپێکردن لەگەڵ ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا، چونکە قوتابخانەی بەرهەمهێنان پێیوایە کۆزانینی زمانی پەیوەستە بە (ڕێزمانی جیهانی Universal Grammar)یەوە، کە ئەمیش بەخشراوێکی خۆڕسکەو بە شێوەیەکی بایلۆژی لە ئاوەزی هەموو مرۆڤێکدا هەیە. ئەم قوتابخانەیە باوەڕیوایە هەر بەهۆی ئەو ڕێزمانە جیهانییەوەیە، کە منداڵ لە ماوەیەکی دیاریکراودا فێری هەموو بەکارهێنانە جیاوازەکان دەبێت. بەم شێوەیە ڕێزمانی بەرهەمهێنان کۆزانینی زمانی بە تەواوەتی لە ئەزموون و شارەزایی ناو کۆمەڵ دادەبڕێت و تەنها وەک کۆزانیارییەکی ئاوەزی دەیبینێت. لە بەرانبەردا زانستی زمانی درکپێکردن وایدادەنێت «سەرچاوەی کۆزانیاریی زمانی بریتییە لە خودی بەکارهێنانی زمان خۆی، منداڵ بەهۆی فێربوونەوە فێری زمان دەبێت، فێربوونی زمان، وەک هەموو شتەکانی تر وایە، کە منداڵ بە پشتبەستن بە لاساییکردنەوە، ڕاهێنان، گوێگرتن، ناسینەوە، تاقیکردنەوە، ڕاستکردنەوە و بەکاربردنی شارەزایی فێریاندەبێت». (ابراهیم، ٢٠١٩: ٣٥). پوختەی ئەم بۆچوونەیش ئەوەیە مرۆڤ توانایەکی ناوەکی هەیە، کە تایبەتە بە زمان، بەڵام ئەم توانا ناوەکییە لە ڕێگەی ئەزموون و بەکارهێنانی زمان لە ناو کۆمەڵ، بەرجەستەدەبێت. ئەم تێڕوانینەیش چێوەی یەکێک لە تیۆرەکانی زانستەکە پێکدەهێنێت، کە ئەویش بریتییە لە: «کۆزانینی زمانی لە بەکارهێنانی زمانەوە هەڵدەگوێزرێت و دروستدەبێت». (بۆ زانیاری دەربارەی ئەم تیۆرەو تیۆرەکانی دیکەی زانستی زمانی درکپێکردن، بڕوانە: قادر، ٢٠١٢).

زانستی زمانی درکپێکردن بە گشتی و تیۆری (بنەمایی بەکارهێنان)، کە یەکێکە لە تیۆرەکانی سیمانتیکی درکپێکردن، بە تایبەتی، بانگەشەی ئەوە دەکات، کە واتای ڕاستەقینەی وشەکان لە دەقی بەکارهێناندا دەردەکەوێت. ئەوە ڕاستە هەموو وشەیەک واتایەکی فەرهەنگی و بەکۆدکراوی هەیە، بەڵام ئەم واتایە واتای ڕاستەقینەی وشەکان نییە، بەڵکو واتای ڕاستەقینەی وشەکان بەپێی ئەو دەوروبەری تیایدا


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بەکاردێت، هەڵدەهێنجرێت. بەم پێیە لە زانستی زمانی درکپێکردندا ئەوەی گرنگی پێدەدرێت واتای بەکارهێنان (پراگماتیک)ەو واتای سیمانتیکییش واتایەکی ئەبستراکتەو لە بنەڕەتیشدا لە ئەنجامی بەکارهێنانەوە سەرهەڵدەدات. (زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە لە: (Evans and Green, ٢٠٠٦: ١١٢-١١٣)و (ابراهیم، ٢٠١٩)دا دەبینرێت). با لە نموونەکانی (٣) ڕابمێنین.

٣) ا- سەرچاوەکە زانیاریی بەکەڵکی تێدایە.

ب- سەرچاوەی ئەم ناکۆکییە تۆیت.

پ- لە سەرچاوەکەم خواردەوە.

لە نموونەکانی (٣)دا سێ بەکارهێنانی جیاوازی وشەی /سەرچاوە/ دەبینرێت، کە هەمان وشە بەپێی ئەو چوارچێوەیەی، کە تیایدا هاتووە، واتای جیاواز دەگەیەنێت. لە بەکارهێنانی (٣-ا)دا وشەی /سەرچاوە/ بە واتای سەرچاوەی زانیاری، کە دەشێت کتێب، یان نامەی زانکۆیی، یان گۆڤار، یان هەر سەرچاوەیەکی دیکەی زانیاری بێت، هاتووە. هەرچی بەکارهێنانی (٣-ب)ە، تیایدا وشەی /سەرچاوە/ واتای (هۆکاری دروستبوون) دەگەیەنێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە بەکارهێنانی (٣-پ)ەوە، تیایدا مەبەست لە وشەی /سەرچاوە/ شوێنی هەڵقوڵانی ئاوە، بە تایبەت لە کانی و کارێزدا.

سیمانتیکی ئینسکلۆپیدی، کە تیۆرێکی گشتیی سیمانتیکی زمانییە لە چێوەی سیمانتیکی درکپێکردندا، پێنج گریمانە لەخۆدەگرێت: یەکەم/ جیاوازیی بنچینەیی لە نێوان سیمانتیك و پراگماتیکدا نییە. دووەم/ لە کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیدا وشە ڕۆڵی لە نواندنی لیستی ڕێکخراوی کۆزانیارییەکاندا هەیە. سێیەم/ واتای ئینسکلۆپیدی لە بەکارهێناندا دەردەکەوێت، بۆیە هەڵاوێرکردنی واتای ئینسکلۆپیدی بەپێی بارودۆخی ئاخاوتن دەبێت. چوارەم/ تیۆری سیمانتیکی ئینسکلۆپیدی دانەی فەرهەنگی وەکو ڕێگەیەك بۆ چوونەناو کۆزانیاریی ئینسایکلۆپیدی دەبینێت، بۆیە وشە بەشە تایبەتەکانی واتای شاراوە لە کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیدا دەردەخات. پێنجەم/ لە کاتێکدا واتای سەرەکیی پەیوەندیدار بە وشەوە جێگیرە، کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدی هەر وشەیەك بەکارهێنانی داینامیکییە. (Evans, ٢٠٠٧: ٧٢-٧٣).

لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە یەکەی زمانی (وشە) هەڵگری واتا نییە، بەڵکو لە پرۆسەی پێکهێنانی واتا لە ئاستی چەمکیدا بەشداریدەکات. بەم پێیە وشەو واتای وشە دەبێت لە بەکارهێناندا بەهەندوەربگیرێت، نەك وەکو یەکەیەکی زمانی ئەبستراکت ببینرێت. بە واتایەکی دیکە بەو شێوەیە لە وشە ناڕوانرێت، کە یەکەیەکی ئەرکیی زمانییە، بەڵکو چۆن و بەچی شێوەیەك بەکاربێت، بەو شێوەیە واتاکەی لێکدەدرێتەوە. لەم ڕووەوە، بەپێی ژینگەو دەوروبەر دەتوانرێت واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی سەربار بخرێت.

سیمانتیکی درکپێکردن ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە، کە پێیوایە جیاوازی هەیە لە نێوان واتای فەرهەنگی لەلایەک و واتای پراگماتیکی و کۆمەڵایەتی و کلتوری لەلایەکی ترەوە. لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە لێکسیمی سەربەخۆ جودا، کە هەڵگری کۆزانیاریی سیمانتیکی بێت و جیاوازبێت لە جۆرەکانی دیکەی کۆزانیاریی زمانی و نازمانی، بوونی نییە. هاوکات جیاوازیش بەدیناکرێت لە نێوان کۆزانیاریی فەرهەنگی و کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیدا، بەڵکو تەنها کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدی بوونی هەیە، کە یارمەتیدەری کۆزانیاریی زمانی و نازمانییە. (Kecskes, ٢٠١٤: ٨٢). «کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدی مەبەست لە سەرچاوە بەبایەخەکانە. ئەو کارەی، کە قسەکەران بە وشەکان ئەنجامیدەدەن. پەیوەندیی بە دیسپلینە پراگماتیکییەکانەوە هەیە، کە لەلایەن بنەماکانی بەکارهێنانی زمانییەوە دەورەدراوە(تەحەکومی پێوەدەکرێت)». (Evans and Green, 2006: 209).

پێویستە ئەوە بزانرێت، کە «(سیمانتیکی درکپێکردن) نکۆڵی لە بونی (واتای نازمانی/ پراگماتیک) ناکات، بەڵکو نکۆڵی لە جیاکاری توندی لەگەڵ (واتای زمانی/ سیمانتیک) دەکات و پێیوایە، کە هەردووکیان دوو جۆری واتای سیمانتیکین. ئەم ڕاستییەش لەوەوە هاتووە، کە خودی (واتای زمانی/ سیمانتیک) نواندنی ئەبستراکتانەی (واتای نازمانی/ پراگماتیکییە)». (قادر، ٢٠١٧: ٤٣٢).

واتاناسانی سیمانتیکی درکپێکردن لەو باوەڕەدان دەقێک/ ڕستەیەک، کە وشەیەکی تێدا بەکارهاتووە، ئەو واتایەی، کە مەبەستە بە

وشەکەی دەبەخشێت؛ واتای وشەکە بەرهەمی ئەو بەکارهێنانەیەتی لە دەقەکە/ ڕستەکەدا. بۆیە واتای واقیعی وشەکە ئەو واتایەیە، کە مەبەستە. ئەگەر واتا لە بەکارهێنانەکەی جیابکەینەوە، کەواتە واتا لە سروشت و بنەڕەتی خۆیدا پراگماتیکییە. (حەمەکەریم، ٢٠١٥: ٩٠).

جیاکردنەوەی واتای سیمانتیکی لە واتای پراگماتیکی دەبێتەهۆی دروستبوونی گرفتی شیکردنەوەی زمانەوانییانە بۆ ئەو دەربڕاوانەی، کە بۆ تێگەیشتن لێیان پێویستە ڕاستەوخۆ ببەسترێنەوە بەو دەوروبەرەی، کە تیایدا بەکارهاتوون. بڕوانە (٤).

٤) ا- ڕووداوەکە [لەوێ] ڕوویدا.

ب- ئەم دووکانە بۆ [یەک هەفتە] دادەخرێت.

بنەمای تێگەیشتن لەو دوو ڕستەیەی سەرەوە، پەیوەستکردنی وشەکانی ناو کەوانە شکاوەکانە بەو چوارچێوەیەی، کە تیایدا هاتوون، چونکە لەو نموونانەدا نەک هەر ناتوانین بە واتای فەرهەنگی لە دەربڕاوەکان تێبگەین، بەڵکو دەوروبەری بەکارهێنانەکە بووەتە بنەما بۆ واتا فەرهەنگییەکەیش. هەر لێرەشەوەیە، کە زانستی زمانی درکپێکردن پێیوایە واتای پراگماتیکی بنەڕەتەو بنەمای دروستبوونی واتای سیمانتیکییە.

ئەدڤێربڵەکانی /لەوێ/و /یەک هەفتە/ لە نموونەکانی (٤)داو ئەدڤێربڵە شوێنی و کاتییەکانی دیکە، کە لە زانستی پراگماتیکدا وەک دوو نیشانەی پراگماتیکی(٥) ئاماژەیان بۆ کراوە، لە زانستی زمانی درکپێکردندا لەو دەربڕاوانەن، کە (ڕێسای بەسەرچاوەکردن لە زماندا The Principle of Indexicality in Language) دروستدەکەن. مەبەست لەم ڕێسایەیش پیشاندان و خستنەڕووی سەنتەربوونی مرۆڤە لە زماندا، یاخود دەرخستن و نواندنی تاگەرایی تاکە لە کاتی قسەکردندا. بۆ نموونە لە (٤-ا)دا ئێمە تەنها کاتێک دەزانین مەبەست لە / لەوێ/ چ شوێنێکە، شوێنی قسەکەرەکە بزانین. لە (٤-ب)یشدا تەنها کاتێک دەزانین /یەک هەفتە/ کەی بۆ کەی دەگرێتەوە، کە ئاگاداری کاتی قسەکردنەکەی قسەکەرەکە بین. بەم جۆرە شوێنی ئامادەبوونی قسەکەرو ئەوکاتەی قسەکەی تێدا دەکات، دەبێتە خاڵی گەڕانەوەی سەرچاوەیی بۆ زانین و پەیبردن بە شوێن و کاتی بونەوەرو کەرەستەکانی دیکە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: قادر، ٢٠١٢).

لە لایەکی دیکەوە لە زماندا دەربڕاوی وا هەن، کە بۆ تێگەشتن لێیان پێویست دەکات هەردوو چەشنە واتاکە(واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی) بهێنینەناوەوە، چونکە شیکردنەوەی ئەو دەربڕاوانە بە هەردوو زانستەکە(سیمانتیک و پراگماتیک) دەکرێت، نەک تەنها بە یەکێکیان. ئەمەیش دیسان ناپێویستی جیاکردنەوەی واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی پشتڕاست دەکاتەوە. ئەم ڕاستییەیش لە نموونەکانی (٥)دا دەردەکەوێت.

٥) ا- بەخوا [شیرینییەکی] [بێتامە]!

ب- [شەوێکی] چەند [ڕووناکە]!

سیمانتیکی شێوازبەندانە بە تایبەت هەردوو تیۆری (نیشانە واتاییەکان)و (مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکی)(٦) ناتوانن لێکدانەوەی واتایی بۆ ڕستەکانی سەرەوە بکەن، چونکە بەپێی تیۆری نیشانە واتاییەکان، دەبێت نیشانە واتاییەکانی وشەکانی ناوکەوانە شکاوەکان پەیوەندیدار بن، بەڵام نەک هەر ناپەیوەندیدارن، بەڵکو دژو پێچەوانەشن. هەروەها بەپێی تیۆری مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکی لە ڕستەی (٥-ا)دا تەنها کاتێک واتای (شیرینی) ڕاستە، کە (شیرین) بێت، نەک (بێتام). لە (٥-ب)یشدا کاتێک واتای (شەو) ڕاستە، کە دونیا (تاریک) بێت، نەک (ڕووناک). بەم شێوەیە دەبینین ئەو ڕستانەی سەرەوە پێوەرەکانی هەردوو تیۆری نیشانە واتاییەکان و مەرجی ڕاستەقینەیان بریندارکردووە، بۆیە بەپێی ئەو دوو تیۆرە بێت، دەبیت بێواتا بن، بەڵام واتادارن. لەلایەکی ترەوە ئەگەر تەنها لە ڕوانگەی پراگماتیک و بنەماکانییەوە بمانەوێت لە واتای وشەکانی ناوکەوانە شکاوەکان و پەیوەندیی نێوانیان بگەین «گرانە بگەینە قۆناغی تێگەیشتن، چونکە لە بنەڕەتدا


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

نموونەکان لەمجۆرە شرۆڤانەدا لە واتای فەرهەنگیان دابڕێنراون و دەویسترێت تەنها لە ڕوانگەی واتای بەکارهێنانەوە شیکردنەوەیان بۆ بکرێت، کە ئەمەش کارێکی ئەستەم دەبێت». (قادر، ٢٠١٧: ٤٣١).

## ئەنجام

١- لە زانستی زمانی درکپێکردندا دیدێکی جیاواز بۆ واتا خراوەتەڕوو، بەوەی چەمکی وشەکان، کە هەڵگری کۆی ئەو واتا جیاوازانەن، کە وشەیەک نمایندەی دەکات و لە ئاوەزدا هەڵگیراون، لە کۆزانیاریی زمانی و کۆزانیاریی نازمانییەوە هاتوون و بەدەستهاتووی ئەزموون و شارەزایی و پەیپێبردنەکانی تاکن لە بەکارهێنانی زمانەوە.

٢- لەسەر ئەو بنەمایەی، کە داڕشتەی سیمانتیکیی وشەیەک لە بەکارهێنانی وشەکەوە هاتووە، سیمانتیکی درکپێکردن واتای سیمانتیکی لە واتای پراگماتیکی جیاناکاتەوە، بەڵکو وەک گشتێکی لە یەک دانەبڕاو دەیانبینێت.

٣- لە زماندا دەربڕاوی وا هەن، کە تەنها بە سیمانتیک، یان پراگماتیک واتایان لێکنادرێتەوە، بەڵکو بۆ تێگەیشتن لێیان، پێویست دەکات هەردوو چەشنە واتاکە لەبەرچاوبگیرێن. ئەمەش ئەو بۆچوونەی زانستی زمانی درکپێکردن پشتڕاستدەکاتەوە، کە جیاکردنەوەی واتای سیمانتیکی لە واتای پراگماتیکی پێویست نییە.

٤- لە زانستی زمانی درکپێکردندا ئەدڤێربلەکانی شوێنی و کاتی، کە لە زانستی پراگماتیکدا بە نیشانەی پراگماتیکی دانراون، ئەو دەربڕاوانەن، کە سەنتەربوونی مرۆڤ لە زماندا پیشاندەدەن، چونکە دەبنە خاڵی گەڕانەوەی سەرچاوەیی بۆ زانین و پەیبردن بە شوێن و کاتی بونەوەرو کەرەستەکانی دیکە.

## پەراوێزەکان

١) بۆ زانیاری دەربارەی تێڕوانینە جیاوازەکان لە بارەی واتاوە، بڕوانە: (ئیبراهیم، بەشدار محەمەد، ٢٠١٤)، (حەمەکەریم، نەریمان حەسەن، ٢٠١٥)، (حەمەغەریب، بەهرە سەلام، ٢٠١٥).

٢) سەرنجی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا زیاتر لەسەر تایبەتمەندیی ئینسکلۆپیدیایی واتایە، بۆ زانیاری دەربارەی تەواوی تایبەتمەندییەکانی واتا لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە، بڕوانە: (قادر، کاروان عومەر، ٢٠١٢).

٣) زانستی زمانی درکپێکردن بە شێوەیەکی گشتی بەسەر سێ لقدا دابەشدەبێت، کە ئەوانیش بریتین لە: (فۆنۆلۆژی درکپێکردن، ڕێزمانی درکپێکردن، سیمانتیکی درکپێکردن). دەکرێت بگوترێت سیمانتیکی درکپێکردن دیاترین لقی قوتابخانەکەیە، چونکە لە زانستی زمانی درکپێکردندا پێشینەیی سیمانتیک لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیدا بنەمایەو واتا کرۆکی شیکردنەوەکانی قوتابخانەکە پێکدەهێنێت. سیمانتیکی درکپێکردن «لێکۆڵینەوەیە لەنێوان ئەزموون، زانینی بەرجەستەکراو هەروەها زمان». (Evans, V. and Green, M., ٢٠٠٦: ٥٠). لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردن و بەدیاریکراویش سیمانتیکی درکپێکردنەوە، دەبێت تەواوی یەکە زمانییەکان لە ئاستی لەباردابوونی واتایی/ توانا واتاییەکان بەکارهێنانیان هەبێت و لەم ڕوانگەیەشەوە کردەی گەیاندنیان بە سەرکەوتوویی بە سەردا جێبەجێدەبێت. «لێکۆڵینەوە لە سیمانتیکی درکپێکردن لێکۆڵینەوەیە لە ناوەڕۆکە چەمکییەکان و ئەوەیش ڕێکخراوە لە زماندا». (Talmy, L., ٢٠٠٠: ٤). سیمانتیکی درکپێکردن زیاتر وەک ڕێبازێک دەردەکەوێت، چونکە چەند تیۆرییەک لەخۆدەگرێت، کە هەریەکەیان لێکدانەوە بۆ لایەنێکی واتا لە ڕوانگەی سروشتی ئینسکلۆپیدیاییەوە دەکەن. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی تیۆرییەکانی سیمانتیکی درکپێکردن، بڕوانە: (نەبی، ڕێبوار ئەحمەد، ٢٠١٥)، (غەریب، نالی ئەدهەم، ٢٠١٦).

٤) زاراوەی (مەودا Domain) بەکارهێنانێکی دیکەشی هەیە، کە ئەویش لە (تیۆری میتافۆری چەمکییانە)ی (جۆرج لاکۆف)ە لە ساڵی (١٩٩٣)دا. لەم تیۆرەدا بەمەبەستی تێگەیشتن لە چەمکی میتافۆڕ ئاماژە بە دوو جۆر لە مەودا دەکرێت، کە ئەوانیش بریتین لە: (مەودای

سەرچاوە)و (مەودای ئامانج). (Geeraerts, D. and Cuycknes, H., ٢٠٠٧: ١٨١).

٥) بۆ زانیاری دەربارەی نیشانە پراگماتیکییەکان، بە تایبەت نیشانەکانی شوێن و کات، بڕوانە: (فەرەج، هۆگر مەحموود، ٢٠٠٠).

٦) بەپێی تیۆری (مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکی Truth Conditional Semantics) زمان ڕەنگدانەوەی جیهانی واقعە وەک خۆی، واتە بەپێی ئەم تیۆرە ڕاستی و هەڵەیی ڕستەکان بەندە لەسەر ئەوەی، کە ئایا ناوەرۆک و کرۆکی ڕستەو دەربڕاوەکان لەگەڵ واقعدا هاوتا دەبن یان نا؟ ئەگەر هاوتابوون و مەرجی ڕاستەقینەیان تێدابوو، ئەوا ڕاستن، بە پێچەوانەوە ڕستەکان هەڵە دەبن. بەم شێوەیە تیۆری مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکی لە ڕوانگەی هەردوو پێوانەی (ڕاستی Truth)و (هەڵەیی Falsity)یەوە پەیوەست بە دونیای واقعەوە ڕستەو دەربڕاوەکان هەڵدەسەنگێنێت و لێکدەداتەوە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: حەمەغەریب، بەهرە سەلام، ٢٠١٥). لە بەرانبەر ئەم تێڕوانینەدا بۆ زمان و واتای زمانی، زانستی زمانی درکپێکردن باوەڕیوایە زمان ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی واقع نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی پەیپێبردنەکانی تاکە بۆ ئەو واقعەی، کە تیایدا دەژیت. (بڕوانە تەوەری یەکەم).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی


١- ئیبراهیم، بەشدار محەمەد (٢٠١٤)، واتاسازیی بەرهەمهێنان و لێکدانەوە لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢- ابراهیم، شیلان رحیم (٢٠١٩)، نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣- حەمەکەریم، نەریمان حەسەن (٢٠١٥)، دروستەی سیمانتیک لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٤- حەمەغەریب، بەهرە سەلام (٢٠١٥)، شرۆڤەکردنی مەرجی ڕاستەقینەیی لە واتای زمانیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٥- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١١)، زانستی پراگماتیک، چاپخانەی پاک، هەولێر.

٦- فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٧- فەرەج، هۆگر مەحموود (٢٠٠٠), پراگماتیک و واتای نیشانەکان, تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٨- مەحویی، محەمەد (٢٠٠٨)، زانستی هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی دووەم، زانکۆی سلێمانی.

٩- قادر، کاروان عومەر (٢٠١٢)، سیستەمی درکپێکردن وەک بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٣٤).

١٠- قادر، کاروان عومەر (٢٠١٧)، دارشتەی چەمک لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١٣).

١١- قادر، کاروان عومەر (٢٠١٩)، تەنینی وشەیی لە ڕێزمانی وشەییدا، گۆڤاری زانستیی زانکۆی جیهان - سلێمانی، ژمارە (١).

١٢- غەریب، نالی ئەدهەم (٢٠١٦)، درکپێکردنی میتۆنیمی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٣- نەبی، ڕێبوار ئەحمەد (٢٠١٥)، پەیپێبردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران.


### دووەم: بە زمانی عەرەبی:


١٤- قادر، کاروان عمر و شریف، نیان عثمان (٢٠٢٠)، نظرية المدى لتصنيف المفهوم بين اللغة الكردية والعربية، مجلة الأستاذ للعلوم الإنسانية والاجتماعية، المجلد (٥٩)، العدد (٣).


### سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:


15- Crystal, D. (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Sixth edition, Oxford: Blackwell.

16- Evans, V. and Green, M. (2006), Cognitive Linguistics (An Introduction), Edinburgh University Press, Great Britain.

17- Evans, V. (2007), A Glossary of Cognitive Linguistics, Edinburgh University Press, Great Britain.

18- Geeraerts, D. and Cuycknes, H. (2007), The Oxford Handbook of Cognitive Linguistics, Oxford University Press.

19- Kecskes, I. (2014), Intercultural Pragmatics, Oxford University Express, United States of America.

20- Talmy, L. (2000), Toward Cognitive Semantics, Volume 2, London, England.

# بنیاتی شوێنکات لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە )ی (میران ئەبراهام)دا

**ڤیان قانع حسین [1]، موحسین ئەحمەد عومەر [2]**
[1,2] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Corresponding author's e-mail: mohsen.omer@su.edu.krd

## پوختە:

ئەم توێژینەوە بە ناونیشانی (بنیاتی شوێنکات لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)ی (میران ئەبراهام)دایە، مەبەستیەتی کاریگەری گرنگی بنیاتی شوێنکات لەڕووی مێژوویەوە بخاتە ڕوو، توێژینەوەکە هەوڵ دەدات کۆمەڵێک لایەنی گرنگ دەربخات، وەکو (توخمی شوێن و توخمی کات) ، هەروەها بەکارهێنانی ( جۆرەکانی شوێن) و ( سیستەم و ڕێچکەکانی کات لە ڕووی دواخراو و پێشخراو)ەوە. توێژەرەکان لەسەر ڕۆمانی خەمی مەستوورە گەیشتوونەتە ئەو رایەی ڕۆمانەکە خۆی لە ڕۆمانێکی ریالیزمی دەبینێتەوە بەڵام خاوەن گێڕانەوەیەکی بەهێز و کاریگەرە، لەم ڕۆمانەدا پەیوەندی کات و شوێن و چۆنیەتی بەکارهێنانیان لە نێو ڕۆمانەکەدا خراوەتە ژێر لێکۆلینەوە. یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە شوێنکات بۆتە دەرخەری ڕووداوێکی مێژوویی ناخۆش مەبەستمان کارەساتی ئەنفالە، لە پاڵیشیدا خەمی ئەو کەس و ژنانەی تا کۆتایی ژیانیان لە چاوەڕوانی کەس و کاریان سەریان نایەوە دەخاتەروو.

**وشە کلیلییەکان:** (شوێن، کات، مەستوورە، گێڕانەوە)

## الملخص:

هذا البحث الموسوم بـ( بنية الزمكانية في رواية (حزن مستورة) ل)ميران ابراهام) (، يحاول عرض اهمية عنصري الزمان والمكان من الناحية التاريخية في هذه الرواية. البحث أيضا يحاول أن يظهر مجموعة من النواحي المهمة، مثل: (عنصر المكان و عنصر الزمان)، وكذلك استخدام (انواع المكان) و (نظم و طرق الزمان من ناحية التقديم و التأخير). وصل باحثوا رواية (حزن مستورة) الى رأي بأن الرواية تعتبر من النوع الواقعي مع سرد قوي و مثير. في هذه الرواية تم تحليل العلاقة بين الزمان و المكان و طريقة استخدامهما. ومن خلال هذا البحث وصلنا الى استنتاج بان الزمكان اظهر لنا حدث تاريخي مؤلم الا وهو كارثة الانفال و المؤنفلين ومعانات ذويهم من النساء والرجال الذين باتوابانتظارهم طوال حياتهم.

**الكلمات المفتاحية:** زمان، مكان، مستورة، سرد


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٤/١٦ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٥/٢٥ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | mohsen.omer@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ ڤیان قانع حسین، پ.ی.د. موحسین ئەحمەد عومەر،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

This research, entitled the setting basis in the novel ‹›mastoora´s grief›› by ‹›Miran Abraham›› aims to indicate the important effect of the setting basis, historically. the study tries to show numerous aspects such as the use of the ‹› the time and position elements›› as well as «the position types›› and ‹› time systems and pathways in the face of delays and advances». Researches have concluded that the novel finds itself in a «realism novel» but has a strong and effective description. In the novel, the relationship between time and place and their usage has been inspected, one of the results of this study is that the setting has demonstrated a terrible historical event which is «the Anfal disaster», along with the grief of those people, pointedly women, who have been waiting for their families for the rest of their lives.

## پێشەکی:

ناونیشان گرنگی و ماهییەتی خۆی هەیە لە نێو ڕێبازی لێکۆڵینەوە وکاری زانستیدا، بەشێک لە قورسایی توێژینەوەکەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بۆ ئەم مەبەستە ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (بنیاتی شوێنکات لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)ی (میران ئەبراهام)دا ، هەوڵدانە بۆ دیاریکردن و خستنەڕووی ڕۆڵی هەر یەک لە توخمەکانی (شوێن) و (کات) لە نێو ڕۆمانەکە، کە بوونەتە دوو بنەمای سەرەکی بۆ پێکهێنان و دروستبوونی دەقێکی گێڕانەوەیی.

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەپەیڕەوی میتۆدی (وەسفی – شیکاری) کراوە، بەگوێرەی ئەم میتۆدەش سەرەتا لە هەر بەشێک باسی لایەنی تیۆری توخمەکان کراوە، دواتر لە ڕووی پراکتیکییەوە ئەو توخمانە لە ڕۆمانەکەدا خراونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

گرنگی توێژینەوەکە وردبوونەوەیە لە بنیاتی شوێنکات لە نێو ڕۆمانەکەدا، کۆمەڵێک وردەکاری گرنگمان بۆ دەردەکەوێت، کە ڕۆماننووس پەنای بۆ بردووە تاوەکو بینای ڕۆمانەکەی بە شێوەیەکی ئیستاتیکی پێ دەوڵەمەند و پتەو بکات.

کەرە ستەی توێژینەوەکە بریتیین لە ڕۆمانی خەمی مەستوورە لەگەڵ هەردوو توخمی کات و شوێن، لە ئەنجامی کارلێککردن لەگەڵ یەکتری دا، کەرە ستەی توێژینەوەکەیان پێک هێناوە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە لە پوختە و پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێک دێت، لە بەشی یەکەم خۆی لە سێ تەوەر دەبینێتەوە، لە تەوەری یەکەم بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەمان بە دروستبوونی شوێنکات کردووە، تەوەری دووەم باسی شوێن و جۆرەکانی کراوە، لە تەوەری سێیەمدا باسی کات و لەناویشدا ئاماژەمان بە سیستەم و ڕێچکەکانی کردووە. بەشی دووەم لە دوو تەوەر پێک دێت، لە تەوەری یەکەمدا پراکتیزەی شوێن و جۆرەکانی کراوە و لە تەوەری دووەمدا پراکتیزەی ڕێچکەکانی کات و سیستەمی کات کراوە، لە ڕۆمانەکەدا. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان خراوەتە ڕوو .

## بەشی یەکەم: بنیاتی شوێنکات لە ڕووی تیۆرییەوە

### تەوەری یەکەم: شوێنکات

بەهۆی نزیکی و پەیوەندی پتەوی نێوان کات و شوێن ئەم چەمکە هاتۆتە ئاراوە، هەرچەندە مێژووی ئەم چەمکە نوێیە، سەرەتا لە بوارەکانی بیرکاری،دواتریش تیۆری ڕێژەیی لای ئەنیشتاین هۆیەک بوو بۆ بەرهەمهێنانی ئەم چەمکە، پاشان لق و پۆپی هاویشت تاوەکو جێگەی خۆی لە بواری ئەدەبیاتیشدا کردەوە، هەروەها یەکەم کەس ئەم چەمکەی بەکارهێنابێت (باختین) بووە، کە لەم بارەیەوە دەڵێت: ((شوێن لەکاتدا هەستی پێدەکرێت و پەیوەندیەکانی کاتیش لە شوێندا بە دیار دەکەون و ئەم تێکەڵەیەش لە نێوانیاندا شوێنکاتی تەکنیکی

دێنێته ئاراوه)) (باختین، ١٩٩٠، ل٦) .

شوێن و کات لە ئەدەبدا دەرخەری تایبەتمەندییەکانی یەکترن، چونکە شوێن هەر دەلالەت نییە لە درێژی وپانی و بەرزی بەڵکو ئێمە لەڕێگەی شوێنەوە دەلاقەی ئەوەمان بۆ دەبێتەوە گوزەر بکەین بە نێو کات چونکە تۆ هەرکە پرسیت (کەی) ئەوە ڕاستەوخۆ دوای ئەو پرسیار لە (کوێ)ش دێتەکایەوە، هەر دوو توخمی شوێن و کاتیش دەبنە هۆی دروستکردنی کارەکتەر و ناسنامەی بە باڵا دا دەبڕن بۆیە کارەکتەری بێ شوێن و ڕووداوی بێ کات بوونیان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەو خاوەن بوونی سەربەخۆی خۆیەتی کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین.

## تەوەری دووەم: توخمی شوێن و جۆرەکانی

### توخمی شوێن:

شوێن وەک یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی ڕۆمان ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕێت لە ئێستێتیکا و بەهونەری بوونی ڕۆمان، هەروەها پەیوەندیەکی پتەوی هەیە لەگەڵ ڕووداو و دەتوانێت گۆڕانکاری لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا بکات و دەستێکی باڵای هەبێت لە دروستکردن و خولقاندنیان دا، لە هەمان کاتیشدا شوێن هۆیەکە بۆ دەرخستنی لایەنی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەر واتە لایەنی دەروونی کارەکتەر بەتایبەت کاتێک بەر شوێنێک دەکەوێت ئەوە بەهەموو پێکهاتەکانیەوە کاریگەری لەسەر بەجێدێڵێت بەو مانایەی شوێن وەک چارۆکەیەک وایە و هەموو توخمەکانی تر لەخۆ دەگرێت, کاتێک ڕووداوێک هەبێت و کارەکتەرێکیش ئامادە بێت ئەوە دەبێت شوێنێک پەیدا ببێت ئەم پرۆسەیە لەخۆ بگرێت، جگە لەوەی شوێن نەک هەر توخمەکانی تری گێڕانەوە لەخۆ دەگرێت بەڵکو ((شوێن بکەرێکی هاوبەشی نێو هەموو جۆرەکانی ئەدەبە، توخمێکی گەوهەرییە لە بەرهەمی شانۆ و چیرۆک و ڕۆماندا ... بکەرێکی هاوبەشی نێو هەموو کارەکانی گێڕانەوەیە، بایەخدان بە شوێن و مەودای جوگرافی و هێمایی و بەرجەستەکردنی لە هەموو هونەرەکاندا هەریەکەیان بەپێی بوار و پانتایی خۆی بەدی دەکرێت)) (سالح، ٢٠١١، ل ٤٦) کەواتە گرنگیدان بەوردەکاری شوێن لە ڕۆماندا وامان لێ دەکات ڕووداوەکان ڕوونتر بێنە بەرچاو و زەینی خوێنەر .

### جۆرەکانی شوێن:

دابەشکردنی جۆرەکانی شوێن بەزۆر شێواز و ڕێگەی جیاواز پۆلێن کراوە باوترینیان دابەشکردنی شوێنە لەلایەن (تانیا ئەسعەد محەمەد):

**١.شوێنی واقیعی:**

شوێنێکە بوونی لەسەر زەوی بەرجەستەکراوە ، بەهۆی هەستی بینین دەتوانین ببینین و هەستی پێ بکەین واتە جێگەی تایبەتی بۆ دەبینرێتەوە، جا ئەم شوێنە لە بەرامبەرمان بێت یاخود لە مێژوودا بوونی هەبووبێت و شار و گوند و ناوچە و گەڕەک بێت، هەر بە ناو هێنانی وێنای شوێنەکە دەکەین لە واقیعدا، بەڵام ناکرێت بوترێت شوێنی نێو ڕۆمان ڕەنگدانەوە و وێنەیەکی کتومتی نێو واقیعە، چونکە شوێنی دەق جیاوازە و هەرچەندە بەناوهێنانی شوێنە واقیعیەکە خوێنەر وا لێ دەکات بەبێ ماندوو بوون و بیرکردنەوە بیناسێتەوە، جگە لەوەش نووسەر, یان ڕۆماننووس لە کاتی دروستکردنی شوێنەکەدا خەیاڵ و لایەنی دەروونی خۆی تێکەڵ بە شوێنەکە دەکات و دەخزێتە نێو چوارچێوەیەکی هونەری و جیای دەکاتەوە لە شوێنی واقیعی بۆیە ((شوێن لە چیرۆکدا شوێنی ڕاستەقینەی نییە لە شتە هەبووەکانەوە دروست نەکراوە، بەڵکو شوێنێکە ئەندێشەییەو لە وشە دروست دەکرێت)) (سابیر، ٢٠٠١، ل ٣٢٥)

**٢.شوێنی خەیاڵی:**

ئەو شوێنەیە کە بوونێکی ڕاستەقینەیان نییە لەسەر زەوی ناتوانین هەستییان پێ بکەین و ببینین بەچاو، بەڵکو نووسەر بەخەیاڵ و ئەندێشەی خۆی ئافراندوویەتی و بەرگی ڕاستەقینەی بە بەردا کردووە, بەڵام دەکرێت هاوشێوەیان هەبێت لە واقیع، بەپێچەوانەوە شوێنی ڕاستەقینە دەبینرێت و لە ڕێگەی بینینەوە دادەڕێژرێت، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت, کە شوێنی خەیاڵی بایەخی کەمترەو خوێنەر حەزی پێناکات, یاخود ناتوانێت قبوڵی بکات.

شوێنی خەیاڵی گرنگی خۆی هەیە، دەتوانرێت یارمەتیدەرێکی باشی ڕۆماننووس بێت تا بتوانێ ئازادانەتر گەمە بەکارەکتەر و ڕووداوەکان بکات و گۆڕانکاری تێدا دروست بکات ((شوێنی خەیاڵی ئیجابیاتی خۆی هەیە، ئەو بوارە لە بەردەم ڕۆمانووسدا دەڕەخسێنێت, کە بە ئازادی و سەربەستی مامەڵە لەگەڵ کارەکتەر و ڕووداوەکاندا بکات، هەروەها بە پێی خەون و خەیاڵ و خواست و ئارەزوو و پەیامی خۆی، شوێنی هەمەجۆر و داهێنراو بخولقێنێ)) (ساڵح، ٢٠١١، ل٩٣)

## ٣. شوێنی هۆگر:

شوێنێکە کارەکتەر هۆگریەتی و پەیوەندییەکی روحی و هەست و سۆزێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەو شوێنە، ئارامی پێ دەبەخشێت و تیایدا هەست بە ئاسوودەیی دەروونی دەکات، بەهەموو کەم و کوڕی و ئازار و مەینەتییەکانی هێشتا یادگاریەکانی ئەم شوێنە شیرینە لەلای، بێگومان جوانترین یادگاری و بیرەوەریشمان هی زەمەنی منداڵیمانە بە تایبەتی ئەو ماڵەی تێیدا ژیاوین و ئەو گەڕەکەی تێیدا گەورە بووین, بەڵام شوێنی تریش هەن دەچنە چوارچێوەی شوێنی هۆگر بەڵام لەهەمووان لە پێشتر هۆگری ماڵی منداڵییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی هۆگر ((هەموو ئەو شوێنانەیە کە تێیدا ژیاوین و هەستمان بە پاراستن و گەرمی کردووە، بە شێوەیەک، کە ئەم شوێنە بووەتە مادەی یادەوەریەکانمان.)) ( ئیسماعیل، ٢٠٠٩، ل٤١)

## ٤. شوێنی ناهۆگر:

شوێنێکە ئاشنا و خوازراو نییە، بۆ کارەکتەر و زۆر جاران هەست بە نائارامی و گۆشەگیری دەکات و ڕق لێیەتی و لە ڕووی دەروونییەوە ئازاری دەدات، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێت بەناچاری هاتۆتە ئەو شوێنە و جا بەشێوەیەکی کاتی بێت، یان هەمیشەیی، بۆیە دەتوانرێت دوو جۆر شوێنی ناهۆگر دیاری بکرێت لە ڕۆماندا. ئەم جۆرەیان شوێنێکە کارەکتەر هەست بە نائاسوودەیی دەکات، چونکە ماڵی تایبەتی خۆی نییە و بە زێدی خۆی نازانێت، تەنانەت هەندێ جار شوێنە نوێیەکە زۆر خۆش و دڵگیرترە لە شوێنە کۆنەکەی خۆی بەڵام هێشتا دڵی ئارام نابێتە تیایدا. جۆرێکی تر شوێنی ناهۆگر هەیە، پێی دەگوترێت (دژبەر)، ((کە کارەکتەر بەرانبەریان هەست بە ڕق و کینە و دوژمنایەتی دەکات،یان هەست بە مەترسی ئازارو ئەشکەنجە و هەندێجاریش ترسی مەرگیان لێ دەکات.)) (ساڵح، ٢٠١١، ل١١٦)

لێرەوە گرنگ و بایەخی تایبەتی شوێنی هۆگرمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە دەبێتە سەکۆی ململانێی کارەکتەر و ڕووداوەکان بەجۆرێک زۆرجاران دەگونجێت شوێنەکە لە ئاشناوە بگۆڕێت بۆ نائاشنا, یان ناهۆگر ئەمەش بەهۆی هەڵهاتن و ڕۆیشتنی کارەکتەرەوە دەبێت بەشێوەیەکی ڕوونتر بڵێن هەست و دەروونی کارەکتەر لەشوێنێک ئارام و ئاسوودە بێت دەبێتە شوێنی هۆگر، بەپێچەوانە کارەکتەر هەستی بە نائارامی و نامۆی کرد ئەوە دەبێتە ناهۆگر.

## ٥. شوێنی کراوە:

شوێنێکە لە ناوەکەیەوە بۆمان دەردەکەوێت، شوێنێکی کراوەیە و تایبەت نییە بەهیچ کەسێک و موڵکی گشتییە، لە ڕۆماندا ئەم جۆرە شوێنە تێیدا کارەکتەر دەتوانێت بێ هیچ بەربەستێک بۆی بچێت و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات، بۆیە دەوترێت ((شوێنێکە کە کەس خاوەنی نییە واتە (گشتی)یە، واتە موڵکی دەسەڵاتی گشتییە، کە هەڵقووڵاوی ئەو گروپەیە پێی دەوترێت (دەوڵەت) )) ( جنداري، ٢٠٠١، ل٢٥٦)، یاخود هەندێکی تریشیان موڵکی گشتین یاخود پەیوەندی بەتاکە کەسەوە هەیە، واتە ((هەموو کەسێک دەتوانێت بەکاریان بهێنێت و بەئارەزووی خۆیان تێدا بێن و بچن، شێوەیەکی گشتییان هەیە، وەک: کۆڵان، گەڕەک، شەقام، گوند، شار یاخود دەکرێت شوێنی تریش ئاماژە پێ بکەین کە موڵکی تاکەکەسێکە و خۆی دروستی کردووە و بنیاتی ناوەوە وەک ( چایخانە، حەمام، مزگەوت، ) )) (ساڵح، ٢٠١١، ل١٢٥)

**٦.شوێنی داخراو:**

ئەم شوێنە پێچەوانەی شوێنی کراوەیە، شوێنێکە تایبەتە بەکەسێک, یان کۆمەڵە کەسانێک، هەموو کەسێک ناتوانێت بەکاری بێنێت، واتە تایبەتە بەکارەکتەر و یاخود چەند کارەکتەرێک کە تایبەتمەندی ئەوانی هەڵگرتووە، ئینجا ئەو کارەکتەرانە بە ئارەزووی ویستی خۆیان بمێنەوە یاخود بەزۆر لەوێ دانرابن دیارە ((مەبەست لەو شوێنانەی بەویستی خۆیان تیایدا دەژی بریتییە لە ماڵ و هەورەوەها مەبەستیش لەو شوێنەی بە زۆری تیا هێڵراونەتەوە بریتییە لە زیندان)) (حمدامین، ٢٠١٢، ل٧٨)

داخران و کرانەوەی شوێن دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی سایکۆلۆژی دەروونی کارەکتەرەکە، تا چەند هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکات، یاخود بە تێپەڕ بوونی زەمەن لەگەڵ شوێنەکە ڕا دێت و دەبێتە شوێنێکی ئاشنا و گونجاو بۆی ((فراوانی و تەنگەبەری شوێن، بۆ پەنتایی لە رووبەری شوێندا ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەوە دەروون و هەست و میزاجی مرۆڤەکەیە کە فراوانی و تەنگەبەری شوێن دیاری دەکەن)) (عەبدولمحەمەد، ٢٠١٥، ل٤٥)

**تەوەری سێیەم: توخمی کات و شێوازەکانی**

**توخمی کات.**

کات وەک پرسێکی ئاڵۆز و تێکچڕژاو بەردەوام جێگای پرسیار بووە، لە کۆنەوە تا ئەمرۆش لە هەر ئاست و گروپێک بەجۆرێک خستوویانەتە بەر بەرداشی لێکۆلینەوە و بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە، بە بۆچوونە باوەکە کات بریتییە لە زنجیرەیەکی بەدوا یەکداهاتووی نەپچڕاو، بەڵام لای فەیلەسوفان هەر لە سەرەتای وروژاندنی پرسیاری (کات چییە؟) بەزۆر شێوازی ئاڵۆز بۆی چوون و بە یەکێک لە چەمکە سەخت و ئاڵۆزەکان دادەنرێت، ئەوەی ڕوونە ئەوەیە لە فەلسەفەی یۆنانی دوو بۆچوونی دژیەک لە بارەی (کات)ەوە سەر هەڵدەدەن، ((کەیەکەمیان (پلاتۆن) نوێنەرایەتی دەکات و پێی وایە (کات) هاوکاتی گەردوون هاتووەتە بوون، بۆیە هەردووکیشیان پێکەوە لە ناو دەچن، لە کاتێکدا (ئەریستۆ) نوێنەری بۆچوونی دووەمە و (کات) دەخاتە پێش گێتییەوە، بگرە پێی وایە گێتی خۆی لە (کات) دروست بووە و لە ناوچوونیشی نییە، مادام بە جووڵەوە بەندە)) (کاکە سوور، ٢٠٢١، ل١١٢- ١١٣)

بۆچوونی فیزیایش سەبارەت بەکات پێمان دەڵێت کات و شوێن ناتوانرێت لەیەکتری دا ببڕێت و کات بەشوێنەوە وابەستە بووە، هەرچی بیروبۆچوونی ئەنیشتاینە (کات) بەرەهەندی چوارەم یاخود دووری چوارەم دادەنا لە دوای پانی و درێژی و بەرزی، بەڵام دیارە ئەوکاتەی کە ئێمەی مرۆڤ هەستی پێدەکەین کاتێکە سروشتییە و تەنیا بۆ پێشەوە دەڕوات و ملکەچی گەڕانەوە نییە، بەڵام ئەمە جیاوازە، لەوکاتەی کە پێی دەگوترێت (( (کاتی سایکۆلۆجی)، هەر ئەویشە هاتۆتە ناو دنیای ئەدەب و هونەرەوە)) (کاکە سوور، ٢٠٢١، ل١١٣)، چونکە کات لە نێو ئەدەب بە تایبەت لەنێو ڕۆماندا زۆر جیاوازە لەوکاتەی, کە ئێمە لە ژیانماندا هەستی پێدەکەین واتە مەرج نییە، کاتەکان لە ڕابردووە وە بۆ ئێستا و داهاتوو بڕۆن و یاخود بڵێن یەک جۆر لە کات بوونی هەبێت زۆر جاران کاتەکان پەیوەندییان بە نووسەر یان دەق یاخود خوێنەرەوە هەیە و جیاوازی تێدەکەوێت.

کاتیش خۆی لە چەند شێوازێکدا دەبینێتەوە:-

١- ڕێچکەکانی کات ب- سیستەمی کات

## ڕێچکەکانی کات:

کات لە ڕۆماندا شێوەیەکی سروشتی نییە و ڕووداوەکان یەک لە دوای یەک بەڕێوە ناڕوات، بەڵکو ئەم ریزبەندییە لە ڕۆماندا تێک دەشکێ و کاتی ڕۆمان و کاتی گێڕانەوە هاوتەریب نابن، چونکە ڕۆماننووس ئازادە چۆن کاتی ڕۆمانەکەی پێش و پاش دەخات و جڵەوی ڕووداوەکانی بەدەستەوەیە، ئەویش خۆی لە دوو جۆردا دەبینێتەوە:

### ١. ڕێچکەی دواخراو:

کردارێکە لە گێڕانەوەدا یاخود ڕێچکەیەکە، گێرەرەوە بەکاری دەهێنێت، بەجۆرێک لەو ڕووداوانەی, کە ئێستا دەیگێڕێتەوە دەوستێت، دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕووداوانەی لەکاتی خۆی بەسەری دا تێپەر بووەو نەیگێڕاوەتەوە، بەمەش درێژە بەکاتی گێڕانەوەکە دەدات و زیاتر بە مەبەستی ئەوەیە ئاماژە بە کارەکتەر و ئەو ڕووداوانە بدات کە دەکەونە پێش کاتی ئێستا .

دواخراو (فلاش باگ–Flash back) تەکنیکێکە سەرەتا لەبواری سینەما بەکار دەهات .((نووسەر بەکاری دێنێت لە ڕۆمان یان چیرۆک، بەشێوەیەک وا لە خوێنەر دەکات لە ئێستای گێڕانەوەکە بێتەدەرەوە و دەیخاتە کاتێکی زووتری ڕووداوەکان، دیارە ئەم جۆرە بەکاردێت لە سینەما و فیلم دا، بەڵام دواتر گواسترایەوە بۆ نێو ئەدەب، چونکە مانایەکی قووڵتری دەبەخشی، هەروەها یارمەتی خوێنەری دەدا کە باشتر لە دنیای کارەکتەرەکان بگات، جگە لەوەش ڕۆڵی هەیە لە بەرەوپێشچوون و گرژبوونی بەشەکانی گێڕانەوە.)) https://www.masterclass.(com/articles/what-is-a-flashback

## جۆرەکانی دواخراو:

زۆر لە ڕەخنەگران پۆلێنی جیاوازیان بۆ جۆرەکانی دواخراوکردووە، بەڵام ئەوەی لە هەمووان باوترە و هاودەنگن لەسەری پۆلێنکردنەکەی (ژێرار ژێنێت)ە:

((أ. دواخراوی ناوەکی: ئەو دواخراوەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، دوای دەست پێکردنی گێڕانەوەکە، واتا ئەم ڕووداوە گێڕانەوەکەی دواکەوتووە.

ب . دواخراوی دەرەکی: گەڕانەوەیە بۆ ئەو ڕووداوەی دەکەوێتە پێش خاڵی دەست پێکردنی سەرەتای گێڕانەوەکە.

ج -دواخراوی تێکەڵ: ئەو دواخراوەیە کە تێکەڵە لە هەردوو جۆرەکەی پێشووتر.)) (قاسم، ١٩٨٤، ل٥٤)

٢. ڕێچکەی پێشخراو:

مەبەست لەم ڕێچکەیە بریتییە لە پێشخستنی ڕووداوەکان, کە لە داهاتوودا ڕوودەدەن و ئێستا باسیان لێوە دەکات، واتە پێچەوانەی ڕێچکەی دواخراوە وگێرەرەوە دێت لە ئێستا بۆمان باس دەکات پێش کاتی ڕوودانیان، واتە هێشتا خاڵی ڕۆیشتنی ڕووداوەکان نەگەیشتووە بەو کاتەی کە دەبێت باسی بکات بەڵکو وەستانێک دروست دەبێت و لە ئێستادا داهاتوو دێتە پێشەوە.

## جووڵەی کات لە ڕووی خێرایی و سستییەوە:-

خێرایی یاخود سستی لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا بۆ جیاوازی نێوان ئەو دوو کاتە دەگەڕێتەوە ئەویش کاتی ڕۆمان لەگەڵ کاتی گێڕانەوە، لەبەر ئەوە کاتی ڕۆمان مەبەست لێی ئەو کاتەیە هاوشێوەی کاتی سروشتییە و لەگەڵ کاتی زەویدا یەک دەگرێتەوە و بەپێی کاتێکی لۆجیکی دەڕوا لەبەیەک دوا داهاتنی کاتژمێر و ڕۆژ و مانگ و ساڵە، یاخود زەمەنی ڕابردوو، ئێستا و داهاتووە، بەڵام کاتی گێڕانەوە لەژێر دەسەڵاتی ڕۆماننووس دایە و دەتوانێت بەئارەزووی خۆی یاری بە پێش وپاشی کاتەکە بکات یاخود، ڕووداوێکی چەند ساڵە لە چەند دێرێک و زەمەنێکی کورت دا باس بکات بە پێچەوانەش ڕووداوێکی چەند دەقیقەی بۆ زەمەنێکی درێژ بگێڕێتەوە. هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا سیستەمی کات بۆ دوو

جۆر دابەش کراوە ئەوانیش:

١.خێرایی کات ٢.سستکردنی کات

## ١.خێرایی کات:

بە جۆرێک لە جۆرەکانی سیستەمی کات دادەنرێت و ڕۆماننووس هانای بۆ دەبات کە مەبەست لێی باسکردنی ڕووداوگەلێکی زۆرە بەکاتێکی کەم. خێراکردنی کات خۆی لە چەند تەکنیکێک دا دەبینێتەوە:-

أ.کورتکردنەوە:

وەک لە ناوەکەیەوە دیارە کورتکردنەوەی ئەو ماوە درێژەی کاتی ڕووداوەکانە لە گێڕانەوەیەکی کورتدا پێشکەش دەکرێت، ناچێتە ناو چوارچێوەی باسکردنی وردەکاری ڕووداو و کارەکتەرەکان و ئەو ماوە درێژەی ساڵ و مانگ و تەنانەت ڕۆژیش لە ڕووداوەکان کە تێدا ڕوویانداوە لە چەند پەرەگرافێک و لاپەڕەیەکدا پێشکەشی دەکات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەبێت وریای ئەوەش بین, کە هەندیک کات ڕووداوەکان کورت ناکرێتەوە یاخود لە کورتکردنەوەیدا دەبێت ڕۆماننووس زۆر بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ دا بکات چونکە دەبێت لەگەڵ سیستەمی کاتەکەدا گونجان هەبێت بۆیە دەکرێت ڕۆماننووس ((بەئاگادارییەوە ڕووی تێبکات و لە ئەنجامی پێویستەکی هونەری بەکاری بهێنێت، واتە کاتێک هەست بکات ماوەیەک لە ژیانی کەسانی ناو چیرۆکەکە هەیە، کە گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە و لادانیان کار ناکاتە سەر بینای هونەری چیرۆکەکە... لەبەر ئەوە کورتیان دەکاتەوە بەخێرایی بەسەریاندا ڕەت دەبێت)) (سابیر، ٢٠٠١، ل٣٠٣)

ب . لابردن:

تەکنیکێکی تری کاتە، ڕۆماننووس لەخزمەتی ڕۆمانەکەی بەکاری دێنێت، تاوەکو خۆی دەرباز لە درێژ دادری بکات, بەڵام ئەمە کاریگەری لەسەر ڕەوتی گێڕانەوەکە نابێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە کاتی گێڕانەوەکەمان بۆ کورت و پوخت دەکاتەوە، ئەو ماوەیە، باس ناکرێت، بەکۆمەڵێک دەستەواژەی تایبەت بەسەری دا تێپەڕ دەبێت، خوێنەریش لەو دەستەواژانە تێ دەگات، کە باسکردنی زەمەنێکی دوور و درێژ پێویست نیە و هیچ پانتاییەک داگیر ناکات ((بۆیە کاتێک پارچەیەک یان بەشێک لە چیرۆکەکە بێ دەنگی لە بڵاوبوونەوەی یان خستنەڕووی کراء یان ئاماژەیان پێ نەکرا تەنیا بە چەند دەستەواژەیەکی کاتی بۆ نموونە چەند هەفتەیەک تێپەڕی، دوای دوو ساڵێک ..... هتد)) (بحراوی، ١٩٩٠، ل١٥٦)

کەوایە لابردن لەخزمەتی گێڕانەوەکەیە، بەهایەکی بەرزتر و خزمەتێکی باشتر بە ڕۆمانەکە دەگەیەنێت، ئەمەش خۆی لە دوو جۆر دەبینێتەوە:

١.لابردنی دیاریکراو:

ئەو جۆرە لابردنە بە ڕوون و ئاشکرایی لە بارەی لابردنەکە دەدوێت بە چەند دەستەواژەیەکی دیاریکراو ڕوون وەک ((دوای چەند ساڵێک، دوای ڕۆژێک)) (قاسم، ١٩٨٤، ل٨٩ )

٢.لابردنی دیارینەکراو:

ئەو جۆرەیان دەستنیشانی لابردنەکە ناکات و بە ئاشکرا بۆمان ڕوون ناکاتەوە، بەڵکو خوێنەر خۆی هەستی پێ دەکات بۆیە ((ئەو لابردنەیە کە کاتە لابراوەکە بوونی بەدیار ناخرێت، بەڵکو خوێنەر دەبێت لەڕێگەی بۆشایی لابردنەکە بدۆزێتەوە و پەی پێ ببات)) (جینیت، ١٩٩٧، ل١١٩)

## ٣.سستکردنی کات:

ئەم جۆرەیان ڕێک پێچەوانەی خێراکردنی کاتەو ڕۆماننووس تێیدا دێت بۆ باسکردنی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەی تاوەکو لەسەرخۆ بڕۆن پەنا دەباتە بەر ئەم جۆرەیان. ئەمەش لەڕێگەی دیمەنەوە دەکرێت:-

دیمەن: ئەمەش بە جۆرێک بێت لە جۆرەکانی تەکنیکی سستکردنەوەی کات دادەنرێت بەمەبەستی باسکردنی ڕووداوەکانە بەشێوەیەکی درێژو تێر و تەسەل وەک خۆی چۆنە بەو شێوەیە، بۆیە((گێڕەرەوە تێدا هەوڵیستە گرنگەکان لە ڕووداوی چیرۆک هەڵدەبژرێت و دەیان خاتە بەر چاو بەشێوەیەکی درێژو ورد ڕووداوەکانمان بۆ باس دەکات، تا وا هەست دەکەین گێڕانەوە لە ڕەوتی گەشەکردن وەستاوە)) (یوسف، ١٩٩٧، ل٨٩)

دیمەن بەشێوەیەک ڕۆماننووس دەتوانێت بەکاری بهێنێت وەک ئەوەی, کە بەچاوی سەر دەتوانرێت ببینرێت و هەستی بەجوولە و کردار و گفتاری کارەکتەرەکان بکات بەمەش زیندوویەتی دەق ڕادەگرێت و خوێنەر پەلکێش دەکات وەک بەشدار بووێکی نێو ڕۆمانەکە .

دیمەنیش خۆی لە دوو بەشی سەرەکیدا دەبینێتەوە ، کە ئەوانیش :

أ. دیمەنی وێنەیی ب. دیمەنی درامی

## بەشی دووەم: پراکتیزەکردنی توخمی شوێنکات لە ڕۆمانی خەمی مەستوورەدا

## تەوەری یەکەم: پراکتیزەکردنی جۆرەکانی شوێن

### ١. شوێنی واقیعی:

کەرەستەی سەرەکی ڕۆمانی خەمی مەستوورە جینۆسایدی ئەنفالە، کاتی ڕووداوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٨)، شوێنەکەشی دێی (جەلەمۆرد)ە، ڕۆمانەکە خۆی لە ڕووداوێکی واقیعی دەبینێتەوە، هەروەها زۆربەی ئەو شوێنانەی ئاماژەیان بۆکراوە شوێنی ڕاستەقینەن. ڕووداوی ئەنفالکردنەکە لە دێی جەلەمۆرد دەست پێ دەکات، کاتێک بەپاس دەیانبەن بۆ شوێنی تاوانەکە ئەوەتا گێڕەرەوە دەڵێت: ((سەرنشینانی پاسەکە، بێجگە لە سیپانیان، هەموو خەڵکی دێی جەلەمۆرد بوون)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل١٧) دواتر مەستوورە بەهۆی ڕووداوێکەوە بریندار دەبێت و دەبردرێت بۆ کەرکوک بۆ وەرگرتنی چارەسەر، دواتریش گێڕەرەوە دەڵێت: ((کاتژمێر نۆی ڕۆژی پێنجشەممە بوو!، دەمەوبەیانیی ئەو ڕۆژەی لە نەخۆشخانەی جمهووری شاری کەرکووک دەرچووبوو)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٣٥) لەوێشەوە بۆ شاری هەولێر چوو و لە شوقەکانی گەڕەکی ئیسکان نیشتەجێ بوو. کەواتە لەم ڕۆمانەدا کۆمەڵێک شوێنی واقیعی بەرچاو دەکەون، ڕۆماننووس بەکاری هێناون، تا ڕوداوەکان لەخۆ بگرن، واڵە خوێنەر بکات کە ڕووداوەکان مۆرکی ڕاستییان پێوە دیار بێت.

### ٢. شوێنی خەیاڵی:

لە ڕۆمانی خەمی مەستوورە زۆر بەکەمی شوێنی خەیاڵی دەبینرێ، لەم نموونەیەدا بەر چاومان دەکەوێت، کاتێک مەستوورە خەون دەبینێت لەگەڵ سەگەکەی (مەجی) دەچێتە شوێنێکی دوور، شوێنەکە لای نەزانراوە بۆیە گێڕەرەوە دەڵێت: ((مەجی ئەرێ تۆ منت بۆکوێ هێناوە)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٢٢٢) دوای ڕۆیشتنیان بۆ ماوەیەکی درێژتر وێنەی ئەو موجەمەعە دەبینێت, کە گوڵە و مینای هاورێی بۆیان باس کردبوو، گێڕەرەوە درێژە بە ڕووداوەکە دەدات و دەڵێت: ((لە دوورەوە تارماییی خانووی موجەمەعێکی بینی، ئەو موجەمەعەی مینا و گوڵە بۆیان باس کردبوو، ئەو شوێنەی پێ دەچوو خدر و منداڵەکانی لێ بن، ئەو شوێنەی کە لە بیابانێکی زۆر زۆر دوور بوو، هەستی دەکرد ڕۆژێک یان بگرە چەندین ڕۆژ بەڕێوەیە )) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٢٢٢)

مەستوورە وردە لەو خەونەدا بۆی ڕوون دەبێتەوە خدر و کچەکانی نەماون، دوایی ئەو هەموو ساڵە لە چاوەڕوانی و بێ سەر و شوێن بوونیان دواجار بەو ڕاستییە دەگات، کە ئەو موجەمەعە هەر ئەو شوێنەیە کە خەڵکی گوندی جەلەمۆرد و گوندەکانی تریان لێوەی ئەنفال کردووە، زیاتر لەو ڕاستییە تێدەگەین کاتێک مەستوورە زیاتر نزیکی موجەمەعەکە دەبێتەوە و دەبینێت لەناو ئەو موجەمەعانە ((گەلە سەگێک لەناو ماڵ و کۆڵانەکانەوە دەرکەوتن، سەگەکان ڕەش و لۆقن بوون و بەردەوام بەناو یەکدا دەچوون، بیست سەگێک زیاتر

دەبوون، هەندێکیان روویان دەکردە حەوا و دەوەڕین، چەند سەگێک لە پێشەوە ددانەکانیان پیشانی مەستوورە و مەجی دەدا، مەستوورە لە مەجی رِوانی: ئەم درندانە لێرەن! کەواتە لەو موجەمەعە بەشەری بەزیندوویی تێدا ماون! )) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٢٢٣) دیارە ئەو گەلە سەگە رِەنگ رِەش و لۆقنانە هەر مەبەست لە سەربازەکانی حیزبی بەعس بووینە, کە وەک سەگ پەلاماری ئەو خەڵکەیان داوە و گەورە و بچووکیان لەناو بردووە، کەواتە رِۆماننووس زۆر بەجوانی و لێزانانە رِووداوێکی خەیاڵی دروست کردووە، خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەی رِۆمانەکە هەست دەکات کە هاوشێوەی ئەم جۆرە شوێن و کەسانە لە واقیع دا بوونیان هەیە.

## ٣. شوێنی هۆگر:

رِۆماننووسان هەمیشە گرنگی بە شوێنی هۆگری کارەکتەرەکان دەدەن و بە بایەخەوە لێ دەروانن، بە تایبەت شوێن و ماڵ و یادگارییەکانی منداڵی هەمیشە تایبەتە، جا هۆگر بێت یاخود ناهۆگر، مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری بێت و خۆی لێی لا بدات.

مەستوورە یادگارییەکی سەردەمی منداڵی خۆی بۆ مەجی دەگێڕێتەوە، کە منداڵ بووە، هاورێیەکی سەگی هەبووە، زۆری خۆشویستووە بەردەوام یاری لەگەڵ کردووە، تەنانەت کاتێک باوک و براکانی لە کار بووینە، لەناو ماڵەکەشدا پێکەوە یاریان کردووە، ناوی سەگەکەشی (بازە) بووە، ئەوەتا گێڕەرەوە لە رِێی زەینی مەستوورەوە بۆمانی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((سەگەکەم ناوی بازە بوو، من تەمەنم پێنج ساڵان بوو ... هەردووکمان بچکۆلانە و بزێو بووین، پێکەوە بەردەوام یاریمان دەکرد, کە باوکم و براکانم لە ماڵەوە نەدەبوون، دەمهێنا بۆ ژوورەکانی سەرەوە، بگرە بۆ ژووری میوان و تەنانەت ناو جێگاکانیش)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل١٩٣-١٩٤) گێڕەرەوە بەردەوام دەبێت و دەڵێت مەستوورە و سەگەکە لە رِووی بزێوی و هاروهاجییەوە وەک یەک بووینە بەڵام بازە زۆر زووتر گەورەی پێوە دیار بووە ((کاتێک تەمەنم بوو بە شەش ساڵ، ئەو تەمەنی خەریک بوو دەبوو بە ساڵیک، دەستم بە تووکی پشتیەوە دەگرت و بەدوای خۆیدا رِایدەکێشام. من لەچاو ئەودا بە بچووکی مامەوە و ئەو بوو بە گەماڵێکی گەورە و بەهێز، دەنگی گۆڕا و لە دەنگی وەرینەکەی، دڵم دادەخورپا، بەڵام وەکوو دوو هاورێی نزیک مانەوە.)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل١٩٤) کەواتە ئەو ماڵە شوێنێکی هۆگربووە، بۆ مەستوورە چونکە تێدا هەستی بە ئارامی و خۆشی کردووە ئەو سەگە هەستێکی تایبەتی پێی بەخشیوە کە مەستوورە دوای ئەو هەموو ساڵە هێشتا بیری لێ دەکاتەوە و چێژی پێ دەبەخشێت.

## ٤. شوێنی ناهۆگر:

ئەو شوێنەیە کارەکتەر هەست بە نائارامی و ناخۆشی دەکات، حەز ناکات تێیدا بمێنێتەوە، لەم رِۆمانەدا شوێنی ناهۆگر پانتایی رِۆمانەکەی داگیر کردووە، زۆربەی شوێنەکان ناهۆگرن و کارەکتەر تێیدا هەست بە مەترسی دەکات، گێڕەرەوە دەمانباتە سەردەمی منداڵی مەستوورە, کە خێزانەکەی لەناو دارمۆردەکاندا خۆیان شاردبۆوە لە ترسی هێرشی سەربازانی بەعس، بۆیە دەڵێت: ((بێدەنگ لەناو دارمۆردەکاندا خۆمان شاردبووەوە، باوکم زوو زوو لەبەر خۆیەوە و بە چرپە: فززەتان لێوە نەیەت!)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٥٣)

گێڕەرەوە زیاتر دەمانباتە نێو ناوەرۆکی رِووداوەکە ئاماژە بەوە دەدات، نەک تەنیا خێزانی مەستوورە، بەڵکو تەواوی خەڵکی گوندی جەلەمۆرد لە مەترسیەکی گەورەدا بوون، بەتایبەت کاتێک سەربازەکان زۆر لێیان نزیک بوونەتەوە و ئاگریان لە دارەمۆردەکان بەرداوە، بەڵام ئەوان تا دەمەوبەیان لەناو ئەو دارانەدا ماونەتەوە و چاوەڕێی مەرگ بوون ئەوەتا گێڕەرەوە دەڵێت: ((تاوەکو دەمەوبەیان و پێش خۆرکەوتن لەناو پەڵە دارمۆردەکاندا مابنەوە، چاوەڕوان بووین ئاخۆکەی ئاگرەکە دەمانگاتێ و وەکوو قەدی دارمۆردەکان دەبینە خۆڵەمێش.)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٥٤), بەڵام دواتر بەسەلامەتی هەمووی خەڵکی گوندەکە لێی دەردەچن ئەوەتا دەڵێت: ((کەس بە گوللەکان نەکەوتبوو، هەروەها ئاگرەکە نەگەیشتبووە قووڵایی پەڵە دارمۆردەکان و کەس پەنجەی گەرم نەبووبوو.)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٥٤ -٥٥) کەواتە لەم رِووداوەدا دەتوانین بڵێین شوێنەکە دژبەرە، نەک ناهۆگر چونکە مەرجە لە شوێنی دژبەر کارەکتەرەکان تووشی ئەشکەنجەدان یاخود مەرگ و مردن ببنەوە، دەتوانرێت بەم شێوەیە ئەم دوو شوێنە جیابکرێتەوە، کە ((خاڵی جیاکەرەوەی نێوانی ئەو دوو جۆرە شوێنە ئەو مەترسی ئەشکەنجە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

و ئازاردان و بوونی مەترسی مەرگە یە کە لە شوێنی دژبەردا ڕووبەڕووی کارەکتەر دەبێتەوە، یان هەستی پێدەکات. بە پێچەوانەی شوێنی ناهۆگرەوە کە بە شێوەیەکی ئاسایی دوور لە هەست کردن بە مەترسی تیایدا دەژی، بەڵام تیایدا نائارامە و هەست بە سۆز و گەرم و گوڕی ناکات)) (ساڵح، ٢٠١١، ل١١٦)

## ٥. شوێنی کراوە:

شوێنێکە کارەکتەرەکان بە ئارەزووی خۆیان بەکاری دەهێنن، ئازادن لە بەکارهێنانی و هاتووچوون دا. لەم ڕۆمانەدا زۆر شوێنی کراوە دەبینرێت و ڕووبەرێکی فراوانیان داگیرکردووە، سەرەتا ڕووداوی ئەنفال ڕووبەرێکی زۆری ناوچە کوردییەکانی گرتۆتەوە بەمەش خەڵک لە ترسی گیانی خۆیان بۆ زۆر شوێنی کراوە هەڵهاتوون وەک دەشت و کێو و ئەشکەوتەکان.

مەستوورە دوای ڕزگاربوون لەم ڕووداوە بەرەو زۆر شوێنی کراوە ڕۆیشتووە، کاروانی ڕووداوەکان لەو شوێنانە درێژەی کێشاوە و بەردەوام بووە. گێڕەرەوە لە ڕێگای زەینی مەستوورە و بە زمانی ئەو ڕووداوەکە بۆ (کتە) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((دەزانیت ئەو ڕۆژە لە بازاڕ بۆچی بە شەڕ هاتم؟ چونکە سەگبابێکی نارەسەن پێی گوتم: لادێیی بێئەقڵ، بۆچی نارۆیتەوە بۆ ئەو کاولەیەی لێوەی هاتوویت! وەک بڵێی من لە هەولێر نانی دەستی ئەو بخۆم. تەنها لەبەر ئەوە بوو. داوای باقییەکەم لێ کردەوە، وای دەزانی ژنم و لادێیی و بێئەقڵم)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل١٥) کەوایە لەم نموونەیە (بازاڕ,–دوکان,–هەولێر, -لادێ) دەبینرێت، چەند شوێنێکی کراوەن هەموو کەسێک دەتوانێت بۆی بچێت و بەکاری بێنێت.

## ٦. شوێنی داخراو:

شوێنێکە تایبەتە بە کارەکتەرێک یاخود چەند کارەکتەرێک و تایبەتمەندی ئەو کارەکتەرەی پێوەبەندە. لەم ڕۆمانەدا شوێنی داخراو زیاتر خۆی لە (ماڵ)دا دەبینێتەوە، ئەوەتا بارام، کە کوڕی شێخ بایزی جاشە. باسی ڕابردووی خۆی دەکات. دوای ئەوەی لەگەڵ بورهانی برای لە بازاڕ هاتونەتەوە و جلەتازەکانیان لەبەر کردووە، بەڵام لەناکاو دەنگی تەقەیان بیستووە و دوژمنەکانی باوکی بەسەر ماڵەکەیان داداوە، بووەتە هۆی مردنی براکەی و دوو لە مامەکانی، گێڕەرەوەدەڵێت: ((کە دێمەوە بەر ئەو ماڵە دەوەستم دیمەنەکانی ئەو ڕۆژ و شەوەم دێنەوە پێش چاو ... بەو جۆرە زیاتر لە کاتژمێرێک تەقە و تەقینەوە بەردەوام بوو ...بەبیرم دێت لەو کاتەدا دایکم بەدەم گریان و هەنسکهەڵکێشانەوە وتی: دەی کوا بورهان، لەکوێیە ئەو کوڕە؟ بۆ دەنگی نییە؟ ... وام دەزانی لە ترسی تەقەکان لەپاڵ دیواری حەوشەکەدا خۆی مات کردووە. چووم لە تەنیشتیەوە دانیشتم ... چەند جارێک لەبەر خۆمەوە بانگم لێ کرد: کاکە بورهان! ... بەڵام دیار بوو پێش ئەوەی من بگەمە لای، ئەو گیانی دەرچووبوو... لەو کاتەدا مامە حامیدم بەدەم هاوار و بانگەوە گەیشتە سەرمان: کوڕە، حەکیم و حیکمەتیش پێوە بوون.)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل١٦٠-١٦١-١٦٢) کەواتە ئەم ماڵە شوێنێکی داخراوی ناهۆگرە و کۆمەڵێک ڕووداوی جەرگبڕی تێدا دروستبووە، کە کاریگەری لەسەر کارەکتەرەکانی نێو ڕووداوەکەدا بەجێهێشتووە، بەجۆرێک بارام لەگەڵ هەر بینینێکی ئەم خانووە، ئازارەکەی لێ نوێ دەبێتەوە و ڕووداوەکەی دێتە پێش چاو.

## تەوەری دووەم: پراکتزەکردنی توخمی کات

## ڕێچەکەکانی کات: ١. ڕێچکەی دواخراو ٢. ڕێچکەی پێشخراو

### ١. ڕێچکەی دواخراو:

ئەم ڕێچکەیە بەکاردێت لە ڕۆمان، کە گێڕەرەوە دێت ڕووداوێک یاخود چەند ڕووداوێک, کە لە کاتی خۆی باسی نەکردووە جا لەبەر هەر هۆیەک بێت، گێڕانەوەکە لە ئێستادا ڕادەگرێت و ڕووداوێکی ڕابردوو باس دەکات, کە بۆ پێدانی زانیاری زیاتر و ڕوونکردنەوەی پێویست لە ئێستادا دەیانگێڕیتەوە، ئەم ڕێچکەیە لە ڕۆمانی خەمی مەستوورە دا دەبێت بەسێ جۆر:

### أ. ڕێچکەی دواخراوی دەرەکی:

مەستوورە لەزاری گێڕەوەوە باسی ئەوکاتە دەکات, کە لە پێش بارەگای حیزبی بەعس دەیەوێت سۆراغی خدر وکچەکانی بکات چاوی بە شێخ بایز دەکەوێت کە لەسەردەمی گەنجی حەزیان لە یەکتر کردبوو بە ڕێکەوت لەوێدا یەکتر دەبینن و دەڵێت: ((ئەو ڕۆژە کە لەبەردەم بارەگای یەرمووک دوای زیاتر لە بیست ساڵ ڕێکەوتی شێخ بایزم کرد)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٧٣) کەواتە گێڕەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ بیست ساڵ پێش ئێستا کە دوای ئەو ماوە زۆرە دووبارە شێخ بایز دەبینێتەوە، کاتێک دەزانێت تەنیایە، شێخ بایز دەیخوازێت، هەرچەندە مەستوورە بەناچاری شووی پێکرد بەڵام وەک دەڵێت: ((ئەوەندم لە شێخ بایز دەست کەوت کە لە سایەی سەری ئەوەوە خاوەنی ماڵی خۆمم)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٧٣) مەستوورە دوای ئەوەی کەس وکاری لە دەست دەدات، بایز بۆی دەبێت بە فریادرەس، بەڵام مەستوورە بەوە ناوەستێت و دووبارە بەگەڕانەوە بۆ دواوە نهێنیەکی تری شێخ بایزمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئەوەتا گێڕەوە دەڵێت: ((ساڵێک دوای ئەوەی شووم پێکردبوو، زانیم ژنی تری هەیە. بایز باوکی دوو کوڕ و کچێکە. کاتێک شووم بە بایز کرد، زۆر دزەگورگانە بوو، پێی گوتم نابێت کەس لێت ببیستێت کە پێشتر مێرد و منداڵت هەبووە، ئەو ڕۆژە مەلایەک و دوو پیاوی تری لەگەڵ خۆی هێنابوو. بەو جۆرە شووم بە بایز کرد)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٧٣) گێڕەرەوە بەهۆی تەکنیکی دواخراوی دەرەکی بۆ ژیانی شێخ بایز و مەستوورە گەڕاوەتەوە، واتە پێدانی زانیاری زیاتر و ڕوونکردنەوەی زۆرتر تا خوێنەر بزانێت کە بایز و مەستوورە چۆن یەکتریان ناسیوە و چۆن هاوسەرگیریان کردووە.

### ب. ڕێچکەی دواخراوی ناوەکی:

ئەم جۆرە ڕێچکەیە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو. زۆربەی کات لە ڕێگەی زەینەوە ڕوودەدات، لەم ڕۆمانەش زۆربەی گەڕانەوەکان لە ڕێگەی زەینی مەستوورەوە ڕوودەدەن، ئەوەتا لە ڕێگای خەون بینینەوە مەستوورە دەمانگەڕێنێتەوە سەرەتای دەست پێکردنی شەڕ لە گوندەکان لەلایان بەعسییەکانەوە، دواتر بووە هۆی کوشتن و چۆڵکردنی خەڵکەکە لە گوندەکەیان، ئەوەتا دەڵێت: ((مەستوورە ئەمشەو دیسان خەونی بینیبوو. دەنگی هاوار و بانگ و گریان، دەنگی شریخەی ئەو گوللانەی لەناو چەمی باوەڕووشە تەقێنران، کاتی هاتنی سەربازەکان، دەنگی گریانی منداڵ و قیژەی ژنەکان، کاتێک ئەو خەڵکەی لەوێ خۆیان شاردبووەوە و ئاشکرا بوون. بەردەوام ڕووداوەکانی ئەو چەند شەو و ڕۆژە بە خەون دەبینێتەوە، دەنگی ئەو گوللانەی تەقێنران؛ هێشتا لە گوێکانیدا دەزرنگێنەوە، شوێنەواری خوێنی ئەو دوو پیاوەی یەکەم کەس پێوە بوون.)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل١١) کەواتە گێڕەرەوەکە ئێستایی گێڕانەوەکە بەجێ دێڵێت و دەگەڕێتەوە دواوە، بۆ ئەوەی هەندێ ڕووداوی ڕابردوو لە ساتێکی پاش ڕوودانەکەی بگێڕێتەوە.

### ج. ڕێچکەی دواخراوی تێکەڵ:

ئەم جۆرە تێکەڵەیە لە هەردوو جۆرەکەی تر، واتە ڕووداوەکە لە ڕابردوو ڕوویداوە هێشتا بەردەوامە و پەیوەندی بە ئێستاشەوە هەیە. بگێڕەوە باسی زەمەنی هەرزەکاری خۆیمان بۆ دەکات، کاتێک دایکی گلەیی لێکردووە, کە کچێکی باش نییە، ئەگەر لەبەر باوکی نەبێت ئەوا پیاوەکانی قاسم ئاغا، کە پیاوی بەعسی و جاش بووینە سواری خۆی دەکات، کەواتە گێڕەوە دەستمان دەگرێت و بەرەو ڕابردوومان دەبات و لەزمانی مەستوورەوە پێمان دەڵێت: ((دایکم ناحەقیی دەرحەق کردم، کاتێک دەیگوت: تۆ نازانیت عەشق چییە، ئیتر کامە لە پیاوەکانی

قاسم ئاغا ڕوو لەم ئاواییە بکەن؛ تۆ چاوبرکێیان لەگەڵ دەکەیت, ئەگەر چاوی باوکتت لێوە دیار نەبێت، هەموویان سواری خۆت دەکەیت!)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل١٥) دواتر گێڕەرەوە درێژە بە ڕووداوەکە دەدات، باسی ئەو جادووە دەکات، کە دایکی لێی کردووە، تا بۆ یەکێک لە پیاوەکانی قاسم ئاغا بێت، بۆیە دەڵێت: ((هەروەها جارێک ئەوەم لێێ بیست کە جادووی لێ کردووم و بە نسیبی یەکێک لە پیاوەکانی قاسم ئاغا دەبم!)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٧١-٧٢) دیارە مەستوورە دەیەوێت بڵێت دوای ئەو هەموو ساڵە ڕەنگە جادووەکەی دایکم ڕاست دەرچووبێت بە نسیبی شێخ بایز بووم ئەو پیاوەی لە دێی جەلەمۆرد (٢٠) ساڵ پێش ئێستا خۆشم ویستبوو، بۆیە گێڕەرەوە دەڵێت: ((پێدەچێت کاریگەری جادووەکەی دایکم بێت، تووشم بە تووشی شێخ بایز بووە)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٧٦) کەواتە گێڕەوەوە ڕۆشنایی دەخاتە سەر بەشێک لە ڕووداوەکانی ژیانی مەستوورە و زیاتر خوێنەر بەرەو وردەکاری ژیانی ئەو دەبات و پەیوەستی دەکات بە ئێستای ژیانی ئەو کارەکتەرە.

## ٢.ڕێچکەی پێشخراو:

لەم ڕۆمانەدا زۆر کەم ئەم جۆرە ڕێچکەیە دەبینین زیاتر گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، بەڵام لە یەکێک لە نموونەکان مەستوورە کاتێک قسە بۆ وێنەشکاوەکەی بایزی مێردی دەکات و پێی ڕادەگەیەنێت، کوڕەکەی (باران) چیتر ئەو بە باوکی خۆی نازانێت، لەگەڵ کچە هاوڕێکەی (حەنان) ژیانێکی نوێ دەست پێ دەکەن، تەنانەت هەوڵیانداوە لەبەر باوکیان, کە کۆنەجاش بوونە ناوەکانیان بگۆڕن تاوەکو لەبەر ڕەفتارە گڵاوەکانی ئەوان نەبنە جێگەی تیروتوانجی خەڵکی، لێرەدا گێڕەرەوە لە زاری مەستوورەوە دەڵێت: ((منداڵەکانی تۆ و حەسۆی شەریف زێباری هاوڕێت شەرم لە کردەوەکانی باوکیان دەکەن ... ئەو ڕۆژە بێ ئەوەی بارام و حەنان هیچم بۆ باس بکەن، خۆم ئەوەم لەلا ئاشکرا بوو, کە ئەوان دڵخوازی یەکترن ... دێنەوە لە هەولێر دەژین، وتیان ئیتر ئێمە هەقمان بەسەر باوکمانەوە نییە و بۆخۆمان ژیانێکی نوێ دەست پێ دەکەین، هەوڵی ئەوەیان داوە کە ناوەکانیان بگۆڕن، لەبەر ئەوەی کەس لەمەولا بە هۆی بێڕەوشتی و تاوانەکانی باوکیانەوە گێچەڵیان پێ نەکات.)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل١٥٦-١٥٧)

کەواتە بگێڕەوە ڕووداوەکانی ئێستای ڕاگرتووە و باسی داهاتوومان بۆ دەکات چۆن ئەم کوڕ و کچە بەنیازن هاوسەرگیری بکەن و نەخشەو پلانیان داناوە تاوەکو ژیانی تایبەتی خۆیان بە ڕێ بکەن .

## سیستەمی کات:

**١.خێراکردنی کات ٢.سستکردنی کات**

## ١.خێراکردنی کات:

ڕۆماننووس پەنا بۆ خێراکردنی کات دەبات بۆ ئەوەی بەخێرایی باسی ڕووداوەکە بکات و ڕووداوێکی درێژ لە ڕووی زەمەنییەوە بە چەند دێرێک یان پەراگرافێک باس بکات، ناچێتە ناو وردەکارییەوە بەو مانایەی ((هەندێک ڕووداو ڕەنگە ساڵ و مانگ و ڕۆژ بخایەنێت کەچی لە چیرۆکدا بە چەند دێرێک کۆتایی پێ دێت، هەندێک ڕووداویش چەند کاتێکی کەم دەخایەنێت، کەچی لەناو دەقەکەدا بە چەند لاپەڕە دەگێڕدرێتەوە)) (جینێت، ١٩٩٧، ل١٠٢)

أ.کورتکردنەوە:

تەکنیکێکە بەکاردێت بۆ خێراکردنی کات لە ناو ڕۆماندا و بەشێوەیەکی کورت و پوخت ڕووداوێکی درێژ پێشکەش دەکرێت بێ ئەوەی بچێتە کەلێن و وردەکاری ڕووداوەکانەوە .

مەستوورە دەمانگەڕێنێتەوە منداڵی خۆی، کاتێک حەرەس قەومی هاتبوون و گوندەکەیان لێ سووتاندبوون، دیارە مەستوورە

نازانێت ئەوان کێن و چ کارەن بۆیە دەڵێت: ((ئەو کاتە منداڵ بووم و ئەوەم نەپرسی، بەڵام بەدرێژایی ڕۆژگار لەو ناوە عەرەبییانە تێگەیشتم. ئیتر خۆ حەرەس قەومی مەبەستیان لە سەربازەکانی دەوڵەت بوو.)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٥٧-٥٨) کەواتە گێڕەرەوە بەسەر ماوەیەکی زەمەنی زۆردا تێپەڕیوە، بەڵام باسی ئەو وردەکارییانەی نەکردووە، کە بوونەتە هۆی تێ گەیشتنی مەستوورە لەو وشە عەرەبییانە، بۆیە گێڕەرەوە بەهۆی ئەم تەکنیکەوە خێرا بەسەر ڕووداوەکان ڕەت دەبێ و کاتەکەمان بۆ پێش دەخات .

ب -لابردن:

تەکنیکێکە بە مەبەستی خێراکردنی کات بەکاردەهێنرێت، واتە یان کاتەکە دەستنیشان دەکرێت، کە خوێنەر ڕاستەوخۆ لە لابردنەکە تێدەگات، یاخود دەبێت خۆی هەست بەو کەلێن و بازدانە بکات، کە دەکەوێتە نێو کاتی گێڕانەوەکە. دوو جۆر لابردن هەیە :-

١.لابردنی دیاریکراو:

لەم جۆرەیاندا کاتە لابردراوە دەستنیشان دەکرێت، لەو نموونەیەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کاتێک شێخ بایز باسی ڕابردووی خێزانەکەی خۆی بۆ مەستوورە دەکات، چۆن دایک و باوکی لە ماوەیەکی زەمەنی کورت دا لەدەستداوە، بۆیە گێڕەرەوە ئەرکی گێڕانەوەکە دەداتە دەست شێخ بایز و بە زمانی ئەو دەڵێت: ((ساڵی ١٩٦١ باوکم لە کەرکووک هەڵهات و بوو بە پێشمەرگە. لەگەڵ دایکم و براکانم لە ماڵی باپیرەم بووین، تاوەکووساڵی ١٩٦٣ چاومان پێی نەکەوتەوە، مەبەستم ئەوەیە تاوەکوو ئەو ڕۆژەی هەواڵیان بۆ هێناین کە تەرمەکەی لە مەیتخانەی جمهووری بوو)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٧٤) ، کەواتە لێرەدا لابردنێکی دیاریکراو هەیە, بریتییە لە (٢) ساڵ، بگێڕەوە بەسەریدا تێپەڕیوە، دواتر درێژە بە ڕووداوەکە دەدات و دەڵێت: ((لە دوای ئەو ڕۆژەوە، دایکم لە گریان و کرووزانەوە زیاتر تاوەکوو مرد هیچی ترمان لێ نەبیست، هەمووی ساڵێکی نەبرد دوای کوژرانی باوکم دڵی وەستا و مرد)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٧٥) کەوایە گێڕەرەوە لێرەدا ساڵێکی تریشی لابردووە و بەخێرای بەسەریدا تێپەڕیوە. کەوایە ((لابردنی ڕاگەیەندراو ئەو لابردنەیە کە تیایدا حیکایەتخوان مەودای ماوە لابراوەکەمان بۆ دیاری دەکات و لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەو ڕووداوە لە ماوەی چەند ڕۆژێک یا چەند مانگێگ یان چەند ساڵێک ڕوویانداوە، بەڵام چۆنییەتی ڕووداوی ڕووداوەکانمان پێناڵێت)) (حاجی، ٢٠٠٩، ل١١٩).

٢.لابردنی دیارینەکراو:

لەو نموونەیەدا لابردنەکە دیارینەکراوە، بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی ڕووداوەکە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، گێڕەرەوە ماوەیەکی زۆری لاداوە، کە پەیوەستە بە تەمەنی مەستوورەوە، ئەوەتا باسی دایکی دەکات، جادووی لێ کردووە, کە خوێنی بێت بەهۆی ئەوەی پەردەی کچێنی نەماوەو تاوەکو خدری مێردی هەستی پێ نەکات, بەڵام دیارە ئەم جادووە هەر ئەو شەوی ئیشی خۆی ناکات بەڵکو تەمەنێکە لەگەڵ مەستوورە ماوەتەوە و تەواو بێزار و هەراسانی کردووە، بۆیە گێڕەرەوە دەڵێت: ((کلێنکسێکی سپیی خوێناویی لەناو لەشی دەرهێنا، بەنیگایەکی پرسیارئامێزەوە سەری بادا و گوتی: لە نهێنیی ئەم خوێنە تێناگەم، دایکم گوتی هەر ئەو شەوە خوێنت دەبێ, کە لەگەڵ خدر دەچێتە پەردەی بووک و زاوایەتییەوە، لەبەر ئەوەی خدر نەزانێت پەردەی کچێنیت داوە بە یەکێک لە پیاوەکانی قاسم ئاغا. ئەوەتانێ تاوەکوو ئەمڕۆش دایکم دێتە خەونم و پێم دەڵێت: خەتاکە لە تۆوە بوو، چونکە تۆ بۆ چەمی باوەڕووشە بانگ کردبوون)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٧٠) کەوایە ئەو کاتەی لادراوە هیچ کاریگەری لەسەر ڕەوتی گێڕانەوەکە نەکردووە، هیچ بۆشایەکی داگیر نەکردووە، لە بارودۆخی ڕووداوەکەدا، بۆیە ڕۆماننووس درێژدادری ناکات و بەهۆی ئەم تەکنیکە کاتەکە لا دەدات .

## ٢.سستکردنی کات:

ئەم جۆرەیان کاتەکان درێژ دەکرێنەوە و ڕووداوەکان وردتر باس دەکرێن لە قەبارەی خۆیان، بەمەش کاتێکی زۆرتر لە کاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا دەگرن. کە ئەمەش بە هۆی تەکنیکی دیمەنەوە دەبێت .

دیمەنیش ئەو تەکنیکەیە، بە مەبەستی سستکردنی کاتی نێو ڕۆمان بەکاردێت، ئەمەش خۆی لە دوو جۆر دا دەبینێتەوە :-


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

### أ.دیمەنی وێنەیی:

ئەو جۆرەیان مەبەست لێی پیشاندانی دیمەنە، بە وشە لە لایان گۆشەنیگای گێڕەرەوە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ورد و تۆکمە پیشان دەدرێت، کە لەکاتی خوێندنەوەیدا وا هەست دەکەی کاتی ڕووداوەکە و کاتی گێڕانەوەکە بۆ ساتێک لە ئێستا دا ڕوو دەدەن.

لە ڕۆمانی خەمی مەستوورەدا ڕۆماننووس ئاشنامان دەکات بە دیمەنێکی وێنەیی مەستوورە، کە لە خەودا بینیبووی دیسان، گەڕابۆوە دێی جەلەمۆرد و چەمی باوەڕووشە، کاتێک سەربازەکان هاتبوون بۆ کوشتنی ئەو خەڵکە هەژار و بێدەسەڵاتە، بەتاڵانبردنی گوندەکەیان. ئەوەتا گێڕەرەوە دەڵێت: ((مەستوورە ئەمشەو دیسان خەونی بینیبوو. دەنگی هاوار و بانگ و گریان، دەنگی شریخەی ئەو گوللانەی لەناو چەمی باوەڕووشە تەقینران، کاتی هاتنی سەربازەکان، دەنگی گریانی منداڵ و قیژەی ژنەکان، کاتێک ئەو خەڵکەی لەوێ خۆیان شاردبووەوە و ئاشکرا بوون. بەردەوام ڕووداوەکانی ئەو چەند شەو و ڕۆژە بە خەون دەبینێتەوە، دەنگی ئەو گوللانەی تەقێنران؛هێشتا لە گوێکانیدا دەزرنگێنەوە، شوێنەواری خوێنی ئەو دوو پیاوەی یەکەم کەس پێوە بوون)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل١١) کەواتە گێڕەرەوە لە ڕێگەی بینینی مەستوورەوە ئەو دیمەنانەمان بەدرێژیی بۆ باس دەکات، هەروەها کاتی گێڕانەوەکەش لەسەرخۆ دەڕوات و خوێنەر ڕادەگرێت، تاوەکو ئەو ڕووداوە بەوردی و تەواویی، هەموو گۆشەکانی ببینێت، وەک ئەوەی خۆی لەدوورەوە بینەری ئەم ڕووداوە بێت.

### ب. دیمەنی درامی:

لەم جۆرەیاندا بەشێوەیەکی درامی ڕووداوەکە پێشکەش دەکرێت، واتە کارەکتەرەکان خۆیان دەکەونە قسە و گفتوگۆ و بە شێوەیەکی درامی خۆیان ڕووداوەکە پێشکەش دەکەن .

لە دیمەنێکی درامیدا ڕۆماننووس ئاشنامان دەکات بە دیالۆگی نێوان دوو سەرباز، لە ڕێگاوەن بۆ ئەوەی خەڵکی دێی جەلەمۆرد بەرەو شوێنی ئەنفال کردن ببەن، ئینجا باسی ڕۆمانی (تاوان و سزا)ی ڕۆماننووس (فیۆدۆر دۆستۆیفسکی) دەکەن، سەربازە باڵابەرزە سوورکەرەکە کاتێک باسی ئەم کارەکتەرە بۆ سەربازە کورتە باڵاکە دەکات، دەبینێت هیچ زانیاریکی دەربارەی نییە، بۆیە پیی دەڵێت: (( چۆن ئەو کتێبەت نەخوێندووەتەوە؟ ئەی تۆ چۆن دەڵێت لە زانکۆی بەغداد خوێندوومە، کەچی ڕێکەوتی ئەو کتێبەت نەکردووە؟ وەکو پێم وتیت، لە ماڵی ئێمە لە نەجەف بێجگە لە قورئان و تەفسیر؛ هیچ کتێبێکی تر لە بەر دەستماندا نەبووە. دوایش کە چوومە زانکۆ لە کتێبخانەی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان کتێبی لەو جۆرەی لێ نەبوو، چونکە کتێبەکانی ئەو کتێبخانەیە هەمووی دەربارەی ئاینی ئیسلام بوون ... منیش تاوەکوو نەچوومە زانکۆی موسڵ، لە ماڵەوە بۆم نەبوو بێجگە لە ئینجیل، هیچ کتێبێکی تر بە دەستمەوە ببینرێت، ئەو سەردەمە لە عەینکاوە ئێمەش تەنها کتێبە دینییەکانمان شک دەبردا!)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٢١-٢٢)

### ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێکی دیاریکراو بە خاڵ ڕوونیان دەکەینەوە:

١.شوێنکات لای ڕۆماننووس زۆر گرنگی پێدراوە، بەجۆرێک ڕووداوی سەرەکی لە ڕێگەی چەمکی شوێنکاتەوە واتا و دەلالەتی پێ بەخشراوە و هەڵوەستەی لەسەر کراوە.

٢.شوێنکات لەو ڕۆمانەدا، خوێدنەوەیە بۆ خستنەڕووی ئەو کات و شوێنانەی کە پەیوەستە بە خەڵکی کوردستان و نەتەوەی کورد و بەتایبەت وێنەی ئەو ژانەی دوای کارەساتی ئەنفال بەتەنیا بەجێماون.

٣.چەندین جۆری شوێن و شێوازی کات لە ڕۆمانەکەدا بەرجەستە کراوە، بە جۆرێک زۆربەی تەکنیکەکانی ڕۆمانی نوێی تێدا بەکارهێناوە، بەمەش زیندوویەتی بە دەقەکە بەخشیوە و هەستێکی قووڵ و کاریگەر لەسەر خوێنەر بەجێ دێڵێت.

## لیستی سەرچاوەکان :

### کتێب بەزمانی کوردی:

١. ئیسماعیل، سەباح، (٢٠٠٩)، چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، دەزگا و چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢. ئەبراهام، میران، (٢٠٢٠) ، خەمی مەستوورە- ڕۆمان، چاپخانەی کەپر، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٣. حاجی، سەنگەر قادر شێخ محەمەد، (٢٠٠٩)، بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆک.

٤. سابیر، پەرێز، (٢٠٠١)، بینای چیرۆکی کوردی (لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٥. ساڵح، تانیا ئەسعەد محەممەد، (٢٠١١)، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە ، ئەژدیها)، ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

### کتێب بەزمانی عەرەبی:

٦. باختین، میخائیل، (١٩٩٠)، اشکال الزمان و المکان فی الروایة، ت: یوسف حلاق ، منشورات وزارة الثقافة، دمشق.

٧. بحراوي، حسن، (١٩٩٠)، بنية الشكل الروائي (الفضاء– الزمن– الشخصية) المركز الثقافي العربي، ، الطبعة الاولى، بيروت .

٨. جنداري، ابراهيم، (٢٠٠١)، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

٩. جينيت، جيرار، (١٩٩٧)، خطاب الحكاية ( بحث في المنهج )، ترجمة: محمد معتصم و عبداجليل الأزدي و عمر حلي، المجلس الاعلى للثقافة، ط٢، القاهرة.

١٠. قاسم، سيزا أحمد، (١٩٨٤)، بناء الرواية، دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

١١. يوسف، امنة، (١٩٩٧)، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، دار الحوار اللاذقية، ط ١.

١٢. حمدامين، معتصم، (٢٠١٢)، بنیاتی توخمەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (شێرزاد حەسەن)دا ، نامەی مستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، سکووڵی زمان، زانکۆی کۆیە.

١٣. عبدولمەحەمەد، ماریا جەلال، (٢٠١٥)، دەلالەتەکانی شوێن لە دەقەکانی(نەوزاد ڕەفعەت)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین -هەولێر.

١٤. کاکەسوور، کاروان عومەر،(٢٠٢١)، کات وەک پرسیارێکی شەڕانگێز لە ئەزموونی مندا، گۆڤاری گێڕانەوە، ژمارە (١)، هەولێر.

### سایتەکان:

15. the MasterClass staff, ( 2021), what is a flashback, https://www.masterclass.com/articles/what-is-a-flashback.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

# بەهای دادپەروەری لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا

**بەهار صالح أبابکر [١]، مەولود ابراهیم حەسەن [٢]**
[١,٢] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Corresponding author's e-mail: Mawlud.hassan@su.edu.krd

## پوختە:

ئەم توێژینەوە بە ناونیشانی «بەهای دادپەروەری لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا» دایە، مەبەستیەتی کاریگەری دادپەروەری لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردی بخاتە ڕوو، توێژینەوەکە هەوڵ دەدات کۆمەڵێک لایەنی گرنگ دەربخات، وەکو (چەمکی ژیان، چەمکی فۆلکلۆر و چەمکی حەکایەت). هەروەها ناساندنی جۆرەکانی حەکایەت لە فۆلکلۆری کوردیدا لەگەڵ ئەوەشدا خستنەڕووی بەهاکان و بەتایبەتی بەها کۆمەڵایەتییەکان لەناویشیاندا کاریگەری دادپەروەری لەسەر گوێگر . توێژەرەکان گەیشتوونەتە ئەو ڕایەی کە حەکایەت سەرچاوەیەکی بە نرخی زانیاری و پەروەردە کردنە. یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە دادپەروەری لە سەرووی هەموو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوەیە و دەبێتە هۆی ڕێکخستنی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە، لەپاڵیشیدا نادادپەروەری هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ تێکچوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە.

**وشە کلیلییەکان:** (ژیان، حەکایەت، بەها، دادپەروەری)

## ملخص:

هذا البحث تحت العنوان «القيم العدالة في حكاية الفولكلورية الكردية»، تهدف إلى إظهار مدى تأثير العدالة في الحكاية الفولكلورية، في هذه الدراسة حاولت لباحثة الى اظهار المفاهيم من جوانب الحياة و الفولكلور و الحكاية الكوردية، وتهدف الى تعريف أنواع الحكايات الكوردية و معاننا الى اظهار القيم الاجتماعية وتأثر العدالة من جانب القارئ. وقد اكد البحث ان الحكاية تعد من المصادر المهمة لكسب المعلومات بهدف التعليم، و من استنتاجات هذة البحث يبين لنا أن العدالة فوق جميع العلاقات الاجتماعية و تهدف الى تنظيم حياة الفرد في المجتمع و عكس ذلك هي احد الاسباب الاساسية لانهيار النظام الاجتماعي في المجتمع.

**الكلمات المفتاحية:** (حياة، حكاية، قيم، عدالة)

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٤/١٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٦/١٤ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Mawlud.hassan@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ بەهار صالح أبابکر، پ. د. مەولود ابراهیم حەسەن،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

The present study which is entitled “The Justice Value in Kurdish Folkloric Tales” aims to explore the effect of justice in folkloric tales. It attempts to unfold different concepts and aspects pertaining to life through Kurdish folkloric tales. It also tries to find the different types of Kurdish tales, paying special attention to the social values underlying them.

The study confirms that tales are an important source of information that serves pedagogical purposes. It also highlights the superiority of justices in social relations as it organizes individuals’ life in the society. The absence of justice is one of the main reasons behind the collapse of the social system in the society.


**Keywords:** life, tale, value, juctice

## پێشەکی:

فۆلكلۆر وەك بەشێکی سەرەکی توێژینەوەی ئەدەبی، گرنگی خۆی هەیە لە نێو ڕێبازی لێکۆڵینەوە و کاری زانستیدا، بەتایبەتی حەکایەت گەوهەرێکی بەنرخی کانگای زانست و زانیارییە، بۆ ئەم مەبەستە ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (بەها کۆمەڵایەتیەکان لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا (دادپەروەری بە نموونە)، ئەرکی ئەم لێکۆڵینەوەیە، جگە لە ئاشناکردنمان بە چیەتی ژیان و حەکایەت وەکو سەرچاوەیەکی زانیاری ، دەرخستنی ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی، کە لە دەقی حەکایەتە کۆکراوەکانی (جەمال گردەسۆری)دا هەیە، بەتایبەتی بەهای دادپەروەری و نادادپەروەری، کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ڕێکخستنی ژیان.

-ڕیبازی توێژینەوەکە: بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە پەیڕەوی میتۆدی (وەسفی – شیکاری) کراوە، لەگەڵ خستنەڕووی لایەنە تیۆرییەکە لەپاڵ ئەو لایەنەش لایەنی شیکاری و پڕاکتیکی ئەم بەهایانە لە حەکایەتەکاندا خراونەتە بەرباس و شیکردنەوە.

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە وردبوونەوەیە لە دەرخستنی کاریگەری بەها کۆمەڵایەتیەکان لە نێو حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا، کۆمەڵێک وردەکاری گرنگمان بۆ دەردەکەوێت، بەتایبەتی دادپەروەری وەکو بەهایەکی بەرزی کۆمەڵایەتی. کەرە ستەی توێژینەوەکە بریتییە لە چەند بەرهەمێکی کۆکراوەی حەکایەتەکانی (جەمال گردەسۆری)، لە ئەنجامی شیکردنەوەی ئەو بەرهەمانە، کەرە ستەی توێژینەوەکەیان پێک هێناوە.

-پێکهاتەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێت:-

-بەشی یەکەم: ئەم بەشە زیاتر بەشێکی تیۆرییە و لەم تەوەرانەی خوارەوە پێکهاتووە، کە بریتین لە:-

-چەمکی ژیان

-تێڕوانینی ئایین بۆ ژیان

-بەهاکانی ژیان

-بەشی دووەم: ئەم بەشە زیاتر بەشێکی پراکتیکییە و لەم تەوەرانەی خوارەوە پێکهاتووە، کە بریتین لە:-

-چەمکی فۆلکلۆر و حەکایەت

-جۆرەکانی حەکایەت

-تایبەتمەندیەکانی حەکایەت


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

-ڕەهەندەکانی دادپەروەری و نادادپەروەری لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا

لە کۆتاییشدا، هەموو ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەڕوو، کە لە دووتوێی توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین لەگەڵ خستنەڕووی لیستی سەرچاوەکاندا.

## بەشی یەکەم: ڕوانینێکی گشتی بۆ چەمکەکانی ژیان

## تەوەری یەکەم: چەمکی ژیان

### ١: ژیان لەڕووی وشەییەوە

وشەی ژیان لە چەند فەرهەنگێکی جیادا بەم شێوەیە مانای لێکدراوەتەوە، بۆ نموونە لە (فەرهەنگی ئازادی)دا کە فەرهەنگێکی (ئینگلیزی-کوردی)یە بەم واتایانە هاتووە: ((گیاندار، ژیان، ژیاننامە، Life)) (قەرەداخی، ٢٠٠٦، ٥٣١). هەروەها لە زمانی فارسیدا لە فەرهەنگی هەژیر، کە فەرهەنگێکی (فارسی- کوردی)یە پەیڤی (زندگانی/ زندگی) لەبەرامبەر ((ژین، ژیان، نزگ، زیوار، ڕابواردنی تەمەن)) هاتووە، (هەژیر پوور، ٢٠٠٨، ٦٩٠).

### ٢: مانای ژیان لە ڕووی زاراوەییەوە

زۆرێك لە زاناو توێژەر و فەیلەسوفان هەر یەکە لە ڕوانگەیەکەوە پێناسەی ژیانیان کردووە، هەر یەکێك لەو پێناسانە بەشێك لە پرسیارەکانی وەکو ژیان چییە؟ ژیان دەربارەی چییە؟ ئامانج لە ژیان چییە؟ ئایا ژیان ئامانجدارە؟ چ شتێك وا دەکات ژیان مانادار بێت؟ دەکرێت مرۆڤ بێ پەیام بێت لە ژیان؟و ....تاد، وەڵام دەداتەوە. بەشێوەیەکی گشتی بیروڕاکان دەربارەی ژیان دابەش دەبن بۆ دوو تێڕوانینی جیاواز، کۆمەڵێکیان ژیان بە شتێکی کەم بایەخ و بێ بەها مانا دەکەن و ڕەشبینانە دەڕوانن، وەکو (شۆپنهاوەر، کانت، تۆلستۆی، ....هتد).

(شۆپنهاوەر) دەڵێت: ((ژیان مامەڵەیەکە، کە بە تێکشکان و دارمانێکی تەواو کۆتایی دێت، چونکە تەواوی ئارەزووەکان و ئومێدەکانی ئێمە، لە دەمی ئەژدیهایەکی مەرگدا تیادەچن، ئێمە لە دوای ئەو هەموو هەوڵانەی، کە بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری داومانن، جگە لە بەشتێك لە پیری و نائومێدی و مەرگ نەگەیشتین)) (مهرین، ٢٠٠٩، ٢٦٤)، لێرەدا ڕەشبینانە دەڕوانێ بۆ هەوڵەکانی مرۆڤ لە بەدەست هێنانی بەختەوەری، هەموو هەوڵەکانی مرۆڤ لە ژێر کاریگەری هەستەکان و دەروونی بڕیاری لێ دەدرێت، بوونی ئەو هەموو ئارەزووە زۆرە، کە وا تێدەگەن هۆکاری بەختەوەرییە، بەڵام ئەو بە شتێکی بێ بایەخ لێی دەڕوانێت و پێی وایە، ژیان بە مەرگ و لەناوچوون کۆتایی دێت، کەواتە بەختەوەری بێ کۆتایی لەڕاستیدا بوونی نییە. کۆمەڵەکەی تر بە پێچەوانەی ئەمە گەشبینانە لە ژیان دەدوێن، ژیان بە مانای ئەنجامدانی کرداری چاك و ئامانجدار دادەنێن، وەکو (سوقرات و ئەفلاتون):

أ--سوقڕات (سوکرات): فەیلەسوفی یۆنانی لە (٤٦٩- ٣٩٩ پ. ز) ژیاوە، ئەو بڕوای وایە ((ژیان بریتییە لە دەروون (ڕۆح)، ئەو هەموو (بوون) بە هەبوویەکی زیندوو دەبینێت، کە یەك دەروون (ڕۆح) ی هەیە)) ( بدوی، ٢٠٠٣، ١٦٥). بوون بۆ هەموو تاکێك تەنیا یەك جارە و دووبارە بوونەوەی (ڕۆح) بەخشین بە هیچ تاکێك، یاخود هیچ گیانلەبەرێك نابەخشرێت، هەر لەبەر ئەمەیە، کە سوکرات لەسەر پەرستگایەکەی، کە ناوی (دلفی) بوو، نووسیبووی: ((خۆت بناسە)) (کامیل ، ٢٠١٣، ٧٦)، چونکە سوکرات ویستویەتی بەرەو ئەوەمان ببات، کە مرۆڤ ئاواتی ئەوەیە بگات بە نەمری، ئەمەش ئەوکاتە دێتە دی، کە مرۆڤ خۆی ناسی و ژیانیشی ناسی، بەڵام گەیشتن بە نەمریی تەنها بەکار و کردەوەی چاك و باش بەدی دێت لەژیاندا ، بە پێی باوەڕی ئایینە ئاسمانیەکان، نەك بە مانەوەی ڕۆح لەژیان بۆ هەتا هەتایی، چونکە ژیان بۆ هەموو گیانلەبەرێك دەستپێك و کۆتایی هە یەو لە ماوەیەکی دیاریکراودا کۆتایی دێت ، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەمان ناوی سوقڕات خۆیەتی، کە بۆ هەتا هەتایی ناوی دەمێنێتەوە کەچی خۆی نەماوە.

ب- ئەفلاتون: لە دوای سوکرات بە دووەم فەیلەسوفی یۆنانی دادەندرێت، هیچ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی زانستی نابینین، کە نەگەڕابێتەوە بۆ وتە و وشە و لێکدانەوەکانی ئەم زانایە بۆ تێڕوانینی خۆیان بۆ ژیان.

حەمەکەریم لە نامەی دکتۆراکەیدا دەڵێت: ((ئەفلاتون یەکەم کەسە، کە باسی لە مانای ژیان لە ڕووی فەلسەفیەوە کردووە و لای ئەو (زیندوو) کەسێکە، کە جوڵەیەکی خودی پێدراوە و ئەمەش گەوهەری ژیانە)) (حەمەکەریم، ٢٠١٤، ٤٦)، لێرەدا مەبەستی ئەفلاتون ڕوونە، بوونی هەموو مرۆڤێك دەبەستێتەوە بە زیندوێتی لە کار و چالاکییە خودییەکاندا، ئەمەش بەهۆی ئەو جوڵە و خودیەی دروستکارەکەی پێی بەخشیوە.

دەتوانین بڵێین ژیان بریتییە لەو ساتەی مرۆڤ تیایدا لە دایك دەبێت، تا ئەوساتەی چاوی لێك دەنێت و ماڵئاوایی لێ دەکات، ژیان بۆ مرۆڤ دەبێت بە قوتابخانەیەك لە کۆمەڵێك سەری جەنجاڵ و سەرکێشی و کاتی خۆش و دڵڕفێن، ئەم ژیانە وەك کەشتییەك لەناو دەریادا وایە، کە هەندێك جار دەمانبات بۆ کەناری خۆشی و ئارامی، هەندێك جاریش بۆ نێو شەپۆلی تووڕە و توندوتیژ و لێزمەی بارانی ناوەختی ناو دەریا، مرۆڤ خۆی دەبێت ئامانجی بۆ ئەم ژیانە هەبێت و ماناداری بکات.

## تەوەری دووەم: تێڕوانینی ئایین بۆ ژیان

### یەکەم: ژیان لە دیدی ئایینی ئیسلامدا

ژیان لە ئایینی ئیسلامدا بۆ دوو واتا بەکار هاتووە، یەکێکیان ئەم ژیانەی ئێستایە، کە (دونیا)یە و بۆ ماوەیەکی کاتی مرۆڤ پێیدا وەکو ڕێبوارێك گوزەر دەکات، دووەمیان ئایینی ئیسلام زیاتر مەبەستیەتی و جەختی لێ دەکاتەوە، کە ژیانی دوای مردنە (قیامەت)، چونکە بە پێی دەقە پیرۆزە ئایینییەکان، ژیانی دوای مردن بێ کۆتاییە و (( خوای گەورە ئایینی ئیسلامی داناوە، بۆ ئەوەی ببێت بە بەرنامەی ژیانی مرۆڤایەتی، کە دەقاو دەق بڕیار و ڕێنماییەکان لە ژیاندا بەڕێوە ببەن، چونکە هیچ بوارێك نییە لە بوارەکانی ژیانی دونیا، کە ئایینی ئیسلام بڕیار و ڕوونکردنەوەی لە بارەیەوە نەدابێت، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان ئەو ئامانج و مەبەستەی بۆی دروستکراون جێبەجێ بکەن)) (بن عبدالله، ٢٠١٧، ٧)، هەموو دەقە ئایینییە ئاسمانییەکان بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی هاتوونەتە خوارەوە، ئایینی ئیسلامیش یەکێکە لەو ئایینە ئاسمانییانەی، کە دوا پەیامی خواییە بۆ مرۆڤایەتی، تا پێوەی پابەند بن و بەرنامەکەی جێبەجێ بکەن.

دووەم: ژیان لە دیدی ئایینی مەسیحیدا

ئەم ئایینە وەکو ئایینەکانی تر، بانگەوازی بۆ دادپەروەری و ڕەوشتی ژیاری و یەکتاپەرستی دەکرد، مەبەستی بوو هەموو تاکێك لە ماف و ئەرکدا یەکسان بن، لە ((ئایینی مەسیحی واهاتووە، کە ژیان بە ڕێکەوت نییە، بەڵکو لە هەموو ژیانێکدا واتا و مەبەستێك هەیە، مەسیحییەکان باوەڕیان وایە، کە خوا زەوی و هەرچی لەسەری دەژیت ئەو دروستی کردووە. هەروەها خودا ئادەمیزادی دروستکردووە و خۆشی دەوێت، بۆ ئەوە دروستی کردوون تاوەکو بیپەرستن و پەیوەندیان لەگەڵی بەردەوام بێت، وەداوا لە ئێمە دەکات یەکتریمان خۆش بوێت)) (https://christianity.org/ Christianity life)، لێرەدا پەیامەکە ڕوونە، کە ئایینی مەسیحی هەڵگری پەیامی خۆشەویستی نێوان تاکەکانە، ئەم خۆشەویستیەش بە دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ خوا پەیدا دەبێت، هەموو ئەمانەش بە پەرستن و جێبەجێکردنی سەرجەم ئەو فەرمانانەی، کە لە پەیامەکانیدا لە ڕێگەی پەیامبەرەکەیەوە ناردوویەتی.

## تەوەری سێ یەم: بەهاکانی ژیان

بەها وەکو وشەیەکی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا بە ئیدیۆم و هاوواتای تر بەکارهاتووە، ئەوەی بۆ ئەم توێژینەوەیە پێویستە وشەی بەها لە هەردوو ڕووی فەرهەنگی و زاراوەییەوە شیبکەینەوە.

یەکەم: بەها لە ڕووی فەرهەنگییەوە:


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بەها لە زمانی ئینگلیزی بە (values) دەنووسرێت، ئەمەش بە واتای ((پلە، بایەخ، ڕێزگرتن، گرینگی پێدان هاتووە، لە زمانی فەڕەنسیش بە (valeur) دەنووسرێت، کە بەواتای: نرخ، ڕێژە، دراو)) هاتووە، (سوقی و خوڵقی، ۲۰۱۳، ۲۰۱۱). هەروەها لە فەرهەنگی (المنجد في اللغة العربية المعاصرة)، کە فەرهەنگێکی (عەرەبی- عەرەبی)یە، بەها بە واتای ((سعر، ثمن،- واتە: نرخ، بەها)) هاتووە، (مجموعة من الكتاب، ۲۰۱۳، ۱۱۹۸)، بە چەندین جۆری تریش هاتووە، بەڵام بۆ ئەم توێژینەوەیە ئەم چەند فەرهەنگەی سەرەوەمان ئاماژە پێ کردووە.

## دووەم: بەها لە ڕووی زاراوەییەوە:

بەهاکان کۆمەڵە چەمکێکن ڕۆڵیان لە ڕێکخستن و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەدا هەیە، بەهایەکان کۆمەڵێک ((بنەمای سەرەکین یاخود پێوەرن لە ڕێگەیانەوە تاکەکانی کۆمەڵگە، بۆ دارشتنی ئامانج و نموونە باڵاکانیان کار دەکەن)) (العجيلى، ۱۹۸۵، ۳۸)، کەواتە بەهایەکان بنچینەیەکی سەرەکین لە بنیاتنان و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی تاکی کۆمەڵگەدا، بەهۆی پەیڕەوکردنی بەها جوانەکان و جێبجێکردنیان لەلایەن تاکەوە، کۆمەڵگە وەکو نموونەی باڵا دەردەکەوێت.

جۆرەکانی بەها:-

بەهایەکان جۆراو جۆرن بەپێی پۆلێنکردنی (white)، بەهایەکان دەکرێت بە هەشت جۆری سەرەکی وەکو بەهای((کۆمەڵایەتی، ڕەوشتی، نەتەوایەتی، کەسی، ڕۆشنبیری، فەلسەفی، ئاینی، ئابوری)) ( پەتی، ۲۰۰۷، ٦٩-٧٤)، لێرەدا ئاماژە بە بەشێکیان دەکەین:-

۱-بەها کۆمەڵایەتیەکان

بەها کەلتوری و کۆمەڵایەتیەکان لە ڕێگەی دەربڕین و ڕەفتارەوە بە دیار دەکەوێت و دەبێت بە ڕەمزێك بۆ کۆمەڵگە، لەم بارەیەوە محەمەد أمین دەڵێت: ((بەها ئەو پاڵنەرە (ئایدۆلۆژیە)یە، کە کار دەکاتە سەر هزر و ڕەفتاری مرۆڤ، یاخود شێوازێکی ڕەفتاریە، کە هزر و بیروباوەڕەکانی مرۆڤ کار تێ دەکات، ئەم شێوازانەش ڕەفتاری مرۆڤ دەخەنە قالبێکی دیاریکراوەوە، بە جۆرێك، کە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگا داوای دەکات و بە باشی دەزانێت، بسازێت)) (محمد أمين، ۲۰۱۲، ۱۲)، لێرەدا بەهایەکان وەکو پێوەرێك بۆ دیاریکردنی ڕەفتاری تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەك بەکاردێت، چونکە بە پێی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە جیاوازی لە چۆنیەتی و چەندێتیدا دروست دەبێت.

۲-بەها ڕەوشتییەکان

یەکێکی ترە لەو بەهایانەی لە ژیانی تاکدا ڕەنگدەداتەوە، چونکە ژیانی تاك لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لە ڕووی ڕەوشتییەوە جیاوازە، پاراستنی ڕەوشتی ((بەهاکان و جۆرەکانی پابەند بوون، ئەگەرچی ڕێژەییە، بە پێی ویستی کەسەکانە، کە ئەویش بابەتییە و بە واتایی ئەوە دێت مرۆڤەکان بە هەندێك شت کاریگەر دەبن)) (عطية، ۲۰۱۰، ۱۳۵)، ئەم بەها ڕەوشتییە کاریگەریان لەلای تاك لەسەر هەندێك شت زیاترە بەسەر هەندێك لە شتەکانی تردا، کە بەهای ڕەوشتین.

۳-بەها کەلتورییەکان

بەها کەلتوریەکان کۆمەڵێك دەستوور و مەرجن، کە ئاڕاستەی کۆمەڵگە دەکرێن و دەبن بە داب و نەریتی ئەم کۆمەڵگەیە، بەهۆیەوە ((ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا زیاتر ڕێکخراوتر و ئاڕاستەکراوتر و هاوبەندی و پەیوەستی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە زیاتر دەکات، یارمەتی بەرەنگاربوونەوە و ڕووبەڕووبونەوەی گۆڕانکارییەکانی دەدات، کە لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدات، تاوەکو زیاتر سەقامگیر تر بێت، پەیوەستکردنی بەشە جیاوازەکانی کەلتوری کۆمەڵگە بەیەکترەوە، کەمکردنەوەی هەستی خۆویستی و ململانێی کەلتوری)) (عبدالقادر، ۲۰۱۵، ۵۱)، ئەم بەها کەلتوریانەی، کە تاکەکانی کۆمەڵگە ناچار بە جێبەجێ کردن دەکات دەبێتە هۆی دروستکردنی سیستەمێك بۆ ڕێکخستنی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە و ئەم هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی، کە دایدەڕێژێت تاك بە توندی پێوەی پابەند دەبێت.

٤-بەها فۆلکلۆرییەکان

یەکێك لەو بەهایانەی، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە بوارە جیاجیاکاندا هەیە بەهای فۆلکلۆرییە، ئەم بەها فۆلکلۆریانە لەناو هەر بەرهەمێکی

ئەدەبیدا لابدەین، دەبینین ئەو بەرهەمە جوانیەکەی لە دەست دەدات، بۆیە ((نوسەران ئاوی سازگاری لێ هەڵدێنجن و بەرهەمەکانی خۆیان پێ گەش و جوان دەکەن و ئیحای لێوەردەگرن و بەشێوەیەکی تر دایدەڕێژنەوە، ئەمەش لە زۆر رووەوە سوودی هەیە ئەم بەرهەمە فۆلکلۆریانە لە فەوتان رزگاربیان دەبێت و هەریەك لەم بابەتە فۆلکلۆریانەش وەك ئاوێنەیەکی ڕەنگاو ڕەنگی لێ دێت، کە لە هەر گۆشەیەکی بە شێوە و ڕەنگێك وێنەکان دەردەکەون لە لای هەر نوسەرێك دەکەوێتە قالبی وێنەیەکی جوان و دەوڵەمەند تر دەبن و خوێندنەوەی چەند دیوێك و چەند شێوەیەك وەردەگرن)) (عیسی، ٢٠٠٩، ٢٥٣-٢٥٤)، هەریەك لە بەها فۆلکلۆریەکان و بیر و باوەڕ و هەڵسوکەوت و خورەوشتی باپیران دەبنە هەوێن بۆ داهێنانی چەندین بابەت، کە بەشدارن لە ژیانسازی و کۆمەڵگە دەپارێزێت وەکو ڕێبەرێکی دەوڵەمەند بە زانست و زانیاری بەها بەرزەکان بە جوان و قەشەنگ نیشان دەدەن و بە پێچەوانەش دژە بەهاکانی وەکو (درۆ، فێڵ، ناپاکی، ...هتد) بە ناشیرن و قێزەون نیشان دەدەن و مرۆڤەکانی لێ ئاگادار دەکەنەوە تاوەکو بەلاڕێدا نەڕۆن و سەرەنجامی خراپی نەبێت.

## بەشی دووەم: جۆرەکانی حەکایەتی فۆلکلۆری کوردی

## تەوەری یەکەم: دەروازەیەکی تیۆری بۆ چەمکی فۆلکلۆر و حەکایەت

١- چەمکی فۆلکلۆر

وشەی فۆلکلۆر لە ڕووی پێکهاتنەوە لە دوو وشە پێکهاتووە، یەکەم (فۆلك) واتە نەتەوە، یان کۆمەڵە خەڵکانێك دەگەیەنێت، دووەم (لۆر) بە واتای پەند، یان حیکمەت دێت، هەردوو وشە پێکەوە بەواتای زانینی کلتور و دابونەریتە باڵاکانی نەتەوە دێت. فۆلکلۆر بەچەندین شێوەی جیاواز پێناسەی بۆ کراوە ((بریتییە لە مێژووی زارەکی، کە لەلایەن کەلتوری خەڵکەوە پارێزراوە، پێك دێت لە هەموو عادەت و تەقالیدی کەلتورێکی دیاریکراو، ئەم عادەت و تەقالیدانەش میوزیك، چیرۆك، مێژوو، ئەفسانە، داستان دەگرێتەوە. فۆلکلۆر لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر گواستراوەتەوە و بە زیندوویی ماوەتەوە لە لایەن خەڵکەوە)) (پلامەر، ٢٠٢١، ١)، بەواتایەکی تر، دەکرێ بڵێین فۆلکلۆر ئەو گەوهەرە بەنرخەیە، کە لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا، بەتایبەتی بواری ئەدەب، دەتوانین بیکەین بە بەردی بناغەی زۆربەی بەرهەم و داهێنانەکان،

٢- چەمکی حەکایەت

بەشێکی گرنگی فۆلکلۆر (حەکایەت)ە، یەکێکە لەو هونەرە فۆلکلۆریانەی، کە بابەتەکانی لەناو جەرگەی گەلەوە هەڵدەقوڵێت، حەکایەت کاتێکی باشی لە ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری داگیر کردووە، ئەمە جگە لە بەسەربردنی کاتێکی خۆش چەندین پەیامی هەڵگرتووە، لە بوارەکانی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و...هتد. بێگومان، ئەمەش بۆ دەسەڵاتی حەکایەتخوان دەگەڕێتەوە، ((حەکایەتخوانی بە توانا ئەزانێ چۆن وا لە گوێگر بکات هەموو هۆشی بداتێ، بەهەڵبژاردنی شێوەی وتن و دەست جوڵاندن و دەربڕینی وشەکان)) ( تەقی، ١٩٩٢، ٥١)، شارەزایی و لێهاتووی حەکایەتخوان وا لە گوێگرەکانی دەکات حەکایەتیان لا خۆشەویست بکات و بە تاسەوە گوێی بۆ بگرن،

حەکایەت لە ڕووی واتا و چەمکەوە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێت (conte)، کە بە واتای ((چیرۆکێك کە لەچاو چیرۆکێکی ئاسایی، زیاتری خەیاڵ و سەرکێشی تێدابێ و زمانەکەی میللی بێت و خاوەنەکەشی نادیار بێت)) (عەلی، ٢٠١٠، ١٠)، حەکایەت بەرهەمێکی تەواو میللییە و لەبەرئەوەی پشتاوپشت دەگێڕدرێتەوە خاوەنەکەی دیار نییە. هەروەها پرییەتی لە ڕوداوی چاوەڕوان نەکراو و بەپێز، لەلایەکی تریشەوە حەکایەت ((بە کۆنترین و بەربڵاوترین لقەکانی ئەدەبی میللی دادەندرێت، مەبەستیش لێی ڕاهێنانی خەڵکە بە پەیوەست بوون بە ڕەوشتی بەرز و ئاکاری جوان و دوورکەوتنەوە لە ڕژدی و چەوتی)) (أرمن، ٢٠٠٥، ٣٤)، بەپێی بۆچوونی هەندێك لە توێژەران حەکایەت پەیامێکی کۆمەڵایەتی هەڵگرتووە و تاکەکانی کۆمەڵگە ئاراستە دەکات،

لەو چوارچێوەیەشدا دەتوانین بڵێین حەکایەت گێرانەوەی ئەو چیرۆك و بەسەرهاتە ڕاستیانەیە کە ڕوویانداوە لە کۆندا یاخود دروستکراون لەلایەن کەسانی بە ئەزموون و خۆشخوان، بە زمانێکی زۆر سادە و ساکار و سەرنج ڕاکێش باسکراون، لە هەمان کاتدا حەکایەت هەڵگری


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

چەندین پەیامە لە ناوەڕۆکەکەیدا، هەموو ئەمانەش مەبەست لێی پەروەردەکرنی تاکەکانی کۆمەڵگەیە.

٣- ئامانج و گرنگی و تایبەتمەندیەکانی حەکایەت

حەکایەت کۆمەڵێك ئامانج و گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە توخمەکانی تری فۆلکلۆر، گرینگترینیان ئەمانەن:-

١- حەکایەت دەبێتە هۆی وروژاندنی مێشکی گوێگر بەتایبەتی منداڵان. هەروەها دروستبوونی پرسیاری جۆراو جۆر دەربارەی ڕووداوەکانی ناو حەکایەتەکە. هەروەها بەشێکی زۆری حەکایەتەکان مەبەست لێی پەروەردە کردن بوو.

٢- حەکایەت هەستی ئازایەتی و بوێری و شانازی بەخۆکردن لەلای تاك دروست دەکات، هەر لەم بارەیەوە پیرەمێردی شاعیر باسی منداڵی خۆی دەکات و دەڵێت: ((منداڵ بووم، هەرچەندە باسی بەیتی دوانزە سوارەیان بۆ دەکردم، خۆم بە پاڵەوانێك دەزانی)) (رسول، ١٩٧٠، ٢٣)، حەکایەت وا لە وەرگر دەکات هەست بە کاتە سەختەکانی ڕووداوەکە بکات.

٣- حەکایەت پەند و وانە و حیکمەت فێری تاکەکان دەکات، واتە ((سوود وەرگرتن لە هەڵە و کەوتنی کارەکتەرەکان)) (خۆشناو، ٢٠٠٧، ٢٣)، حەکایەت هەمیشە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە هەردەم کەسە چاك و ڕەفتار جوانەکان سەردەکەون بەسەر کەسە ناڕاستگۆ و فێڵباز و خراپەکان.

٤- زۆرجار لە ڕێگەی حەکایەتەوە باسی زوڵم و زۆرداری دەسەڵاتداران کراوە، هەروەکو ((لە هەندێ ڕووداوی حەکایەتیشدا ویستراوە سوود لەچەند دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتی و باسکردنی زوڵم و ستەمی زۆرداران بکرێتە بابەتی ڕووداوەکان)) (غەریب، ٢٠١٣، ٢٥١)، بێگومان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەربەست نەبوونی تاکەکان لە دەربڕینی ناخی خۆیان.

٥- حەکایەت دەبێتە هۆی پاراستنی زمان لەبەرئەمە ((حەکایەت دەبێتە فەرهەنگی وشە و دەستەواژە، ئەمانە لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ژیان، لەبیردا نامێننەوە و نەوەی نوێ نازانن چینە و بە چ واتایەك دێن، بەڵام حەکایەت دەیانپارێزێ)) (عەبدوڵلا، ٢٠١٤، ٥٤)، کەواتە حەکایەت ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە پاراستن و زیندوو مانەوەی زمانی دایك و فۆلکلۆری نەتەوە.

٦- حەکایەت دەبێتە بناغەی لە دایك بوونی کۆمەڵێك شاکاری تری ئەدەبی، وەکو داستان و ڕۆمان و چیرۆك و شیعر.

## تەوەری دووەم: جۆرەکانی حەکایەت

حەکایەت لە ڕووی ناوەڕۆکەوە چەندین جۆری جیاوازی هەیە، لە ئەدەبی کوردیدا بە شێوەیەکی زانستی دیاری کراوە، لێرەدا چەند جۆرێکیان دەخەینەڕوو، بۆ ئەم توێژینەوەیە، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:-

١-حەکایەتی ئاسایی:-

ئەم جۆرەی حەکایەت بەربڵاوترین جۆری حەکایەتە، لە هەموو جۆرەکانی تر زیاتر بەرچاو دەکەوێت، کە زۆربەی جار بۆ پەند و ئامۆژگاری و وانە لێوەرگرتن گێڕدراوەتەوە، کەواتە حەکایەتی ئاسایی ((وزەیەك لە جوانیی واتا و هزر، ئەگەرچی بە شێوەیەکی ساکاریش بووبێت دەبەخشێتە دەوروبەری خۆی، بەتایبەت لە نێو جڤاکی میللیدا. پشوویەکیش بە دەروونی ماندوویان دەدات و چێژیان زاخاو دەداتەوە)) (حەسەن، ٢٠١٠، ١٦)، بەم پێیە بەشێوەیەکی بیرمەندانە واتا و مەبەستێك دەبەخشێت بە دەوروبەر، هۆکارێکی بنەڕەتیش بووە بۆ چێژبەخشین، بۆ نمونە لە حەکایەتی (هەژار لێی ڕاهاتووە) لە (کتێبی نمەك)دا هاتووە ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، دەوڵەمەندێك هەژار ببوو، دوعای دەکرد دەیگووت، یاڕەبی خودایە ئەو دەوڵەمەندانەی هەژار بووینە دەوڵەمەندیان بکەیەوە، ئەوانەی هەژار بووینە لێی ڕاهاتوون)) (گردەسۆری، ٢٠٢١، ٣٢).

٢-حەکایەتی گیانداران (ڤابۆلا):-

گیانداران وەك بەشێکی گرنگ لە پێکهاتەی ئەم جیهانە، بەهۆی ئەزموونی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵان، بەڵکو کاریگەریەکەی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی لە دونیای ئەدەبدا، حەسەن دەڵێ: ((لە حەکایەتی گیانداران، بە مرۆڤکردنی گیاندار و بە گیاندارکردنی مرۆڤ

ڕوو دەدات، هەر بۆیە لەم جۆرە حەکایەتە مرۆڤیش وەکو کارەکتەر ڕۆڵی تێدا دەگێڕێ)) (وانەی خوێندنی ماستەر١٨/١٠/٢٠١٩)، کەواتە دەشێت لەم جۆرە حەکایەتەدا مرۆڤ و گیاندار پێکەوە لە ڕووداوەکان بەشدار بن، ئەم توخمەی حەکایەت، بریتییە ((لەو جۆرە حەکایەتانەی کە ئاژەڵ ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێ و ،بە بەرەوپێشچوونی مێژووی ئەفسانەو درێژبوونەوەی داستان دادەنرێ)) (رسول، ٢٠٠٥، ٢١)، لێرەدا گیاندار دەبێتە پاڵەوانی حەکایەتەکە و هەڵسوکەوت و سیفەتی مرۆڤ پێدەبەخشرێت، بۆ نمونە لە حەکایەتی (جێی کەسەر چاك نابێتەوە)، لە کتێبی (سەربردەی کوردەواری)دا هاتووە ((دەگێرنەوە ڕۆژێك شێرێك لەگەڵ هاوڕێیەکی دەدوێ، لە ناکاو هاوڕێیەکەی بەڕوو گرژیەوە پێی دەڵێت: دەمت دوورخەرەوە، تامی دەمت زۆر ناخۆشە، شێرەکە دەڵێ: باشە، دەڕوا، خەنجەرێك دێنێ و دەیداتە دەست هاوڕێیەکەی و پێی دەڵێ: خەنجەرێکم لێ بدە، هاوڕێیەکەی زۆر لێی دەپاڕێتەوە و دەڵێ: چۆن دەبێ؟، شێرەکەش دەیترسێنێ، بۆیە، ناچار خەنجەرێك لە شێرەکە دەدات، شێر دەڕوا چەند ڕۆژێکی پێ دەچێت، برینەکەی چاك دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە لای هاوڕێکەی و پێی دەڵێ: سەیری شوێنی برینەکە بکە ماوە؟، هاوڕێکەی دەڵێ: نەخێر شێر دەڵێ: جێی برین چاك دەبێتەوە، بەڵام جێگای قسە وکەسەر چاك نابێتەوە)) (گردەسۆری، ٢٠٠٦، ٦٤).

٣-حەکایەتی خورافی (وڕێنە) :-

حەکایەتی خورافی بەشێکی تری حەکایەتی فۆلکلۆری کوردی پێکدەهێنێت، لە حەکایەتی خورافی توانای بە دیهێنانی ئەو شتانەیان هەیە، کە لە جیهانی واقیعدا بەدەست هێنانی ئەستەمە. حەکایەتی خورافی ((بەو جۆرە حەکایەتانە دەوترێ، کە خەیاڵ ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێ، پاڵەوانەکانی لە جیهانی نەبینراودان هەمیشە بەرامبەر بەو کاروکردەوانەی دێنە ڕێگایان یاخود بەرامبەر بەهێزی نادیاری دژ بەخۆ لە ململانێدان)) (رەسول، ٢٠٠٣، ١٧)، لە حەکایەتی خورافیدا خەیاڵ پانتایەکی فراوانی داگیرکردووە، پاڵەوانی سەرەکی ڕووداوەکان بەرەو سەرکەوتن دەبات، حەکایەتی خورافی ئەو جۆرە حەکایەتەیە زیاتر لە چوارچێوەی جیهانی خەیاڵدا دەخولێتەوە، ئەمەش بەمەبەستی دەرخستنی ئەو هێز و توانا شاراوەیەی لە جیهانی نەبینراودا هەیە، بۆ نمونە لە حەکایەتی (زمان بەرای سەرە) لە کتێبی (سەربردەی کوردەواری) دا هاتووە ((دەگێرنەوە، کابرایەك لە گوندێك بۆ شار دەچێ لە ڕێگادا تووشی سەری مرۆڤێك دەبێ، سەرەکە بە دەنگێکی بەرز هاواری دەکرد زمان بەرای سەرە، کابرا بەم قسەیە سەری سور دەمێنێ و بە پرەپڕ دەڕوا دەچێتەوە گوندی و زمانی خۆی پێ ڕاناگیرێ ودەچێتە لای ئاغای گوندی و دەگێڕێتەوە، ئاغا پرواي پێ نایێ، بۆیە دەڵێتە کابرای وا دەچمە شوێنەکەی درۆ بێ دەتکوژم،کابرا دەڵێ: باشە،کە دەچێ دەبینی سەرە بێ لاشەکەی لێیە، بەڵام هیچ قسە ناکات، بۆیە ئاغا لەوێ لە سەری کابرای دەدات، لە پاشان سەرەکە دێتە وەڵام و دەڵێ:ئەدی نەمگووت زمان بەڵای سەرە)) (گردەسۆری،٢٠٠٦، ١٨).

٤-حەکایەتی گاڵتەوگەپ:-

حەکایەتی گاڵتەوگەپ جگە لەوەی بۆ چێژوەرگرتن و بەسەربردنی کاتێکی خۆشە، لەگەڵ ئەوەشدا لە پشتی ئەم قسە خۆشانەوە مەبەست و ئامانجێك خۆی حەشارداوە، حەکایەتی گاڵتە و گەپ ((چیرۆکێکی کورتە، بەڵام بەجۆرێکی گاڵتە ئامێز دارێژراوە و گیانی پێکەنینی بە بەردا کراوە)) (جامباز، ١٩٨٦، ٦)، حەکایەتی گاڵتەوگەپ دەیەوێت بەشێوەی گاڵتەوگەپ پەردە لەسەر کەم و کورتی و نارێکیەکانی ژیانی ڕۆژانەمان لا بدات، ئەمەش بە ئامانجی ڕێککردنەوەی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە هەیە. بۆ نمونە لە حەکایەتی (سەرتاشم)، لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە ((یەکێك لە پیاوێکی پرسی: هەفتەی چەند جار ریش دەتاشی؟ ئەویش گووتی: نزیکەی بیست جار لەیەك ڕۆژدا! گووتی: دارە تۆ شێتی، گووتی: نەخێر من سەرتاشم)) (گردەسۆری، ٢٠٢١، ١٥٥).

٥-حەکایەتی ئەفسانەیی:-

حەکایەتی ئەفسانەیی بەرهەمی بیری ئەو کۆمەڵگەیەیە، کە بیرو بۆچوونی خۆیان شرۆڤەیان بۆ ژیان و ڕووداوە گەردوونیەکان کردووە، ئەم جۆرە حەکایەتە ((بریتییە لەو هەستە دەرونیانە کە ئادەمیزاد بەشێوەی بەسەرهات و چیرۆك نیگاری کێشاوە، وەترس و ئارەزووی خۆی تیا دەربڕیوە و وەڵامێکی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە)) (ابراهیم، ١٩٨٣، ١٠-١١)، حەکایەتی ئەفسانەیی، هەموو ئەو کەرەستە

ماددی و مەعنەویانەی، کە هەیە، بەرگێکی ئەفسانەیی بەبەردا دەکرێت، کە عەقڵ قەبوڵی ناکات و لە ژیانی ڕۆژانەماندا بوونی نییە، بەڵام لە حەکایەتی ئەفسانەییدا هەموو ئەو ڕووداوانە ئاسایین. بۆ نمونە لە حەکایەتی (سەری بێ ئەجەل ناچێتە ژێر گڵ) لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە (( دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، لە گوندێك دووگەنج بە ناوی ئەحمەد و محەمەد بە شەڕ دێن، محەمەد بۆ بەردێك دادێتەوە هەڵیبگرێ لە ئەحمەدی بدات، بەردەکە خۆی دێتە دەستی، محەمەد یەکسەر بیر دەکاتەوە، دەبێ هۆیەك هەبێ، بۆیە بەردەکە دەباتە ماڵەوە وهەڵیدەگرێ، دەڵێن چەندین ساڵی پێدەچێ ئەحمەد و محەمەد بە ساڵ دەکەون وپیر دەبن، بەڵام ئەحمەد هەر لە زووەوە تووشی نەخۆشیەك دەبێت و لە ماڵ دەکەویت و هیچ چارەسەری نابێت، خزم و کەس و کاری لە دەستی بێزار دەبن،ئارەزوومەند دەبێ بمرێ ئەجەل نەدەهات، دەڵێن ڕۆژێك کابرایەکی ئاقڵمەند لە گەڵیان دەبیت دەڵێ: براینە سەری بێ ئەجەل ناچێتە بن گڵ،زۆربەی خەڵکەکەش دەڵێت یارەبی دەبێ ئەجەلی بەچی هاتبیت، لەم کاتەدا محەمەد لە مەجلیسەکە دەبێت بەسەرهاتی بەردەکە دەگێڕێتەوە، کابرای ئاقڵمەند دەڵێ: دەبرۆ بەردەکە بێنە محەمەدیش بەردەکە دێنێت و کابرای ئاقڵمەند بەردەکە لە محەمەد وەردەگرێ و لە سەر سنگی ئەحمەدی دادەنێت و ئەحمەد دەمرێت)) (گردەسۆری، ٢٠٢١، ٤).

٦-حەکایەتی کۆسە:-

ئەمەش جۆرێکە لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردی، وەکو حەسەن دەڵێت(( حەکایەتی کۆسە جۆرە حەکایەتێکە، پاڵەوانەکەی کەسێکی ژیرە و لەڕووداو و پێشهاتەکان یەکسەر ڕێگاچارە دەدۆزێتەوە، عەقڵ بە شێوەیەکی خراپ و لە ئاستێکی بەرز بەکاردێنێ و بۆ دەرچوون لە کێشەو گەیشتن بە ئامانجەکانی لە هیچ خراپیەک و تاوانێک ناپەنگێتەوە، منداڵ و پیر و ژن و بێ گوناه دەکاتە ئامانج، ڕووداوکانی نێو حەکایەتی کۆسە، ڕووداوی کۆمێدی و تراژیدی ڕەش ئامێزن )) (حەسەن، ٢٠١٩، کۆرسی ماستەر). لێرەدا دەردەکەوێت کۆسە هەموو شتێك بەکار دەهێنێت بۆ بەرژەوەندی خۆی. بۆ نمونە لە حەکایەتی (پێنج فلوسی تێدایە) لە کتێبی (نمەك) هاتووە ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، لە ساڵانی حەفتایەکاندا حاجیەکی دوکاندار پێنج فلوسی خستبووە ناو حەڵانیەکەی کە لەسەری نابوو، لە کاتی فرۆشتنی شتێکی دوکانەکەی ئەگەر یەکێ بیگوتایە نرخەکەی گرانە، حاجی دوکاندار دەیگوت: بەو مەکەی تەوافم کردییە، کە ئەو حەڵانیەشم لەوێ کڕیووە پێنج فلوسی تێدایە، بەمجۆرە باوەڕی بە کڕیارەکە دەهێنا، ئەو مەبەستی لە سوێند خواردنەکەی بە ئەو پێنج فلوسەی، کە لە ناو حەڵانیەکەی دایناوە)) (گردەسۆی، ٢٠٢١، ١٦٥).

٧-حەکایەتی هەیاس:-

حەکایەتی هەیاس جۆرێکی تری حەکایەتە، وەکو حەسەن دەڵێ:((هە یاس حەکایەتی بەکارهێنانی عەقڵە بە شێوەیەکی پەندئامێز و ڕوو لە چاکە لە بەرامبەر زوڵم و نەزانی دا، لە حەکایەتی هە یاس دا پاڵەوانی سەرەکی هە میشە هە یاسە و هە یاسیش بۆ خۆی نموونەی مرۆڤی عاقڵمەند و پەندئامیزە، هە یاس کەسایەتیەکی مێژوویە و لەسەردەمی سوڵتان مەحمودی غەزنەوی دا ژیاوە و لە زۆربەی حەکایەتەکانی هە یاس ئەم دووە لە بەرامبەر یەک دان .)) (حەسەن، ٢٠١٩، کۆرسی ماستەر)، هەیاس هەمیشە وەکو کاسایەتیەکی دانا و ژیر لە ناو ڕووداوەکاندا دەردەکەوێت و چارەسەری گونجاو دەدۆزێتەوە. بۆ نمونە لە حەکایەتی (یاسا) لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە ((دەگێڕنەوە لە سەردەمی کۆن لەنێو کوردەواریدا، ڕۆژێ لە ڕۆژان هەیاسی فەیلەسووف بەپێی یاسا حوکمی لە سێدارەدانی بۆ نزیکترین و خۆشەویسترین دۆستێکی خۆی دەرکرد، لە ناو دادگا دەستی کرد بە گریان بۆی، پێیان گوت تۆ خۆت دادوەر و سەروەر بوویت دەتتوانی چۆنت بویێ حوکمت دابوایە، بۆچی بۆی دەگری؟ لە وەڵامدا گوتی: من بۆ ئەو خۆشەویستەم دەگریم کە گیروگرفتی زەمانە بەم دەردەی بردو یاساش لەسەری کردم، کە من بەو چاوە تەماشای بکەم، کە نەمدیووە و نایناسم، یاسا لە من و لەویش گەورەترە)) (گردەسۆری، ٢٠٢١، ٢٤٧).

تەوەری سێیەم: ڕەهەندەکانی دادپەروەری و نادادپەروەری لە بەرهەمەکانی (جەمال گردەسۆری)دا

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بەگشتی و حەکایەت بەتایبەتی گرنگی زۆری بە بەها کۆمەڵایەتیەکان داوە، وەکو دادپەروەری و ڕاستگۆیی و دەستپاکی و جوامێری و ...هتد، هەموو ئەمانە بەتەواوی لەناو حەکایەتە فۆلکلۆرییەکان ڕەنگی داوەتەوە، هەموو ئەو حەکایەتانەش بۆ

ئەوە بووە تاوەکو نەوەکانی داهاتوو پابەند بن بەو بەها کۆمەڵایەتییانە. هەروەها فێریان بکات و پەروەردەیان بکات لەسەر ئەو بەها بەرزانە تاوەکو بەدوور بن لە کاری نابەجێ، لەم توێژینەوەیەدا جەخت دەکەینەوە لەسەر دادپەروەری وەکو یەکێك لە بەها بەرزەکان لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، لێرەدا دەردەکەوێت دادپەروەری چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر بەختەوەری تاك هەم لە دونیا هەم لە ڕۆژی دوایدا. هەروەها ئاسودەیی دەدات بە کۆمەڵگە.

سەرەتا پێویستە چەمکی دادپەروەری بناسێنین لە ڕووی کۆمەڵایەتی، چونکە دادپەروەری بە بەهایەکی کۆمەڵایەتی گرنگ دادەنرێت بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی ئاسودە و ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری، ئەگەر بێت و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە سەیری بەهای دادپەورەری بکەین، دەبینین مرۆڤی دادپەروەر هەر زوو دەبێتە خۆشەویستی خەڵك و جێگەی متمانە و ڕێز، دادپەروەری دەبێت بە بەردی بناغەی دروستکردنی کەسایەتییەکی بەهێز بۆ ڕابەرایەتی کردنی کۆمەڵەیەك یان نەتەوەیەك، کاریگەری دەبێت لەسەر هاوسەنگ ڕاگرتنی خێزان و کۆمەڵگە. ئەدەبی هەر نەتەوەیەك ڕەنگدانەوەی کەلتور و دابونەریت و هەڵوێستی ئەو نەتەوەیە خۆیەتی، هەر دیاریدە و ڕووداوێك لەناو نەتەوەدا هەبێت، کاریگەری بەسەر ئەدەبیشەوە هەیە، چونکە هەموو داهێنانە ئەدەبیەکان لەلایەن ئەو کەسانەوە بەرهەم دەهێنرێن، کە بەشیکن لەم کۆمەڵگەیە، سروشتی هەموو کۆمەڵگە و ئاین و نەتەوەیەك وایە، کە حەز بە دادپەروەری دەکەن لە قسەکردن و کردار و ڕەفتاریاندا، دادپەروەری بووە بە بەشێك لە هەموو ئەو لایەنە ماددی و مەعنەویانەی، کە لە ژیانیاندا بەرجەستەی دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کەس لە نێو کۆمەڵگە بەهەر هۆیەك بێت ناتوانن دادپەروەر بن.

چەمکی دادپەروەری، کەم تا زۆر لە پێکهاتەی هەموو ژانرەکانی ئەدەبدا بەدی دەکرێت و هەیە، ئەدەبی کوردیش بەدەر نییە لە نیشاندانی بەهای دادپەروەری، بەتایبەتی لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا، چونکە حەکایەت زۆربەی کات گێڕانەوەی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەیە کە لە ژیانی واقیعدا ڕوویانداوە، لە ووردبونەوەی حەکایەتەکاندا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە سەرەنجامی دادپەروەری گەیشتنە بە کامەرانی و بەختەوەری بۆ تاك و کۆمەڵگە، دادپەروەری ((بریتییە لەوەی هەر کەسێك مافی خۆی وەربگرێ، لە هەمان کاتدا دادپەروەری بەکاردەهێنرێت بۆ گوزارشت کردن لەپێوەرەکانی ڕاستی (حەق)، لە گرینگترین خاسیەتەکانی دادپەروەری بێلایەنی و ڕاستگۆییە، دوورە لە بەرژەوەندی تاکە کەسی)) (الجمال، ٢٠١٨، com.https://mawdoo٣ )، کەواتە دادپەروەر تێدەکۆشێت لە پێناو بەرژەوەندی گشتی نەوەکو تاکە کەسی ئەمەش وادەکات بە بێلایەنی بمێنێتەوە، لەم سۆنگەیەوە تاکەکان مافیان پارێزراو دەبێت و جیاکاری ناکرێت لە نێوان ڕەگەز و ئاین و زمان...هتد، هەر لەم بارەیەوە دادپەروەری ((مەبەست لێی ئەوەیە هەموو کەسێك مافی خۆی بدرێتێ، بە بەها و ئاکار و سومبولەکان دادەنرێت، کە ئاماژەیەکە بۆ ڕەوڕەوەی ژیان، پیادەکردنی دادپەروەی لە نێوان مرۆڤەکاندا مەسەلەیەکی ڕێژەییە کە بەپێی بارودۆخ و کاتەکان گۆڕنکاری بەسەر دادێت)) (عەبدوڵلا، ٢٠١٧، https://yallairaq.com )، چەسپاندنی دادپەروەری بەپێی سەردەم و بارودۆخەکان دەگۆڕێت، لە پێناو خۆشگوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵگەدا نەوە دوای نەوە فێر دەکرێن، دادپەروەر بن لەگەڵ یەکتر لە کاروباری ڕۆژانەیاندا، دایڤد هیوم پێی وایە دادپەروەری ((سروشتی نییە و خۆڕسکانە سەرهەڵنادات، بەڵکو بەهۆی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لەسەر بنەمای بارودۆخو ڕەوش و بەرژەوەندی گشتی سەر هەڵدەدات. بەواتایەکی تر دادپەروەری وەك دەزگایەك و سیستەمێك سەرهەڵدەدات)) (پۆلادی، ٢٠٠٥، ٩١)، کەوایە دادپەروەری خۆڕسك نییە، بەڵکو بە گوێرەی ڕەوش و بارودۆخ و سەردەمەکەی وەکو سیستەمێك دادەڕێژرێت، بەگوێرەی پەیوەندی نێوان تاکەکان، لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیشداو بەتایبەتی حەکایەت، بە چەندین شێوە باس لەو بەهایە کراوە و بە بەهایەکی بەرز داندراوە، وەکو لە حەکایەتی (یاسا)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لە سەردەمی کۆن لەنێو کوردەواریدا، ڕۆژێ لە ڕۆژان هەیاسی فەیلەسووف بەپێی یاسا حوکمی لە سێدارەدانی بۆ نزیکترین و خۆشەویسترین دۆستێکی خۆی دەرکرد، لە ناو دادگا دەستی کرد بە گریان بۆی، پێیان گوت تۆ خۆت دادوەر و سەروەر بوویت دەتتوانی چۆنت بوێ حوکمت دابوایە، بۆچی بۆی دەگری؟ لە وەڵامدا گوتی: من بۆ ئەو خۆشەویستەم دەگریم کە گیروگرفتی زەمانە بەم دەردەی بردو یاساش لەسەری کردم، کە من بەو چاوە تەماشای بکەم، کە نەمدیووە و نایناسم، یاسا لە من و لەویش گەورەترە)) (گردەسۆری، ٢٠٢١، ٢٤٧). ئەگەر لەم حەکایەتە ووردبینەوە ئەوا دەبینین هەیاس ڕۆڵی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دادوەر دەبینێ و حوکمێکی دادپەروەرانە دەردەکات لەسەر خۆشەویسترین هاورێی، ئەویش بڕیاری لە سێدارە دانیەتی، ئەم بڕیارەش وادەکات دڵتەنگ بێت بۆ هاورێکەی، کاتێك خەڵکەکە لێی دەپرسن بۆچی دەگری؟ لە کاتێکدا بڕیار لە دەستی خۆت بوو، هەیاس وەڵام دەداتەوە، کە دادپەروەری لە کارەکەی وای کرد، پەیوەندی هاورێیەتی نەبووە ڕێگر لەبەردەم دەرکردنی بڕیاری دروست، بۆ ئەوەی یاسا سەروەر بێت، پەیوەندی هاورێیەتی لەبەرچاو نەگرت، ئەم هەڵسوکەوتەی هەیاس بووە جێی سەرسامی خەڵکەکە. ئەو حەکایەتە فێرمان دەکات پێویستە دادپەروەر بین لە کاروباری ڕۆژانەمان و هیچ پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی کارمان تێ نەکات، هەروەها هەست وسۆز بەسەرماندا زاڵ نەبێت لە دەرکردنی بڕیاری دروست، لە لایەکی ترەوە پێویستە بەکردەوە دادپەروەری بچەسپێنین و یاسا سەروەر بێت لە ناو کۆمەڵگە تاوەکو هەموو کەسێك یەکسان بێت لەبەرامبەر یاسا، ئەوکات مافی هەموو تاکەکان پارێزراو دەبێت.

هەروەها لە حەکایەتی (حوکمی قەرەقوش)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی قەرەقوشدا، جارێکیان پیاوێك لەبن دیواری ماڵێك دادەنیشێ، لە پڕ دیوارەکەی بەسەردا دەکەوێ و دەمرێ، برای کابرای مردوو شکایەت لەلای قەرەقوش دەکات، دەڵێ: برایەکم لە بن دیواری ماڵی فلان کەس دانیشتبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دیواری حەوشەکە زۆر چروك بوو، بەسەریدا ڕما و مرد، حاکم لە دوای خاوەن ماڵ دەنێرێ، خاوەنەماڵ دێت، حاکم لێی دەپرسێ: بۆچی دیواری ئەم حەوشەیەت هێندە چروك دروست کردووە، برای ئەم کابرایە لە بنی دانیشتووە دیوارەکە ڕماوە بەسەریدا و کابرا مردووە، خاوەن ماڵ دەڵێ: حاکمم خۆش بێ، من تاوانبار نیم فلان بەنناى دیوارەکەی دروست کردووە، ئەو تاوانبارە، حاکم لە دوای وەستاکە دەنێرێ ئەویش دێت، حاکم لێی دەپرسێ: بۆ ئەم دیوارەت چروك دروست کردووە، برای ئەم کابرایە لە بنی دانیشتووە دیوارەکە بەسەریدا ڕماوە و کوشتوویەتی، وەستا دەڵێ: حاکمم خۆش بێ، من تاوانبار نیم، لە کاتی ئیش کردن لە دیوارەکە کیژی پاشا بێرە داهات جل وبەرگی هێندە جوانی لەبەردا بوو منیش سەیرم دەکرد بەهۆی ئەوە خافڵام بۆیە وا چروك بووە، حاکم لە دوای کیژی پاشای دەنێرێ و ئەویش دێت و حاکم لێی دەپرسێ: بۆچی فلان ڕۆژ جل و بەرگی هێندە جوانت لەبەر کردووە، ئەم وەستایە بەهۆی ئەم جوانیەوە خافڵاوە و دیواری ماڵی فلان کەسی وا چروك دروست کردووە، برای ئەم کابرایە لە بن دیوارەکە دانیشتوە و لەبەر چروکی ڕماوە بەسەریدا وکوشتوویەتی، کیژی پاشای دەڵێ: حاکمم خۆش بێ، من تاوانبار نیم، ئەم جل و بەرگانەم لە دوکانی فلان جوو کڕیووە، حاکم لە دوای جوو دەنێرێ و جوو دێت، حاکم ڕووداوەکەی لە سەرەتاوە بۆ دەگێڕێتەوە و لە ئەنجامدا جووەکە تاوانبار دەکات، کە بووەتە هۆی مردنی کابرا، حاکم ئەمری ئیعدامی بۆ دەردەکات، دەڵێن لەبەرئەوەی جووەی دوکاندار هێندە بەژن درێژ دەبێت ناتوانن ئیعدامی بکەن بۆیە بڕیار دەدات و دەڵێتە خزمەتکارەکان بڕۆن جووەکی کورتتر بهێنن جوو هەر جووە، ئەوانیش جووەکی تر دەهێنن و لە جیاتی ئەو ئیعدامی دەکەن(( (گردەسۆری، ٢٠٠٦، ٥٣-٥٤)، لەم حەکایەتەدا حوکمی نادادپەروەری دەبینین، وەکو لە حەکایەتەکەدا دەردەکەوێت، حاکم بڕیارێکی نادروست دەدات دەربارەی ئەوکەسەی لە بن دیواری ئەو ماڵە دەمرێت، چونکە دەبوایە خۆی پێش ئەوەی دابنیشێت جێگەکەی هەڵبسەنگاندایە، حاکم لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەمووکەسەکان دەکات تا دەگاتە کوتاڵفرۆشی خاوەن دوکان، لێرەدا حاکم بڕیارێکی نادادپەروەرانە دەدات بۆچی جلی جوانی فرۆشتووە بە کچی پاشا، هەر بەم هۆیەوە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەکات، کە کەسێکی جوولەکە بووە، دواتر بڕیارێکی تری تەواو نادادپەروەرانە دەدات کاتێك دەبینێ ئەو کەسە باڵای بەرزە ناتوانن لە سێدارەی بدەن، بۆیە دەڵێت: کەسێکی تر بێنن لە هەمان نەتەوە، کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی یاسا و دادوەرییە، لێرەدا زۆر بە ڕوونی نادادپەروەری ڕەش هەستی پێ دەکرێت، لە ئەنجامدا بۆتە هۆی کوشتنی کەسێکی بێ تاوان، بۆیە ئەم ڕووداوە تاوەکو ئێستاش لە بیروهۆشی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی ماوەتەوە و لە هەر شوێنێك نادادپەروەری هەبێت دەڵێن حوکمی قەرەقوشە. هەروەها سزا تەنها بۆ کەسی تاوانبارە و نابێت کەسی تر لە شوێنی ئەو سزا بدرێت بەهەر هۆکارو بیانووەك بێت، لە لایەکی ترەوە فێرمان دەکات نابێت زوو بڕیار لەسەر کەسێك بدەین بەڵکو دەبێت زۆر ژیرانە و دادپەروەرانە بێت تاوەکو بڕیاری دروست بدەین. هەر لەبارەی قەرەقوش ((ناوی تەواوی (أبو سعيد قراقوش بن عبدالله الاسدي)یە و بە (بهاءالدين قرقوش) ناسراوە، کاربەدەستێکی دەوڵەتی ئەیوبییەکان بووە، لەسەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی، دواتر بۆتە قازی لە میسر و وولاتی شام، ئەگەرچی حاکمێکی بەهێزی سەردەمی خۆی بووە و سەلاحەدینی ئەیوبی و ئەسەدەدین شێرکۆ پشتیان پێبەستووە، بەڵام کەسایەتی مەجازی

ئەو لە مێژوودا بە کەسێکی توند و خاوەن بڕیاری سەیر و سەمەرە ناسراوە و تەنانەت بوەتە ڕەمز بۆ توندیی)) (هەڵبجەیی، ٢٠٢٠، ١)، قەرەقوش وەکو حاکمێك لە میسر بەهۆی بڕیارە سەیرو سەمەرەکانی ناوبانگی بە دونیادا بڵاودەبێتەوە.

لە نموونەیەکی تردا، لە حەکایەتی (پێچکی ناخۆم) هاتووە، ((دەگێڕنەوە لە نێو کوردەواری، کابرایەك خاوەنی دوو ژنان دەبێ، بە ناوی نەجیە و خەجێ ڕۆژەك دەرێ دەچمە ڕاوێ کەروێشکێکی دەگرم، سەلك بۆ خەجێ، پێچك بۆ نەجیەی، نەجیەش دەرێ ئەمن پێچکی ناخۆم، کابراش دەرێ دەبێ بیخۆی، ئەویش دەرێ وەڵلا نایخۆم، بەم جۆرە دەبێتە دەمە قاڵێ و شەڕ هەڵدەگیرسێ، پیاوەکە دەست دەداتە چەکوشەکی لەسەری نەجیەی دەدات و خین بەسەریدا دێتە خوارێ، بەبێ ئەوەی کابرا بچێتە ڕاوێ)) (گردەسۆری، ٢٠٠٦، ٤٨)، لەم حەکایەتە بە ڕوونی نادادپەروەی ئەو کەسە دەردەکەوێت کاتێك جیاوازی دەکات لە دابەشکردنی خۆراك بۆ هەردوو خێزانەکەی، کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی ڕیساکانی ئاینی و کۆمەڵایەتیە، نابێت جیاوازی بکرێت لە نێوان خێزانەکاندا، لە ئەنجامی ئەو نادادپەروەریە ژنە و پیاوەکە دەبێتە شەڕیان بەمەش ئاژاوە دروست دەبێت تا دەگاتە ڕادەی لێدان لە ژنەکەی، لێرەدا فێرمان دەکات ئەگەر دادپەروەر بین ئەوا بە دوور دەبین لە کێشە و گیروگرفت هەروەك چۆن ئەو کەسە ئەگەر دادپەروەر با هیچ کام لەم ڕووداوانە ڕوویان نەدەدا.

## ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

١-بەشێکی زۆر لە زانا و فەیلەسووفەکان پێیان وایە ئامانج لە ژیان بەدەستهێنانی بەختەوەرییە.

٢-بەهایەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگە.

٣-وەکو سەرچاوەیەکی زانیاری لە حەکایەتەوە فێر دەبین، کە کەسی دادپەروەر هەمیشە دەبێتە خۆشەویستی خەڵك و وادەکات خەڵکی چاوی لێ بکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە کەسی نادادپەروەر دەبێت بە نموونەیەکی خراپ لەناو کۆمەڵگە.

٤-دادپەروەری دەبێتە هۆی فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی، بەڵام نادادپەروەری دەبێتە هۆی گیروگرفت لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە.

٥-لەم حەکایەتانەوە فێر دەبین، کە پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکان نابێت کار بکەنە سەرباسای دادپەروەری.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم:کتێب بە زمانی کوردی:-

١-بن عبدالله، شیخ عبدالعزیز، (٢٠١٧)، ئیسلام بەرنامەی ژیانە، و/ محمد عبدالرحمن لطیف، کتێبخانەی زانستی بەسوود، کەلار.

٢-پۆلادی، کەمال، (٢٠٠٥)، مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا، و/ ئازاد وەڵەدبەگی و سیروان جەبار زەندی، بەرگی دووەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٣- جامباز، طارق، (١٩٨٦)، تێکستی هەشت چیرۆکی ئەفسانەی کوردی، چاپخانەی علاء، بەغداد.

٤-حەسەن، محەمەد فەریق، (٢٠١٠)، مەملەکەتی ماسی- حیکایەتی فۆلکلۆری، چاپخانەی ئاراس، چ٣، هەولێر.

٥- حەسەن، مەولود ئیبراهیم، (٢٠١٩)، وانەکانی خوێندنی کۆرسی ماستەر، کۆرسی یەکەم.

٦- رسول، شوکریە، (د)، (٢٠٠٣)، حەکایەتی خورافی کوردیی لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، چاپخانەی ئینستیوتی کەلەپوری کورد، هەولێر.

٧- رسول، شوکریە، (د)، (٢٠٠٥)، حیکایەتی گیانداران، چاپخانەی شڤان، چ١، هەولێر.

٨- ڕەسول، عیزەدین مستەفا،(د) (١٩٧٠)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، چاپخانەی دار الجاحظ، بغداد.

٩- شۆپنهاوەر، ئارسەر، (٢٠١٩)، حیکمەتی ژیان، و/ دانا محمد حسێن، چاپخانەی ڕێنما، چ١، سلێمانی.

١٠- عەبدوڵلا، ئیدریس، (د)، (٢٠١٤)، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆریی بەرگری، بەرگی سێ یەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١١- علی، حسێن سابیر، (٢٠١٣)، باخی قەلات، چاپخانەی شەهاب، چ١، هەولێر.

١٢-عیسی، هاوژین سڵێوە، (٢٠٠٩)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپخانەی سەردەم، چ١، سلێمانی.

١٣-غەریب، سازان جەوهەر، (٢٠١٣)، پاڵەوان لە حیکایەتی فۆلکلۆری کوردی (ناوچەی گەرمیان)دا، چاپخانەی کارۆ، چ١، کەرکوک.

١٤-کامیل، مەجدی، (٢٠١٣)، سوقرات ، و/ نەریمان عەبدوڵا خۆشناو و محەمەد وەسمان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ٢، هەولێر.

١٥- گردەسۆری، جەمال، (٢٠٠٦)، سەربردەی کوردەواری، چاپخانەی دارا، چ١، هەولێر.

١٦-گردەسۆری، جەمال، (٢٠٢١)، نمەك، چاپخانەی سارا، چ١، سلێمانی.

١٧-مهرین، ن. میهرداد، (٢٠٠٩)، قوتابخانە فەلسەفیەکان، و/ سیدۆ داود علی، چاپەمەنی گەنج، چ١، سلێمانی.

١٨-نیك خولق، منسوورو سووق عەلی ئەکبەر، (٢٠١٣)، بنەماکانی کۆمەڵناسی، و/سیروان محمد حاجی، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

### دووەم:کتێب بە زمانی عەرەبی:-

١٩-أبراهيم، نبيلة، (١٩٨٣)، اشكال التعبير في الادب الشعبي، دار نهضة مصر للطباعة والنشر، القاهرة.

٢٠-أرمن، كتاب،(٢٠٠٥)، أدب الأمثال الشعبية عند الأرمن، ترجمة/ أكوب ميخائيليان، ١٢٤ (صفر)، ٣٤

٢١- بدوي،عبدالرحمن، (٢٠٠٣)، الموسوعة الفلسفة، منشورات زوى القربى، قم-ايران.

٢٢- پەتی، ، عمر ابراهيم عزيز (د)،(٢٠٠٧)، القيم السائدة في القصص الشعبية الكوردية والعربية، مطبعة دارا،ط١، اربيل.

٢٣- عطية، احمد عبدالحليم (د)،(٢٠١٠)، القيم الواقعية الجديدة، التنوير للطباعة والنشر، بيروت-لبنان.

سێیەم: نامەی ئەکادیمی کوردی:-

٢٤-حەمەکەریم، سەبور عبدالکەریم، (٢٠١٤)، چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمی دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان بەشی زمانی کوردی.

٢٥-محمد امین، توانا عثمان، (٢٠١٧)، ڕۆڵی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێکخستنی کۆمەڵگا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

چوارەم: نامەی ئەکادیمی عەرەبی:-

٢٦-العجيلى، شذى عبدالباقي محمد، (١٩٨٥)، دراسة مقارنة للقيم في الكتب المطالعة للمرحلة الثانوية في الاوطن العربى، رسالة الدكتورا

غير المنشورة، جامعة بغداد، كلية التربية علم النفس.

٢٧-عبدالقادر، شخاب، (٢٠١٥)، دور القيم التنظيمية في الصراع داخل المؤسسة, رسالة الماجستير، جامعة محمد خيضر، بسكرة.

**پێنجەم: فەرهەنگەکان:-**

٢٨-عەبدوڵلا پور، هەژیر، (٢٠٠٨)، فەرهەنگی هەژیر (فارسی- کوردی)، چاپخانەی خانی، چ١، دهۆك.

٢٩-قەرەداخی، حەمەرەشید، (٢٠٠٦)، فەرهەنگی ئازادی (ئینگلیزی- کوردی)، چاپخانەی أسوە، چ١، سلێمانی.

٣٠- مجموعة من الكتاب (٢٠١٣)، المنجد في اللغة العربية المحاصرة، المكتبة الشرقية، ط٤، لبنان.

**شەشەم: پێگەی ئەلیکترۆنی ئینتەرنێت:-**

٣١-الجمال، محمد ،(٢٠١٨)، لە والی https://mawdoo٣ com gm. وەرگیراوە

٣٢- پلامەر، ئارلین ،(٢٠٢١)، لە والی https://study.com/academy/lesson وەرگیراوە

٣٣- تەقی ، جەلال، (١٩٩٢)، لەیەکچوونی ئەفسانەی گەلان، گۆڤاری کەلەپوری کورد، سلێمانی، ژ. (١).

٣٤- خۆشناو، هێمن عومەر، (٢٠٠٧)، ڕۆڵی هەقایەتبێژ لە پێشخستنی هەقایەتدا، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، هەولێر، ژ. (٣١).

٣٥-عەبدوڵلا، کنێر،( ٢٠١٧) لە والی https://yallairaq.com وەرگیراوە

٣٦- هەڵەبجەیی، نەریمان ،(٢٠٢٠) لە والی https://www.zaniary.com وەرگیراوە

**حەوتەم: گۆڤارەکان:-**

٣٧- لە والی Christian life وەرگیراوە

https://Christianity.org.uk/article/what-is-the -purpose-of-life


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

# له خاچدانی عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خودای لێبێت) له نێوان ڕاستی ودەست تێوەرداندا


عمر حمه رشید احمد [1]

[1] بەشی بنەماکانی ئاین، کۆلێژی زانسته مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی هەڵەبجه ، شاری هەڵەبجه، هەرێمی کوردستان، عێراق.

Corresponding author's e-mail: omar.ahmad@uoh.edu.iq



## پوخته:

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە سەلام و ڕەحمەتی خودا لەسەر پێغەمبەری ئیسلام محمد ﷺ .

ئەوەی ئێمه لەم توێژینەوەدا دەمانەوێت تیشکی بخەینه سەر گەڕانه بەدوای ئەو ڕاستیەدا ئایا عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خودای لێبێت) له خاچدراوە یان نا ؟ بۆ ڕونکردنه وەی ئەم بابەته تەنها پشت به سەرچاوە سەرەکیەکان دەبەستین، له (قورئانی پیرۆزو کتابی پیرۆز) و بەراورد یان دەکەین و بابەتیانه لەم ڕوداوە دەکۆڵینەوە به شێوەیەکی و زانستیانه تا بگەینه ئەو ڕاستیەی ئایا عیسا (سەلامی خودای لێبێت)لەخاچ دراوە یان نا .

خاچ یا لەخاچدان لای خاچپەرستەکان هێمای ڕزگاربون وبەرخودانه، وەخاچ دادەنرێت بەبەردی بناغەی بیرو باوەڕی ئاینی مەسیحیەت ویەکێك له تایبەت مەندیەتیەکانیەتی، وە هێمای لێخۆشبونه له لایەن خوداوە بۆ خەڵکی.

ئاینی مەسیحی که ئاینی زۆربەی خەڵکیه لەم سەردەمەدا، یەکێك لەبیروباوەڕەکانیان ئەوەیه که دەڵێن عیسا (سەلامی خودای لێبێت) کوڕی خودایەو خودا ناردویەتی بۆ ئەوەی لەخاچ بدرێت وببێته هۆی سڕینەوەی ئەوگوناهەی کەباوکیان ئادەم کردویەتی له بەهەشتدا ولەخاچ بدرێت، ئەمه بیروباوەڕی مەسیحیەکانه کەله ئینجیلدا هاتوە. بەڵام ئەم بیروڕایه له قورئاندا به پێچەوانەوە باس دەکرێت، که عیسا نەکوژراوەو له خاچ نەدراوە وکوڕی خوداش نیەو بۆ ئەو مەبەستەش نەنێرراوەو لەکاتی هەوڵ دان بۆ گرتن وکوشتني یا له خاچ دانی خودا عیسای پاراستوه لەدەست ناحەزانی و بەرزی کردوەتەوە بۆ لای خۆی وکەسێکی تر له بری ئه و لەخاچ دراوە.



**کلیلی وشەکان:** (قورئان ، ئینجیل ، عیسا ، پولس ، خاچ ).



| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجه:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیه زانکۆی هەڵەبجه دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٥/١ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٦/١٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | omar.ahmad@uoh.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ د.عمر حمه رشید احمد،گەیشتن بەم توێژینەوەیه کراوەیه لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## الخلاصة:


الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

مانريد أن نشير اليه في هذا البحث التحري والمتابعة حول حقيقة: (صلب عيسى) عليه السلام. عل صلب حقاً؟ أم لا؟ ولتبيان هذه الحقيقة نعتمد فقط على المصادر الرأيسية من القرآن الكريم والكتاب المقدس، ونقارن فيما بينهم، ونبحث ونحقق من المسألة بموضوعية وحيادية وعلمية، حتى نصل الى حقيقة الأمر. الصلب عند المسيحيين رمز النجاة وواحد من أهم خصائص هذا الدين وهي رمز الآلام والمحن والمغفرة من الله للناس .

والدين المسيحي من الديانات أكثر تداولاً بين الناس في هذا العصر وهو دين أكثرية الناس، من أهم إعتقاداتهم يعتقدون بأن عيسى (عليه السلام) هو ابن الله أرسله الله الى الأرض لكي يصلب ويمحوا الخطيئة التي ارتكبها أبو البشرية آدم (عليه السلام) في الجنة، هذا الإعتقاد المسيحيون الذي أشار اليه في الكتاب المقدس.

ولكن هذا الإعتقاد تحدث عنه القرآن الكريم بخلاف ذلك، بأن عيسى (عليه السلام) لم يصلب ولم يقتل ولم يكن ابن الله ولم أرسله الله لهذا كما يقولون، وقد نجاه الله من أيدي الخائنين ورفعه اليه ولم يصلب ولكن شبه لهم وصلب شخصاً آخر بدلا من عيسى (عليه السلام).


## Abstract


All praise be to Allah, and peace and blessing of Allah e upon prophet Muhammad.

What we want to do in this research is to find out the fact that jesus, the son of mary, was crucified or not? To explain, we only rely on the noble quran and the bible as the main sources. We try to find the truth by comparing and analyzing them in a saientificand detailed way.

The cross or the crucifixion of jesus for the worshipers of cross is a sign of salvation and resistance.

The cross is considered as the foundation and one of the characteristics of Christian beliefs, its also the sign of pain forgiveness from GOD for people.

One of beliefs of Christianity as the religion of the majority of people is that jesus is the son of God and was sent by him to be crucified and thr cause of cleansing of sign committed by his father adam who has been crucified. this is the Christian belief in the bible.

But this belief in the nonle quran is diametrically opposed.

According to the quran, He was neither killed nor crucified He is not the son of God and was not sent for this purpose.

God protected jesus from being captured, crucified and killed.the raised him to hisself and someone else was actually crucified insteand of jesus.

## بەشی یەکەم: بیرو باوەڕی خاچپەرستان لەسەر لە خاچدانی عیسی (سە لامی خودای لێبێت) وبەرپەرچدانەوەیان.

## یەکەم: دەسپیکێک بۆ بیروباوەڕەکانیان:

هەندێك لە بیروباوەڕی مەسیحیەکان سەبارەت بە لەخاچدانی عیسا(سەلامی خودای لێبێت)

خاچ وەك دوو هێلی یەکتر بڕە لە دار یا ئاسن درووست دەکرێت یاخود نەخشێکە هەڵدەکۆڵێت، لەلای مەسیحیەکان ئەو دارەیە کە مسیحی لەسەر لەخاچ درا. الخطیب : ١٩٩١ ، ص٢٩٣. یان وەك هێمایەك بۆ باوەڕ بوون بەوەی کە مەسیح لە خاچ دراوە بە ستەم وستەمکاری. سعید: ١٩٩٠، ل٢٤٠.

بۆ ئەوەی بزانین بۆچی عیسا لە خاچ دەدرێت دەبێت لە هۆکارەکانی بکۆڵینەوە.هۆکاری سەرەکی ئەوەیە: مەسیحیەکان هۆکاری لەخاچدانی عیسیا بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە لەخاچدانی دەبێتە هۆی کەفارەت وسڕینەوەو لابردنی گوناهەکانی مرۆڤایەتی بەگشتی لەو تاوانەی کە باوکیان (ئادم) کردی کەبریتی بوو لەخواردنی ئەو درەختەی کەخوای گەورە قەدەغەی کردبوو لێیان لە بەهەشتدا پاشان کەخواردیان خودا لە بەهەشت دەری کردن بۆ سەر زەوی، وەک لەم چەند دەقەی ئینجیلدا ڕون دەبیتەوە.

أ- مەسیحیەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن و باوەڕیان وایە کەعیسا(سەلامی خودای لێبێت( لە خاچدراوە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی لێخۆش بوونی خودا لە مرۆڤایەی لەبری ئەوتاوانەی کە باوکیان ئادەم کردویەتی لە بەهەشتدا کە لەدارە قەدەغە کراوەکەی خوارد، سۆزو بەزەی خودا وابوو کە کوڕی خۆی بنێرێت، تا لە تاوانەکانیان خۆشبێت وەك لە ( ئینجیلی: یۆحەنا: ١٩٩١، ٤/٩- ١٠، ل٣٩٨) دا هاتوە:( بهذا أظهرت محبة الله فينا: أن الله قد أرسل ابنه الوحيد الى العالم لكي نحيا به، في هذا هي المحبة: ليس أننا نحن أحببنا الله، بل أنه هو أحبنا، وأرسل ابنه كفّارة لخطايانا). )ئە وە بیروباوەڕیانەبەرامبەر لەخاچدانەکە.

ب- لەئینجیلی مەتا دا هاتوە:( ٢٦/٢٧ – ٣٠: ل٦٥) (لەکاتی نانخواردندا عیسا نانێکی هەڵگرت پارچە پارچەی کردو دای بەقوتابیەکانی ووتی بگرن وبخۆن ئەمە لەشی منە، ئینجا جامێکی هەڵگرت سوپاسی خوای کردو وتی هەموو لێی بخۆنەوە چونکە ئەمە خوێنی منە ئەو خوێنەی لە پێناو زۆر کەس دەرژێ بۆ تاوان بەخشین، من لە ئە مرۆ بە دواوە لە بەروبومي مێو ناخۆم تا ئەو ڕۆژە دێت کە سەر لە نوێ لە پادشایەتی باوکم لەگەڵتان دەی خۆمەوە).

ج- وەبیروباوەڕایان وایەکەعیسا(سەلامی خودای لێبێت) لەخاچدراوەو مردوە پاشان دوای سێ ڕۆژ لە گۆڕەکەی هەستاوەتەوەو بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان وەك لەئینجیلی مەتا هاتوە:١٢/٤٠ ، ١٩٩١، ل٢٨ . هەروەها لە ئینجیلی مەتا: ٢٧، ٥٤ ، ١٩٩٩ ، ل٧٢. دەڵێت: عیسا دوای ئەوەی لە خاچدرا گۆڕەکە کرایەوە، زۆر لەبراو خوشکە پیرۆزەکان کە مردبون هەستانەوە لە کۆڕ هاتنە دەرەوە..) چۆن یونس سێ ڕۆژ لە ناو سكي نە هەنگدابوو ئاواش ڕۆڵەی مروڤ سێ ڕۆژ لە ناو زەویدا دەمێنێتەوە ).

د- هەروەها بۆ زیاتر دڵنیابون لەوەی کە لە خاچدراوەوکوژراوە لە ئینجیلی پیرۆز:١٩٩٩، مەتا هاتوە: (٢٠/ ١٩: ل٤٨ ) )کاتێ عسیا بەرەو قودس دەرۆی بە قوتابیەکانی وت ئەوا دەڕۆین بۆ قودس لەوێ ڕۆڵەی مرۆڤ دەدرێتە دەست سەرۆك کاهینەکان و بڕیاری مردن بەسەریدا دەدەن ولە خاچیدەدەن. عیسا بە قوتابیەکانی وت من دوای سێ ڕۆژ زیندو دەبمەمەوە(.ئینجیلی پیرۆز: مەتا ،١٩٩٩، ٢٧ /٦٤، ل٧٢.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم هۆکارە سەرەکیانە چەند ڕون کردنەوەیەك دەخەینە ڕوو هەر لە دەقەکانی ئینجیلدا کە پێچەوانەی یەکن و گومان دروست دەکەن بەرامبەر ئەو دەقانەی کە خۆیان بەڕاستی دەزانن. پاشان بە پشت بەستن بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز باسیان دەکەین. چونکە سەرچاوەی هەموو ئاینە ئاسمانیەکان یەک سەرچاوەیەو لەلایەن خودای باڵادەستەوە هاتوون، وە پێغەمبەرانیش هەموو یەک پەیامیان هێناوە بۆ مرۆڤایەتی کە ئەویش خودا بەیەک ناسینە، ناکرێت دژ بەیەک قسە بکەن چونکە ڕێگە پێدراو نین لەلایەن خوداوە، هەرچیان پێوترابێت ئەوەیان گەیاندوە بێ زیادو کەم، بۆیە لەم بابەتە کە گرنگی خۆی هەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندە بەبیروباوەڕو دواڕۆژی مرۆڤەوە، بەگرنگمان زانی بەدوا چون بکەین بۆ بابەتێکی وەها گرنگ کە لەخاچدانی یەکێک لە پێغەمبەرە بەڕێزەکان کە عیسای کوڕی مەریەمە(سەلامی خودای لێبێت)، تاوەکو بگەینە ئەنجامێکی دڵنیاکەر لەو بارەیەوە،چونکە مادەم هەردوو ئاینەکە لای خوداوە هاتون نابێت

جیاوازیان هەبێت، لە ئینجیلدا بڵێت عیسا کوڕی خودایەو لە خاچدراوە، لە قورئانیشدا بفەرموێت خودا منداڵی نیە و عیساخاچ نەدراوەو.

بۆیە بە پێویستمان زانی مادەم بابەتێکی ئاینی و چارونوس سازە ئەم بەدواچونەی بۆ بکەین بەتایبەت بە زمانی کوردی کە تائێستا ئەم بابەتە کەمتر باسی لێوە کراوە لە ناو موسوڵماناندا و گفتوگۆی لەسەر نەکراوە،کە زۆر جێگای تێڕامانینە چونکە ئاینی مەسیحی کە ئاینی زۆربەی خەڵکی ئەم سەرزەویە چۆن دەکرێت بنەمای ئاینەکەیان لەسەر شتێکی بێبنەما هەڵچنن کە وا نەبێت، بۆ ئەوەی وشیاری ئاینیمان زیاتر بێت وبەراوردکاری بکەین لە نێوان ئاینەکانداو بگەینە ئاینی ڕاست و دروست کە لەلای خودا وەرگیراو بێت، ئێمە بە شێوەیەکی بابەتیانەو زانستی لەبابەتەکە دەکۆڵینەوە، بەسود وەرگرتن لەقورئانی پیرۆزو ئینجیلەکان وسەرچاوە باوەڕپێکراوەکان کەلەم بارەیەوە نوسراوە، ئەم توێژینەوەیە دەخەینە بەردەست وبەپێی توانا ڕون کردنەوەی خۆمانی لەسەر دەدەین.

**هەندێک سەرنج و تێبینی لە سەر هۆکارەکان:**

-١بۆ ئەبێت بە هۆی گوناهی کەسێکەوە کە سێکی تر سزا بدرێت ئەمە کەی لەگەڵ دادگەری خوادا دەگونجێت، پاشان بۆ خودا کوڕەکەی خۆی لەخاچبدات لە بری خەڵکی، وەئەو گوناهەی ئادەم کردی (سەلامی خودای لێبێت) دەبێتە هۆی نەفرینی خودا لە خەڵکی سەر زەوی، لەگەڵ ئەوەی ئەو گوناهە لە بەهەشت کراوە نەك لەسەر زەوی.. الشرقاوي: ٢٠٠٦، ص٣٣. وە لە الكتاب المقدس: ١٩٩١، حەزقال: ٢٠/١٨: دەڵێت: (ئەوکەسەی تاوانەکە دەکات دەبێت خۆی بمرێت).کەواتە لەخاچدانەکە یەک ناگرێتەوە لە گەڵ دەقەکەی ئینجیلدا. تاوانێك ئادەم کردبێتی نابێت کەسێکی دیکە تاوانەکەی هەڵبگرێت، قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: (أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى) (سورەتی النجم: ئایەتی ٣٨ ).کەس تاوانی کەسێکی تر هەڵناگرێت.خۆ خودا زوڵم لەکەس ناکات کەسێك تاوانێکی نەکردبێت ئازاری بدات لە بری کەسێکی تر. ئەوەش لە ئینجیلدا پیرۆزدا هاتوە:١٩٩٩،سفر تثنيه.٢٤/١٦.(دەڵێت باوك بۆ منداڵ ناکوژرێتەوەو منداڵیش بۆ باوك ناکوژرێتەوە). ناکرێت کەسێك تاوانێکی نەکردبێت سزا بدرێت لە بری کەسێکی تر؟هەرکەس لەبارمتەی کردەوەی خۆیدایە. وەک قورئان دەفەرموێت: (كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ) سوره المدثر: ئایەتی ٣٨.

٢ -وەئەو تاوانەی ئادەم کردی هیچ پەیوەندیەکی بە ئێمەوە نیە نە ئێمە کردومانەو نەلە زەمانی ئێمەدابوەو نەدیومانە، ئیتر بۆ دەبێت ئێمە تاوانەکەی هەڵبگرین، لەلایەکی ترەوە ئەو کەسانەی ئەو تاوانەیان کرد دوای لێخۆشبونەکە گوناهیان ئەمێنێ یان نا؟ هەروەها ئادەم تاوانەکەی کرد داوای لێخۆشبونی کرد لەخوداو خوداش لێیخۆشبوو. وەك دەفەرموێت: ( وَقُلْنَا يَاآدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ ، فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ ، فَتَلَقَّى آدَمُ مِنْ رَبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ ) البقرة.٣٥-٣٧. واتە: گوتمان ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرەکەت(حەوا) لە بە هەشتدا نیشتە جێ ببن، ولە کوێ حەز دەکەن ڕزق وڕۆزی بەرفراوانی بخۆن بەڵام تەنها نزیکی ئەو درەختە مەکەونەوە، ئەگەر بیخۆن لە ستەمکاران دەبن، ئینجا شەیتان پێیهەڵخەڵەتاندن ولەخشتەی بردن، ئیتر لەو نازو نعمەتەی بەهەشت دەری پەڕاندن، وە ئێمەش پێمان گوتن دەبێ لە بەهەشت دابەزنە خوارەوەو هەندێکیشتان ببنە دوژمنی هەندێکتان وەزەویش هەتا ماوەیەکی دیاریکراو بۆمردنتان نیشتنگەو جێگای ژیان وسوود وەرگرتنتانە، ئادەم لەلایەن پەروەردگاریەوە بە ئیلهام چەند وشەو وتەیەکی پێگەیشت وگوتیان( خودایە ستەممان لە خۆمان کرد ئەگەر لێمان خۆش نەبیت و بەسۆز نەبێت لە گەڵمان ئەوا لە خەسارەت مەندان دەبین) خودای گەورەش تۆبەی لێوەرگرتن چونکە خودای گەورە زۆر لێخۆشبوو میهرەبانە. کاکە محمود: ٢٠٢٠، ص١٣.

٣- وەئەوانەی باوەڕیان وایە ئەیانەوێت لەو ڕاجیاییە بێدەنگ بن لە نێوان دادگەری خودا و لێبوردەی خودادا، بۆیە کەوتونەتە ئەو هەڵەوە کە زوڵمیان ڕەوا داوە بۆ خودا کە (خودا زوڵمی لەسەر خۆی حەرام کردوە) لەوەی کە باوکیان ئادەم گوناهی کردوە بەڵام کوڕەکەی باجەکەی دەدات بەبێ ڕازیبونی خۆی، خودا خۆی لە هەموو پەیامە ئاسمانیەکاندا وە لەسەر زاری پێغەمبەرەکانی هەمیشە لێخۆشبونی زۆربوە هەتا تۆڵە لێکردنەوە، بۆچی خۆی ئەو لێخۆشبونە ناکات بەرامبەر ئادەم کەیەك تاوانی کردوە دەبێت خودا تۆڵەی بۆ بکاتەوە بە ناردنی کوڕەکەی خۆی، ئەی بۆ تۆڵەکە لە خۆی ناکاتەوە؟ یادەکرا عیسا بپاڕایەتەوە لە خوداو خوداش پاڕانەوەکەی وەربگرتایەو لەگوناهەکە خۆش ببوایە،


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

وەدەكرێت بەشێوازێكی تر پاداشتی بدایەتەوە نەك بە كوشتنی كەسێک چونكە كەسێك لەپێناو كەسێكی تردا ناكوژرێتەوە. حماية: ٢٠٠٩، ص٢٦. یا تۆڵەی هەر تاوانێک بە قەد تاوانەکە یاوەک تاوانەکەخۆیەتی.

ئەگەر تۆڵەشی لێكردبێتەوە ئەوە بوو، دەری كرد لە بەهەشت بۆ سەر زەوی، یاتۆڵەی وەها گوناهێک بۆ ئەبێت کوشتن بێت؟خواد خۆی دەفەرموێت ئەگەر تاوانیکتان کرد داوای لێخۆشبون بکە یەکسەر لەخودا خۆی لە هەموو گوناهێک خۆش دەبێت کەس مەکەن بە نیوەند گیری، وەک دەفەرموێت:(قُلْ يَاعِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ) تەوبەو گەڕانەوە بۆلای خودا چارەی هەموو تاوانێکە گەر کە سێک تاوانێکی کرد ویستی بگەڕێتەوە بۆلای خودا بەڵام ڕاست بکات لەگەڵ خودادا، بەمەرجێک نەگەڕێتەوە سەری وپەشیمان بێتەوە لەوەی کە کردویەتی ودەست هەڵگرێت لەتاوانەکە خودا لێی وەردەگرێت، لێیخۆش دەبێت.ئەوە بڕیاری خودایە پیویست بە هیچی تر ناکات. هەروەها یونس پێغەمبەر کاتێک گەلەکەی بەجێهیشت خودای گەورە عتابی لێ گرت، ئەویش دانی بەهەڵەکەی خۆیدا ناو داوای لیخۆشبونی کردو خوداش لێیخۆش بوو، بەوشێوەش ئادەم داوای لێخۆش بوونی کردوو خوداش لێیخۆش بوو، ئیتر ئەم هەموو شتە هەڵبەسراوانە نارەوایە کەبەدەم خوداو پێغەمبەرانی خوداوە هەڵبەسراوە. کەواتە گرفتەکە کۆتای هاتوو پەیوەندی دوای ڕوداوەکەوە نیەو خودا لێیان خۆشبوە. ئیتر چ پێویست دەکات دوای چەند هەزار ساڵ لێخۆشبونێکی تر دەربچێت لەلای خوداوە، ئەمە گومان لە بڕیارو وپەیمانی خودا دروست دەکات، بەتایبەت ئەوکەسە بەقسەی ئەوان کوڕی خودایش بێت.

٤- ئەو گوناهەی ئادەم کردی بۆ کوشتن نیە تەنها گوناهێکەو شەیتان هەڵی خەڵەتاندون وسزاکەیان وەرگرت کە دەرکردنیان بوو لە بەهەشت، کەسانێك سەرپێچی فەرمانی خوادەکەن وخەڵك دەکوژن وکوفر بەخواو ئاینیش دەکەن دواجار پەشیان دەبنەوەو دەگەرینەوە، خودا لێیان خۆش دەبێت ئەگەربیەوێت، یاهەندێکیان خودا خستونیەتیە دوارۆژو لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکات، نەك لەدنیا کوڕی خۆی بدات بەکوشت وەك ئەوان دەڵێن. ئەمە تەنها لەداهێنانی هاوبەش پەیدا کەرەکانەو شتێکی بێبنەمایەو لە سەردەمی هیچ پێغەمبەرێکدا شتی وانەبوە.

٥- لەنێوان عیساو ئادەمدا (سەلامی خودایان لێبێت) ماوەیەکی زۆر هەیە خوا بۆ هیچی نەکردوە یان نەیزانیوە (پەنا بەخودا) چی بکات وئەم تۆڵەیە بکاتەوە، خودا مرۆڤی بە جێهێشتوە ساڵانێکی زۆر لە خورافات وتاواندا، خۆ عیسا کۆتا پێغەمبەر نەبوە تا کۆتا هەژماری لەگەڵ بکات .محمد(درودی خوای لەسەربێت) کۆتا پێغەمبەرە. ئایا ئەو ماوە زۆرەی کە ئادەم تاوانەکەی کردوە تا لەخاچدانی عیسا مرۆڤایەتی لە تاواندا ژیاوە؟ لەکاتێکدا یەکێک لەو کەسانە تاوانی نەکردوە ومردویشە، ئایا سزا دراوە یاننا لەو ماوەیەدا؟ ئایا ئەوە لەگەڵ دادگەری خودادا دەگونجێت؟ هەتا ئەو پێغەمبەرانەی لەو ماوەیەدا هاتون ئاگایان لەو بەسەرهاتە نەبوەو شوێن کەوتوەکانیشیانی لێ ئاگادار نەکردوەتەوە کە گوناهێکی وایان لەسەرە؟ تاوەک و بزانن هەڵویستیان چیبێت.

٦- ئینجیل دەڵێت عیسا کوڕی خودایە(عیسا دەیوت من ڕۆڵەی خودام)الكتاب المقدس: مەتا : ١٩٩١، ٤٤/٢٧ل.٧٢) یانی لە ڕەگەزی مرۆڤ نیەوخودایە، دەی چۆن لە بری مرۆڤێکی وەك ئادەم کە هەڵەیەکی کردوە خودایەك بکوژرێت، بەتایبەت لای (کاسولیکەکان) عیسا هەم خودایە(اللاهوتية) وە هەم مرۆڤە (الناسوتية)، دوای دەڵێن خودا ئازار نازانێت و ناچێژێت گەر لاهوت نیە ناتوانرێت بوترێت لە خاچ دراوە، ئەبێ بوترێ هەندێک لە عیسا لە خاچ دراوە. حماية: ٢٠٠٩، ص٥٧. لە ئینجیلی یۆحەنا : ٣/١:١٩٩٩،ص٢٠٨، هاتوە پیاوێک ناوی نیقۆدیمۆس بوو هاتە لای عیسا پێی ووت مامۆستا، ئێمە دەزانین تۆ مامۆستایەکی ولای خوداوە هاتویت..) کەواتە عیسا مامۆستاو ڕێنیشاندەرە، نەک بۆ فیداکاری و سڕینەوەی گوناهەکان هاتبێت ئەوە شاهیدی ئینجیلە، لەگەڵ وتەکانی خۆیاندا بڕیارەکانیان دژو پێچەوانەی یەکترین.

وەگەر کوڕی خودایە سۆزو بەزەی خودای لەکوێدایە، بۆ کوڕەکەی، کە ئەو لە سزادا بمێنێتەوەو هەڵواسرێت، لەکاتێکدا لەخاچدان لای ئەوان وابوە بۆ سوکایەتی بوە تا خەڵك پەندی لێ وەربگرن، کەسی هەڵواسراو دەمایەوە چەند ڕۆژێک تا باڵندەکان بیخۆن، دوای ئەوە

لاشەکەیان دادەگرت ودەدرا بە ئاژەڵە درندەکان. دەی عیسا (سەلامی خودای لێبێت) پێغەمبەرێکی بەڕێز بوە، نا بێت نەفرین بکرێت، کوڕی خودا یا خودا چۆن دەبێت نەفرین بکریت، بەپێی کتاب المقدس هەرکەس لە خاچ بدرێت نەفرین لێ کراوە لەلای خودا، دەی چۆن کوڕی خودا نەفرینی لێدەکرێت، کەتاوانەکە ئەو نەی کردوەو ئەو بۆیە هاتوە تا فرمانی خودا جێبەجێ بکات، بە قسەی خۆیان، کە دەڵێت:(واذا كان على انسان خطيئة حقها الموت، فقتل وعلقته على خشبة، فلا تبت جثته على الخشبة، بل تدفنه في ذلك اليوم، لأن المعلق ملعون من الله، فلا تنجس أرضك التي يعطيك الرب الهك نصيبا)الكتاب المقدس: ١٩٩١، ٢٣/٢١، ل٢٠٤. وەیا شێوە یەک بۆ خودا دادەنێن کە عیسا خودا بێت، ئەوەش وەلامێکە بۆ یەهودیەکان، قورئانی پیرۆز دەفەرمەێت لەبارەی خوداوە وێنەی خودا نیە ئیتر ئەم وێنەیە لەکوێوە پەیدا کرا: (لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞ) سورەتی الشورى: ئایەتی: ١١ .

وە لەئینجیلی پیرۆز:١٩٩٩، یوحنا: ١٦/٣.. هاتوە :( خودا چەندە تورە بوو لەئادەم ئاواش بەبەزەییە، بۆیە ئەو کوڕەی خۆی نارد بۆ ئەوەی لەخاچ بدرێت ولە تاوانەکەیان خۆش بێت). بۆ ئەبێت خودا کوڕی خۆی بنێرێت بۆ لێخۆشبوون، ئایا چەندەها ئامرازو جۆرێ تر نەبو تابەهۆیەوە خودا لەخەڵکەکە خۆشبێت، خۆ خودا دەیتوانی لەتاوانەکان خۆشبێت ئیترئەم نمایشە چیە؟ یا بەپاڕانەوەو خێرێک خودا لێیان خۆش دەبوو ئیتر بۆ دەبێت خوێن بڕێژرێت کە خراپترین شتەو هەرگیز خودا نایەوێت، وە ئایا ئەو گوناهانەی کەدوای ئەو ڕوداوە دەکرێت لەلایەن نەوەکانیانەوە چی لێ دێت وێ تاوانەکانی هەڵدەگرێت ئەمەش لەگەڵ دادپەروەری خودادا ناگونجێت، کەسی واهەیە هەزاران دەکوژێت و لەژیانیدا بەگوێی خودا ناکات، خودا ئەو نمونەیەی ئادەمیشی بۆگێڕاوەتەوە، ئادەم یەك تاوانی کرد ئەویش خواردنی ئەو درەختەبوو. شلبی: ١٩٨٩، ص١٦٥.

٧- ئەگەر عیسا(سەلامی خودای لێبێت) لە خاچ دراوە، دەی چۆن هەستایەوەو بوو بەخوداو گەڕایەوە بۆلای خوداو لەڕۆژی دوایدا لەگەڵ خودادا لێپرسینەوە لە خەڵك دەکەن، کەدەبێت مرۆڤ لەژێر خاکدا بمێنێتەوەو برزێت گەر مرۆڤە،کەواتە کوڕی خودانیە ئەگەر کوڕی خودایە، چۆن خودا لەخاچ دەدرێت بەدەستی مرۆڤ، هەر هەموو ئەم واتایانە چاوبەستن وبێنەمان ونادروستن وداپۆشینی گریمانەکانە و ئەمە لەگەڵ کاری خودادا ناگونجێت. سعود: ٢٠٠٤، ص١٥ . یا ئەگەر عیسا خودایە بۆ لە گوناهەکە خۆش نەبوو کۆتای پێ بهاتایە.؟

٨- ئەندێشەو بیرو باوەڕی لەخاچدان لەبری سڕینەوەی تاوانەکان لە مەسیحیەوە نەهاتوە بەڵکو لە بۆ مەسیحیەکان هاوردە کراوە لە گەلانی ترەوە، وەك بتپەرستەکان و یەهودیە کان و ڕۆمانیەکان و هندیەکان، ئەم بیروباوەڕە پێش هاتنی عیسا(سەلامی خودای لێبێت) بەسەدەها ساڵ هەبوە و خراوەتە ناو ئاینی مەسیحیە کانیشەوە. الخطیب: ٢٠٠٩،ص ٣١٨.. ئەم هەموو سوکایەتی کردنە لەلایەن یەهودیەکانەوە بە مەسیحیەکان بۆ چیە؟ کەواتە ئەمە هەمووی چیرۆکی هەڵبەسراوەو هیچ بنەکایەکی نیە. عیسا(سەلامی خودای لێبێت) لەبیروبۆچونی مەسیحیەکاندا مرۆڤێك نیە کە پەیدا بوبێت بە ڕێگایەکی ئاسای، بەڵکو بە پێکهاتەیەکی تر لەدایک بوە، ئەو کوڕی خودایە هەر لەئەزەلەوە، وەك چۆن باوکی ئەزەلیە وهەربوە، لە نێوان ئەو خودادا جیاوازیەك نیە لەکات وشوێندا. شلبي: ١٩٩٨، ص١٠٣.

## دووەم: لەخاچدانی عیسا و هەوڵی دەستگیرکردنی و کێ لەجیاتی ئەو لەخاچ درا ؟.

عیسا(سەلامی خودای لێبێت) بەردەوام بەبەڵگەو موعجیزەکانی کە بە فەرمانی خودا ئەنجامی دەدان ڕوونکردنەوەی دەدا بۆ خەڵکی وبانگی دەکردن بۆلای خودای تاک وتەنها بۆیە شوێن کەوتوانی بەردەوام زیاد دەبوون، دوژمنەکانیشی وەك پیشەی هەمیشەی زۆرداران کە لەگفتوگۆکاندا سەرکەوتو نابن پلانی کوشتن دادەنێن. یەهودیەکان کەوتنە پیلان گێڕان بۆعیسا لای سەرۆکی کاهنەکان، بڵاویان کردوەوە کە عیسا باج نادات و دەیەوێت دەسەڵات بگرێتە دەست خۆی بۆ جێگرەوەی ئە و ئامادە دەکات، بۆیە کۆبونەوەیەکی بەپەلەی بۆکرا وبڕیار دراکەوا دەستگیر بکرێت ودوای دەبێت بکوژرێت، ئەم هەواڵە گەیشتە عیسا بۆ ئەو مەبەستە هەواڵیدا بەهاوەڵەکانی کەپلانێکی وەهای لەسەرە لەلایەن یەهودیەکانەوەو یەکێکیش لە هاوەڵەکانی خۆی فریودراوەو بەم کارە هەڵدەستێت. عرفات: ٢٠٠٤، ص٧.

لێرە دوو سەرنج جێی پرسیارە:


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

١-ئایا لەبەر پاشا لە خاچ دەدرێت کە باجی پێنادات، وەک لە ئینجیلدا هاتوە:(هل تدفع الجزية لقيصر أم لا )(ئینجیلی مەتا : ٢٢ / ١٧ )
٢- یاخود لەبەر فەرمانی خودای بۆ سڕینەوەی تاوانی ئادەم( سەلامی خودای لێبیت) کەلە بە هەشتدا کردویەتی، خوداکوڕی خۆی دەنێرێت بۆ ئەوەی ببێتە هۆی لێخۆشبون؟. لەبەر هەرکامێکیان بێت کێ هەستا بە ئەنجامدانی کارەکە؟
جولەکەکان دەڵێن ئێمە عیسامان کوشتوە، خودا بەدرۆیان دەخاتەوە وەک دەفەرموێت: (وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَنْكَ)(المائدة: ١١٠ .واتە ئێمە ئەتپارێزین و دەستی خراپەی بەنی ئیسرائیلیەکانت لێ دور دەخەینەوە.وە بە مەسیحیەکانیش دەڵێت: (وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ.. )نەکوشتویانەو نە لەخاچیانداوە بە ڵکو ئەوەی لەخاچدرا کەسێکی تر بوو خودا شێوەی عیسای خستە سەر ئەوکەسە.
لە ئینجیلی مەرقۆسدا هاتوە: (یەهوزای ئەسخەروتی کە یەکێک بوو لە دوانزە قوتابیەکە ڕۆشتن بۆلای سەرۆکی کاهنەکان هەتا عیسا بدات بەدەستەوە، کاتێک گوێیان لەمەبوو زۆر پێخۆشحاڵ بوون وبەڵێنی ئەوەیان پێدا پارەی بدەنێ، بەم شێوە ئەو دەگەڕا بۆ هەلێك تا عیسا بدات بەدەستەوە). وەك لە ئینجیلی پیرۆزدا هاتوە: مەرقوص:( ١٤/ ١٠ ل١١٤).
هەروەها لە ئینجیلی پیرۆز دا هاتوە: لوقا( ٢٢/ ٦ ، ل١٩١). بەم شێوەیە:(ئەوانیش ئەمەیان زۆر بەدڵ بوو بڕیاریشیاندا هەندێك پارەی بدەنێ ئەویش بەمە ڕازی بوو چاوەڕێی هەلێکی دەکرد تا عیسا بداتە دەستیان، بێ ئەوەی خەڵك پێی بزانێت).
لەئینجیلی بەرناباداهاتوە (عیسی لەماڵ دەرچوو بۆ باخێك بەمەبەستی نوێژو خواپەرستی، یەهوزا پێیزانی وزانی بۆکوێ دەچێت، ڕۆشت بۆلای سەرۆکی کاهنەکان، وتی ئەوەی پەیمانتان پێداوم ئەمدەنێ ئەمشەو عیساتان بۆ بگرم، وەڵامیان دایەوە چەندت دەوێت، وتی سی پارچە ئاڵتون، یەکسەر پارەکەیان پێدا، وەناردیان بەشوێن سوپایەکەدا بە کەرەسەی جەنگیەوە بۆ ئەوەی ئامادەبن بۆ پارێزگاری چونکە لە خەڵك وجەماوەر دەترسان لێیان هەستن، کاتێك سوپاکە لەگەڵ یەهوزا چونە جێگاکەوە، عیسا پێی زانین یەکسەر گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، کاتێك خودا زانی ترسێك لەسەر بەندەکەی هەیە، فەرمانی کرد بە فریشتەکان کە عیسا بهێنن ورزگاری بکەن، بۆیە هەڵیان گرتوو بردیان بۆ ئاسمانی سێیەم. یەهوزا بەپەلە خۆی کرد بەو ژورەدا کە عیسا تیایدا دەمایەوە، هەموو قوتابیەکانی نوستبون لەوێ، زۆر سەری سوڕما وشتی سەرسوڕهێنەری دی، ووتی کوا مامۆستاکەتان، وتیان ئەی تۆ نیت مامۆستاکەمان، ئێمەت لەبیر چوەتەوە، ئەمەی وتوو سەربازەکان هاتنە ژورەوەو یەهوزایان گرت، چونکە شێوەی عیسای چوبوە سەر، قوتابیەکان دەڵێن کە ئەمەمان بینی هەموو ڕامانکرد، بەم جۆرە عیسا ڕزگاری بوو لەگەڵ یانزە قوتابیەکەی).
هەروەها لەئینجیلی یۆحەنادا هاتوە: (ئەو یەهوزایەی ناپاکی لەگەڵ کرد، ئەوشوێنەی دەزانی، چونکە عیسا زۆر جار تیایدا کۆ دەبووەوە، ئنجا یەهوزا بەرەو ئەوێ چوو، تیپێکی لە سەربازو پاسەوانی پەرستگای لەگەڵ خۆی برد، چراو مەشخەڵ وچەکیان هەڵگرتبوو، عیسا دەیزانی چی بەسەردێ، کە ڕۆشتنە لای عیسا وپرسیاریان لێکرد، تۆ عیسای ناسری ئەویش پێی ووتن: (من ئەوم)ئەو یەهوزایەی کە ناپاکی لەگەڵ کرد لەگەڵیان وەستا بوو، کاتێ پێی وتن من ئەوم گەڕانە دواوەو کەوتن بە زەویدا..ئینجیلی پیرۆز: یوحنا،١٩٩٩ ، ( ١٨ / ١-٧ ).
هەمویان کەوتن بە زەویدا، کەواتە نەیانتوانی هیچ زیانێك بە عیسا بگەیەنن. لە کتاب المقدس: ١٩٩١، ٢٩/٢٣ یۆحەنا هاتوە: لەسەر یەهوذا کە پارەی وەرگرتوە بۆ کوشتنەکە، لەگەڵ ئەوەدا یەهوذا خۆی ئەمین صندوقی عیسا بوەو(اذكان الصندوق مع اليهوذا) هەموو داراییەکە لە ژێر دەستی ئەودا بوە، چۆن بۆ پارەیەکی کەم ڕۆژی هەتاهەتای خۆی دەبڕێت ،کەلەدوایدا دەڵێت پارەکەشی داونەتەوە؟.
لە ئینجیلی برناباداشتێکی تر دەڵێت کە یەك ناگرنەوە لەگەڵ ئینجیلەکانی تردا. وەک بەرنابا لەئینجیلەکەیدا دەڵێت: عیسا لە خاچ نەدراوە بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان وەوێنەی ئەوی خستە سەر ناپاکەکە: (لأن الله سيصعدوني من الأرض، وسيغير منظر الخائن حتى يظنه كل احد إياي)ئینجیلی بەرنابا: ١٥/١١٢، ص١٢٥.
لە ئینجیلی لۆقادا وێنەیەکی ترپیشان دەدات دەڵیت: پاش ئەم ڕوداوە خودا عیسای پاراستوە لە دەستی یەهودیەکان کاتێك ویستویانە زیانی پێبگەیەنن وەك دەڵێت:( لە ئیسرائیل لە سەردەمی ئەلیەشع پێغەمبەر زۆر کەس توشی نەخۆشی گولی هاتبوون، هیچیانی چاك نەکردەوە، تەنها نوعمانی سوری نەبێت، هەموو ئەوانەی لە کەنیشتەکە بوون، کە ئەمەیان بیست هەڵسا، دەریان کردە دەرەوەی شارەکە، بردیانە

قەراخ ئەوچیایەی شارەکەیانی لەسەر دروست کردبوون تاکو لەوێوە فرێی بدەنە خوارەوە، بەڵام ئەو دەرباز بوو لەناویاندا و لەوێ ڕۆیشت) (واتە عیسا).ئینجیلی پیرۆز: ١٩٩٩،لوقا:٤(٢٨ - ٢٩ – ٣٠) ل ١٣٥.

لە الكتاب المقدس: ئینجیلی یوحنادا هاتوە: ئەوسا بەردیان هەڵگرت تا بەردبارانی بکەن، بەڵام عیسا(سەلامی خودای لێبێت) خۆی شاردەوەو لەبەرستگاکە چوە دەرەوە.کتێبی ئینجیلی پیرۆز: یوحەنا (١٩٩٩) ٨: ٥٩ :ل٢٢٩.

هەروەها لەئینجیلی یۆحەنادا هاتوە: (جارێکی تر ویستیان بیگرن، بەڵام خۆی دەرباز کرد لە دەستیان). ئینجیلي پیرۆز ،١٩٩٩: ٣٩,١٠. ص٢٣٤.

ئیبن کەسیر دەڵێت: کەسێك لەهاوەڵانی خۆی بەناوی(سرجس) لەخاچدراو وێنەی عیسای چوە سەر، یاخود دەڵێن ناوی(یودس بن کریایوتا) بوە . ئیبن کەسیر: ٢٠٠٢، ص٤٧٢.

هەروەها لەئینجیلدا هاتوە: پاش ئەوەی عیسا(سەلامی خودای لێبێت) ئامۆژگاری شوێن کەوتوانی دەکرد، لەبەرچاویان بەرز بووەوە بۆ ئاسمان، ئنجا هەورێك شاردیەوە لەبەرچاویان. ئینجیلی پیرۆز: أعمال الرسل: ٩/١.ل٢٦٤.

وەک لەسەرچاوەکانی کتێبی پیرۆزەوە دەردەکەوێت جولەکەکان خۆیان کوشتویانە (بەقسەی خۆیان)، پاشان مەسیحیەکانی ڕۆمان ویۆنان کە ڕوداوەکەیان نەبینیوە، دەڵێت ڕۆمانەکان وتیان با هەڵواسرێت بەخاچەکەدا.. الشرقاوی: ٢٠٠٦، ص٨٩. ئایا جولەکەکانی بەنی ئیسرائیل بوون نەفرینیان کرد بەبەرد، یان ڕۆمەکان بوون هەڵیان واسی ئەمانە هەموو جێگای سەرنج وپرسیارە؟

ئە م هەموو ڕاجیاوازیە لە کتێبی پیرۆزدا و ڕای زانایان و شاهدەکان، کە یەکدەنگ نین لەسەر دەستگیر کردنی عیساو کوشتنی وکێ کوشتی ولە خاچدانی و هەمووی جێگای گومانە، بۆیە خودای گەورە ڕاستیەکە ئاشکرا دەکات لە قورئانی پیرۆزدا کە دەفەرموێت: (وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ) هەروەها هەمویان ڕای جیاوازیان هەیەوگومانیان هەیە دڵنیانین لەکوشتنەکەی وهیچ زانیاریەکیان لەسەری نیەوتەنها شوێن گومان کەوتون، بۆیە خودا بەیەهودی ومەسیحی وهەموو ئەوخەڵکەش کە لەوێ بوون پییان دەفەرموێت : (وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا).

کەواتەئایا دەکرێت ئاینێك کە ئاینی زۆرێك لە خەڵکی سەر زەوی بێت وبیروباوەڕیان لەسەر گومان هەڵچنن. بەتایبەت ڕوداوێکی وەك لە خاچ دان کە دروشمێکی سەرەکی ئاینەکەیانە؟؟

محمدرشیدرضا لەڕاڤەی ئایەتی: (وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا).النساء١٥٧. دەڵێت ئەوانەی ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر عیسا(سەلامی خودای لێبێت) لەخاوەن کتابەکان لە گوماندان لە ڕاستی کارەکە واتە لە ڕاڕاو دەڵەڕاوکێدا دەژین، هیچ زانیریەکیان نیە کە باوەڕپێکراو بێت، تەنها شوێن گومان کەوتون. هەروەها لەڕاڤەی ئایەتی (وما قتلە یقینا) ئەوان خۆشیان باوەڕناکەن کەعیسایان کوشتبێت بەکوشتنێکی ڕاستەقینەی، لەبەر ئەوەی نەیاندەناسی، ئەوەی زیاتر جێگای گومانە سەربازەکان بە هیچ جۆرێك عیسایان نەدیوەو نەیان ناسیوە . رضا: ١٩٩٠،ص٩. نەلە گێڕانەوەکان و نە لە دەقەکاندا ئاماژە بەوە ناکرێت کە کێ کوشتویەتی هەمو لە گوماندا دەژین و یەقینیان نیە.

## سێیەم: هەندێك ڕای جیاواز لەئینجیلەکاندا لە سەر لەخاچ دانی عیسا(سەلامی خودای لێبێت) :

هەندێك ڕەخنەو ڕای جیاواز دەخەینە ڕوو کە گومان لە سەر لە خاچ دانەکەدا دروست دەکات:

(جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان هەر چوار ئینجیلەکەدا دەربارەی لە خاچ دانەکە، کە ناتوانرێ کۆ دەنگی لە نێوانیاندا دروست بکرێت).. أبو الخیر، ٢٠١١، ص ٥٦٦ . بۆ یە هە مو ئە و شتانە ی لە سەر لە خاچدانی عیسا دە وترێت پشت ڕاست بکریتە وە ، هە ندێك لە وجیاوازیانە:

١-نوسەری ئینجیلەکان کەدەڵێن: (عیسا لە خاچ دراوە لە هەر چوار ئینجیلەکەدا جێگەی سەرنج و ڕەخنە لێگرتنە، لەبەر ئەوەی دوو کەس


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لەو چوار نوسەرە کە ئینجیلیان نوسیوەتەوە عیسایان نەدیوەو ئامادەی ڕوداوە کە نەبوون، وە لە قوتابیەکانی ئەویش نەبوون، کەمرقص ولوقایە، لە هەر دادگایەك شاهد بەچاوی خۆی ڕوداوەکە نەبینێت شایەتی لێ وەرناگیرێت). عبدالحفیظ، ٢٠١١، ص٥٦٤. لەکتێبی پیرۆز: ئینجیلی مەرقوص : ١٩٩١، ١٤ /٥٠ هاتوە دەڵێت:( فترکە الجمیع وهربوا). واتە کاتی لەخاچدانەکە کە سی لێ نەماو هەموو هەڵهاتن، ئیتر کێ ئەم شتانەی گێڕاوەتەوە کە هەمویان ڕایان کردبێت ؟.

٢- هەروەها یەکێکی کەلە ڕەخنەکان ئەوەیە دەڵێت مەسیح لەکاتی لەخاچ دانەکەدا دەیوت :( یا أبتا اغفر لهم، لأنهم لایعلمون ماذا یفعلون) ئینجیلي لوقا (١٩٩١):٣٣/٢٣. واتە ئەی باوکە لێیان خۆشبە ئەوان نازانن چی دەکەن. ئەمە لە دوو ئینجیلی تردا نەهاتوە.. هەر چوار ئینجیلەکە بە شێوازێکی جیاواز پاڕانەوەکەی عیسا دەگێڕنەوە، ئەمەش جێی گومانە لە سەر لە خاچدانەکە. کە عیسا(سەلامی خودای لێبێت) لە شەوی لەخاچدانەکەدا نوێژی زۆری کردوو زۆر لەخودا پاڕایەوە کە ڕزگاری بکات لە دوژمنەکانی وزۆریش دەترسا، بەلام هەر لەخاچ درا، ئایا دەچێتە ژێری کێوە پێغەمبەرێك پاڕانەوەی وەرنەگیرێت وخودا بە هانایەوە نەیەت، یا شتێکی کە داوا بکات بە پێچەوانەی ویستی خودا، وەك دەی وت (إلهي إلهي لماذا ترکتنی) ئینجیلی مەتا، ١٩٩٩ : ٢٧/ ٤٦، ل٧٢ . واتەخودایە خودایە بۆ بەجێت هیشتم، وەک گلەی لەخودا بکات.یا کە دەزانێت فرمانی خودایە چۆن لێی رادەکات.

هەروەها لە ئینجیلی پیرۆز، لوقا: ١٩٩١، ٤٦/٢٣، ل١٩٨. هاتوە: (عیسا بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد ئەی باوکە لەسەر دەستی تۆدا گیانی خۆم سپارد، ئەمەی وتوو گیانی سپارد).واتە مردو لەخاچ دراوە. لە ئینجیلی یوحنادا هاتوە:(١٩٩٩):١٩، ٢٨ - ٣٠ .(دوای ئەوەی عیسا بینی هەموو شتێ تەواو بوو وتی تینومە لەوێ قاپێ پڕ لەسرکە هەبوو ئیسفەنجێکیان کرد بە سرکەکەداوو بە قامیشێك بەرزیان کردەوە بۆ دەمی کاتێ عیسا دەمی لە سرکەکەدا ووتی (تەواو بوو) ئینجا سەری دانەواندوو گیانی سپارد).ئەم دوو ئینجیلە پێچەوانەی یەکن لەگێڕانەوەکەیاندا.

٣- لە ئینجیلی پیرۆز: ١٩٩٩، مەتا، ٢٣/٢٦ ل٦٥.ولە ئینجیلی لۆقا: ١٩٩٩،٢٢/ ٢١) باسی ئەوکەسە ناکات کە عیسای دا بەدەستەوە، بەڵام لە ئینجیلی مەرقوص ناوی ئەوکەسە دەهێنێت کەعیسای دای بەدەستەوە کە یەهوزای ئیسخریتیە(ئینیلی پیرۆز: ١٩٩٩، ١٩/٣ ،ل٨١) ( ئیسخریت ناوی گوندێکە لە فەلەستین) کە یەکێك بوە لە قوتابیانی عیسا، ئەمە بەڵگەی ناڕاستی ڕوداوەکەیە و پێچەوانەی یەکترن. الخولی، ١٩٩٠،ل٦١.

٤- لە جیاوازیەکی تردا (عیسا سەرزەنشتی یەهوزا دەکات کە داویەتی بەدەستەوەو شوێنەکەی پیشان داون)، تەنها ئەم لۆمەیە لە ئینجیلی لۆقادا هاتوە:( ٢٢ /٤٨) (لەوکاتەی کەعیسا دەدوا چەند پیاوێك بەرەو ڕوی هاتن، یەهوزا کە یەکێك بوو لە قوتابیەکانی پێشیان کەوتبوو، لە عیسا هاتە پێشەوە تاکو ماچی بکات، عیسا پێی ووت: (ئەی یەهوزا بەماچ ڕۆڵەی خەڵك دەدەی بە دەستەوە) لە ئینجیلەکانی تردا ئەمە نەهاتوە ئەمەش گومان دەخاتە سەر لەخاچدانەکە .

٥- سەرەنجامی یەهوزا چی لێهات: لە ئنجیلی مەتا: (٥/٢٧ ) باسی دەکات دەڵێت:(کاتێک یەهوزا ئەوەی کەدابووی بەدەستەوە، بینی کە حوکم بەسەریدا درا، (واتە عیسا) پەشیمان بوەوە، سێ پارچە زیوەکەی بۆ سەورۆك کاهین و پیران گەڕاندەوە، ووتی هەڵەم کرد کاتێ بێ تاوانێکم بەدەستەوەدا، ئینجا یەهوزا پارچە زیوەکانی تورِ داو ڕۆی دوای ئەوە چوو خۆی هەڵواسی وخۆی خنکاند)، لە ئینجیلی لوقا دەڵێت خۆی خنکاندوە بەڵام باسی هۆکارەکەی ناکات بۆ خۆی خنکاند لەکاتێکدا سەرەنجامی یەهوزا زۆر گرنگە چونکە بکەری سەرەکی کارەکەیە، (وتی هەڵەم کرد کە بێتاوانێکم دابەدەستەوە) ئینجیلی پیرۆز: مەتا ٤/٢٦). الخولي:١٩٩٠ ، ص٦١.

لە تەفسیری ئیبن کەسیردا هاتوە ئەوکەسەی شوێنی عیسای نیشان دان کە وێنەکەی کەوتوتە سەر هاوەڵە کە ئیتر ئەوکەسە پەشیمان بویەوەو داوای ئەشیمانی لە خودا کرد، پاشان خۆی خنکاند، واتە یەهوذا. إبن کثیر: ١٩٩٩، ل١٥.

٦- ئینجیلەکان جیاوازن لەسەر شاهیدەکان وژمارەیان وناوەکانیان. هەریەکەو بە چەند جۆرو شێواز دیگێڕنەوە، بۆیە گومانی زیاتر لەسەر ڕوداوەکە دروست دەکات.. الخولی، ١٩٩٠ ،ص٦١.

٧- له سەر برِی پارەکە جیاوازی هەیە کە وەرگێراوە بۆ بەدەستەوەدانی عیسا، لە ئینجیلی مەتا :(١٩٩٩)١٤/٢٦.ل٦٤ )هاتوە(یەکێك لە دوانزە قوتابیەکەی عیسا کە ناوی یەهوزای ئەسخەریوتی بوو ڕۆشت بۆلای سەرۆکی کاهینەکان، ووتی چەندم پێدەدەن تا عیسا بدەم بەستانەوە، ئەوانیش سێ دراوی زیویان بۆ دانا، ئیتر لەوکاتەوە یەهوزا دەگەڕا بۆ هەلێك کەوا عیسا بدا بەدەستەوە.). لە چەند شوێنی تردا برِی پارە کە و چۆنیەتی بەدەست دانەوەکە وجیاوازە، کە لە ئینجیلەکانی تردا باسی دەکات هەریەک بە جۆرێک باسی دەکات،وەک لە پێشەوە باسمان کرد.

٨- لەئینجیلی پیرۆزدا هاتوە: مەتا :١٩٩٩، ٢٧:٣٥، ل٧١) (لەوکاتەی سەربازەکان عیسایان بۆ لە خاچدان دەبرد پیاوێکی قەیرەوانیان بینی ناوی شەمعون بوو نا چاریان کرد خاچەکەی عیسا هەڵگرێ، کاتێک گەیشتە ئەوشوێنەی پێی دەوترێت شوێنی کاسەسەر، شەرابی تێکەڵاو بە تاڵاویان دابە عیسا(سەلامی خودای لێبێت) تا بیخواتەوە کەتامی کرد نەیویست بیخواتەوە، ئنجا کاتێک لە خاچیاندا،کراسەکەیان لەنێو خۆیاندا دابەشکرد..لەگەڵیدا دوو دزیش لە خاچ دران).. ئەمەش لەگەڵ گێڕانەوەکانی کەدا جیاوازن زۆر جیاوازیان هەیە.

٩- بۆکاتی لەخاچدانەکە ڕای جیاوازیان هەیە: ١- لەکاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆوە تا کاتژمێری سێی پاش نیوەڕۆ تاریکای بەسەر هەموو زەویدا هات، لەدەوری کاتژمێر سێدا عیسا(سەلامی خودای لێبێت) بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد(ئیلۆی ئیلۆی لما شەبەقتەنی)واتە خودای من خودای من بۆ وازت لێ هێنام..ئنجا عیسا جارێکی تر هاواری کردوو ڕۆحی سپارد).. ئینجیلی پیرۆز: مەتا (١٩٩٩)٢٧/ ٥١) ل٧٢ . ٢- (کاتێ ئێوارە داهات پیاوێکی دەوڵەمەند ناوی یوسف بوو، یەکیك بوو لە قوتابیەکانی عیسا،چوە لای پیلاتۆس داوای تەرمەکەی عیسای کرد ئیتر پیلاتۆس فەرمانیدا دا تەرمەکەی پێبدەنەوە.یوسف تەرمەکەی هێناو لەگۆڕێکی تازە داناشتی)، ئینجیلی مەتا: ٢٧ / ٦٠.ل٧٢ . -٣لە ئینجیلی مەرقوس ١٥/٢٥ دەڵێت کاژێر سێی ڕۆژی هەینی بوو. - ٤لە ئینجیلي یۆحەنا (١٩٩٩)١٩ /١٤ - ١٨ : کاژێر شەشی ڕۆژی هەینی بووە. -٥ وە لە ئینجیلی مرقص: ١٩٩٩، ١٥/٢٩، ل١١٨ ، دا دەڵێت: ئەوکاتەی کە لە خاچیاندا کاژێر نۆی بەیانی بوو. وە دەڵێت: لەکاتی ڕوداوەکەدا کەس لەوێ نەماو هەڵهاتن (مەرقوس:١٤/١٥ ).کەوابێ کێ ڕاستی ڕوداوەکەی گێڕاوەتەوە؟ هەریەکەوکاتێک دەڵێت.٦- لە کتابی پیرۆزیاندا هاتوە کە عیسا (سەلامی خودای لێبێت) دەڵێت: هەموتان گومانتان هەیە لەو شەوەدا : (كلكم تشكون في هذه الليلة) ئینجیلی مەرقوس: (١٩٩١):١٤/ ٢٧ ). هە ندێکیش دەڵێن لەخاچدانەکە لە ڕۆژدا بوە.

کەواتە هەمویان گومانیان هەیە لەو شەوەدا کە ڕوداوەکەی تێدا ڕوداوە. کەواتە ئەوان نەیان دیوەو هەریەکەیان بەجۆرێك باسی دەکەن. وە بەورد بونەوە لە ناوەڕۆکی کتابی پیرۆز زۆر جیاوازی بەدی دەکرێت کە هەریەکیان بە جۆرێك باسی دەکات ئەمەش پێچەوانەی ژێریە .هەر چوار ئینجیلەکە بە جۆرێك باس لە خاچدانەکە دەکات، ئەگەر بنەمایەکی ڕاستی هەبوایە بە یەك جۆر باس دەکرا، وە ئە گەر ئەم ئینجیلە لای خوداوە بوایە ئە وا بە یەک جۆر باس دەکرا، یا مەسیح خۆی بۆی دەگێڕانەوە ئەگەر پێش ڕوداوەکە یا دوای ڕوداوەکە قسەی بکردایە ، کەواتە ئەوان لەوێ نەبوون و تەنها بیستویانە. الخطیب: ٢٠٠٩، ص٣١٨

وە سەرچاوە یەکی سەرەکی نیە کە لە خوداوە بێت هەر یەکەیان لە گۆشە نیگایەکەوە سەیریان کردوەو باسیان کردوە، لە کاتێکدا ڕوداوەکە یەك ڕوداوەو لە یەك کات و شوێندابوە.

-١٠ ئەگەر فەرمانی لەخاچ دان لای خوداوە هاتوە دەبوو عیسا تەسلیم بە فەرمانەکە ببوایە دژایەتی سەربازەکانی نەکردایە بەڵکو هاوکاریان بوایە بۆ ئەوەی لە خاچیان بدایە، دژایەتی ئەوان دژایەتی خودایە، چۆن دەبێت لە مردن ڕابکات وشەڕ بکات لەگەڵیاندا: وەک لە ئینجیلی پیرۆزدا هاتوە:١٩٩٩، لوقا: ٣٥/٢٢. دەڵێت: (بە قوتابیەکانی وت ئەوەی جزدانی پارەی هەیە بابیهێنیت لەگەڵ خۆی، هەروەها ئەوەی تورەکەی هەیە بابیهێنیت لەگەڵ خۆی، ئەوەش شمشێری نیە با جلەکانی بفرۆشێت و بەپارەکەی شمشێرێکی پێبکرێت). کەواتە خۆیان تەسلیم بەفرمانی خودا ناکەن وشەڕ دەکەن وەک کردیان وگوێی یەکێک لە کاهنەگەورەکانیان بریندار کرد. کەواتە ڕازی نین بە کوشتن ولە خاچدان، ئەمە پێچەوانەی فرمانی خودایە. لە شوێنێکی تر لە ئینجیلی لۆقا: ٢٢/ ٢١ ،١٩٩٩ ، ل١٩٢. دەڵێت: (عیسا دەیوت ئەوەی ئەمدا بەدەستەوە ئێستا لەسەر ئەم خوانە لەگەڵمدایە ، قوڕ بەسەر ئەوکەسەی دەیدا بەدەستەوە..) واتە داهاتوو یەکی نادیارو ناخۆش چاوەڕێی

عیسا دەکات کە پێیان ناخۆشە، کە دەبو بۆ جێبەجێکردنی فرمانی خودا زۆر خۆشحاڵ بوایەو بە ڕوی خۆشەوە بەدەمیەوە بڕۆشتایە.گەر ورد بینەوە لە ئینجیلەکان دەبینین دوو بۆچون دیارە، لەلایەک دەڵێت ڕزگاری بوو دەستیان پێی نەگەیوە، لەلایەتر دەڵێت لە خاچدراوە.

١١- بۆشوێنی هەستانەوەی عیسا دوای لەخاچدانەکە چەند ڕایەکیان هەیە: باوەڕیان وایە لەدوای لەخاچدانەکە مەسیح دوای سێ ڕۆژ هەستاوەتەوە، دواتر دەڵێت دوای شەش ڕۆژ هەستاوەتەوە، بەڵام لە چۆنیەتیەکەیدا هاوڕانین، ئینجیلی مەتا دەڵێ لە شاری جەلیلی فەلەستین سەری هەڵداوە، ئینجیلی لۆقا دەڵێت لە شاری ئورشەلیم سەری هەڵداوە (ئورشە لیم: أور واتە شار: شالم ناوی خودا، شالن خودای ئاشتی، لێرەوە بە بیت المقدس وتراوە شاری ئاشتی، ئەو ناوە نراوە لە بیت المقدس لە فەلەستین. عرموش: احمد راتب: ٢٠٠٧) ل١١٨.

ئینجیلی مەتا دەڵێت: ١٢/٤٠.(عیسا لەخاچدراو بەیانی ڕۆژی هەینی دوای شەش کاتژمێر مرد)، واتە کاتی عەسر نێژرا بەخاک، پێش خۆر ئاوا بون ئەو شەوە لە قەبرەکەیدا مایەوەتا بەیانی شەممە لەگەڵ شەوی یەك شەممە لە بەیانی یەك شەممەدا تەماشایان کرد نەماوە لە قەبرەکەدا، واتە دوو شەوو ڕۆژێك لە قەبردا بوە،

لەئینجیلی مەتادا هاتوە عیسا پێی وتن دوای ئەوەی کەلە خاچ دەدرێت هەڵدەستێتەوە لە شاری جلیلەوە(لە فەلەستین) بۆ ئەوەی ئەوان بێن بۆ بینینی. (ولکن بعد قیامی أسبقکم الی الجلیل)ئینجیلی پیرۆز: ١٩٩٩، مەتا، ٣٢/٢٦، هەر لە هەمان ئینجیلدا دەڵێت : عیسا بە قوتابیەکانی وت بێن بۆ جەلیل لەوێ دەمبینن، ئینجیلی پیرۆز:مەتا، ١٩٩٩، ١٠/٢٨،بەڵام لە ئینجیلی لوقادا هاتوە کە لە شاری ئورشەلیم سەری هەڵداوە ئینجیلی پیرۆز لوقا١٩٩٩ :، ٣٦/٢٤ لۆقا. قوتابیەکانی نەچون بۆ جەلیل: ئینجیلی یۆحەنا : ١٨/٢٠. ئەمانە هەموو وتەی جیاوازن لە ئینجیلەکاندا.

وە ئینجیلی برنابادا دەڵێت عیسا لە خاچ نەدراوەو بەرز کراوەتەوە بۆ ئاسمان، وە ئەوەی لە خاچ دراوە یەهوزا بوە کە شوێنی عیسای نیشانی یەهودیەکاندا.بە پێچەوانەی هەمو ئینجیلە کانەوەیە. سعادة:١، ٢١٧/٢٠١١ ، ص٢٢٨.

١٢- عیسا کە لەخاچدرا ولەدنیا دەرچو کۆتای هات، لە شوێنێکی کەدا باس لەوە دەکات دوای مردنەکەی جارێکی تر قسەی کردوە لەگەڵ قوتابیەکانی وتویەتی: (بعد أن ظهر المسیح لتلامیذه بشحمه ولحمه وعظمه ناجیا من الصلب والقتل بل زیادة في تأكید النجاة طلب طعاما وأکل معهم فلما اتکأ معهما أخذ خبزا وبارك وکسر وناولهما) الکتاب المقدس: ١٩٩١ ، لوقا ٢ ٨ /٢٤، دوای مردن و لە خاچ دانەکەی لەگەڵیان نانی خواردوە وتویە ئەو نانە ئێسقانی منە ، ئەوە پێچەوانەی قسەکانی ترە، چۆن گەڕایەوە کەی گەڕایەوە بۆدەگەڕێتەوە، دوای ئەنجامدنی کارەکەی؟. یادەڵێت خۆی ڕادەست کردن بۆ ئەوەی گاڵتەی پێبکەن وە لێیبدەن ولە خاچی بدەن ولەڕۆژی سێیەمدا هەڵەسێتەوە، الکتاب المقدس:١٩٩١، مەتا: ١٢:١٧. ئەم کارانە لەگەڵ کاری پڕ حیکمەتی خودادا یەک ناگرنەوەو ژیری وەرناگریت، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەرێکی بۆ بکرێت بە قوربانی وگاڵتەی پێبکرێت.

١٣- لەکاتی لەخاچدانەکەدا عیسا(سەلامی خودای لێبێت) هاواری کرد چەند وتەیەکی وتوە، هەر ئینجیلەو بە شێوەیەک دەیگێڕنەوە. ئینجیلی مەتا: ٤٥/١٩٩٩،٢٧ ، ل٧٢، دەڵێت: عیسا بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد(ئیلۆی ئیلۆی لە ما شبقتنی).

لە ئینجیلی لۆقا دەڵێت: (عیسا هاواری کرد ئەی باوک ڕۆحی خۆم بە تۆ دەسپێرم، ئەمەی وتو ڕۆحی سپارد). ئینجیلی لوقا١٩٩٩، ٢٣ /٤٤ ، ل١٩٨.

لە ئینجیلی یوحنا دەڵێت عیسا بە قوتابیەکانی وت ئێستا ئێوە هەموتان دەڕۆن من هەر خۆم دەمێنمەوە بەڵام من هەر خۆم نیم باوکم لەگەڵ دایە،(وانا لست وحدی لأن الآب معی) وە ئەوان ناتوانن زیانم پێ بگەیەنن.الکتاب المقدس: ١٩٩١، ١٦، ٣١، ل١٨٢.

بەم جۆرە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە ئینجیلەکاندا لەسەر لە خاچ دانی عیسا کە گومان لە خاچ دانەکە دروست دەکات ویەك دەنگ نین لەسەری، کە خۆیان لە ئینجیلەکاندا ڕوداوەکە دەگێڕنەوە، ئەم گومان و جیاوازیە لە گەڵ ئاینی ڕاست و دروستی خودا یەك ناگرێتەوە. ئینجیلی برنابا جیاوازە لەگەڵ ئینجیلەکانی کەدا لەوانی کەدا: ناڵێت عیسا کوڕی خودایە وناڵێت خودایە، هەروەها جیاوازیەکی کەدەڵێت

ئەو کورەی کە ئیبراهیم ویستی بیکاتە قوربانی ئیسماعیل بوو نەك ئیسحاق وەك ئەوەی کە لە تەوراتدا هاتوە کە قوربانیەکە ئیسحاقە کە ئەمەش پێچەوانەی قورئانە، هەروەها دەڵێت ئەوکەسەی کە مژدەی هاتنی پێدراوە محمدە ( درودی خودای لەسەر بێت)، وە دەڵێت کەوا عیسا لە خاچ نەدراوە بەڵکو کەسێکی تر لە شوێنی ئەو لەخاچ درا و شێوەی ئەوی کەوتە سەر، لەزۆر شتی تردا وەك زانایان دەڵێن جیاوازە لە گەڵ ئینجیلەکانی تر.. الشریف: ١٩٨٠ ، ص١٨٧.

ڕۆژ هەڵات ناس مونتجمری وات : دەڵێت ئەوەی لە قورئاندا هاتوە ڕاست ودروستە، ئەوەی دەڵێت عیسا لە خاچ نەدراوە دروستە نەک ئەوەی مەسیحیەکان دەیڵێن، هیچ شایەتیەکی مێژوی نیە لەسەری کە جێی باوەڕ بێت کە عیسا لە خاچ درابێت، ئەو گێڕانەوەی لە ئینجیلدا هاتوە لە خاچ دانەکە پێچەوانەی یەکترن، تا ئەوەی مرۆڤ سەری سوردەمێنیت لەو هەموو جیاوازیە لە ئینجیلدا هەیە کە بنەمای ئاینەکەیانە، ئەگەربنەمای دروستی هەبێت ئەوا وەک یەک دەبون یا لە یەک نزیک دەبون، تەنها لە ئینجیلدا سی و چوار جیاوازی هەیە. الشریف: ١٩٨٠ ، ص١٨٧.

هەمو ئەم ڕا جیاوازیانەو پێچەوانەی یەکترە ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئەم ئینجیلانە لە لایەن خوداوە نەهاتون و لەلایەن کەسانێکەوە نوسراونەتەوەو دەست کاری کراون لە ماناو گێڕانەوەدا. ئەوە سەلماندنی پەیمانی خودایە کە دەفەرموێت: (أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا ) سورەتی:النساء: ئایەتی: ٨٢. خودای گەورە تەنها پەیمانی پاراستنی قورئانی پیرۆزوی داوەکە بیهێڵێتەوە و دەستی کەسی پێنەگات، وەجیاوازی تیانیە لەبەر ئەوەی لای خوداوە هاتوە، گەر لای خوداوە نەبوایە جیاوازی زۆری تیا دەبوو.

## چوارەم: بەرزکردنەوەی عیسا بۆ ئاسمان لە نێوان ئینجیل وقورئاندا:

تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ ئەم بابەتە پرسیارەکە ئەوەیە: عیسی بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان بە ڕۆح وجەستە، وەیاخود ماوەتەوە لەسەر زەوی وتامردوە بەمردنێکی ئاسای. زانایان ڕای جیاوازیان هەیە لەم بارەیەوە، لەناو ئینجیلەکاندا یەک دەنگی نیە، هەروەها زانایانی موسڵمانیش یەک دەنگ نین لەسەر ئەو بیرو ڕایە، ئایا بەڕۆح و بەدەن بەرز کراوەتەوە یا هەر بە ڕۆح بوە.. عرفات: ٢٠٠٤، ص٤٤.

لەئینجیلی مەتا:١٩٩٩، ١٥/٩ل.١٩. (هاتوە کە عیسا بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان و نەیانتوانیوە هیچ ئازارێکی پێبگەیەنن و دەستی لێبدەن کەواتە نەکوژراوەو لەخاچ نەدراوە وەک دەڵێت: قوتابیەکان پرسیاریان لە عیسا کرد بۆچی ئێمەو فەریسیەکان بەڕۆژو دەبین بەڵام قوتابیەکانت بەڕۆژو نابن، عیسا پێی وتن ئایا خەڵکی لە شایدا شیوەن دەکەن کاتێ زاوا لە نێوانیاندا بێت، بەڵام ڕۆژانێک دێت زاوا بەرز دەکرێتەوەو لە نێوانیاندا تامێنێ ئەوسا بە ڕۆژو دەبن..) کەواتە بە قسەی خۆشیان بێت عیسا لە خاچ نەدراوە ئەوە شاهیدی قورئانە.

لە ئینجیلی لوقا دەڵێت:( دوای ٢٤ کاتژمێر دوای لە خاچ دانی عیسا هەستاوەتەوە): ٢٤ / ١.. لە ئینجیلدا (أعمال الرسل):١/ ٢- ٩ ل١٢: دەڵێت: (دوای چل ڕۆژ هەستاوەتەوە). گاورەکان دەڵێن عیسا دوای ئەوەی کەلە خاچدرا دوای سێ ڕۆژ هەستاوەتەوە ولە گۆڕەکەیداو نەماوەتەوە، پاشان بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان، کە ئەو ڕۆژە یەك شەممە بوەو هەموو ساڵێك یادی دەکەنەوە و پێی دەوترێت جەژنی قیامە. پاشان لە دوا ڕۆژدا لەلای ڕاستی خوداوە دادەنیشێت ولێپرسینەوە لە خەڵکی دەکات.

زۆرێك لە مەسیحیەکان لە کۆندا لەخاچ دانیان ڕەد کردوەتەوەو باوەڕیان پێی نەبوە کە نزیك بون لە سەردەمەکەوە دەماودەم گێڕاویانەتەوە، بەڵام دوای ماوەیەك کاڵ بوەتەوەو ئەوەی لە ئینجیلەکاندا نوسراوە بوە بە بیروباوەڕیان، وە هەندێك لە گروپە مەسیحیەکانیش باوەڕیان بەوە نیە بەئێستاشەوە لەوانە: (الباسلیدیونکان – کۆرنسیونەکان – کاربوکرایتونەکان – مارکیونیەکان – باردیسانیەکان - دۆکیەتیەکان– دوسیتیەکان -بولسیەکان). أبو الخیر، ٢٠١١، ص٥٦٤. ئەم گروپانە دەڵێن عیسا ڕزگاری بوە لە خاچدان و بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان و یەکێك لە قوتابیەکانی لە خاچ دراوە. هەروەها کەنیسەی فالتین و سیرانت، دەڵێن (هاو وێنەی عیسا لە خاچ دراوە نەک عیسا، ئەو کتێبانەی ئەم قسانەی تێدابوە هەر زوو سوتێنراون). حمایة: ٢٠٠٩، ص٥٩.. ئەو گروپانە هەندێکیان ئەوانی تریان بە گومراو سەرلێشێواو دادەنێن و شەڕو کوشتاری زۆر لەنێوانیاندا ڕویداوە یەکتریان کوشتوەو بە ڕەوایشیان زانیوە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

گروپە مەسیحیەکان ڕایان جیاوازە لەسەر هەستانەوەی عیسا کۆمەڵەی یەعقوبیەکان دەڵێن: چەندێك خودا مەیلی بوبێت عیسا لەناوماندا مایەوە دواتر بەرز کراوەتەوە بۆ ئاسمان، نەستوریەکان: دەڵێن: چەندێك خودا ویستی لەناومان مایەوەو دوای بەرزی کردوەتەوە بۆ ئاسمان. الصلابی:٢٠١٩ ، ص٣٢٠.

قورئان بەڕونی دەفەرموێت عیسا نەکوژراوەو لە خاچ نەدراوە بەرز کراوەتەوە بۆ ئاسمان، بەڵام لەبەرزکردنەوەی عیسا زانایانی موسڵمان ڕای جیاوازیان هەیە لەڕاڤەی ئەم ئایەتە پیرۆزەدا وەلە چۆنیەتی مردنەکەی عیسا ئایا مردوە یابەرز کراوەتەوە بۆ ئاسمان وەك دەفەرموێت: ( إِذْ قَالَ اللَّهُ يَاعِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ ) سورەتی آل عمران: ئایەتی٥٥. ئایا عیسا بەبەدەن و ڕۆح بەرز کراوە تەوە یان بە مردنێکی ئاسای مردوەو هەر بەڕۆح بەرز کراوەتەوە.

سەید قوتب: دەڵێت قورئان بەڕونی باسی ئەو بەرزبونەوەیە ناکات، ئایا بەڕوح و بەدەن بوە یان نا، ئایا کاتێک بوە کە لە ژیاندا بوە، یا بەڕۆح بوە دوای مردن، ئەو مردنەکەی بوەو لە کوێ بوە، قورئان بە درێژی باسی ناکات، دەفەرموێت: (يَاعِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ) من دەت مرێنم و بەرزت دەکەمەوە، ئێمە ناتوانین زیاتر لە مە بڵێین بۆ ئەوەی شتی ئەفسانە نەگێرینەوە، هەرچی بڵێین بەڵگەمان نیە. سید: ٢٠١٣، ٢٧٩/٢.

## پێنجەم: بیروڕای هەندێک لە زانایان لە سەر لەخاچدانەکە:

ڕای زۆرێك لە زانایانی مەسیحی وئیسلام کەلەو بارەیەوە قسەیان کردوە لەسەر ئەوەن کە عیسا (سەلامی خودای لێبێت) لە خاچ نەدراوەو شتێکی هەڵبەستراوە ، لەوانە بۆ نمونە:

-زانایانیان و بیر مەندانی مە سیحي لە جهاندا هەستان بە لێکۆڵینە وە یەك لە یینجیلەکان بۆ ئە وەی گومانیان نەمێني لەسەر مردني عیسا، گە شتنە ئەوەی ئەم ئینجیلانە ی ئێستا ئەگەر بیان گێرینەوە بۆ سەرچاوە ئەسڵیەکان هیچ ئاماژیەکیان تیا نابیني کە مردني عیسا لەسەر خاچ بوبێت. الشیخ : ٢٠٠٦، ص ١٠٤.

- وارنست دی بوش زانای ئەڵمانی دەڵێت: هەر هەموو ئەو شتانەی باسی لە خاچ دانی مەسیح دەکات لە هەڵبەستراوەکانی پوڵسە. أبو الخیر:٢٠١١ ، ص٥٦٩. پولس: پێشتر یەهودی بوە وە زۆر دوژمنی مەسیحیەکان بوە لە ژیانی مەسیحدا لەساڵی ٣١ زایندا لە دمشق ئەوەی مەسیحی بوایە یا ببوایە بەمەسیحی دەری دەکردوو ئازاری دەدان، دەڵێن بەڕێگاوە ڕۆشتوە دەنگێکی بیستوە وتویەتی بۆ ئازارم دەدەی؟ دوای ئەوەبوە بە مەسیحیی و بوە بەیەکێك لە بانگخوازانی مەسیحیەت ناوی خۆشي گۆڕیوە بۆشاول. عرموش: ٢٠٠٧، ص ١٥٠.

- نوسەر (ئینوک باوک): بەسەرهاتی عیسا لە ئینجیلی ئەسڵدا بونی نیە، وە ئینجیلەکان یەک دەنگ نین وپێچەوانەی یەکترن. منقذ: ١٤٢٤هـ ، ص٣٢.

- زانای ئەڵمانی ارنسدی بوش دەڵێت: ئەو ڕوداوی لەخاچدانە لە هەڵبەسراوەکانی پۆڵسە. منقذ: ١٤٢٤هـ ، ص٣٢.

- زانای ئەڵمانی المسیو أرتست: دەڵێت: هەموو ئەوانەی پەیوەندی بە لەخاچدانەوە هەیە هەمووی پوڵس دایهێناوەو خستویەتیە ناو ئاینی مەسیحیەوە، وەهەموو ئەوانەش کەمەسیحیان نەدیوە بەبێ بەڵگە قسەدەکەن. وە ئەسەرچاوانەش بەوناوەوە قسەدەکەن بجێگای باوەڕ نین.حازم: ٢٠١٥، ص١٢٢.

- احمد دیدات بانگ خوازی هندستانی دەڵێت: )شوێنکەوتوە بەئاگاکانی مەسیحیەت گەشتونەتە ئەو ڕاستیەی کە ئاینی مەسیحیەت لەلایەن پۆڵسەوە دانراوە نەك عیسا(سەلامی خودای لێبێت).بۆنمونە مەسیحیەك ڕخنەدەگرێت دەڵێت چۆن دەبێت کەسێکی وەك محمد کەلەبیابانەکاندا ژیابێت ودوورە لەڕوداوەکە کە لە خاچ دانە بە (٦٠٠) میل وە دوای ڕوداوەکە بە (٦٠٠)ساڵ هاتوە کە بانگەوازی ئەوە دەکات و تەحەدا دەکات کە عیسا لە خاچ نەدراوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لە خۆیەوە ئەم قسە ناکات بەڵکو نیگایەکەو لەلایەن خوداوە هاتوە(. دیدات: ١٩٨٩، ص٣٨.وەك خودای گەورە دەفەرموێت: (وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى)سورەتی:النجم: ئایەتی ٣.

هەروەها پوڵس چەند شتێکی تری داهێنا لە ناو مەسیحیەکاندا لەوانە: ١- مەسیحیەت تەنها دینی بەنی ئیسرائیلیەکان نیە بەڵکو دینی هەموو مرۆڤایەتیە.٢- سیانەی(التثلیث)سێ خودای.٣- عیسا کوڕی خودایە دایبەزاندوە بۆ ئەوەی ببێتە جێی سڕینەوەی گوناهی مرۆڤایەتی.

هەروەها لە بارەی هەستانەوەی عیسا دوای لەخاچ دانەکە بە سێ ڕۆژ کە پێی دەوترێت جەژنی قیامە: ڕای جیاواز هەیە لەوانە: ئیبن حزم: دەڵێت: (مردنی عیسا بریتیە لە مردنێکی ئاسای وەك هەموو مرۆڤێك وخودا هەواڵی داوە و هیچ گومانی تێدا نیە..) ابن حزم: . ٢٠٠٥/١٩٠/١

- ئیبن تەیمیە دەڵێت: (هەستانەوەی مەسیح دوای لە خاچدانی ومردنی ئێمە ڕەدی دەکەینەوە، مەسیح نەلەخاچ دراوەو نە ناشتویانە تا هەستابێتەوە). وەرگیراوە لە:الشرقاوي: ٢٠٠٦، ص٣٣ .

- محمدعەبدە:دەڵێت: (مردنەکەی عیسا بریتیە لە مردنێکی ئاسای و نێژراوە هەستانەوە نیە. وەرگیراوە لە: الشریف: ١٩٨٠، ل٢٢٢.

کەواتە زانایان یەك دەنگ نین ئایا هەر بەڕۆح بەرز بوەتەوە یان بە ڕۆ ح و بەدەن.

لێرەوە دەگەینە ئەوئەنجامەی بیروباوەڕی لەخاچدان بیروباوەڕێکی شەخس پەرستیە وەك هندۆسیەکان، هەروەك هندۆسەکان باوەڕیان وایە کرشنا لە خاچدراوە (کرشنا : یەکێك بوە لە یەکێك لەگەورە کاهنەکانی یەهودیەت ساڵی (٤٨٠٠) پ. ز. وەك فەیلەسوفێك هەموو ژیانی تەرخان کردوە ۆ خزمەت خەڵکی و ڕێنمای کردنیان ، بەڵام دوای مردنی شوێن کە وتوانی ڕێنماییەکانی ئەویان زۆر بەرێزەوە دەروانی هەتا پەیوەستیان کرد بە خوداوەو دەیان پەرست) . الجهني: ٢٠٠٣،٢ /٧٥٤. وەبوزیەکان دەڵێن بوزا کوری خودایە وە مەسیحیەکان دەڵێن عیسا (سەلامی خوای لێبێت) کوڕی خوایە.. الشریف، ١٩٨٠، ص٢٢٢.

وەك لە سەرچاوەکانی کتابی پیرۆزەوە بۆمان دەرکەوت کە خۆیان یەك دەنگ نین لەسەر چۆنیەتی لەخاچدانەکە، هەریەك بە جۆرێك دەیگێڕێتەوە، پاشان لەخاچ دانەکە بوە یان نا ئەوە دەبێت ئنجیلە ئەسڵەکە ڕونی بکاتەوە کە ئەویش دیار نیە چونکە ئەو ئینجیلانەی لەبەر دەستدان دەستکاری کراون، ئەو ئینجیلەی کە هەندێك ڕاستی تێدایە ئنجیلی بەرنابایە کە بە پێچەوانەی ئەوانەوە دەدوێت ئەوانیش دان بە ئینجیلی بەرنابادا نانێن، ئەوەی ڕاست بێت تەنها قوئان ڕوداوەکە یەکلا دەکاتەوە کە ئینجیل لای خوداوە هاتوەو قورئانیش کە کۆتا پەیامی خودایە هەر لای ئەوەوە هاتوە پێمان دەڵێت عیسا لە خاچ نەدراوە.

وە پێغەمبەری ئیسلام) درودی خودای لەسەر بێت)کاتێك ئەم پەیامەی بۆ هاتوە تێیدا باسی ئەوە دەکات کە عیسا(سەلامی خودای لێبێت) لە خاچ نەدراوە چ قازانجێکی لەمەدا هەبوە نەخێر ئەو تەنها پەیامێك بوەو ڕایگەیاندوەو گەورەترین تەحەدای کردوەو موعجیزەیەکی خودایە ئەگینا چۆنی زانی کە عیسا لەخاچ نەدراوە گەر لای خوداوە نەبێت، گەر وانە بوایە ئەوا بە درۆیان دەخستەوە، خودای گەورە ڕازی نەبو ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم سەری ببڕێت بەرانێکی نارد لەجیاتی ئەو سەر بڕا ،دەی چۆن ڕازی دەبێت پێغەمبەرێکی گەورە وەک عیسا هەڵواسرێت و لەخاچ بدرێت. الشریف، ١٩٨٠، ص٢٢٠.

نوسەری ئیسلامی محمد قوتب:دەڵێت: موسڵمانان لە قورئانەوە تێدەگەن کە عیسا لە خاچ نەدراوە . الشریف، ١٩٨٠، ص٢٢٠

جورجی زەیدان کە ڕۆژهەلاتناسی مەسیحیە: دەڵێت: خوایەك نەتوانێت خۆی بپارێزێت چۆن دەتوانێت جگە لە خۆی بپارێزێت.

برفیسور بورتن ماك دەڵێت: هیچ گومانێکم نیە ئەم بەسەرهاتە هەڵبەسراوەو بێبنەمایە.وەرگیراوە لە: الشریف، ١٩٨٠، ص٢٢٠.

## بەشی دوەم: بیروباوەڕی ئاینی ئیسلام لەسەر لەخاچدانی عیسا (سەلامی خودای لێبێت).

گەر لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە بڕوانینە بەسەرهاتی لە خاچدانی عیسا وسەیری قورئانی پیرۆز بکەین بەڕونی باسی ئەو بەسەرهاتە دەکات بۆمان. وەک موسڵمانان باوەڕمان وایە کە قورئان کۆتا پەیامی خودایە بۆ مرۆڤایەتی وباوەڕمان پێیەتی وەك چۆن باوەڕمان بەتەورات وئینجیل وسەرجەم پەیامە ئاسمانیەکانی تر هەیە، هەرکەسەش باوەڕی وانەبێت ئەوە باوەڕی بە هیچکام لە پەیامەکانی تر نیە، چونکە بەشاهیدی قورئان لە کتێبی یەهودو نەسرانیەکاندا هاتوە کە مژدەی هاتنی پێغەمبەر محمد (درودی خودای لەسەر بێت) دراوە و هەموو


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

پێغەمبەران لە یەك سەرچاوەوە هاتون وبرای یەكن. كاتێك سەرنج لە قورئانی پیرۆز دەدەین بۆ بەرپەرچدانەوەی لە خاچدەران چەند بەڵگەیەك باس دەكات: لەوانە:

یەكەم: خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لەبارەی لەخاچدانی عیساوە دەفەرموێت:

( فَبِمَا نَقْضِهِمْ مِيثَاقَهُمْ وَكُفْرِهِمْ بِآيَاتِ اللَّهِ وَقَتْلِهِمُ الْأَنْبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَلْ طَبَعَ اللَّهُ عَلَيْهَا بِكُفْرِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا ، وَبِكُفْرِهِمْ وَقَوْلِهِمْ عَلَى مَرْيَمَ بُهْتَانًا عَظِيمًا ، وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا ، بَلْ رَفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ، وَإِنْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِ قَبْلَ مَوْتِهِ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا ، فَبِظُلْمٍ مِنَ الَّذِينَ هَادُوا حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَاتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ وَبِصَدِّهِمْ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ كَثِيرًا ، وَأَخْذِهِمُ الرِّبَا وَقَدْ نُهُوا عَنْهُ وَأَكْلِهِمْ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا )النساء: (١٥٥- ١٦١ ).

واتە: یەهودیەكان لەبەر ئەوەی كە پەیمانیان تێكداو دەستیان دایەكوفرو بێ ئیمانی بە ئایەتەكانی خوداو، لەبەر ئەوە كە پێغەمبەرانی وەك (زەكەریا)و (یەحیایان) بە ناحەق كوشت وهەروەها لەبەر قسە ناڕەواكانیان كە ئەیانوت دڵمان پرو لێوانە لە زانیاری و پێویستمان بە ئامۆژگاری پێغەمبەران نیە، كەچی درۆیان دەكرد هیچیان نەئەزانیو خودا دڵی مۆر كردبون و كەمێكیان نەبێ لێیان موسڵمان نەئەبوو، لەبەر ئەمە هەمووی خودا غەزەبو نەفرینی لێ گرتن و تۆڵەی لێكردنەوە، هەروەها خودا غەزەبی لێگرتن چونكە ئیمانیان بە عیسا پێغەمبەر نەهێناو بوختانێكی گەورەیان بۆ مەریەمی دایكی عیسا هەڵبەست، هەروەها ئەیانوت ئێمە عیسای كوڕی مەریەممان كوشتوەكە پێغەمبەری خودا بوو، نەخێر نەیانكوشتو نەشیان كرد بە داردا، بەڵكو كارەكەیان لێ گۆڕاو سەریان لێ تێك چوو، یەكێكی تر بوو كوژرا كە خودا ڕەنگی عیسایدا بە سەریداو بەویان زانی و كوشتیان، ئەوانەی كە جیاوازیان هەیە لەكارەكەداو هەر یەكێكیان بە جۆرێ باسی دەكات، گومانێكی تەواویان هەیەو دڵنیا نین و زانیاری ڕاستە قینەیان نیە دەربارەی ودوای گومان كەوتون وبە یەقین نازانن كوشتویانە، بەڕاستی نەیان كوشتوە،خودا پایەی بەرزی دایەو بەرزی كردوەوە بۆ ئەو شوێن وپایەیەی خۆی بۆی دیاری كردووەو هەرخۆشی ئەزانێ، خودا توانایەو كارەكانی پڕ لەحیكمەتن. مدرس: ٢٠١٠، ل١٠٤.

تە نها لەم ئایەتەپیرۆزەدا خودای گەورە چەندین ناپاكی و لاساری یەهودیەكان باس دەكات وە خودای گەورە بەدرۆیان دەخاتەوە بەتایبەت لە ڕوداوی لەخاچدانەكەداكە عیسا لە خاچنەدراوە: لەوانە:

١-پەیمان شكێنی: (فَبِمَا نَقْضِهِمْ مِيثَاقَهُمْ).

٢- بوهتانیان هەڵبەست بۆ مەریەم كە داوێن پیسی كردوە: (وَقَوْلِهِمْ عَلَى مَرْيَمَ بُهْتَانًا ).

٣- كوفربە ئایەتەكانی خودا: (وَكُفْرِهِمْ بِآيَاتِ اللَّهِ ).

٤- كوشتنی پێغەمبەران: (وَقَتْلِهِمُ الْأَنْبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ).

٥- درۆكردن وەك: ( وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ ).

ئیمامی تەبەری لە تەفسیرەكەیدا دەڵێت: ئەوەی كەكوژرا یەكێكی تر بوو خودا وێنەی عیسای خستە سەری و هەڵواسرا، وەخودا یەهودیەكان بە درۆ دەخاتەوە و خودا عیسای بەرز كردوەو و وێنەی ئەوی خستە سە ر كەسێكی ترو بە درۆیان دەخاتەوە. الطبری: ٢٠٠٠، ص٦/٤٥٤. ئیمامی تەبەری وهەموو زانایانی تەفسیر بێ جیاوازی یەك دەڵێن جونكە ئەوە فەرمودەی خودای باڵایە.

ئیمامی ماوردی لە (حسن، قتادە، مجاهد، وهب، السدی) دەگێڕێتەوە كە وێنەی عیسا چوەتە سەر كەسێكی ترو كوژراوە..الماوردی: ساڵی لە سەر نیە، ل٥٤٣. ئبن كەسیر: لە تە فسیری ئەم ئایە تەدا دەفەرموێت خودا وێنەی عیسای خستە سەر كەسێكی تر وكوشتیان، دوای هەمویان گومانیان هەبوكە عیسا كوژرابێت. إبن كثیر: ١٩٩٩، ٢/٤٤٩.

ئیمامی قورتوبی دەفەرموێت: كوژراوەكە عسیا نەبو دوای هەمویان گومانیان بۆ دروست بو ڕای جیاواز كەوتە نێوانیان. القرطبی: ١٩٦٤،٦/٩.

سید قوتب دەڵێت: (ولكن شبە لهم) :كاتێك سەیری ئینجیلەكان دەكەیت خوێنەر ناتوانێت بگاتە ئەنجامێك كە دڵنیا كەربێت، لەهەر

یەکێکاندا گێڕانەوەیەکی جیا هەیە. سید، ٢٠١٣، ٢٧٢/٢.

عزی کوڕی عبدالسلام: دەڵێت :ولكن شبه لهم:( واتە شێوەی عیسا چوە سەر کەسێکی تر و کوشتیان). عزالدين: ١٩٩٦، ٣٦٤/١.

کەواتە (شبه لهم) واتەکارەکەیان لێ تێکەڵاو بوو، لە ئینجیلەکانداو بەڕاستەو خۆ دانی پیادا نانێن کە عیسا لە خاچ درا بێت چونکە نازانن ئەو بو یان نا، بەڵێ کەسێک لە خاچدرا بەڵام کێ بووە؟.

٦- گومان ودڵنیا نەبوون ورای جیاواز: (وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا )گومانیان هەبوو کە کێیان کوشتوە وەدەڵێن ئەم گومانە لای زۆربەی خەڵك ونەزانەکانیان بوو، یا دەوترێت دڵنیا نەبون کە کوژراوەکە عیسایە. الطبري: ٢٠٠٠،ل٦/٤٥٤ .

کەواتە گومانیان هەیەو کارەکە جێی گومانە، دەڵێن کەسێک بەناوی یەهوذا بو یا دەڵێن ناوی سرجس بو یا دەڵێن ناوی طیطانوس بو یا دەڵێن قوتابیەکی خۆی بوو نەناسراوبوو کوژرا. تەنها قورئان ئەوەی یەکلا کردوەتەوە کە عیسا لە خاچ نەدراوە وێنەی ئەو چوەتە سەر کەسێکی ترو وایان زانی ئەوە.

ئیمامی شەوکانی دەڵێت: لەبەر ئەوەی عیسایان نەدەناسی گومانیا هەیە و هەندێکیان دەیان وت ئەو بوە هەندێکیان گومانیان هەبوو، یا دەڵێن بەشە مرۆییەکەی هەڵواسراوەو بەشە خواییەکەی بەرز کراوەتەوە بۆ ئاسمان. الشوکانی: ١٩٩٠، ٢٤٢/٢.

لەکاتی لە خاچ دانەکەدا گومانیان هەبوە کە ئەو بێت بۆیە سەرۆکی کاهنەکان دەڵێن بە کەسە گیراوەکە سوێندت دەدەم بە خودا ئایا تۆ مەسیحی کوڕی خودای؟کەواتە نەیان ناسیوەتەوە، جائەگەر کوڕی خودایە بۆ لە خاچی دەدەن، یا بۆ خودا خۆی پێتان ناڵیت کە ئەوە ئەگەر ئیوە فرمانی خودا جیبەجێ دەکەن، یا عیسا بۆ خۆی نایێ بە لێ ئەوم، وەک هاتوە لە:الكتاب المقدس: ١٩٩١، متى: (فقام رئيس الكهنة وقال له أما تجيب بشيء وأما يسوع فقد كان ساكتا ، فأجاب رئيس الكهنة وقال له أستحلفك بالله الحي أن تقول لنا هل أنت المسيح ابن الله )الكتاب المقدس: ١٩٩١ ، مەتا. ٦ ٤ /٢ ٦.

ئیبن کەسیر لەڕاڤەی ئەم ئایەتەدا دەڵێت: (هەمویان لە گوماندان لە کوشتن و هەڵواسینی عیسا لەگومڕای وسەر لێشێواوی دان دەڵێت: بەبەرچاوی هاوەڵەکانیەوە لەماڵەکە هاتە دەرەوە، پێش هاتنەدەرەوەی وتی بە هاوەڵانی کێ ئامادەیە وێنەی من بخرێتەسەر ئەو بکوژرێ لەبری من لە بەهەشتدا هاوەڵی من دەبێت، کەسێك کە بە تەمەندترینیان بوو وتی من ، پاشان ئەو کەسە هەڵواسرا).هەروەها نەسرانیەکانیش گومانیان هەیە کە هەڵواسرابێت و کوژرابێت. إبن كثير: ١٩٩٩، ص ١٥٠.

٧- (بَلْ رَفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ) خودای بەرزی کردوە تە وە بۆلای خۆی واتە نە یانتوانیوە لە خاچی بدەن.

٨- (وَإِنْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِ قَبْلَ مَوْتِهِ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا). واتەکاتی عیسا لە ئاسمان دێتە خوارەوە گشت خاوەن کتێبەکان بەر لە مەرگی عیسا باوەری پێدێنن. واتە بەرزکراوە تەوە بۆ ئاسمان ولە خاچ نەدراوە. إبن كثير:١٩٩٩، ٤٥٢/٢.

٩- (وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا) وە لە رۆژی دوایدا دەبێتە شاهید لە سەریان کە ئەو پەیامەکەی خوداي بەتەواوی پێگە یاندون کە ئەو بەندی خودای تاك وتە نیایە نەک کوڕی خودا.

١٠- (فَبِظُلْمٍ مِنَ الَّذِينَ هَادُوا حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَاتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ) واتە لە بەر ئە وستەموم و ناهە قیەی جولەکەکان کردیان چەندین شتی حەڵالو ڕەوامان لە سەر قەدەغە کردن.

١١- (وَبِصَدِّهِمْ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ كَثِيرًا) وە لەبەر ئەوە ش کە زۆر کەسیان لە لە ڕێگەی خودا وەرگە ڕان وە ڕێیان لێگرتن .

١٢- (وَأَخْذِهِمُ الرِّبَا وَقَدْ نُهُوا عَنْهُ) وە لەبەر سوو خواردنیان کە ڕێ لە خواردنی گیرابوو.

١٣- (وَأَكْلِهِمْ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ)لە بەرخواردنی ماڵی خەڵك بەناحەق.

١٤- (وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا) ئیمە ش بۆکافرەکانیان سزای سە ختمان ئامادە کردوە. کاکە محمود: ٢٠٢٠، ل٢٠٤.

هەر لەناو خاچ پەرستاندا ڕا جیاوازی هەیە لەوانە: ئەو گروپانەی کە باوەڕیان پێنەکردوە زیاتر لە پانزە گروپن، بەڵام لەخەڵك شاردراوەتەوەو

بەزۆر سەپێنراوە بەسەر خەڵکدا، بەلاّم بەردەوام ئینکاریان کردوە: وەك (جون فتون) کەراڤەی مەتای کردوە دەڵێت:( تائفەی غەنوسیەکەلە چاخی دوو ژیاون دەڵێن کەسێك بەناوی (سمعان قەیرەوانی) لەخاچ دراوە نەك عیسا). واتە عیسا لە خاچ نەدراوە. قورئان دەفەرموێت نەیان کوشتوە، ئەگەر ئینجیل لەلای خوداوەیە وە قورئانیش بێگومان لەلای خوداوەیە هەردوکیان گوفتاری خودان کەواتە یەکێکیان ڕاستە خودا دوو قسەی جیا ناکات.کەواتە قورئان کە کۆتا پەیامی خودایە ڕاستەو ئەوان بە درۆ دەخاتەوە، یادەوترێت کە سێک بەناوی (باراباس) لە خاچ درا، وەراهبێک بەناوی (ئەسقف یوحنا بن حاکم قبرص) ئینکاری ڕوداوەکەی کردوە لە سەرددەمی خۆیدا.دیدات:١٩٨٩ ،ص٦.

دووەم: لەدیارترین خاڵی جیاوازی نێوان ئاینی ئیسلام وئاینی مەسیحیەکان مەسەلەی لە خاچدانی عیسایە، قورئان زۆر بەڕونی وئاشکرا دەڵێت عیسیا لە خاچ نەدراوە، وەك خودای گەورە دەفەرموێت: (وَمَكَرُوا وَمَكَرَ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ ، إِذْ قَالَ اللَّهُ يَاعِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا وَجَاعِلُ الَّذِينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ) آل عمران:٥٥.

واتە: ئەو جولەکانەی کەعیسا هەستی بە کوفریان کرد دەستیان دایە فرو فێڵ و یەکێکیان دیاری کرد عیسا بکوژێ، خودای گەورەش بەرامبەری ئەوە سەری لێ تێکدان و شێوەی عیسای خستە سەر ئەو کەسەو کەسەکە خۆی کوژاو عیسا بەرز کرایەوە بۆ ئەو پایەی کە خودا بۆی دانا بوو، خودا زۆر توانایەو چاکترین تۆڵەسێن و بەدەسەلاتە، خودا فەرمووی ئەی عیسای کوڕی مەریەم من ئەجەلی تۆ دوائەخەم بۆ کاتێکی دیاری کراو لە کوشتنی ئەوان ئەتپارێزم، یا من لە زەوی وەرتئەگرم وبەرزت دەکەمەوە یا لە ئارەزوی نەفس پاکت دەکەمەوە من بەرزت دەکەمەوە بۆ شوێنی فریشتەکانم، یا پاکت دەکەمەوە لە بەدی کافران، وە وا دەکەم لە پەیڕەوانت دەسەلاّتی وایان ئەدەمێ کە هەمیشەو تا قیامەت بەسەر کافراندا زاڵ وسەرکەوتووبن، پاش ئەوە سەرەنجامی ئێوەو ئەوانیش بۆ لای منەوە ئەو کاتە من خۆم حوکم دەدەم لە نێوانیاندا لەو شتانەی جیاوازیان تێدایە. مدرس :٢٠١٠، ل ٥٧.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا چوار پەیمانی خودای تیادایە بۆ عیسای کەدەبێت بێتەدی، ونائومێدیەکی تیایە بۆ یەهودیەکان کەناتوانن دەستیان بگاتە عیسی کە پیغەمبەری خودایە، دەفەرموێت ١- من دەتمرێنم، ٢- وە بەرزت دەکەمەوەو، ٣- وەپاككەرەوەی تۆم لەوانەی کە بێباوەڕبوون، ٤- وەپەیڕوانی تۆ بەرز دەکمەوە بەسەر بێ باوەڕندا تارۆژی دوای.ئیتر هەرشتێکی تر بەناوی خواو پێغەمبەری خوداوە عیسا بوترێت شتێکی بێبنەمایە. الصلابی: ٢٠١٩، ص٣٢٢.

سێیەم: مەسیحیەکان دەڵێن عیسا کوڕی خودایە: (وَقَالَتِ النَّصَارَى الْمَسِيحُ ابْنُ اللَّهِ) التوبة: ٣٠. وەلەسەر زمانی عیسا بوهتان دەکەن ودەڵێن: ئینجیلی مەتا :١٩٩٩، ٢٧ / ٤٣، ل٧٢. عیسا وتبێتی:(من ڕۆڵەی خودام).

چەندەها ئایەتی تر ئاماژە بەوە دەدەن کە عیسا(سەلامی خودای لێبێت) نەخودایەو نەکوڕی خودایە و تەنها پێغەمبەرێکە وەك پێغەمبەرانی دیکە وەك دەفەرموێت : ( مَا الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ وَأُمُّهُ صِدِّيقَةٌ كَانَا يَأْكُلَانِ الطَّعَامَ انْظُرْ كَيْفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ الْآيَاتِ ثُمَّ انْظُرْ أَنَّى يُؤْفَكُونَ) سورەتی:المائدة: ئایەتی:٧٥.

واتە: مەسیحی کوڕی مەریەم تەنها پێغەمبەرێکەو پێش ئەو پێغەمبەران هاتونو ڕۆشتون وە دایکی ئەو ڕاستکارو ڕاستگۆ بوە عیساو مەریەم هەردوکیان خواردنیان دەخوارد چونکە مرۆڤ بون نەك خودا . خورەم دڵ: ٢٠١٥، ل ١٥٠.

خودای گەورە دەفەرموێت: (وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا ، لَقَدْ جِئْتُمْ شَيْئًا إِدًّا ، تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنْشَقُّ الْأَرْضُ وَتَخِرُّ الْجِبَالُ هَدًّا ، أَنْ دَعَوْا لِلرَّحْمَنِ وَلَدًا ، وَمَا يَنْبَغِي لِلرَّحْمَنِ أَنْ يَتَّخِذَ وَلَدًا ) سورەتی:مریم: ئایەتی:(٨٨- ٩٢).. واتە: دەڵێن خودای میهرەبان منداڵی هەیە، بەڕاستی شتێکی زۆر ناحەزو ناشرین دەڵێن، نزیکە لەبەر ئەو قسەیە ئاسمانەکان هەپرون هەپرون بن زەوی شەق ببات لەت لەت ببێت وە کێوەکان وردو خاش ببن، بەهۆی ئەوەی منداڵ بۆ خودا دادەنێن لە خودا ناوەشێتەوە کە منداڵی هەبێت.. خورەم دڵ، ٢٠١٥ ، ل ١٥٠.

هەروەها دەفەرموێت: (وَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي لَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا... ) سورەتی الإسراء: ئایەتی:١١١. واتە سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە منداڵی

بۆ خۆی بڕیار نەداوە، ئەگەر خودا مندڵی هەبێت واتە خودا نیە سیفەتی خودایەتی نامێنێ ئەمە پێچەوانەی هەموو پەیامە ئاینیەکانە، ئەوە هەرە شەیە لە خاچپەرستەکان ئەم قسەیان لە کوێوە هێناوە ئەبو عەلای مەعەری لە هۆنراوەیەکدا دەڵێت: سەرسوڕدەمێنێت لە مەسیحیەکان دەڵێن خودا کوڕی هەیەو لەخاچ درا.. وەرگیراوە:الشریف: ٢٠١٩ ، ص٢٢٠.

ئەگەر مەسیح کوڕی خودایە بە فەرمانی خودا هاتوە بۆ ئەوەی بکوژرێت و ببێتە هۆی سڕینەوەی گوناهی هەموو خەڵکی جیهان، بۆ پشتگیری لە خۆی دەکات وخۆی ڕادەستیان ناکات دەچێت دەپاڕێتەوەو نوێژ دەکات ئەیەوێ دەرباز بێت لێیان. أفندي: ،٢٠١٠ ، ص١١٣ .

چوارەم: مەسیحیەکان دەڵێن لەخاچدانی مەسیح بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و بەزەی خودایە، بەڵام کام دادپەروەری وبەزەی کەکەسێك لەخاچبدرێت کە هیچ گوناهێکی نەکردوە وکەسانێک ڕزگاریان ببێت کە تاوانبارن. لەلای خودا هەرکەس لەبارمتەی کردەوەی خۆیدایە. وەک قورئان دەفەرموێت: (كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ) سورە المدثر: ئایەتی ٣٨. .وە ئەگەر مەسیح کوڕی خودایە ئەی سۆزی باوکایەتی لەکوێدایە، وە هەڵواسینی کەسێك یەکێکە بە سوکایەتی کردن بەو کەسە بۆ عبرەت دەی خودا چۆن ڕازی دەبێت کوڕەکەی سوکایەتی پێبکرێت، ئایا کەس بەوە ڕازی دەبێت، ئەمە ویژدانی کێ پێی ڕازیە؟.. وە ئەو هێزە کامەیە کە تۆڵەکەی بۆ بکرێتەوە ڕازی بێت تا خودا کوڕی خۆی بۆ بکاتە قوربانی بۆ ڕازیبونی ئەولایەنە،لەکاتێکدا کە لە کتابی پیرۆزدا هاتوە:( باوك ناکوژرێت لەبری کوڕ وە کوڕ ناکوژرێت لە بری باوك، هەموو کەسێك بەهۆی گوناهی خۆی دەکوژرێتەوە). ئینجیلی پیرۆز: سفر تثنية (١٩٩٩): ١٦/٢٤.

پێنجەم: وە قسەیەکی بێبنەمای تر بەرامبەر خودای گەورە دەکەن کە چەند خودایەکی تر لەگەڵ خودادا بڕیار دەدەن، وەخودای گەورەش وەڵامیان دەداتەوەو بەدرۆیان دەخاتەوە وەك دەفەرموێت: (لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلَّا إِلَهٌ وَاحِدٌ) المائدة:٧٣. واتە:بێگومان ئەوانەی دەڵێن سێهەمین خودای سێ خودایە بێ باوەڕن وەهیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خودای هەموو جیهان. خورەم دڵ، ٢٠١٥، ل١٥٠.

کەواتە بە هیچ جۆرێك عیسا نەکوژراوەو لە خاچ نەدراوەو نە یەکێکە لە سێ خوداکە، ئەمە ڕاستیەکە ئەبێت باوەڕمان پێی هە بێت چونکە لە لایەن خواوە هاتوە.. واتە کوفرو درۆیان کرد عیسا یەکێك نیە لە سێ خودا، خودا یەکەو تاك و تەنهایە، خودای گەورە هەڕەشەیان لێدەکات ئەگەر کۆتای بەوقسانەیان نەهێنن دوچاری عەزابی سەخت دەبنەوە. وەك قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: (وَإِنْ لَمْ يَنْتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ) سورەتی المائدة:ئایەتی: ٧٣ .

عیسا یەکتاپەرستە وهاتوە بۆ ئەوەی خودا بەتاکو تەنها بپەرسترێت نەك وەك هاوبەش پەیداکەران دەڵێن، خودای گەورە دەفەرموێت:( إِنَّ اللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَذَا صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ) آل عمران:٥١. عیسا دەیوت تەنها خودای گەورە بپەرستن کە خودای من و ئێوەشە منیش هەر ئەو خودا دەپەرستم بەڵام بەگوێیان نەکرد، وە خودا گەورەش بەدرۆیان دەخاتەوە، وەك دەفەرموێت: (لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ وَقَالَ الْمَسِيحُ يَابَنِي إِسْرَائِيلَ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ) )المائدة: ٧٢. واتە: بێ گومان ئەوانەی دەڵێن مەسیحی کوڕی مەریەم خودایە بێ باوەڕ بوون ، مەسیح پێی وتن بەنی ئیسرائیلیەکان ئەو خودایە بپەرستن کە خودای من و ئێوە شەو پەروەردگاری جهانیانە ئەوەش هاوبەش بۆ خودا دابنێ خودا بە هەشتی لێ حەرام دەکات.. مدرس: ٢٠١٠، ل١٢٠.

بیروباوەڕی التثليث (سیانەی) دەڵێن: (باوك –کوڕ- ڕوح والقودوس) سێ کەسن یەکیان گرتوە، دەڵێن ئایا ئەو سیانە پشت بەیەکتر دەبەستن وە پێویستیان بەیەك هەیە؟ وەئایا هەریەکێکیان فەرمانێکی هەیەو ئەوی تریان ناتوانێت پێی هەستێت، گەر وابێت ئەوانە خودا نین چونکە خودا یەکەو پشت بە جگە لە خۆی نابەستێت گەر وابێ مانای وایە خودایەکە نەنگی تێدایەو ئەمەش لەگەڵ خوایەتیدا ناگونجێ، هەریەك لەوسیانە ناتەواون بەیەکەوە خودایەکی تەواو پێك دەهێنن ئەمەش لەگەڵ خودایەکی تاکو تەنهادا ناگونجێ..

ئەم هەموو ئاماژانە ئەوەمان پێدەڵێن کە عیسی مرۆڤەو پێغەمبەری خودایەو بانگەوازی کردوە بۆلای خودا پەرستی بەتاك وتەنها وبێ هاوبەش دانان بۆ خودا، تەنها ئەمە تێگەشتنە لەگەڵ ژیری مرۆڤدا دەگونجێ، بە پێچەوانەی ئەوەی کەنیسە بانگەشەی بۆ دەکات. سعود: ٢٠٠٤، ص١٧٠.

شەشەم: قورئان باس لەوە دەكات كە عیسا لە خاچنەدراوەو لەژیاندا ماوەو تا پیر بوە: وەک خودای گەورە دەفەرمویّت: (وَيُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلًا وَمِنَ الصَّالِحِينَ)آل عمران:٤٦. كەئەو نەكوژراوە وەك چۆن لەلانكدا قسەی كرد لە پیریشدا قسەدەكات واتە بەپیری مردووە نەكوژراوە ولە خاچنەدراوە.(زانایان دەڵێن پیری لە سیی ساڵیەوە دەست پێدەكات) پاشان سەرچاوەكان باس لەسە رجەم ژیانی عیسا ناكات دوای لە خاچدانەكە، ئایا لەكویێ ماوەتەوە یان چۆن ژیاوە، هەندێك باس لە ژیانی هەیە، بەلاّم جێگای باوەڕ نیە.وەك سەید قوتب دەڵێت: (مێژوو بێدەنگە لەو مێژوە). سید، ٢٠١٣، ٢٧٨/٢.

یەكێك لە موعجیزەكانی قورئان ئەوەیە دوای زیات لە (٦٠٠)ساڵ دەفەرموێت عیسا (سەلامی خودای لێبێت) لەخاچ نەدراوە، وەزۆرێك لەوانەی كەلەوسەردەمەدا ژیاون دانیان بەوەدا ناوە كەعیسا لەخاچ نەدراوە بەلاّم لەبەر زۆرداری دەسەلاّت نەیان توانیوە ڕاستیەكە باس بكەن بۆیە ڕوداوەكە بە لارێدا براوە .

حەوتەم: خودای گەورە باسی عیسادەكات كە تەنها پێغەمبەرە ونێرراوە بۆ بەنی ئیسرائیل: وەك دەفەرموێت:(مَا الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ إِلَّا رَسُولٌ)المائدة ٧٥.واتە:مەسیحی كوڕی مەریەم تەنها پێغەمبەرە (نە خودایە ونەكوڕی خودایە). بەلاّم لە ئینجیلی مەتا :١٩٩٩، ٢٧ / ٤٣، ل٧٢. دەڵێت لە سەر زمانی عیسا (من ڕۆڵەی خودام).

لەئینجیلی مەتا: ٤٠ / ١٠. لە ئینجیلی لۆقا٤/٤٣ یۆحە نا: ٣٤ /٤. خۆیان دان بەوەدا دەنێن كە عیسا نێرراوی خودایە، بەلاّم بۆ بوو بە خوداو كوڕی خودا، مەریەم خودای ببێت وە خۆشی گۆشی بكات، هەموو ئەمانە لە ئەنجامی تێنەگەیشتنیان ودەسكاری كردنی ئاینەكەیان وشێواندی لەخەڵكی بوو، هەتا بوە هۆی خەشمی خودا لێیان.

ئەو ئینجیلەی كە لەبەردەستدایە ئینجیلە ئەسڵیەكەیە نیە ون كراوەو بە پێی خواستی خۆیان دوای چەند سەدە نوسراوەتەوە، ئینجیل بۆ عیسا هاتوە كە خۆی لە ژیاندا بوە خۆ دوای خۆی نەهاتوتە خوارەوە كە باسی مرنی دەكات وباسی دوای خۆی دەكات بەتایبەت ئەو شتە ناڕەوایانە كەدەوترێت لەسەری وەک لەخاچدان، لە ئینجیلە ئەسڵەكەدا نەهاتوە كە كەلامی خودایە عیسا كوڕی خودابێت ولە خاچ بدرێت. بۆیە خودا هەڕەشەیان لێدەكات كە شتێک بڵێن كە خودا نەیوتبێت وەک دەفەرمویت: (وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ الْإِنْجِيلِ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فِيهِ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ) المائدة: ٤٧. لەزۆر شوێنی ئینجیلدا هاو پێچەوانەی یەكتر هەیە ویەک ناگرنەوە، ئینجیلی بەرنابا لەزۆر شتدا پێچەوانەیە لەگەڵ هەرچوار ئینجیلەكەدا، وە هەمویان بەتەواوی پێچەوانەی قورئانن كە گومان لەقورئاندا نیە، قورئان ڕون و ئاشكرایەو تەنها یەک قورئان هەیە. حماية: ٢٠٠٩، ص٣٠.

هەروەها لە ئینجیلی یۆحەنا لەسەر زمانی عیسا دەڵێت: (من ناتوانم لە خۆمەوە هیچ بكەم ..خواستی خۆم ناهێنمەدی، بەڵكو خواستی ئەوەی كە ناردومی دێنمە دی. ئینجیلی پیرۆز: یوحنا: ١٩٩٩ ، ٥ /٣٠. كە واتە عیسا بەندەی خودایەو لەژێر فەرمانی خودادایە، هەرچی خودا بیەوێت دەیكات، نەک خۆی خودابێت وبەویستی خۆی هەموو شتێک بكات. وەئەگەر خودا بێت ئەو چەند ڕۆژەی كە لەژێر خاكدابوو یا بە خاچەكەوە بوو، کێ كاروباری ئەم جیهانەی دەبرد بەڕێوە، یابەناتەواوی دەڕۆی بەڕێوە. كەواتە ئەو خودا نیە چونكە خودا نامرێت گەر بمرێت ئەوە كەموكوڕیە لەخودادا ، ئەوەش لە خوداوە دورە.

لە ئینجیلدا هاتوە عیسا دەیوت من ڕۆڵەی خودام: كتێبی پیرۆز :١٩٩٩ ، ٤٤/٢٧.ل٧٢. عیسا هەرگیز نالێت من كوڕی خودام و نەیوتوە. ئەمانە دروست كراون بەدەمی عیساوە (سەلامی خودای لێ بێت).

ئنجیلی بەرنابا ئەو ئینجیلەیە كە هەندێك لەڕاستی تێدایە بۆیە لای مەسیحیەكان گرنگی پێنادرێت وتەنها چوار ئینجیلەكە ڕاستەو باوەڕپێكراون لایان، ئنجیلی بەرنابا پێچەوانەی ئەو چوار ئینجیلەیە، لەكاتێكدا ئەوچوار ئینجیلە لەكۆتای سەدەی دوەمی زاینیەوە نوسراوتەوە. فائز: ١٩٩٤، ص١٠٣.

هەشتەم: خودا بۆ خۆی عیسای پاراستوە لە دەست جولەكەكان وە خودا بەدرۆیان دەخاتەوە كە عیسا كوژرابێت.وەك دەفەرموێت: (وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَنْكَ)سورەتی المائدة: ئایەتی:١١٠.واتە: بەرگری نەوەكانی ئیسرائیلم كرد لێت بتكوژن.ئەوە فەرمانی خودایە كە عیسیا

دەپارێزێت ودەستی کەسی پێناگات تا زیانی پێ بگەیەنن. کێ لەخودا باڵادەستره؟ ئیتر ئەو قسەیە لەکوێ دێن کە عیسایان کوشتبێت.

نۆیەم: هێنانە دنیای عیسیا بەبێباوك موعجیزەیەکی خودابوو بۆ تاق کردنەوەی مرۆڤەکان کە خودای گەورە توانای هەیە بەبێ باوك مرۆڤ بەدی بهێنێت وەك دەفەرموێت: ( إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِنْدَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ).آل عمران: ٥٩.بێ گومان وێنەی بە دنیا هێنانی عیسا بۆخودا وەك بەدیهێنانی ئادەمە (بە بێ باوك)، خودا ئادەمی لە لەخاك دروست کرد لەپاشا پێی گوت ببە جا فەرموی بوو. بەڵام هەر زوو جولەکەکان باوەڕیان پێنەکردو پاشان هەوڵی کوشتنیان داو پاشان شوێن کەوتواتی پاشخۆی کردیانە کوڕی خودا بەهەڵە.

دەیەم: ئەگەر بوترێت کوژراوەکە عیسایە وکوڕی خودایە کەواتە مەریەم خودای بوەو کوڕەکەی خودابوە، وەگەر دەڵێن مرۆڤە کەواتە مەریەم مرۆڤ بوەو خودانیە ومرۆڤە، کواتە لە هەرگریمانەیەکیاندا وتەکانیان بێبنەمایەو باسی لەخاچدان بێبنەمایەو سەرچاوە ئاسمانی پشتڕاستی ناکەنەوە هەروەها باسی قیامەی عیسا وهەموو واتاکانی تریان ناڕاستەو دروست نین. الشرفي: ١٩٨٩، ص٣٩٥.

کەواتە ئەو مەبەستەی کەپێغەمبەرایەتی وبەئاگاهێنانەوەی بەنی ئیسرائیلیەکان بو نەهاتە دی وخەڵکانێك دەستیان خستە ناوکاری خوداوەو پەکیان خست، بەڵام گومانی تێدا نیە کە عیسا (سەلامی خودای لێبێت) پەیامی خۆی گەیاندو بە فەرمانی خوداو خەڵکەکە تاق کرانەوەو بە باوەڕ پێبونی وباوەڕ پێنەبونی وبۆ ئێستاش کە خودای گەورە بەرزی کردوەتەوە بۆ ئاسمان هەر جێگای تاقیکردنەوەیە بۆ مرۆڤایەتی، ئێمە ی موسڵمان باوەڕمان بە هەموو ئایەتەکانی قورئان وبەپێغەمبەرانی هەیە وجیاوازی ناکەین لەنێوان پێغەمبەراندا وەك دەفەرموێت:( لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ) سورەتی البقرة: ئایەتی:٢٨٥.

بەڵام جولەکەکان پێچەوانەی فەرمانی خودا دەوەستنەوەو دەڵێن ئێمە کوشتومانە. وەك قورئانی پیرۆز دەفەرموێت:( انا قتلنا) ئایا هیچ کەس دان بە شتێکدا دەنێت لەسەر شتێك کە نەیکردبێت، ئەمە دژایەتی کەلامی خودایەوە .

یانزە: ئایا بەڵگە چیە کە خودای گەورە کوڕی خۆی ناردوە ببێتە قوربانی خەڵك؟ وە ئایا خودا چەند منالی هەیە، وە چەند جار ئەو ڕوداوە دوبارە بوەتەوە؟ بۆ هەر تاوانێك فیداکارێك دەنێرێت؟ ئەمانەو شتی تریش کۆمەڵە پرسیارێکن کە وەلامیان نیە و بێبنەمان. وەڵامەکەیان لای ئاینی مەسیحی دەست ناکەوێت. تەنها خودا خۆی دەفەرموێت: (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ، اللَّهُ الصَّمَدُ ، لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ، وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ ) خودا تاك و تەنهایە و هاوەڵ و هاوبەشی نیە، بێ نیازە لە هەموو شتێک،کەسی لێنەبەو وەلە کەسیش نەبوە، وەهەرگیز هیچ کەسێک هاوشێوەو هاوتای نیە..

دوانزە: چەندها سەرپێچی وا بوە لە مێژوودا بۆ خودا کوڕی خۆی نەناردوە یۆ چارەسەرکردنی ، خۆ شەیتان بە ئاشکرا سەرپێچی خودای کرد و لە بەهەشت دەرکرا، گەر خودا بیویستایە کارێکی بۆ دەکرد، ئەو شتانە دەوترێت دورن لە زانست وحکمەتی خودای میهرەبانەوە, وەئەوەی کە ئادەم کردی لە بەهەشتدابوە نەك لەدنیا وەبە نیەتی سەرپێچی خودا نەیکردوەو لەبیری چووەو هەڵیان خەڵەتاندوەو داوای لێخۆشبوونی کردوو خوداش لێی خۆش بوو وەك دەفەرموێت:( وَلَقَدْ عَهِدْنَا إِلَى آدَمَ مِنْ قَبْلُ فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُ عَزْمًا) سورەتی:طه: ئایەتی: ١١٥.

سیانزە: هەروەك لە ئینجیلدا هاتوە عیسا (سەلامی خودای لێبێت) ڕازی نەبوە بەو لەخاچدانە دەی چۆن دەبێت سەرپێچی فەرمانی خودا یا باوکی بکات لە کاتێکدا ئەو پێغەمبەرەو کەسێکی ئاسایی نیە، وە زۆریش پاڕاوەتەوە لەخودا کە ڕزگاری بکات لە دوژمنەکانی وبەردەوام بوە لە پاڕانەوە تادوا کاتەکانی ژیانی وەك لە (ئینجیلی مەتا لە ٣٦ - ٤٤)هاتوە. ئینجیلی مورقوص ١٤ /٣٢ - ٣٩)کە پێشتر باسمان کرد. ئەمە لەکاتێکدا عیساو قوتابیەکانی پێیان ناخۆشبوو بەم لەخاچدانە لەکاتێکدا بەهۆی ئەم لەخاچدانەوە خودا لە هەموو جیهان خۆش دەبێت وعیساش دەگەڕێتەوە بۆلای باوکی، یاخودایتیەکەی وکۆتای بە هەموو ناهەمواری و ئێش وئازارەکان دێت، وەك لە ئینجیلی لوقادا هاتوە(عیسا بە دەنگی بەرز هاواری کردو وتی: ئەی باوك ڕۆحی خۆم بە تۆ دەسپێرم، ئەمەی وتو ڕۆحی سپارد، کاتێ ئەوکەسەی لەوێدابوو ئەمەی بینی ستایشی خودای کردو وتی بەڕاستی ئەوکابرایەکی بێ تاوان بوو).ئینجیلی لۆقا: ٤٨/٢٣) لە ئینجیلی مەرقوسدا هاتوە دەڵێت:


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

(کاتێ بەرامبەری ڕاوەستابوو بینی چۆن عیسا ڕۆحی سپارد ووتی: بە ڕاستی ئەم مرۆڤە ڕۆڵەی خودا بوو).ئینجیلی پیرۆز: مەرقوس، ١٩٩٩، ٤٠/١٥.

چوارده: مەسیحیەکان باوەڕیان وایە ئەگەر مەسیح لە خاچ نەدرایە ئەوا مرۆڤایەتی بەگشتی لە قەرزار باریدا دەژیا لەبەر ئەوە لە خاچدانی مەسیح بەزەی خودایە بە مرۆڤایەتی کەکوڕی خۆی لەو پێناوەدا کردوەتە قوربانی، دوای بەرزکردنەوەیشی بۆ ئاسمان لەلای ڕاستی خوداوە لەڕۆی دوایدا دادەنیشێ و پێشوازی لە خەڵکی دەکات بۆ لێپرسینەوە.. الخطیب: ٢٠٠٩، ص٣٢٩. ئەمە زۆر قسەیەکی نارەوایە بەرامبەر بە خودا دەوترێت، خەڵکانێک لە دایک بێن دوای هەزاران ساڵ بە گوناهەوە لە دایک بێن، ئەمەیان لە کوێوە هیناوەو چۆن لەگەڵ دادگەری خودادا دەگونجێت؟.

پانزە: گومانی تێدا نیە بۆ ئێمەی موسڵمان کە قورئان لای خوداوە هاتوە وبە ئەمانەتەوە گەشتوەتە دەست ئێمە:: (لَا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ تَنْزِيلٌ مِنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ). وەگومانی تێدا نیە کە عیسا (سەلامی خودای لێبێت) پێغەمبەری خودایەو ئینجیلی بۆ ڕەوانەکراوە، بەڵام ئەم ئینجیلەی ئێستا دەستکاری کراوە وەك خودای گەورە دەفەرموێت: (فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ ) سورەتی البقرة:ئایەتی: ٧٩. واتە: هاوار بەحاڵی ئەوکەسانەی کەبەدەستەکانی خۆیان کتێب دەنوسن دوای دەڵێن ئەوە لەلای خوداوە هاتوە. وەخودا دەفەرموێت بەجولەکەکان: (قُلْ فَأْتُوا بِالتَّوْرَاةِ فَاتْلُوهَا إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ) سورەتی :آل عمران: ئایەتی٩٣: . خودا دەفەرموێت ئەگەر ڕاست دەکەن تەوارت بێنن بۆ ڕاستی قسەکانتان وە بیخوێننەوە. کەناتوانن بیهێنن بۆ سەلماندنی بەڵگەکانیان، بەڵام خودا خۆی دەیزانێ کە درۆ دەکەن و لەخاچ نەدراوە و تەحەدایان دەکات، ئەمە لای ئێمە جێگای دڵنیاییە کە عیسا لە خاچ نەدراوە وەك خودا دەفەرموێت (وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ قِيلًا) النساء: ١٢٢. ئەمە ئەو ڕاستیە دەردەخات کە تەورات گۆڕاوەو شتی تری تیا دانراوە لەجیاتی ڕاستیەکەی و ئەصڵەکە نەماوە وەك خودای گەورە دەفەرموێ.: (مِنَ الَّذِينَ هَادُوا يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَنْ مَوَاضِعِهِ) لەکاتێکدا کە ئینجیل تەواوکەری تەوراتە، خودا لەخاچدانی تیایاندا بڕیار نەداوە. سورەتی:النساء: ئایەتی: ٩٤.

شانزە: ئەم هەڵواسین و لەخاچدانە بە چ شەریعەتێک کراوە، لە شەریعەتی مەسیحیەکاندا چونکە ئێشتا عیسا پەیامەکەی تەواو نەبوەو نەیگەیاندوەو ئینجیل دوای عیسا نوسراوەتەوە، ئەگەر بە ئینجیلی ئەسڵی نوسراوەتەوە خۆ ئەوان باوەڕیان پێی نەبوە، گەر باوەڕیشیان پێی هەبوو بێت خودا هەرگیز کاری واناکات ولەگەڵ دادی خودایدا ناگونجێت، وەلە شەریعەتی موسادا نیە کە یەکێك وەك ئەوحاڵەتەی عیسا (سەلامی خودای لێبێت) کەلە خاچ بدرێت دەبێت ڕەجم بکرێت وهەڵواسینی تیادا نیە بە زیندوی، دەبێت ڕەجم کراو بە مردووی هەڵواسرێت نەك بەزیندووی، وەئەگەر بە شەریعەتی یۆنانیەکان کردبێتیان لەخاچدان لەوکاتانەدا بۆ بەندەو کارە ناشرینەکان بوە، . أفندی: ٢٠١٠، ص١١٣. هەروەها لە سفر التثنیەدا هاتوە: (ئەگەر کەسێك تاوانێکی کردو سزاکەی مردن بێت بە هەڵواسین یا بەکوشتن، دەبێ لەو ڕۆژەدا بنێژرێت لەبەر ئەوەی ئەوەی هەڵواسراوە بەر نەفرینی خوداکەوتوە) الکتاب المقدس: ١٩٩١: سفر التثنیة:٢٢/٢١. چونکەحکمەت لە خاچدان بۆ ئەوەیە خەڵک ببینێ و پەندی لێوەرگرێت. بەڵام ئەوان دەڵێن هەر ئەو ڕۆژە نێژراوە، کەواتە بە کام شەریعەت عیسا لەخاچدراوە؟

مەسیحیەکان سەرەنجامێکی ناهەموارو ناساز بۆ ئاین وپێغەمبەرەکەیان وخوداکەیان بڕیاردەدەن بەرق وتۆڵەوخوێن ڕشتن ومانەوەی بە نادیاری وگومان دروست کردن بۆ هەتاهەتایە، وە یەکەم مرۆڤ کە ئادەمی باوکمانە تێوە دەگلێنن بە ڕوداوەکەوە، وە دەست لەکاری خودا وەردەدەن ودوارۆژی ڕوناك لە هەموو خەڵکی جیهان دەشێوێنن. النجار: ١٩٣٦، ص١٥. وەیەهودیەکان بەگشتی ئەم ڕوداوە بەڕاست نازانن کەئەوان عیسایان کوشتبێت وبە گاڵتە پێکردنەوە سەیری دەگەن. فائز: ١٩٩٤، ص١٠٣.

دوای ئەو سەرنج و تیبینیان ئەوە دەردەکەوێت کە ئاینی ئیسلام بە هەموو جۆرێك لە خاچدانی عیسا ڕەد دەکاتەوەو لە خاچ نەدراوە بەڵکو کەسێکی تر لە خاچ دراوە لە جێگای عیسا (سەلامی خودای لێبێت).

حەڤدە: وتەی هەندێك لە زاناکان لەسەر لەخاچدانی عیسا :

- ئەحمد دیدات دەڵێت: (مەسیحیەکان زیاتر لە هەزار ساڵ یەهودیەکانیان دەکوشت وئازار دەدران لەبری ئەوەی تۆڵەیان لێبکەنەو دوژمنایەتیان دەکردن، لەکاتێکدا لەخاچدانەکەی مەسیح شتێگی بێبنەمایەو ڕوی نەداوە، ئەبوو دەست خۆشیان لێ بکردنایە کەبونەتە هۆی لیخۆشبونی گوناهەکانیان وهەستاون بەکوشتنی عیسا، ئەگەر نەیانکوشتایەو بیان شاردایەتەوەو نەکوژرایە ئەوا بەو گوناهەوە دەمانەوە هەتاهەتایە. وەدەبو سوپاسسیان بکەن کە فرمانی خودایان جێبەجێ هیناوەو بەدەم داخوازی خودا چوون، نەک ڕقیان لێبان بێت و دوژمنایەتیان بکەن).دیدات: ١٩٨٩،ص١٠.

هەروەها دەڵێت: ئەگەر مەسیحیەکان باوەڕیان هەبێت کە قورئان لەلایەن خوداوەیە کە قورئان دەفەرموێت مەسیح لەخاچ نەدراوە ئەوا هە موو کێشەکان چارەسەر دەبن. دیدات: ١٩٨٩، ص٣٤.

- ئیبن قەیم دەڵێت: چۆن دەبێت کە سانێك کە خوداکە یان بە خاچێکدا هە ڵواسرابێت دوای بڕونە وە بۆلای خاچەکە و بە ڕێزەوە سە یری بکەن، ئە بوایە هەرچی خاچە بیان سوتاندایە. وەرگیراوە:ضیاء: ٢٠٠٣، ص٢٩٢.

- محمد مەتوەلی شەعراوی: دەڵێت: خاچ پەرستان دەڵێن عیسا کوژراوەو لەخاچ دراوە باچارەسەر لە قورئان بدۆزنەوە کە دەفەرموێت نەلە خاچ دراوەو نەکوژراوە.وەرگیراوە. حماية: ٢٠٠٩، ص٣١.

- الدوکیتیون دەڵێت: مەسیح لەخاچ نەدراوە ئەوەی لە خاچ دراوە هاوشێوەی ئەو بوە.کۆمەڵێك لە نەوەکانی کاهنەکانی تیمە خۆپارێزەکان کە مەسیحیین دەڵێن عیسا(سەلامی خودای لێبێت) لە خاچ نەدراوە بەڵکو بەرزکراوەنەوە بۆ ئاسمان. الزين: ٢٠٠٣ ، ص٢٢٢.

- پروفیسۆر (فنك) دامە زرێنەری نەدوەی عیسا دەڵێت: یەکەم شتێك کە گومان لە سە ر خاچ داني عیسا دروست دەکات ئە وەیە کۆ دەنگی لە سە ر نیەو دوا بڕیار نیە لە سەری بۆیە زۆر بە ی کارەکاني وەک هە ڵواسین و لەخا چ دان لە خەیاڵات دەچن ، شتێکی نە شیاوە ئە وە بدریتە پاڵ عیسا بە هە مو جۆرێك. الزين: ٢٠٠٣ ، ص٢٢٢.

- نوسەری بە ناوبانگ(ول دیونرات): دەڵێت : ئایا بەسەرهاتی مەسیح ڕاستیەو هەبوە؟یان بەسەرهاتی دروست کراوی مەسیحیەت جێگای خەفەت وپەژارەییە بۆ مرۆڤایەتی وهەموو خەیاڵات وهیواکان لەسەر شتی بێ بنەما هەڵدەچنن . السحمراني: ١٩٩٠، ص٣.

- احمد شلبی دەڵێت: وە ئایا ئەگەر لەخاچدانی مەسیح ورواداوەکە نەبوە بۆچی مەسیحیەکان ڕقیان لە یەهودیەکانەو بە تاوانبار لە قەڵەمیان دەدەن . شلبی: ١٩٨٩، ص١٦٥.

لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە قورئان ئەوە ڕەد دەکاتەوە کە عیسا لە خاچدرابێت وەک پێغەمبەرێکی خودا، ئەوەی کەخاچ پەرستان دەیلێن کە عیسا لە خاچ درابێت شتێکی بێ بنەمایەو لەدروست کراوەکانی خۆیانە.و خودا وێنەی عیسای خستوەتە سەر کەسێکی ترو لەخاچدراوە

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١-پێچەوانەییەکی زۆر لە ئینجیلەکاندا هەیە لە بارەی لەخاچدانی عیساوە لە سەر کاتەکەی و شوێنەکەی وئە و کە سەی دای بە دە ستە وە و بە خشیشەکەی.

٢- ئینجیلی بەرنابا لەزۆر ڕوداوەکاندا پێچەوانەی هەر چوار ئینجیلەکەی ترە.

٣- قورئانی پیرۆز زۆر بەئاشکراو ڕونی دەفە رموێت عیسا نەکوژراوەو لەخاچ نەدراوە، ئەوەی کەلە خاچدراوە کەسێکی تر بوەو شێوەی عیسای چوەتە سەر.

٤- ڕای لێکۆڵەرەوانی ئەم بوارە لە زانایانی موسڵمان و غەیر موسڵمان لەسەر ئەوەن کە عیسا(سەلامی خودای لێبێت) لەخاچ نەدراوە ، وە زۆریشیان گومانیان هەیەو دڵنیانین کە عیسا لە خاچ درابێت.

٥-خودای گەورە لەم بەسەرهاتەدا بۆمان ڕون دەکاتەوە کە خودا تاك و تەنهایەو کەسی لێ نەبوەو کەسی لێ نابێت، وەکوڕی نیەو نەیناردوە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی سڕینەوەی گوناهی باوکە ئادەم.

٦- معجیزەیەکی پێغەمبەری ئیسلامە کە چۆن زانی عیسا (سەلامی خودای لێبێت)لەخاچ نەدراوە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنی کە ئەم قورئانە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لەلای خوداوە هاتوە، ئەو وتانەی ئەوان بەدرۆ دەخاتەوە، تە حە دایان دە كات.

٧- لەدايك بونی عيسا (سەلامی خودای لێبێت)بەبێ باوك موعجیزەیەکی خودایيە كە دەسەڵاتی خودای گەورە نيشان دەدات.

٨- هەميشە زۆردارو دەسەڵات داران لەپێناو مانەوەی خۆياندا هەموو جۆرە رێگايەكيان گرتوەتەبەر لە هەڕشەو بەلارێدا بردن و هەتا كوشتن و هەڵواسين.

٩- كێشەو كێشمەندكێش شتێكی سروشتيە لە نێوان مرۆڤەكاندا، ئەگەر چی ماوەيەك گومان وشێواندنيش دروست بكرێت، لەكۆتايدا هەر ڕاستی سەردەكەوێت بەسەر نا ڕاستيدا، هەر يەك ڕاستيش هەيە.

## سەرچاوەكان:


- القرآن الكريم.
- إبن كثير: عما دالدين أبى الفداء اسماعيل إبن كثير الدمشقي، ٢٠٠٢، قصص الأنبياء: ط١، دار الهيثم، القاهرة.
- إبن كثير: عما دالدين أبي الفداء اسماعيل إبن كثير الدمشقى، ١٩٩٩، تفسيرالقرآن العظيم: ط٢، دار الطيبة، بيروت.
- إبن حزم: ابن حزم الأندلسي الظاهري، ٢٠٠٥، الفصل في الملل والأهواء والنحل،ط١، دار الهيثم، القاهرة.
- أبو الخير: حسن عبدالحفيظ أبو الخير: ٢٠١١، الموسوعة المفصلة: مكتبة التبيان، دار ابن الجوزي، ط١، القاهرة.
- أفندي: محمد توفيق أفندى، ٢٠١٠، نظرتي في قصة صلب المسيح وقيامته من الأموات، ط٢، القاهرة.
- الجهني: مانع بن حماد الجهني ، ٢٠٠٣، الموسوعة الميسرة في الأديان والاحزاب المعاصرة، ندوه الشباب، ط٥، رياض.
- الخطيب: محمد احمد، ٢٠٠٩، مقارنة الأديان، دار المسيرة، ط٢، أردن.
- الخولي: محمد علي الخولي، ١٩٩٠، حقيقة عيسى، ط١، أردن.
- الزين: محمد فاروق الزين، ٢٠٠٣، المسيحية والإسلام والاستشراق: ط٣، دمشق.
- السحمراني: اسعد السحمراني، ٢٠٠٩، ترجمان الأديان ، دار النفائس، ط١، بيروت.
- الشرفي: عبدالمجيد الشرفي، ١٩٨٦، الفكر الاسلامي في الرد على النصارى، دار التونسية،ط٢ ، تونس.
- الشرقاوي: جمال الدين الشرقاوي، ٢٠٠٦، ولكن شبة لهم، ط١، مكتبة النافذة.
- الشوكاني: محمد بن علي الشوكانى، ٢٠٠٧، فتح القدير، فتح القدير، دار المعرفة،ط٢، بيروت.
- الشيخ : أحمد الشيخ، ٢٠٠٦، رؤية في أصول المسيحية ، ط١، دمشق.
- الصلابي: علي محمدعلي الصلابي: ٢٠١٩، المسيح عيسى ابن مريم ، ط١، القاهرة.
- الطبري: محمد بن جرير الطبرى،٢٠٠٠، جامع البيان في تاويل القرآن، مؤسسة الرسالة،ط١ ، بيروت.
- القرطبي: ابو عبدالله محمد القرطبي، ١٩٦٤، دار الكتب المصرية،ط٢ ، القاهرة.
- الكتاب المقدس: ١٩٩١، نداء الرجال، شتوتغارت ، المانيا .
- النجار: عبدالوهاب النجار، ١٩٣٦، قصص الأنبياء، ط٢، مصر.
- حازم: عدنان أحمد حازم ، ٢٠١٥، جهود علماء المسلمين، ط١، بغداد.
- حماية: محمود علي، ٢٠٠٩، التجسيد والصلب بين الحقيقة والإفتراء، مكتبة الايمان،ط٢، القاهرة.
- خورەم دڵ: مستە فا، ٢٠١٥، تە فسيرى شنهى ڕەحمەت، دارالنشر: إحسان، ط١، تاران.
- ديدات: أحمد ديدات، ١٩٨٩، الصلب وهم أم الحقيقة، ط١ ، دار المنار .
- رضا: محمد رشيد رضا، ١٩٩٩، عقيدة الصلب والفداء ، مطبعة المنار،ط٢ ،مصر.

- سعادة: خليل سعادة، ٢٠٠١، انجيل برنابا ، دار الفتح، ط٤، القاهرة.

- سعود: بن عبدالعزيزسعود : ٢٠٠٤ ،دراسات في الأديان اليهودية والنصرانية، مكتبة الاضواء،ط٢، رياض.

- سعيد: حبيب سعيد،١٩٩٠، أديان العالم ، دار للكنيسة الاسقفية،ط٢ ، القاهرة.

- شريف: محمود شريف، ١٩٨٠، الأديان في القرآن ، دار المعارف، ط٢، مصر.

- شلبي: احمد شلبي، ١٩٩٨، مقارنة الأديان: المسيحية: ط١٠، القاهرة.

- ضياء: محمد عبدالرحمن ضياء، ٢٠٠٣ ، دراسات في اليهودية والمسيحية وأديان الهند ، مكتبة الرشد، ط١، الرياض.

- عرفات: وفاء عرفات، ٢٠٠٤، المسيحية ، دار اليوسف،ط١ ، بيروت.

- عرموش: احمد راتب عرموش، ٢٠٠٧، موسوعة الأديان، دار النفائس،ط٤، بيروت.

-عزالدين: ابو محمد بن عبدالعزيز الدمشقي، ١٩٩٦، اختصار للتفسير الماوردي، ط١، بيروت.

- فائز : احمد فائز، ١٩٩٤، اليوم القرآن في ضلال القرآن، مؤسسة الرسالة،ط١٧ ، بيروت.

- قطب: سيدقطب ، ٢٠٠٧، في ظلال القرآن، دار الشروق،ط٢ ، بيروت.

- كاكه محمود: ئه حمد كاكه محمود، ٢٠٢٠ ، ته فسيري رامان، چاپي ٦ ، سليماني .

- مدرس: مه لا عبدالكريم مدرس، ٢٠١٠، خولاسه ى ته فسيري نامي، ط٢، سليماني.

- منقذ: بن محمود منقذ، ١٤٢٤هـ.، هل افتدينا على الصليب،ط٢، مكة المكرمة.

- ئينجيلي پيرۆز: ١٩٩٩، بەكوردي، ط٢، أمريكا .

-الماوردي: ابو حسن علي الماوردى، بدون سنة الطبع، دار الكتب العلمية،ط٢ ، بيروت.

# نماذج مختارة من تطبيقات فقه الاحتياط في القرآن الكريم

**سەباح ستار سەعید [١]، عەبدولسەلام فاتیح عەبدولڕەحمان [٢]**
[١،٢] بەشی شەریعە، کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Corresponding author's e-mail: abdulsalamfatihabdulrahman@gmail.com

## خلاصة البحث :

هذه الدراسة بعنوان : نماذج مختارة من تطبيقات فقه الاحتياط في القرآن الكريم ، تبحث عن مدى تأثير القاعدة المذكورة في الأحكام الفقهية المستنبطة في القرآن الكريم في باب العبادات والمعاملات والأحوال الشخصية .

وعليه بنيتُ الدراسة على ثلاثة مباحث ، حيث تناولتُ في المبحث الأول التعريف بمصطلحات الموضوع ، وخصصتُ المبحث الثاني لبيان نمازج من تطبيقات فقه الاحتياط في القرآن الكريم في باب العبادات ، وأما المبحث الثالث فجعلته لبعض التطبيقات لقاعدة الاحتياط في القرآن الكريم في بابي المعاملات والأحوال الشخصية .

توصلت الدراسة إلى نتائج أهمها أنّ قاعدة الاحتياط أصل تضافرت الأدلة الشرعية على اعتبارها والأخذ بها ، ولا يكاد باب من أبواب الفقه يخلو منها ، لذلك فهي مسلك كثير من العلماء في كثير من الأحكام ، كما أوصت الدراسة بضرورة اهتمام المفتين بقاعدة الاحتياط في زمن كثرفيه الفتن والتهاون في الدين .

**الكلمات المفتاحية :** (نماذج ، مختارة ، تطبيقات ، فقه ، الاحتياط ، القرآن الكريم ) .

## پوختەی توێژینەوە :

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی: (چەند نموونەیەکی هەڵبژێردراو لەسەر جێبەجێکی فیقهی ئیحتیات لەقورئانی پێرۆزدا) ، دەکۆڵێتەوە لەرێژەی کاریگەری یاسای ئیحتیات بەسەر ئەحکامە فیقهیەکانەوە ئەوانەی کەهەڵهێنجراون لەقورئانی پیرۆز لەبەشی عیبادەت ومامەڵە وباری کەسیەتیدا .

لەسەر ئەم بنەمایە ئەم توێژینەوەم دابەش کردووە بەسەر سێ بەشدا ، بەشێوەیەك لەبەشی یەکەم دا پێناسەی دەستەواژەکانی ناونیشانی بابەتەکەم کردووە ، وبەشی دووەمم تایبەت کردووە بەڕوونکردنەوەی هەندێ بابەتی فیقهی بەرمەبنای یاسای ناوبراو لەقورئانی پیرۆزدا لەبەشی عیبادەتدا ، وهەرچی بەشی سێیەمیشە دامناوە بۆ هەندێ بابەتی فیقهی تر کە هەڵهێنجراون لەیاسای ئیحتیات لەقورئانی پیرۆزدا لەبەشی ومامەڵە وباری کەسیەتیدا.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٥/٨ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٦/١٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | abdulsalamfatihabdulrahman@gmail.com |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ عەبدولسەلام فاتیح عەبدولڕەحمان، پ. ی. د. سەباح ستار سەعید،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

توێژینەوەکە گەیشتووە بەچەند دەرەنجامێك گرنگترینیان ئەوەیە یاسای ئیحتیات بنەمایەکە چەندان بەڵگەی شەرعی دەبنە گەواهی دەر لەسەر کارپێکردنی ، بەئەندازەیەك کەم بابەتی فیقهی هەیە تیایدا کار بەم یاسایە نەکرێت ، هەر بۆیە زۆر لەزانایان کاریان پێ کردووە لەزۆر لەئەحکامەکاندا ، هەروەك ئەم توێژینەوە بەپێویستی دازانێت کەسانی موفتی گرنگی بە یاسای ئیحتیات بدەن لەسەردەمێکدا کەفیتنەو شل ڕەوی لەدیندا زۆر بووە .

## Abstract

The study aims to determine the extend of the impact of “principle of jurisprudence of precaution” on worship, transactions, and personal laws. The study is divided into three chapters. In chapter one, terminology of the subject of the study is explained and defined in terms of linguistic and juristic. In chapter two, some exemplars of the principle of jurisprudence of precaution in Quran applied to worship section are explained. In chapter three, the principle of jurisprudence of precaution in Quran applied to transactions and personal laws is discussed.

The results of the study demonstrate that the principle of jurisprudence of precaution is a juristic basis and many religious evidences suggest considering and implementing it. This principle is found, almost, in all sections of Islamic jurisprudence. Hence, Islamic jurists and scholars considered the principle of jurisprudence of precaution when issuing fatwas.

Finally, the study recommends that qualified jurists (muftis) must pay more attention to the principle of jurisprudence of precaution today more than before due to spread of strife and ignorance in Muslim societies

## المقدمة :

بسم الله والحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه وسلم تسليماكثيراً ، أما بعد:

لاشك أن الفقه في الدين والبحث فيه من أشرف العلوم وأوكده ، سيما إذاكان هذا الفقه متعلقًا بالقرآن الكريم ،كيف لا وقد قال الله تعالى: { وما كانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنْفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلا نَفَرَ مِنْ كُلِّ فِرْقَةٍ مِنْهُمْ طائِفَةٌ لِيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنْذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ} ( التوبة : ١٢٢) ،وقال نبينا الكريم عليه أفضل الصلاة وأتم التسليم: «منْ يُرِدِ اللهُ بِهِ خَيْرًا يفقههُ فِي الدِّينِ» (البخاري،١٩٨٧ م ،ص ٢٦٦٧) ،ومن بين هذه الأمور مسألة فقه الاحتياط ودلالته وتطبيقاته في القرآن الكريم .

والاحتياط وترك الأمور المشتبهة أمر في غاية الأهمية ؛ لأنه أخذ باليقين والآخذ به لايعتريه أيُّ قلقٍ، يقول المُقْري :

وذو احتياطٍ في أمور الدين *** مَن فَرَّ مِن شك إلى يقين

فَمَنْ يُرِدْ فِعْلاً عَلَيْهِ مُتَّفَقْ *** لاَ يَعْتَرِي فَاعِلَهُ أَيُّ قَلَقْ .(الشنقيطي ، ١٩٩٥ م ، ص١٨٣).

(وهذا البحث مستل من رسالة الماجستير بعنوان : فقه الاحتياط والحذر في القرآن الكريم ).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## أسئلة البحث:

يسعى هذا البحث إلى الإجابة عن الأسئلة الآتية :

١- ما الاحتياط ؟ .

٢- ورود لفظ الاحتياط ومشتقاته ومرادفاته في القرآن الكريم؟

٢- ما المسائل الفقهية المستنبطة في الآيات التي وردت فيها دلالات الاحتياط في بابي العبادات والمعاملات والأحوال الشخصية ؟

أسباب اختيار الموضوع وأهميته:

يمكن تلخيص أسباب اختيار الموضوع وأهميته في النقاط التالية :

١- إنّ للاحتياط علاقة وثيقة بحياة الناس خاصة في هذا الزمان الذي كثر فيه الفتن والتلاعب بالدين ، بالإضافة إلى أن هذا اللفظ ومرادفاته كسد الذرائع والحيطة والحذر متداول على ألسنة الناس لاسيما في وسائل الإعلام المختلفة، وفي المخاطبات وغير ذلك.

٢- اهتمام القرآن الكريم بمدلولاته وفقهه.

٣- عدمُ العثور على جود دراسة مستقلة تُبين هذا الجانب في القرآن الكريم .

٤- إن مصطلح الاحتياط وإن لم يرد صراحة في القرآن الكريم الا أنه ورد بعبارات وصيغ أخرى دالة عليه، لذا فمن الضروري جمعها ودراسة ما يتعلق بها من الأحكام في سفر مستقل.

## أهداف البحث :

يسعى هذا البحث إلى تحقيق الأهداف الآتية :

١- بيان صلاحية الاحتياط لأثبات الأحكام الشرعية والفقهية في القرآن الكريم خاصة والفقه الاسلامي عامة.

٢- التعرف على المسائل الفقهية المستنبطة عن قاعدة الاحتياط في القرآن الكريم .

## إشكالية الموضوع:

ثمة تساؤلات كثيرة ، وإشكالات عديدة حول هذه القاعدة من حيث واقعه النظري والتطبيقي ، هذا من حيث العموم ، وأما ما يتعلق بموضوعنا بشكل خاص فيمكن اختصار إشكالياته في النقاط التالية:

١- بما أن هذا الموضوع (تطبيقات فقه الاحتياط في القرآن الكريم باب العبادات والمعاملات والأحوال الشخصية) لم يكتب فيه ولم يبحث(حسب علمي واطلاعي) أو بعبارة أدق لم ينفرد بالبحث فمن الصعوبة بمكان جمع الآيات التي فيها دلالة على الإحتياط.

٢- وبما أن دراستنا فقهية أيضًا فيتطلب البحث عن المسائل الفقهية التي احتوى عليها الآيات الدالة على العمل بالإحتياط .

## منهج البحث :

### المنهج الذي اتبعته فهو :

١- المنهج الموضوعي : وذلك بجمع الآيات التي يتعلق بموضوع بحثنا صراحة أو ايماء في عناوين مختلفة حسب خطة البحث وتقسيماته.

٢- المنهج التحليلي : ويمتثل ذلك في دراسة النصوص المتعلقة بالاحتياط في باب العبادات .

٣- الاعتماد على المصادر والمراجع الأصيلة ماستطعتُ إلى ذلك سبيلاً ، مع عزو الأقوال إلى قائلها.

## الدراسات السابقة:

لم أجد – بعد البحث والتحري -كتاباً مستقلاً أو رسالة مستقلةً حول هذا الموضوع ، نعم كتب فيه بعضُ الباحثين وبحثوه وبينوا معاني الاحتياط ومتعلقاته ، لكنهم لم يتطرقوا لبيان تطبيقات فقهه في القرآن، منه :

١- العمل بالاحتياط في الفقه الإسلامي لمنيب بن محمود شاكر ، وهو من أوائل من أفرد الاحتياط بالدراسة ، نشر من قبل دار النفائس

بالرياض سنة ١٤١٨هـ – ١٩٩٨م ، حاول الباحث فيه تأصيل العمل بالاحتياط ، وضبطه ، وبيان شروطه ، والكلام على حجيته ، وأثره في الأحكام الشرعية .

٢- الاحتياط - حقيقته وحجيته وضوابطه – للدكتور إلياس بلكا ، نشر من قبل مؤسسة الرسالة سنة ١٤٢٤هـ – ٢٠٠٣م ، تكلم الباحث فيه عن الاحتياط والشبهة ، و الاحتياط والورع ، الاحتياط والشك ، الاحتياط والخلاف ، والعلاقة بينه وبين الذرائع إلى غير ذلك من المسائل .

٣- الأخذ بالاحتياط عند الأصوليين ، لمحمد بن إبراهيم الهاشمي ، وهو عبارة عن رسالة الماجستير بإشراف الأستاذ أحمد العنقري ، وهو مقدم إلى جامعة مجمد بن سعود الإسلامية بتاريخ ١٤٣٦ هـ ، حاول الباحث فيه بيان منزلة الاحتياط عند الأصوليين ، وصلاحيته لإثبات القواعد الأصولية ، مع جمع المسائل الأصولية التي أخذ الأصوليون فيها بالاحتياط ، ودراستها .

## هيكل البحث :

قسمتُ البحث إلى مقدمة وثلاثة مباحث وخاتمة وتوصيات .

وقد خصصتُ المقدمة لبيان أسئلة البحث واساب اختياره وأهميته وأهدافه وإشكاليته ، والمنهج الذي سلكته في البحث ، وذِكر الدراسات السابقة المتعلقة بالموضوع .

## المبحث الأول : بيان معنى الفقه والاحتياط والقرآن في اللغة والاصطلاح .

ويتضمن ثلاثة مطالب وهي :

المطلب الأول : معنى الفقه في اللغة والاصطلاح.

المطلب الثاني : معنى الاحتياط في اللغة والاصطلاح .

المطلب الثالث : معنى القرآن في اللغة والاصطلاح .

## المبحث الثاني: نمازج من تطبيقات فقه الاحتياط في القرآن الكريم في باب العبادات.

ويتضمن خمسة مطالب :

المطلب الأول: فقه آيات الاحتياط في باب الطهارة.

المطلب الثاني: فقه آيات الاحتياط في باب الصلاة .

المطلب الثالث: فقه آيات الاحتياط في باب الزكاة .

المطلب الرابع: فقه آيات الاحتياط في باب الصيام .

المطلب الخامس: فقه آيات الاحتياط في باب الحج.

وفي الخاتمة ذكرت أهم النتائج التي توصلت إليها .

## والمبحث الثالث: نمازج من تطبيقات فقه الاحتياط في القرآن الكريم في باب المعاملات والأحوال الشخصية- البيوع والنكاح -.

ويتضمن مطلبين :

المطلب الأول: فقه آيات الاحتياط في باب البيوع .

المطلب الثاني : فقه آيات الاحتياط في باب النكاح.

## المبحث الأول : معنى الفقه والاحتياط والقرآن ، وفيه ثلاثة مطالب :

### المطلب الأول : معنى الفقه :

الفقه في اللغة : العِلْمُ بالشيءِ، والفَهْمُ له، والفِطْنَةُ. (ابن منظور ، ١٤١٤ هـ ،ص ٥٢٢) ،فصل الفاء.

وفي الاصطلاح : عبارة عن العلم بالأحكام الشرعية العملية ، المكتسب من الأدلة التفصيلية لتلك الأحكام. (الكفوي، ١٩٩٨م ، ص٦٩٠ ) .

### المطلب الثاني : معنى الاحتياط :

الاحتياط في اللغة : افتعال من «احتاط» ، وأصله من الثلاثي «حوط» وهو الشيء يُطِيفُ بالشيء (ابن فارس ،١٩٧٩م ، ص ١٢٠ )، مادة حوط .

وهو طلب الأحوط والأحظ والأخذ بأوثق الوجوه. (الفيومي ، بدون تاريخ ، ص١٥٦ ) .

وفي الاصطلاح : ترك ما يريب المكلف إلى ما لا يريبه. (العز بن عبد السلام ، بدون تاريخ ،ص ٥٢).

### المطلب الثالث : معنى القرآن :

القرآن في اللغة : القاف والراء والحرف المعتل أصلٌ صحيحٌ يدلُّ على جمعٍ واجتماعٍ. من ذلك القَرْية، سمِّيت قريةً لاجتماع النَّاس فيها. ويقولون: قَرَيت الماء في المِقْراةِ: جمعتُه ، قالوا: ومنه القُرآن، كأنَّه سمِّي بذلك لجَمعِه ما فيه من الأحكام والقِصَص وغيرِ ذلك.(ابن فارس ،١٣٩٩هـ - ١٩٧٩م ، ص ٧٨ - ٧٩ )، مادة : (قرأ) .

وفي الاصطلاح : هو كلام الله المعجز ، المنزّل على النّبي محمد صلّى الله عليه وسلم، باللفظ العربي، المكتوب في المصاحف، المتعبّد بتلاوته ، المنقول بالتواتر ، المبدوء بسورة الفاتحة، المختوم بسورة الناس (الزحيلي ، ١٤١٨ هـ ، ص١٣) .

## المبحث الثاني: نماذج من تطبيقات فقه الاحتياط في القرآن الكريم في باب العبادات ، وفيه خمسة مطالب :

المطلب الأول: فقه آيات الاحتياط في باب الطهارة.

الطهارة في اللغة :النَّزَاهَةُ مِنْ الْأَقْذَارِ الْحِسِّيَّةِ وَالْمَعْنَوِيَّةِ .(الأنصاري ، ١٣٥٠هـ ،ص١١)،باب كتاب الطهارة .

وفي الشريعة : رفع ما يمنع الصلاة، وما في معناها، من حدث، أو نجاسة، بالماء، أو رفع حكمه بالتراب (حبيب ، ١٩٨٨ م ، ص٢٣٣) .

قال تعالى : {يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرافِقِ وَامْسَحُوا بِرُؤُسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُباً فَاطَّهَّرُوا وَإِنْ كُنْتُمْ مَرْضى أَوْ عَلى سَفَرٍ أَوْ جاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الْغائِطِ أَوْ لامَسْتُمُ النِّساءَ فَلَمْ تَجِدُوا ماءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيداً طَيِّباً فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ مِنْهُ } (المائدة : ٦) .

هذه الآية الكريمة تضمنت عدة أحكام فقهية في باب الطهارة التي يُعمل فيها بقاعدة الاحتياط ، وهي كالآتي :

المسألة الأولى: فقه آيات الاحتياط في استعمال الماء للطهارة:

